# شێخ ڕەزای تاڵەبانی

بەپێنووسی چەند بنووسێک

هەروەها ئەم کتێبانەی خوارەوە لەبارەی شێخ ڕەزای تاڵەبانییەوە
لەم ماوەیەدا لە دەزگای ئاراس بڵاو بوونەتەوە:

١- شێخ ڕەزای تاڵەبانی. دانانی: د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ
٢- شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کەڵەشاعیری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.
دانانی: ئەحمەد تاقانە
٣- شێخ ڕەزای تاڵەبانی. ژیانی، پەروەردەی، بیروباوەڕی و شیعری.
دانانی: د. موکەڕەم تاڵەبانی
٤- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی. ساغکردنەوە و شەرحی: شوکور مستەفا

# شێخ ڕەزای تاڵەبانی

## بەپێنووسی چەند بنووسێک

شێخ محەمەدی خاڵ، مەلا جەمیل ڕۆژبیانی
دوکتۆر نووری تاڵەبانی، محەمەد عەلی قەرەداغی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

شێخ ڕەزای تاڵەبانی
دانانی:
شێخ محەمەدی خاڵ، مەلا جەمیل ڕۆژبیانی
دوکتۆر نووری تاڵەبانی، محەمەد عەلی قەرەداغی
کۆکردنەوە و ڕێکخستنی: بەدران ئەحمەد حەبیب
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٠٢
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ١٢٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٥٩٧ - ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
ڕازاندنەوەی بەرگ: ناسح ساڵح
پیت لێدان و هەڵەبژێری: تریسکە ئەحمەد
ڕێنووسی یەکگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

پێڕست

دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی. شێخ محەمەدی خاڵ ........ 7
بەراوردێکی پیرەمێرد لەگەڵ شێخ ڕەزا لە وێژەدا. شێخ محەمەدی خاڵ ........ 59
گەشتێکی تر بە جیهانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا. دوکتۆر نووری تاڵەبانی ........ 67
لە قسە خۆش و نەستەقەکانی شێخ رەزای تاڵەبانی. دوکتۆر نووری تاڵەبانی ... 91
چاوخشاندنێ بەچاپی تازەی دیوانی شێخ ڕەزا. محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی ... 105
کۆمەڵێک سەرنج لەبارەی دیوانی شێخ ڕەزاوە. محەمەد عەلی قەرەداغی ........ 161
١- سواڵەیەک بۆ سەر خەرمانی شیعری شێخ ڕەزا ........ 163
٢- موفتی زەهاوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە ئەمبەرە و بەردا ........ 166
٣- بەرەو لێکۆڵینەوەی دیوانی شێخ رەزا - بەشی یەکەم ........ 172
٤- بەرەو لێکۆڵینەوەی دیوانی شێخ ڕەزا - بەشی دووەم ........ 180
٥- شێخ ڕەزای تاڵەبانییەکەی د. موکەڕەم تاڵەبانی ........ 186
٦- شێخ ڕەزای تاڵەبانی و سێ پارچە شیعر ........ 193
٧- پارچە شیعرێکی بڵاونەکراوەی شێخ ڕەزا ........ 200
٨- شێخ ڕەزا و وەسمان پاشا ........ 201
٩- لە نێوانی شێخ ڕەزا و "شوکری فەزڵی"دا ........ 206
١٠- شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە پەردەی بووک و زاواییدا ........ 210

# دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی

ڕاستکردنەوەی و، پاککردنەوەی لە هەڵە و لێ زیادکردنی بە هەر چوار زبانەکە و مەبەست لێدانەوەیان و سەرباس بۆ دانانیان و فهرست بۆ نووسینی بەقەڵەمی:

شێخ محەمەدی خاڵ

ئەندامی کۆڕی زانیاری عێراق

# پێشەکی

هەموو زانایەکی پێگەیشتوو وە دانایەکی تێگەیشتوو ئەزانێ کە دیوانی شیعر باشترین نموونەی بەرزیی کۆمەڵە و گەلە بەڵکو نیو شیعرێک تای ترازووی گەلێکە، وە بە دوو تای ئەم ترازووە کۆمەڵە و گەل ئەکێشرێ، وە سەنگ و سووکیی دەرئەکەوێ.

گەلی کورد لەبەر سافیی ئاسمانی و بەرزیی شوێنی و جوانیی چەشمەندازی و مامناوەندیی (اعتدال) هەوای و کزەی بای بەیانیانی و شنەی شەماڵی نیوەڕوانی و سۆزەی بای ئێوارانی و جریوەجریوی ئەستێرەکانی و تریفەتریفی مانگەشەوی و نەرم و شلیی هەتاوی نیوەڕوانی، هەموو یەکێکیان بە ژن و پیاوەوە شاعیری مادەرزاد و وێژەری زگماکن، لەبەر ئەوە ئەتوانم بڵێم بەقەد ئەستێرەی ئاسمان شیعر و شاعیرمان تیا هەڵکەوتووە.

داخی گرانم ئەگەر شیعری هەموو شاعیرەکانمان کۆ بکرانایەتەوە لە وەختی خۆیا، ئێستا بەسەدان دیوانمان ئەبوو، بەڵام بەداخەوە لە هەزارا یەکێکیان شیعریان نەنووسراوە و کۆ نەکراوەتەوە، وە لەگەڵ مردنی خۆیان، شیعرەکانیشیان مردوون و نێژراون، وە بەبێ ناوونیشان چوونەتەوە بیابانی نەبوونی، تەنانەت ناوی شاعیرەکانیشمان پێ نەگەیشتووە، ئەم دە پازدە بیست دیوانەی کە ئێستا لەناوماندا هەن بەچاپکراو و دەستنووسەوە هەر شاعیری ناوچەی خۆمانن لە دوو سەد ساڵ لەمەوپێشەوە، ئینجا ئەبێ شاعیرانی کوردستانی گەورە لە دەوروبەری بابا تاهیری هەمەدانییەوە کە هەزار ساڵ لەمەوپێش بووبن و چەند بووبن و چۆن بووبن، ئەمە مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ، یەکێک تەماشای باسی شارەزوور بکات لە کتێبی (معجم البلدان)ی یاقووتی حەمەویدا، یا تەماشای وتارە بەنرخەکەی خوا لێخۆشبوو

دوکتۆر مستەفا جەواد بکات لەژێر سەرباسی (جاوانی)دا کە لە جزمی یەکەم لە جلدی چوارەمی کۆواری کۆڕی زانیاری عێراقدا بڵاو کراوەتەوە، تێ ئەگات کە هەر شارەزوور بەهەزاران شاعیر و نووسەر و وێژەری تیا هەڵکەوتووە و (دائره المعارف)ی سەدەی بیستەم ژیانی زۆریانی نووسیوە لەگەڵ نووسینی زۆر لە چامە و چەکامە (غەزەل و قەسیدە)یان.

باشە شاعیرە کۆنەکانی دەوری بابا تاهیری هەمەدانی ئەگەر فەوتابن لەبەر دووری و بەسەرهاتی ڕۆزگاری بەدکردار، ئەی شاعیرەکانی دەوری خۆمان بۆچی شیعرەکانیان فەوتاون؟ زۆر دوور نەڕۆین ئەوە شێخ ڕەزای تاڵەبانی کە پێچی مێزەرێکە کۆچی دوایی کردووە، وە تا ئێستا دووجار دیوانەکەی لە چاپ دراوە، بەڵام بەداخــەوە لە دە یەکــێکی کــۆ کــراوەتەوە، وە ئەوی کــۆش کـراوەتەوە هەمـووی پڕە لە هەڵە و ساتمە و کـەمـوکووڕی و کـورت و کـوێری، بێگومانم شێخ ڕەزا بەقەد (کەلیم)[(١)] شیعری فارسی و بەقەد نامیق کەمال شیعری تورکی و بەقەد نالی و سالم شیعری کوردیی بووە، بەڵام – بەداخەوە – بەشی زۆریان لەناوچوون و کوا شیعرەکانی بەهەر چوار زبانەکە؟ چییان لێ هات؟ بۆچ مەردێک لە خزمەکانی خۆی شیعرەکانی کۆ نەکردۆتەوە؟ یا بۆ خۆی لە دەفتەرێکا هەمووی تۆمار نەکردووە؟ دیوانم نەدیوە بەقەد دیوانی شێخ ڕەزا بەدبەخت و وێران بێ و هەڵەی تیا بێ. ئینجا ئەم هەڵانە دوو جۆرن:

یەکەمیان هەڵەی زۆر زلن، وە لەو هەڵانەن کە بەکێردەکەی مەلای مەزبوورە بکرێنرێ[(٢)] وەک ئەم شیعرانە کە لە لاپەڕە ١٣دا نووسراون لە پیتی جیمدا کە ئەڵێ:

---

(١) کەلیم شاعیرێکی ئێرانییە، کە لە حاشیەکانی سەر سویتیدا پێی ئەڵێن: ئەبوتاڵیب، شیعرەکانی تا بڵێیت بەرز و بەرێز و بەپێز و سۆزە، تا ئێستا – وابزانم – لە چاپ نەدراوە، وێنە (نسخە)یەکی زۆر چاکم هەیە کە پێی ئەڵێن نسخەی سەر خەزینە.

(٢) ئەڵێن ڕۆژێک مەلای مەزبوورە کێردێکی تیژی دەم پانی دەم درێژ ئەکا بەبەر پشتێنەکەیا، کە ئەچێ بۆ مزگەوت لێی ئەپرسن مەلا ئەم کێردە زلە چییە؟ =

ئەم دەغڵە کە تەسلیمی ئەکا شێخ بە هەجیجی
نوقسـانی ئەکـا هـەر لە تەغـارێ دە کـەویجی
ئەسڵ و نەسـەبت دۆمە لە مـن بووی بە هەجیجی
بێ مـروەت و ئینسـاف و حـەرامـزادە و بیـجی

کە ئەبوو لە پیتی (یێ)دا بنووسرانایە نەک جیم، چونکە دواییەکەیان ییێە.
هەروەک ئەم چوارینە فارسییەی کە لە لاپەڕە (١٨٥)دا نووسراوە کە ئەڵێ:

گـویند کـه چون وطء کنی عـرش بلرزد[٣]
عـرشی کــه بەیک وطء بلرزد بەچە ارزد
مـاییم یکی حـجـرەء تاریک کـه در وی
صـد بچــه بگاییم یکی خـشت نلزرد

کە ئەمە هی عوبەیدی زاکانییە وەک پیرەمێردیش بەسەریەوە نووسیویە، کەچی بە هی شێخ ڕەزا دراوەتە قەڵەم.
وە هەروەک ئەم شیعرە کە لە لاپەڕە (٧١)دا نووسراوە کە ئەڵێ:

نەجـابەت کـەی لە تۆدایە لە دوو چاڵی چەتیـوت بەم
حـەمەی (تووڵینە) بەم تووڵە لـە قووڵینەی هـەتیوت بەم

کە ئەمە هی شاعیری جوانەمەرگ ڕەشیدی لاوەیە، نەک هی شێخ ڕەزایە، بەو بەڵگەیەی کە لە ژینی ڕەشیدی لاوەدا نووسیومە و بڵاو کراوەتەوە.
هەروەها هەڵە زلەکانی تری یا چوارینەیە و تاقە شیعرێکی لێ نووسراوە وەک لە لاپەڕە (١٩٢)دا کە بە فارسی ئەڵێ:

---

= ئەویش ئەڵێ: هەڵەی کـتێبی پێ ئەکرێنم، ئەوانیش ئەڵێن: هەڵەی کـتێب بەچەقۆیەکی بچکۆلانە ئەکرێنرێ. مەلاش ئەڵێ: هەڵەی وا زل هەڵئەکەوێ بەم کێردە نەبێ ناکرێنرێ.

(٣) وطء: چوونە لای ژنە بەحەرامی.

مـخـوانـیـد آیت تـوحـیـد رهـبـان کلـیـسـارا

خـر عیسی چه داند ذوق حال (خـرمـوسی)را

شیعرەکەی تری کە ئەڵێ:

رمـوز عـشق عـالم سـوز را پـیـر مـغـان داند

خـبـر نـبـود زحـال طـور سـینـا پـور سـینـارا

هەڵبوێرراوە.

وەیا چوارینەیە و لەناو تاکەکانا نووسـراوە، وە هەر شـیـعـرێکی کـەوتۆتە لایەکەوە، وەک ئەم شیعرە کوردییە کە ئەڵێ:

ئەی مـادەری گیـتی تۆ هەتا ئێـسـتـە نەزاوی

زاتێکی وەکــو مــفــتی ئەفــەندی زەهاوی

شیعرەکەی تری کە ئەڵێ:

مـومکین نیـیـە ئیـدراکی حـەقائق بە تەواوی

مـومکین نـیـیـە ئیدراکی نەکـا زیهنی زەهاوی

لەلایەکی تردا بەتاک نووسراوە.

یا ئاخـر شـیـعری چامـەیە، کـە ئەبێ بکەوێتە دوای هەمـوو شـیـعـرەکانەوە، کـەچی کـەوتۆتە ناوەڕاسـتی چامـەکـەوە، وەک چامـەی (ئەی تەل) لـە لاپەڕە (٨٥)دا، کە ئاخر شیعرەکەی لە ناوەڕاستی چامەکەدا ئەڵێ:

یـارب بـەحـق آل عـلـی پـایـدار کـن

جاه و جلال و حشمت روحی فداه را

یا لە چـامـەیـەکدا دوو شـیـعـر هەڵبـوێـرراوە، وەک لە لاپەڕە (٨٧)دا کـە لەو چامەیەدا شیعری پێنجەمی هەڵبوێرراوە کە بەفارسی ئەڵێ:

ســـرنگون از طارم نیلی فـــتـــادی برزمـین

همــچـو نابینا کـه نـاگـه أندرافـتـد چاه را

لەگەڵ شیعری دوازدەمدا کە ئەڵێ:

تا آبد این خسرو فیروز فرخ جاه باد
گردش گردون به کام ناصرالدین شاه را

یا له چامەیەکدا شیعرێک هەڵبوێرراوە و شیعرێکیش پاش و پێش خراوە، وەک لەو چامەیەی کە لە سوڵحی تاڵەبانی و ساداتی سلێمانیدا وتراوە بە فارسی، شیعری چوارەمی هەڵبوێرراوە کە ئەڵێ:

در جبهەء ایشان نبود قابل انکار
انوار سیادت که به عیوق رسیداست

شیعری دووەمی کە ئەڵێ:

کرکوک چرا برهمه آفاق ننازد
امروز که آفاق این سه حفیداست

ئەبێ ببێ بەشیعری سێیەم.

یا ئاخر شیعری چامەیەک هەڵبوێرراوە، وەک ئەو چامەیەی کە لە مەدحی شێخ مستەفای حەفیددا وتراوە کە ئەڵێ:

بندەات شیخ رضا تو فراموش مکن
ایکه در بارەء ارباب هنر با انصاف

وە وەک ئەو سێ شیعرەی کە لە سەری لاپەڕەی (١٥٨)ەوە نووسراوە کە شیعری چوارەمی هەڵبوێرراوە کە ئەڵێ:

ما بەخدمت نرسیدیم ولی می شنویم
قهرمان است درین ناحیەء کردستان

وە ئەو دوو شیعرە فارسییەی کە لە لاپەڕە (١٨٩)وە نووسراوە کە شیعری سێیەمی هەڵبوێرراوە کە ئەڵێ:

من خداوند شاعران هستم
تو همانا رسول من هستی

پێویستە ئەمەش فەرامۆش نەکەین کە شەوێک ڕەحمە خانی دایکی کاک

فایق هوشیار کە کچی خوا لێخۆشبوو پیرەمێردە لەگەڵ دادە پەروینی کچیدا هاتن بۆماڵمان، منیش داوای دیوانەکەی مەولانا خالیدم لێ کرد کە باوکی کردوویەتی بەکوردی تا ماوەیەک لەلام بێ، ئەویش وتی بەخوا لای من نییە لای فایقە، بەڵام کتێبێکی ترم لەلایە ئەوەت بۆ ئەنێرم، بەیانی خۆم ناردم بۆ کتێبەکە، کە بۆی ناردم بینیم دیوانی شێخ ڕەزایە چاپی دووەم، ناوبەناو پیرەمێرد بەڕەحمەت بێ قەڵەمی تێ بردووە، بەڵام بەداخەوە کەمی لێ چاک کردووە، دوای ئەوە هەرچەند شیعرێکی شێخ ڕەزام دەست بکەوتایە کە لە دیوانەکەیدا نەبووایە لە قەراغی نوسخەکەی پیرەمێردەوە ئەمنووسی، یا هەڵەیەکم بەرچاو بکەوتایە خێرا نوسخەکەی پیرەمێردم چاک ئەکرد، بەڕاستی دۆزینەوەی ئەو لەتە دیوانە و بوونی نوسخەکەی پیرەمێرد زۆر هانەهانەیان دام لەسەر ئارەزووەکەی خۆم کە خزمەتی دیوانەکەی شێخ ڕەزا بوو، وە بڕیارم لەسەر دا و ناوی خوام لێ هێنا.

دووەمیان هەڵەیە لە پیتێک یا لە وتەیەک یا لە زیاتر لە وتەیەکدا، ئەم جۆرەیان ئێجگار زۆرە، وە بەسەدان هەڵەی وای تیایە، هەرچێکمان ڕاست کردەوە لە کاتی چاپکردندا ڕاستەکەی ئەنووسین، بەڵام لە پەڕاوێزدا ئەنووسین کە لە چاپی پێشوودا وا نووسراوە، تا ڕاستەکەی باش ئەرکەوێ، جا لەبەرئەوەی کە هەڵەی ئەم دیوانە ئێجگار زۆرە حەزم کرد خزمەتێکی ئەم دیوانە بکەم، وە پێشەکییەکی بۆ بنووسم، وە هەڵەکانی بەپێی توانا ڕاست بکەمەوە، وە زۆر شیعری شێخ ڕەزا بەهەر چوار زبانەکە کە لە ماوەی بیست سی ساڵی ڕابردوودا دۆزیومنەتەوە لە کەشکۆڵ و بەیاز و پشتی کتێبە دەستنووسەکاندا، وە لە چاپی پێشوودا نەنووسراون - تێکەڵی شیعرەکانی تری بکەم هەریەکە لە جێی خۆیا، وە ئەو شیعرانەی کە گرانن، مەبەستیان لێ بدەمەوە، وە ئەوانەی کە سەرباسیان بۆ دانەنراوە بۆیان دابنێم لەگەڵ زۆر شتی تردا، من لەم بیرەدا بووم ڕۆژێ کتێبێکی دەستنووسی کۆنی نامەخانەکەی خۆمم لە دۆلاب دەرهێنا، کە کردمەوە تەماشا ئەکەم لەتە دیوانێکی زۆر کۆنی شێخ ڕەزای تیایە کە ناوبەناو چەند پەڕەیەکی نەماوە، وە

شیعری کوردیشی تیا نییە، بەڵکو شیعری تورکیی زۆر تیایە لەگەڵ هێندێ چامە و چەکامەی فارسی و چەند دانە دانەیەک شیعری عەرەبی، شیعرە تورکییەکانیم کە بەراورد کرد لەگەڵ شیعرە تورکییە چاپکراوەکانا بینیم ٩٩ شیعری تیایە کە لە دیوانە پێشووەکەدا نین.

هەروا بیستم کە کاک حەسەن جاف بەڕێوەبەری قوتابخانەی (کاژاو) زۆر شیعری تورکیی شێخ ڕەزای لەلایە، داوام لێ کرد کە بۆم بنێرێ، کە ناردی ئەبینم دەفتەرێکە سی و یەک پارچە شیعری تورکیی شێخ ڕەزای تیایە، وە ئەم دەفتەرە لە دەفتەرێکی تر وەرگیراوە کە هی شێخ نەجیبی برازای شێخ ڕەزایە، وە ئەم شیعرانە زۆریان چامەن، وە هێندێکی پێنج خشتەکین، ئەوانی کەی تری یا پارچە (قطعە)ی سێ شیعری و چوار شیعرین، یا چوارینەن یا تاکن وە هەمووی (١٨٢) شیعرە وە لەگەڵ ٩٩ شیعرە تورکییەکانی لەتە دیوانەکەی لای خۆم کردییە ٢٨٦ شیعری تورکی، ئەمانە جگە لەو شیعرە کوردی و فارسی و عەرەبییانەی کە چارەکە چەرخ (ربع قرن)ێکە کۆم کردوونەتەوە.

بەڵێ دیوانی شێخ ڕەزا ئەم هەموو ساتمە و هەڵەیەی تیایە، لەگەڵ ئەوەی کە خانەوادەی تاڵەبانی خانەوادەیەکی زۆری ناوداری خوێندەواری ئاگادارن بەپێشکەوتنی ڕۆزگار لە هەموو ڕوویەکەوە، کە یەکێکیان چاپ و چاپەمەنییە، وە ئەبوو ئەمانیش ئاوڕێکیان بدایەتەوە لەم دیوانە، وە هەموو عێراق و تورکیا و ئێرانیان بپشکنیایە، وە هەموو کون و قوژبنێکیان سەنگ و سووژن بدایە بۆ دۆزینەوەی تاقە شیعرێکی ئەم شاعیرە بەهرەمەندە، تا ئەمڕۆ دیوانی شێخ ڕەزاش وەک دیوانی شێخی سەعدی و خواجە حافزی شیرازی و قائانی لە چاپ بدرایە، بەڵام بەداخەوە خزمەتێکی ئەم دیوانەیان نەکرد، بەڵکو ئەویشی کە کۆی کردووەتەوە نەگەڕاوە بەدووی شیعرەکانیا وە هەوڵێکی تیا نەداوە و هەڵەیەکی ڕاست نەکردووەتەوە، وە چی لە بەردەستیا بووە بەهەڕەمەیی لە چاپی داوە، بە هەموو هەڵە و کەموکووڕییەکەوە، خولاسە ئەوەی شێخ ڕەزا بەم خەڵقەی کرد بە جنێو و پلار، ئەوانەی کە دیوانەکەی ئەویشیان لە چاپدا

گەلێ خراپتریان بەدیوانەکەی ئەو کرد، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەم هەموو جنێوە تاڵ و ناشیرینانەی کە بەم خەڵقەی داوە، بەجۆرێکی وا ئاوێتەی کردووە لەگەڵ شیلەی ئەدەبدا هەڵی شێلاوە، ئەگەر لەم گۆشەیەوە لێی ورد ببینەوە لە ڕەنگی هەنگوینی پاڵاوتە شیرینتر و خۆشترە بەڕەنگێکی وا کە وێژەری بەڕاستی بەوێژەکەیەوە خەریک ئەبێ وە نایپەرژێتە سەر وردبوونەوە لە جنێوەکانی.

ناجی هورمزی بریکار (وەکیل)ی پارێزگار بوو لە سلێمانی، وە نووسەرێکی وێژەیی بوو لە تورکیدا، جارێکیان باسی وێژەری تورکیی خوا لێخۆشبوو ئەمین زەکی بۆ ئەکردم ئەیوت: سێ جار کتێبی (عراق تأريخى) ئەمین زەکیم خوێندەوە، ئەوەندە وێژەکەی بەرز و باڵا و جوان و ڕەوان بوو هەموو جارێک لە جوانی و ڕەوانیی وێژەکەیدا نقوم ئەبووم وە ئاگام لە تەئریخەکەی نەئەما. شیعرە جنێوەکانی شێخ ڕەزاش ئەمەندە وێژەکەی بەرز و باڵایە، یەکێک ئەگەر لە کوردیدا وێژەر بێ کە خوێندییەوە ئاگای لە جنێوەکانی نامێنێ.

ئەی وێژەری بەرز و باڵا توخوا ئەگەر تۆزێ ورد نەبیتەوە لەم شیعرە کە جنێوێکی زۆر پیسە کە ئەڵێ:

بەسە بۆ دەفعی ئەعدا چاوەکەم قەڵغانی سیمینت
هەزار مارتین بەقوربانی تفەنگی لوولە چەرمینت

کەچی ئەوی جڵەوکێشی تەماشا بێ وێژە و داڕشتنەکەیەتی نەک جنێو و هەجووەکەیە. توخوا داڕشتنی ئەم شیعرە مەستت ناکات لە مانا و مەبەستدا بەڕەنگێک کە جنێوەکەت لە بیر بەرێتەوە.

هەموو گەلێک شاعیری زەممی هەیە بەزۆری، بەڵام ئێمە هەر شێخ ڕەزامان هەیە، لەلایەکی ترەوە ئەم جۆرە ئەدەب و وێژەیە زۆر جیاوازە لەگەڵ هەموو شێوەکانی تر لە ئەدەب، نەخوازەڵا ئەم وردەکارییەی کە شێخ ڕەزا کردوویەتییە کار لە جنێودانا.

ئێمە لەم ڕووەوە تەماشای ئەم هەجووانە ناکەین کە ئەم زەلامانە کێن و کێ نین، وە شایستەی ئەم جنێوانەن یان نا، بەڵکو لەم ڕووەوە تەماشای ئەکەین

کە جۆرە ئەدەبێکی تایبەتییە و وێنەی لە هەموو زمانێکدا هەیە، وە نەبوونی مایەی کەلێن و کەلەبەرێکی ئێجگار گەورەیە لە وێژەی گەلا.

جگە لەمە، دیوانەکانی تر هەموو شیعرەکانیان لەیەک ئەچن، وە ئەڵێی بەگوێچکەی یەکیاندا چرپاندووە، بەڵام دیوانی شێخ ڕەزا وا نییە، بگرە زۆر شتی وای تیایە کە هێشتا نەبیستراوە و نەوتراوە لە کوردیدا.

زەممەکانی شێخ ڕەزا گەلێ جۆرن، هێندێکیان بێ پەردەن وەک ئەو شیعرەی سەرەوە کە لە زەممی شێخ حەمید ناوێکدا وتوویەتی. هەروەها هێندێکیان لەژێر پەردەیەکی تەنکدان، بەم ڕەنگە دوو مانای هەیە، بەمانایەکیان زەممە و بەمانایەکیان زەم نییە، وەک ئەم شیعرەی کە ئەڵێ:

شێخ حەسەن ئیعلانی حەربی کرد لەگەڵمان بۆ کەرێ
سەیری کەن یاران چ گۆبەنگێکی گێڕا ئەم کەرە

مەبەس لەم کەرە یا ئەو کەرەیە کە شێخ حەسەن ئیعلانی حەربی لەسەر کردووە، بەم مەعنایە زەم نییە، یا شێخ حەسەن خۆیەتی، بەم مەعنایە زەممە. لەم جۆرە زەممانە زۆری هەن لەم دیوانەدا.

هێندێکیان لەژێر پەردەیەکی تردایە وەک ئەم شیعرە فارسییە کە ئەڵێ:

نە تو درپیش مریدان چو شکر شیرینی
بەخدا ای پسر شیخ تو هر جا شکری

واتە وەنەبێ تۆ هەر لای مریدەکانی باوکت شیرین بیت، بەخوا ئەی کوڕی شێخ لە هەموو شوێنێک تۆ هەر شیرینیت.

نوکتەکە لەم عیبارەتەدایە کە ئەڵێ (تو هر جا شکری) ئەگەر مەبەست ئەوە بێ کە تۆ لە هەموو شوێنێک شەکری ئەوە مەدحە، وە ئەگەر مەبەست ئەوەیە کە تۆ جاشەکەری ئەوە زەممە، ئەمەش لە نووسیندا بەفاریزەیەک جیا ئەبنەوە، بەم ڕەنگە ئەگەر فاریزەکە لە دوای (جا)وە بێ ئەوە مەدحە، وە ئەگەر لە دوای (هر)ەوە بێ ئەوە زەممە، ئەمما لە خوێندنەوەدا ئەگەر لە دوای (جا)وە ئێستێکت کرد ئەوە مەدحە، وە ئەگەر نەتکرد ئەوە زەممە.

هێندێکیان لەژێر پەردەیەکی ئەستووردایە بەڕەنگێکی وا ئەگەر ڕاڤە نەکرێ کەم کەس تێی ئەگات، وەک ئەم چوارینەیەی کە لە زەممی شێخ عەلیی کاکیدا ئەڵێ:

شـێخ عـەلی خـۆ تۆ منت ئاوارە کـرد و دەربەدەر
چاکە هەجوویێکت بکەم ئەمما موفید و موختەسـەر
بۆ حـەمـەی وەسـتـا فـەتـاح خۆ تۆ منت ئاوارە کرد
ئەی حەمەی وەستا فـەتاح دایکت بەکێری نێرەکەر

کـەم کـەس ئەزانێ هەجـووە مـوفـیـد و مـوختـەسـەرەکـەی شـێخ عـەلی لەم چوارینەیەدا کامەیە، شێخ عەلی نەکەیت بەنێرەکەرەکە هەجووەکە دەرناکەوێ.

لەم زەممەدا ئاماژە (ئیشارە)ش هەیە بۆ قسـەیەک کە بڵاو بووەتەوە لە کاتی خۆیا کە شێخ عەلی – بەڕەحمـەت بێ – سـووکـە نکاحێکی خسـتووەتە سـەر دایکی حـەمـەی وەسـتـا فـەتاح، چونکە جـوانکیلە بووە، وە هـەمـیشـەش لە مـاڵی شێخ عەلیدا ئیشی کردووە، وە ئاوی دەستنوێژی شێخی داوە.

هێندێکیـان لەمــەش نادیارتر و پۆشـیـدەترە، وەک ئەم شـیـعـرەی کـە لە هـەجـووی شـێخ حـەمـیـدی تاڵەبانیـدا وتوویەتـی، وە من لە کـاک حـەمـەبۆرم بیستووە کە ئەڵێ:

کـەنیـیـەکـەی فـەقێ قـادر چ ڕەعنـا وو زەریفـە
بەتاپۆ هـی حـەمـیـدە و تەصــەڕوفی لەتیـفـە

حـەمید ئاغا و لەتیف ئاغا دوو شێخی تاڵەبانین، ڕەعنا و زەریفێ دوو ژنی شێخ حـەمیدن، ئەم دوو شـێخی تاڵەبانیـیە یەکی کانییـەکیـان بووە بەناوی کانیی فەقێ قادرەوە، کە بەسـەر زەمینی ئەویکەی تریاندا ڕۆییوە، کەنی: کچە، ئەبێژرێ: کەنی وەرە، واتە کچێ وەرە، هـەروەک کورتە (مـختـصـر)ی کـانیشـە، ئیتر خۆت تێ بگە.

بێگومـانم ئـەگـەر لە مـەیدانی شیـعر و شـاعـیرێتیدا تەختێکی ڕەوانبێژی دابنرایە لە هـەر چـوار زبانـەکــەدا شـێخ ڕەزا لەنـاو هـەمــوو شـــاعــیـرانی

کوردەواریدا ئەچووە سەری دائەنیشت، وە ئەبوو بە شای شاعیران (أمیر الشعراء). بەڕاستی لە کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبیدا کەم کەس هێشووی لە پشتەوە کردووە، وە ئەو حازربەدەستییەی کە ئەو بوویەتی کەس نەیبووە، لە هەر زمانێک لەم زمانانەدا کە دێتە پێشەوە ئەڵێیت شۆڕەسوارێکی شەنگ و شۆخە وا بەسەر پشتی ئەسپێکی کوێتی باڵەبانی چوار پەل سپیی ڕەسەنەوە، بەئارەزووی خۆی لە دەشتێکی تەختی پان و پۆڕی نەرماندا دەمێ بەڕەوت و دەمێ بە نەرمەغار چەرخە و مەقەستە دەکا و دەمێ بەتاو دێت و ئەچێ و لنگ ئەدا و دەمێ جاریش لە پڕ بەپرتاو دێت و ئەڕوا وەک برووسکە لە چاو ون ئەبێ، وە تەماشاکەران بێ پەروا ئەبڵەق ئەبن و واقیان وڕ ئەمێنێ، وە چەپڵەڕێزانی بۆ ئەکەن و ئافەرینی ئەکەن.

ئەگێڕنەوە ئەڵێن زانایەکی گەورە لە شێخ ڕەزا ئەپرسێ ئەڵێ: شاعیرێکی زۆر بەرز و ڕەوان لە کوردیدا کێیە؟ هەروا لە فارسی و لە عەرەبی و لە تورکیدا کێن؟ شێخ ڕەزاش ئەڵێ: شاعیری وا لە کوردیدا مستەفا بەگی ساحێبقڕانە، وە لە فارسیدا فیردەوسی و لە عەرەبیدا موتەنەبی و لە تورکیدا نامیق کەمالە، لە هەر چوار زبانەکەشدا کاکی خۆتە.

بەڵێ شێخ ڕەزا هەروەک شیعری زەممی هەیە شیعری مەدحیشی هەیە، بەڵام چونکە شیعری زەم بەتێکڕایی کەمترە لەناو شاعیرەکانماندا. شیعرە زەممەکانی شێخ ڕەزا زۆر ئەنوێنن، بەڵکو هەر ئەم ئەبینرێ، وە شیعرەکانی تری نایەتە بەرچاو، بەهەمەحاڵ شێخ ڕەزا شاعیرێکی زۆر هەڵکەوتوو بووە چ لە زەم و چ لە مەدحدا بەڕەنگێک کە یەک لە یەک بەرزتر و باڵاترن، بگرە ئەوەندە بەرز و باڵایە لە شیعر و لە شاعیرێتیدا سەرۆکایەتیی شیعری لە چەرخی خۆیا وەرگرتووە، وە بەترازووی ئەدەب شاعیرانی کێشاوە و پلەی بۆ داناون.

شاعیری بەناوبانگ ئەمین فەیزی بەگ ئەگێڕێتەوە ئەڵێ من و شێخ ڕەزا لە بەغدا بووین، لەو ماوەیەدا دوو پیاوی گەورە لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدەوە دەربەدەر (نفی) کرابوون بۆ بەغدا وە لەوێ دەستبەسەر بوون، یەکێکیان کازم

پاشای برای سوڵتان عەبدولحەمید و ئەوی تریان نظام العلماء – کە دانایەکی گەورەی شیعە بوو، ئەمین فەیزی ئەڵێ: ڕۆژێ شێخ ڕەزا پێی وتم بابچین بۆ لای ئەم دوو پیاوە گەورەیە بۆ بەخێرهاتنیان، ئەمین فەیزی ئەڵێ: یەکەم جار چووین بۆ لای کازم پاشا، لە دیواخان دایاننناین، تا کازم پاشا هات بۆ لامان، شێخ ڕەزا پێی وتم من بەتورکی نیو شیعری بۆ ئەڵێم تۆش نیو شیعرەکەی تری بۆ تەواو کە، وتم: باشە. ئەمین فەیزی ئەڵێ: ئیتر شێخ ڕەزا نیو شیعرەکەی خۆی پێ نەوتم، وە منیش لێم نەپرسی، کازم پاشا کە هات شێخ ڕەزا وتی:

دولتك صادقه سی چوق یشا پاشا[١]

ئەمین فەیزیش کوتوپڕ ئەڵێ:

کیمسه اولماز سنا مانند و معادل حاشا[٢]

کازم پاشا زۆری پێ خۆش ئەبێ، وە بەو بۆنەیەوە هەردووکیان ئەناسێ وە سەرەتای ناسیاوییان لەم دوو نیو شیعرەوە دائەمەزرێ. ئینجا لەوێوە ئەچن بۆ لای «نظام العلماء»، شێخ ڕەزا بە ئەمین فەیزی ئەڵێ: لێرەش من بە فارسی نیو شیعری بۆ ئەڵێم، تۆش نیو شیعرەکەی تری بۆ تەواو کە، کە ئەچن شێخ ڕەزا ئەڵێ:

انتظام همه عالم به نظام العلماست[٣]

ئەمین فەیزیش ئەڵێ:

این سخن مظهر تصدیق جمیع حکماست[٤]

لەوێ کە هەڵئەستن شێخ ڕەزا بە ئەمین فەیزی ئەڵێ: ئافەرین ئەمین فەیزی، بەڕاستی کە من مردم هەر تۆیت کە جێگەم بگرێتەوە بەتەواوی.

---

(١) واتە هەر بژیت ئەی پاشا بۆ خۆت و ڕاستی و دڵسۆزیت بۆ دەوڵەتت.

(٢) واتە کەس نییە کە ببێ بە وێنە و هاوتای ئێوە لەم دڵسۆزییەدا.

(٣) واتە ڕێکیی هەموو جیهانییان بەجەنابی نیزامولعولەماوەیە.

(٤) واتە ئەم قسەیە بەجێی بڕوای هەموو تێگەیشتووێکە.

لەمەوە دەرئەکەوێ کە شێخ ڕەزا ویستوویەتی ئەندازەی شاعیریی ئەمین فەیزی تاقی بکاتەوە، بۆیە نیو شیعرەکانی خۆی پێ نەوتووە.

هەروا جارێکیان چەند شاعیرێکی کەرکووکی ئەچن بۆ لای شێخ ڕەزا و دائەنیشن لەلای، وە کۆڕێک ئەگرن لەناو خۆیاندا بەشیعر وتن، شێخ ڕەزاش شیعرەکانیان پەسند ناکا وە بەم شیعرەی پاشوو تێیان ئەگەیەنێ کە پایە و پلەیان لە شاعیرێتیدا چییە، ئەڵێ:

چونکە شاعیر زۆر بووە لەم عەسرەدا

بۆتە حەشری نێرەکەر لەم حوجرەدا

هەروا جارێکیان ئەحمەد پاشای بابان لە ئەستەنبووڵ شێخ ڕەزا بانگ ئەکا بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ، وە لەگەڵ ئەوا هەشت نۆ کەس لە گەورە پیاوانی ئەستەنبووڵیش بانگ ئەکات، ئەحمەد پاشا بە شێخ ڕەزا ئەڵێ: چەند کەسێکیشم لە پیاوماقووڵانی ئەستەنبووڵ بانگ کردووە، پێت ناڵێم کێن وە هەمووشیان ئەناسیت ئنجا کە هاتن ئەگەر کوتوپڕ سەرو شیعرت بەسەردا هەڵدان ئەوا خەڵاتێکی زۆر باشت ئەکەم، بەڕێکەوت یەکەم کەس کە دێ (شیروان زادە)ی بەغدایی ئەبێ کە لەگەڵ دێتە ژوورێ کوتوپڕ شێخ ڕەزا ئەڵێ:

رایت عدل برافراشت ز نو، شیروانی

آفرین باد براین شیوەء نو شیروانی

واتە بەیداخی دادی سەرلەنوێ هەڵدا شێروانی، ئافەرین بێ لەو شێوەی نەوشێروانییە.

بەم ڕەنگە بەرودوا هەرچی دێ شیعرێکی جوان و ڕەوانی بۆ ئەڵێ، لە پاشا ئەحمەد پاشا خەڵاتێکی قورس و قەڵەوی شێخ ڕەزا ئەکات، وە شیعرەکانی لای ئەحمەد پاشا ئەمێنێتەوە، بەڵام داخەکەم نازانین ئەم شیعرانە چییان لێ هاتووە.

ئەگێڕنەوە ئەڵێن: چەند وێژەرێک ئەچن بۆ دیدەنیی شێخ ڕەزا، شێخ ڕەزا

پێیان ئەڵێ: ئەمڕۆ تۆزێ ماتم تکا ئەکەم هەر یەکێکتان چەند شیعرێکی جوانی شاعیرێکی کۆنم بۆ بخوێنێتەوە، هەریەکە چەند شیعرێکی جوانی شاعیرێکی بۆ ئەخوێنێتەوە، یەکێکیان زۆر تەعریفی غەزەلێکی نالی ئەکا، وە لە یەکەم شیعرەوە دەست ئەکا بەخوێندنەوەی ئەڵێ:

ئەی سەرووی بڵند قەد و برۆ تاق و مەمک جووت

کابرا لێرەدا ئەوێستێ، هەرچەند ئەکا نیو شیعرەکەی تری بۆ نایەت وە شێخ ڕەزاش زۆر بەئارەزووەوە چاوەڕوانی نیو شیعرەکە ئەکات، کابراکە هەر بۆی نایەت، شێخ ڕەزا ئەڵێ: نیو شیعرەکەم بۆ بخوێنەوە، کە ئەیخوێنێتەوە شێخ ڕەزا ئەڵێ:

فەرقی نەبوو ئەم شیعرە لەگەڵ میز و لەگەڵ گووت

شێخ ڕەزا برایەکی بووە لە خۆی گەورەتر، ناوی شێخ قادر، وە شاعیرێکی باش بووە بەڵام هەر بەتورکی وە هەر لە تەسەوفدا شیعری وتووە، ڕۆژێ نیو شیعری تورکی ئەڵێ لە ئەحواڵی گیانی خۆیا زۆری پێ جوان ئەبێ، بەڵام هەرچەند ئەکات نیو شیعرەکەی تری بۆ نایەت، نیو شیعرەکەی ئەمەیە کە ئەڵێ:

می او می، ساقی او ساقی، حالت او حالت دگل

واتە عەرەق هەر عەرەقەکەی جاران و عەرەقگێڕ هەر عەرەقگێڕەکەی جارانە، بەڵام چۆنیەتی و مەستییەکە چۆنیەتی و مەستییەکەی جاران نییە، شێخ قادریش بەشێخ ڕەزا ئەڵێ: ڕەزا ئەم نیو شیعرەم وتووە، هەرچەند ئەکەم نیو شیعرەکەی ترم بۆ نایەت، بزانە تۆ تەواوی ناکەیت، ئەمیش ئەڵێ نیو شیعرەکەی تۆ چییە؟ کە بۆی ئەخوێنێتەوە کوتوپڕ بۆی تەواو ئەکات بەڵام لە پەردەیەکی گاڵتە و قەشمەریدا ئەڵێ:

گوت او گوت، تفرک او تفرک، آلت او آلت دگل

واتە قنگ هەر قنگەکەی جاران و تف هەر تفەکەی جارانە، بەڵام هۆکار (آلەت)ەکە هۆکارەکەی جاران نییە.

که لەگەڵ وا ئەڵێ شێخ قادر وەک بەرداشێک بماڵن بەسەر سنگیدا هەرچی هەست و هۆش بێ لە سەریدا نامێنێ، گۆزەڵەیەکی پڕ لە ئاوی لە تەنیشتەوە ئەبێ، پڕی پێدا ئەکا کە بیماڵێ بەسەری شێخ ڕەزادا، شێخ ڕەزاش خێرا هەڕا ئەکا و شێخ قادر بەدوایەوە، ناچار خۆی ئەکا بەژوورەکەی شێخ عەلیی کاکیدا ئەڵێ: شێخ هاوار لە دەست شێخ قادرە بۆزە، کوشتمی بە گۆزە.

## باو و باپیرانی شێخ ڕەزا

شێخ ڕەزا کوڕی شێخ عەبدوڕەحمانی کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا مەحموودی زەنگەنەییە، ئەم مەلا مەحموودە لە ساڵی ١١٣٠ھ لەدایک بووە، لە پاشا لە مزگەوتەکان وە لەلای مەلا باشەکان خوێندنی تەواو کردووە، بووە بە ئیمام لە دێی (ڕەمەزان مامک) لە ناوچەی زەنگەنە، وە لە ساڵی ١١٦٠ھ شێخ ئەحمەدی هیندی لە هیندستانەوە هاتووە بۆ زیارەتی بەغدا، لە پاشا ڕێی ئەکەوێتە دێی ڕەمەزان مامک وە ماوەیەک لەوێ ئەمێنێتەوە، وە مەلا مەحموود ئیجازەی تەریقەتی قادریی لێ وەرئەگرێ، لە پاشا شێخ ئەحمەدی هیندی لەوێوە ئەچێ بۆ (سووورداش) لەوێ بەدەستی مریدێکی خۆی ئەکوژرێ و لەوێ ئەنێژرێ، مەلا مەحموود لە پاش چەند ساڵێک چەند مریدێک لە گەڕەکی تەکیە پەیدا ئەکات، ئەم مریدانە ژوورێک و هەیوانێکی تیا دروست ئەکەن، مەلا مەحموود هەموو ساڵێک بۆ دیدەنیی مریدەکانی هاتووە بۆ لایان، ساڵی ١٢١٥ھ کە دێ بۆ لایان لەوێ نەخۆش ئەکەوێ و ئەمرێ وە لەو ژوورەدا ئەنێژرێ.

لە ساڵی ١١٩٤ھ مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا مەحموود لەدایک بووە، وە ئەمیش وەک باوکی خوێندوویەتی تا بووە بەمەلایەکی باش، لە ساڵی ١٢٥٧ھ کۆچی دوایی کردووە، وە لە ژوورەکەی باوکیدا نێژراوە.

لە ساڵی ١٢١٢ھ شێخ عەبدوڕەحمانی کوڕی مەلا ئەحمەد لەدایک بووە، وە لە ساڵی ١٢٧٥ھ کۆچی دوایی کردووە، شێخ عەبدوڕەحمان وەک باوک و باپیری زانایەکی زۆر باش بووە.

شێخ عەبدوڕەحمان سێ کوڕی بووە شێخ عەلی و شێخ قادر و شێخ ڕەزا، شێخ عەلی لە ساڵی ١٢٤٨ھ لەدایک بووە، وە لە ساڵی ١٣٣٠ھ کۆچی دوایی کردووە، وا دەرئەکەوێ کە شێخ عەلی وەک شێخ ڕەزا و شێخ قادر هەوەسی لە شیعروتن نەبووە، بگرە ئارەزووی زانین و زانیاری بووە، لەبەر ئەوە دوای دەستکردنی بەخوێندن بە شەش حەوت ساڵ چووە بۆ مەدرەسەی زانای بەناوبانگ موفتی زەهاوی لە بەغدا وە لەلای یەکێک لە فەقێ بەرزەکانی موفتی دەرس ئەخوێنێ، مانگی ڕەمەزان دێ یەکەم شەو موفتی ئەیەوێ چەند ئامۆژگارییەکی خەڵقەکە بکات وە چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەریان بۆ بخوێنێتەوە و مەبەستیان بۆ لێ بداتەوە ئەنێرێ بەشوێن شێخ عەلیدا کە سی شەوەی ڕەمەزان هەموو شەوێک قورئانیان بۆ بخوێنێ، شێخ عەلی کە دێ بەتەریقییەکەوە ئەڵێ: بەخوا قوربان قورئانم لەبەر نییە، بەڵام خوا یار بێ بۆ شەوی ئەم جەژنە حازر ئەبم بەڕەنگێک کە لە هەر لایەکەوە بفەرموون لە قورئان بۆتان بخوێنم، شەوی جەژن ئەچێتە خزمەت موفتی ئەڵێ: قوربان بەم مانگە هەموو قورئانم لەبەر کردووە، لە کوێوە ئەفەرموون تا بۆتان بخوێنم، موفتی زۆر ئافەرینی ئەکات و دایئەنێ و دەست ئەکات بە قورئان خوێندن لەبەر، وە بەو بۆنەیەوە شێخ عەلی بەڕەحمەت بێ هەموو قورئانی لەبەر بوو تا مردن، هەروەک فەرموودەیەکی زۆری پێغەمبەریشی لەبەر بووە، خوا لە هەموو لایەکیان خۆش ببێ، وە پەردەی بەخشش و میهرەبانیی خۆی بدا بەسەریاندا.

شێخ ڕەزا لە ساڵی ١٢٥٣ ھ = ١٨٣٧م لە دێی قرخ لە ناوچەی چەمچەماڵ لەدایک بووە، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا لای باوکی دەستی کردووە بەخوێندن، لە پاشا چەند کتێبێکی سەرەتایی لای شێخ عەبدولغەفووری مامی خوێندووە، هەروەک ماوەیەکیش لای مەلا باشەکانی کەرکووک خوێندوویەتی، ئنجا ئەچێ بۆ کۆیە، وە لە مەدرەسەی زانای بەناوبانگ جەلی زادە مەلا ئەسعەدی باوکی حاجی مەلا عەبدوڵا دائەمەزرێ، وە لەگەڵ حاجی مەلا عەبدوڵای کوڕی مەلا ئەسعەد و شاعیری بەناوبانگ کەیفیدا پێکەوە فەقێ

ئەبن لە مزگەوتی گەورەی کۆیە، وە هەرسێکیان لە ژوورێکدا ئەبن، وە پێکەوە موتالا ئەکەن و دەرس ئەخوێنن و گوێ لە دەرسی یەکتری ئەگرن، لە پاشا زویری ئەکەوێتە ناوەندی شێخ ڕەزا و کەیفییەوە، وە هەردوولا شیعری زۆر سەخت و خراپ بەسەر یەکدا هەڵئەدەن، بەئەندازەیەک کە شێخ ڕەزا بەکەیفی ئەڵێ:

شاعر چو توی بە لب لبانت ریدم
وز فرق سرت تا بەدهانت ریدم

کەیفی لە وەرامی ئەم شیعرەدا بەشێخ ڕەزا ئەڵێ:

فرقی نە چنان بود میان سر و (ک)م
ای ریدی بە (ک)م گوزت بە (ک)م

کەیفی بەم شیعرە زویرییەکەی ناوەندی خۆی و شێخ ڕەزای کرد بە شەڕەجنێوی کۆڵانەکان، لەبەر ئەوە حاجی مەلا عەبدوڵا خەبەری دا بە باوکی، وە مەلا ئەسعەد کەیفی دەرئەکا لەسەر شێخ ڕەزا.

وا دیارە شێخ ڕەزا چەند ساڵێک لە کۆیە ماوەتەوە، وە خوێندنی هەر ئەوە بووە کە لەوێ خوێندوویەتی، بەڵام خوێندنێکی باشی خوێندووە، وە (نحو) و (صرف) و (بلاغە)یەکی زۆر چاکی تیا وەرگرتووە، وە لەو ماوەیەدا بێگومان گوێی لە زۆر دەرسی تریش گرتووە لە هەموو عیلمەکاندا، ئەم جۆرە هەڵکەوتووانە وەک موسەجیلە وان هەرچێکیان بەرگوێ کەوت خێرا وەری ئەگرن، وە لە بیریان ناچێتەوە.

لە خوا داواکارم بەمیهرەبانیی خۆی بارانی خۆشبوون و لێبووردن و چاوپۆشی ببارێنێ بەسەر گۆڕی پڕ لە نووریاندا، وە گیانی پاکیان بە بەهەشتی بەرین و فیردەوسی خۆی شاد بکات.

ڕۆژێ نەبوو ئەم دلبەرە بێ ڕەحمە وەفا کا
جارێ نەبوو ئەم کافرە شەرمێ لە خودا کا

حـــەیرانن ئـەتیـــبـــبـــا لـە عـــەلاجی مـــەرەزی من
لوقـــمـــانی ویـســـاڵت مـــەگـــەر ئەم دەردە دەوا کـــا[١]
کـــارێ کـــە غـــەم و دەردی فـــیـــراقت بە منی کـــرد
ســـەرمـــا بە هـەتیـــو با بە دەواری شـــڕی نـاکـــا
دێوانـەیە شـــەخـــسێ کـــە بە غـــەیری لەبی لەعلی
وەک شـــاهی سکەندەر تـەڵەبی ئاوی بـەقـــا کـــا[٢]
تاب و تەبی ئاتەشکەدەیی هیـجری وەکو شـەمع[٣]
نزدیکە منیش ڕەهـڕەوی ســـەحـــرایی فـــەنا کـــا
لەم ڕێگەیـە تەقـــدیری ئەزەل وابوو کـــە ئێـــمـــە[٤]
پامـــاڵی جـــەفـــا بین و ڕەقـــیب ســـەیر و ســـەفا کـــا

---

(١) لوقـمـان: کوڕی (باعـوراء) وە خـوشکەزای (ئەیووب) پێـغـەمـبـەرە، بەشی زۆری زانایان لەســەر ئەوەن کە پێغـەمـبـەر نەبووە، بەڵکو زانایەکی دانا بـووە، وە خـوا ئامۆژگارییەکانی پەسند کردووە بۆیە لە قورئاندا بۆمان ئەگێڕێتەوە. (لقمانی وصالت) واتە وەسڵت وەک لوقمانی حەکیم دەرمانی هەموو دەردێکە.
(٢) جاران دەنگ بڵاو بووە کە لـەوپـەڕی جیـهانەوە تاریکستانییـەک هەیە کانییـەک ئاوی ســازگاری تیایە پێی ئەڵێن ئاوی بەقـا، واتە هـەر کـەسێک لێی بخـواتەوە هـەرگیـز نامـرێ وە هـەر ئەمێنێ، هـەروا بڵاوە کە ئەسکەندەر زۆر گەڕاوە بەدوای ئەو ئاوەدا و نەیدۆزیوەتەوە، واتە هـەر کـەسێک لـەسـەر لێوی دلبـەرا – کـە ئەڵێی لەعلی بەدەخشـانە – تاڵبی ئاوی بەقا بێ شـێتـە، ئەگینا عـەوداڵی ئەویان دەبوو نەک ئەمیان.
(٣) ئاتەشکەدە: جێگەی ئاگرە لە عیبادەتخانەی ئاگرپەرستدا. ڕەهڕەوی: لە چاپی پێشوودا (واردی). سەحرای: لە چاپی پێشوودا (سەحرائی)یە، واتە تاو و گڕی کوورەی هیجرانی نزیکە منیش وەک مۆم بسووتێنێ و بمبا بۆ دەشتی نەبوونی.
(٤) تەقدیری: لە چاپی پێشوودا (تقدری)یە. ڕەقیب: جاسووسی ناپاک.

ڕۆح و دڵ و دین هەرسێ ئەکەم بەذل و نیساری[٥]
کامی دڵی من گەر لە لەبی لەعلی ڕەوا کا
سەردانێ لە ڕێی عشق (ڕەزا) لازمە عاشق
بۆ یار، سەرومالی سوپەری تیری قەزا کا

## عەشیرەتی جاف

خەڵقینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا[٦]
مێروولە نەچێ چاکە بەگژ قوللەیی قافا
کێ بێ لە دلێرانی زەمانە کە نەچووبێ
وەک تیری قەزا نووکە ڕمی جافی بە نافا[٧]
خوێنڕێژ و شەڕەنگێز و عەدووبەند و تەنوومەند
گەندیان هەموو وەک شێرە لە مەیدانی مەصافا[٨]

---

(٥) هەرسێ: لە چاپی پێشوودا (هەرسیە). بەذل: بەختکردن. نیسار: نثار، شاباشکردن.
(٦) ئەم تیرەی جافە دوو سەد و پەنجا ساڵ لەمەوپێش باپیریان زاهیر بەگ ناو لە جوانڕۆوە هاتووە بۆ ناوچەی (وارماوا)وە لەوێوە لە نزیک دێی (چەمەرگە)وە کۆچی دوایی کردووە، وە سلێمان بەگی کوڕی لە جێی دانیشتووە، دوای سلێمان بەگ کەیخوسرەو بەگی کوڕی چووەتە هەڵەبجە، وە حەمەد پاشای کوڕی لەوێ لەدایک بووە، حەمەد پاشا دوو کوڕی بووە، مەحموود پاشا و وەسمان پاشا، مەحموود پاشا لە (قزرابات) مردووە، وە لە مزگەوتەکەی خۆی لەوێ نێژراوە، وە ئەوقافێکی ئێجگار زۆری بۆ داناوە، وەسمان پاشاش لە هەڵەبجە کۆچی دوایی کردووە، وە لە خانەقای تەوێڵە وە لە خزمەت شێخی سیراجەدیندا نێژراوە.
(٧) زەمانە: لە چاپی پێشوودا (عەشایر)ە. قەزا: لە چاپی پێشوودا (ئەجەل)ە. ناف: ناوکە.
(٨) گەندیان هەموو وەک: لە چاپی پێشوودا (کامیان کە گەنە)یە. مەصاف: جێی ڕیزبەستنە لە کاتی جەنگدا.

چونکە بەڕەسەن ورد و درشتیان هەموو جەنگین
مەی سارییە نەشئەی، چ لە دووردا، چ لە سافا(٩)
وا بێ خەم و پەروا دەچنە عەرسەیی هەیجا
تۆ ناچییە سەر دۆشەکی بۆکێ لە زەفافا(١٠)
یأتون الی الأمر صغارا وکبارا
یسعون الی الحرب ثقالا وخفافا(١١)
وەسمان بەگیان ئامیرە وەختێ کە بڵێ دەی
دێنە جەوەلان هەروەکو حاجی لە تەوافا
خواهم ز خدا آنکه شود دشمن جاهت(١٢)
کۆتی لە دەسا، دەس لە مەلا، مل لە تەنافا
ڕەحمێ بکە با شێخ ڕەزا بێتەوە گوفتار(١٣)
حەیفە بڕزێ تیغی موجەوهەر لە غیلافا

شێخ ڕەزا بەم شیعرانە داوای تووتنی بۆندار ئەکات لە حاجی ئەسعەد ئاغا ئەڵێ:

---

(٩) چونکە بەڕەسەن: لە چاپی پێشوودا (چونکە ڕەسەنی). درشتیان. لە چاپی پێشوودا (درەشتیان). سارییە: لە چاپی پێشوودا (سارىە)یە. دورد: خڵتەی شەرابە کە ساف نەبووبێ، لە چاپی پێشوودا (دڵدا)یە.

(١٠) هەیجا: جەنگێکە کە خوێنی تیا ڕژابێ.

(١١) یأتون: لە چاپی پێشوودا (یبغون)ە. ثقالا: واتە بەسواری. خفافا: واتە بەسووکی و چالاکی.

(١٢) ئەم نیو شیعرە فارسییە، واتە داواکارم لە خوا کە دژمنت پەت کات. خودا: لە چاپی پێشوودا (خوا)یە کە ئەمە لەنگە.

(١٣) واتە بەرانبەر بەم غەزەلە دیارییەکی باش بنێرە بۆ شێخ ڕەزا تا بکەوێتەوە شیعروتن. غیلاف: کێلان. ڕەحمێ بکە با شێخ ڕەزا: لە چاپی پێشوودا لوتفێ بکە (رضا) (با شیخ رضا)یە.

تۆ کـەم نەزەری دەرحـەقـی من ئێـسـتـەکە ئاخـا[١٤]
من مـاومـە هـەوای سـوحـبـەتی تـۆم هـەر لە دەمـاخـا
تا ڕۆژی قــیــامـــەت بەخـــوا زیندووە نامـــرێ[١٥]
بـابێ کـــە بمێـنێ کـــوڕی وەک تۆی لە وەجـــاخـــا
بۆ تووتنەکەی (بێشـەمـە) و (شاور) و (شـێتنە)[١٦]
شـێت بووم و نەهات، وەخـتـە دڵم ڕەش بێ لـە داخا
جـــاران چ بەجـــاخ و چ بـەبار بـۆت دەهەنـاردم[١٧]
نانـێــری ئەمــێـــســتـــا نە بەبار و نـە لە جـــاخـــا
ڕێی نەوتەکە باجگیری ئەگەر زۆرە دەفەرمـووی[١٨]
ڕێی خـــاســـە بـەشـــەو خـــاڵیـــیــە، با بێ بـەبڵاخـــا
نـەمــــزانی فـــەلـەک، گـــۆبـەنی هـەر بۆ منە، یاخـــۆ
سـەد دەسـتی وەکو دەسـتی منی کردوە بەزاخـا[١٩]

---

(١٤) قافیەی ئەم غەزەلە لە چاپی پێشوودا هەمووی (ئاغا)یە، بەڵام خوا لێخۆشبوو پیرەمـێرد لە نوسخـەکەی خۆیا بەسـەریەوە نووسیوە کـە قـافیـەی ئـەم غـەزەلە هـەمـووی (ئـاخـا)یە، وە ڕاست ئـەکـات بە نیـشـانەی قـافـیـەکـانی تر کـە ئەڵێ: (وەجاخا . لە داخا . لە جاخا . بڵاخا . بەزاخا . باخا . یەساخا).

(١٥) قیامەت: لە چاپی پێشوودا «قەیامەت»ە.

(١٦) (بێشـەمە و شاور و شێتنە) ناوی سێ شوێنن لە قـەزای قەڵادزە کـە تووتنی بۆنداریان هەیە. ڕەشبێ: لە چاپی پێشوودا (دەرچێ)یە.

(١٧) نە لە جاخا: لە چاپی پێشوودا (نە بە جاخا)یە.

(١٨) (ڕێی نەوتـەکـە) واتە ئەگەر بڵێن: ڕێی بابەگوڕگوڕ باجگری زۆرە، وە ناوێرم لەوێوە بێم، وەڕێی خاسەش بەشەو چۆڵە دەترسم ڕووتم کەن، منیش ئەڵێم: با لە ڕێی بڵاخەوە بێ.

(١٩) کردوە: لە چاپی پێشوودا «کردووە» کە ئەمە لەنگە.

یارب گــوزەران کــا بـەســەفــا وەخــتـی ئەزیزت
پەیوەسـتـە لە دەوری چەمـەن و گـەردشی باخـا[٢٠]
بۆ چوونـە تەوافی حـەرەمی شـاهیـدی مـەقـسـوود
عـالەم هـەمـوو مـەئزوونـە (ڕەزا) هەر لە یەسـاغـا

بۆ مودیری قزڵجە

لـە تـەرەف (ک)ەوە بـەریدی ســــــەبـا
بـۆ مــــودیری قــزڵجـــە نـامـــە ئەبا
بـۆ جــەنـابی مــقــرب الـخــاقــان[٢١]
مــیــر علی بەگ لە ئـەنجــەبی نـوجـەبا
مــــیــرم ئـایا چلـۆنە عــیللـەتەکـــەت
باز بـە خــارشــتــە بن گـونت عـەجـەبا
ئیـحـتـیـاجت بنووسـە عـەیبی چـیـیـە
مـەحـرەمی ڕازی تۆم بە عـەهدی صـەبا
ســەد تـڕت دا بەکــۆدەکی لە گــونم[٢٢]
ئەی تـڕت ڕەعــد و وەی تست ڕەشـــەبا
دوودەمــانتــان چرووکــە بونیــادی[٢٣]
بـۆ قـــــبـــــاخـت بـنـم دگل هـەبـەبا

---

(٢٠) چەمەن: لە چاپی پێشوودا (حمەنو).
(٢١) مقرب الخاقان: لە چاپی پێشوودا (مقربی الخاقان)ە.
(٢٢) بەکۆدەکی: وتەیەکی فارسییە، واتە بەمناڵی.
(٢٣) دوودەمان: وتـەیەکی فـارسـیـیـە بە مـەعنا خـانەوادەیە. بنم دگل: ئەم دوو وتەیە تورکـیـیـە، واتە لەم قـەباحـەتەدا من دخلم بەسـەرەوە نیـیە. هـەبەبا: وتەیەکـە بۆ سەرسوڕمان بەکار دێنرێ وەک وتەی: هـەی بابە.

عـەبدورەحـمـان بـەگی برات فـەرمـووی
ئـابـڕووی خـــــانـەدان عـلـی ئـەیبــــا
خـاڵە کـوێریش صـەراحـەتەن ئەیوت[٢٤]
کــــە علی بەگ بـووە بـەدێڵـــــەبەبا
لە ئـەبانـت ئیـــبــا مـــەکـــە مــیـــرم[٢٥]
هــذه ارثــکــم أخـــــــــــــــا وأبـــا
گــەر بە (ک)ی قــزڵـجــە تێــر ناخــۆیت
وەرە بـا شـــێخ (ڕەزا) بـەڕەشـــتـــا بـا

دەستێکی هەیە لە کەرەمدا

دەســـــتـــــێکی هـەیـە (...) لـە کـــــەرەمــــدا
مـــیـــوانـی ئـەزیزی هەیە دائـم لـە حــــەرەمـــدا
ئـەلحـەق ژنـەکـەی مـوشـفـیـقـە دەرحـەق بە غـەریبـان
سـەد (گ)ی بەڕۆم و دوو هـەزاری بە عـەجـەم دا[٢٦]
هێند (ک)ی هـەتیوان بـە (ق)ی داکـیـا چـووبوو[٢٧]
دەســــتـــێکی شـکـابوو بـەمـنـاڵی لـە شـکـەمـــدا
بەر زەربـەتـی کـام (ک)ی قـەوی کـەوتووە ئـاخـۆ[٢٨]

(٢٤) کوێریش: لە چاپی پێشوودا (کویرش).
(٢٥) لە ئەبانت: جـەمعی ئەبی بەمەعنا باوکە، لەسـەر ئاهـەنگی جـەمعی کوردی وەک (کوڕان) و (کـچـان)، واتـە لە باو و باپیـرانت حـاشـا مـەکـە، وە ئـەم نـەخـۆشـیـیـە بەکەلەپوور لەوانەوە بۆت ماوەتەوە.
(٢٦) بەڕۆم و دوو: لە چاپی پێشوودا (بـەڕۆم داوە)یە.
(٢٧) بە (ق)ی داکیا چووبوو: لە چاپی پێشـوودا (بە "ق"یا چووە دایکی)یە. شکەم: وتەیەکی فارسییە بەمەعنا سکە.
(٢٨) ڕەحەم: مناڵدان.

بەو دەردە چووە ســاعــیــدی (...) لە ڕەحـــەمــدا
حـەقـقـا کـە مـەجـیـدی کـوڕی زۆر تەبعی جـەوادە
ســەد (گ)ی بە یەک لەحـزە بەبێ پوول و درەم دا
گـەوواد و تەرەس، مـولحـیـد و بێ دین و مـونافـیق
نەیدیوە کەسێ میسلی لە مسقـۆف و عەجـەمدا
بۆ ســەددی ڕەهـی قــافـڵــە وەک تەپڵی سکەندەر
ئـاوازی دەهـۆڵی (ق)ی دایکی لە حـــــەرەمــــدا
ئەو (ک)ە زلەی کێ بوو لە کـێــلانی فــەتاح بەگ
مــســتــێکی کـوتایە (ق)ی، مــســتــێکی لە دەم دا

## چوارینە

لە هـەجووی شێخ حەمەعەلی کەڕەدا[٢٩]

سـابێ زگی خـۆت هـەڵمـەدڕە، مـەمرە لە داخـا
ئەم قەومـە هـەموو مـردن و تۆ مای لە وەجاخا
لەولاوە ڕەگــێکت لە زەهـاو هـەڵئـەوەشــێنێ
لەمــلاوە ڕەگــێکت لە کنی ســاوجــەبڵاخــا

---

(٢٩) شێخ حـەمەعـەلی کەڕە: کوڕە گـەورەی حاجی شـێخ عەلی تاڵەبانییـە، گوێی ســـەنگین و زبانـی لاڵ بوو، هـەروەک نەخــوێندەواریش بـوو، لە دوای جـــەنگی تێکڕاییی جیــهـان، هەرچەند لە بەینـی کـەرکـووک و بـەغـدادا شـەمـەندەفـەر و ئۆتۆمـۆبێل هـەبوو، بەڵام ئەم هـەر بەسـواریی مـاین و ئەسپ هاتوچۆی ئـەکـرد. شێخ حەمەعەلی دوو ژنی بوو یەکێکیان فاتمە خان کە خـەڵقی سابڵاخ بوو، وە دایکی شێخ جەمیل و شێخ جەماڵە، ئەوی تریان زێبا خانە کە خـەڵقی زەهاوە. قافیەی ئەم چوارینەیە لە چاپی پێشوودا (لە داغا. لە وەجاغا. ساوجەبڵاغا)یە بە غەینێک لە ناوەندی دوو ئەلفا، کە ئەبێ هەموو بە خێ بێ.

## چوارینه

### له هەجووی قازیی کۆیەدا

شـێـخ ڕەزا بێت و لـەسـەر تۆ هەجـوی قـازیی کـۆی بکا
سـەیری کـە چیی پێ بکا، دۆم بێ و کـەلاش بـۆ خـۆی بکا
چونکە غەدری کرد لە (لامع) شەرت بێ قازی وا بگێم[٣٠]
هـەر گـەنوگـوویـێ لـە زگـیـایە، بەجـاریێ ڕۆی بکا
داخـڵی فـەرجـە، لەسـەر قنگ کـێـر بە گـون دەعـوا ئەکا
نـانی کـون مـاسی ئەخـوات و پاسی جـرتـاوا ئەکـا

ئەم شیعرە پەندێکی پێشینانی گرتۆتە خۆی کە ئەڵێ: «سەگی کونە ماسییە و پاسی جرتاوا ئەکات».

کونە ماسی ناوی دێیەکە لە ناوچەی (شاربازێڕ) هەروەک (جرتاوا) ناوی دێیەکە لە ناوچەی ناوبراو.

ئەم پەندە بەیەکێک ئەوترێ لە شوێنێک بەهرەیەکی دیبێ کە خزمەتی ئەو شوێنە نەکات وە خزمەتی شوێنێکی تر بکات کە هیچ بەهرەیەکی لێ نەدیبێ. واتە (ک) لە کاتێکا کە لەناو (ق)دا هاتوچۆ ئەکات و خۆشی وەرئەگرێ، یاساوڵێکی وەک گون لە بەردەرگای قنگا ڕائەگرێ و فەرمانی چاودێری و پاراستنی ئەوی پێ ئەدا.

ئەگێڕنەوە کە مستەفا بەگی باوەجانی - کە نەخوێندەوار، وە شاعیرێکی کوتوپڕی زۆر بەرز و بەمەعنا بووە - دەچێ بۆ لای وەسمان پاشای جاف، کە ئەچێ شێخ ڕەزای تاڵەبانیش لەگەڵ چەند کەسێکی ترا لەوێ ئەبن، ئەوانەی کە لەوێ ئەبن زۆر تەعریفی شاعیریی مستەفا بەگ ئەکەن بۆ شێخ ڕەزا، شێخ ڕەزاش دەمار ئەیگرێ وە بەشیعرێک پلارێکی ڕەق ئەگرێتە مستەفا بەگ ئەڵێ:

---

(٣٠) وا دەرئەکەوێ کە لامع ناوی زانایەکی گەورە بووە لە کۆیە، وە قازیی کۆیە هەجووی کردووە، شێخ ڕەزاش بەم چوارینەیە تۆڵەی لامع ئەسێنێ لە قازیی کۆیە.

ئەحـــمـــەقم نەمکرد هـەتا ڕیشم نـەبوو گـــانێ بدەم
مستەفا بەگ چاکی کرد تا ڕیشی هات هـەر گانی دا

مستەفا بەگیش ناکاتە نامەردی بەشیعرێکی ڕەقتر وەڵامی ئەداتەوە ئەڵێ:

کـــــاتێک وەک پاسـناو بیکوتمـە ژێرت
وەک چەقـچـەقـەی ئاش هەڵپـەڕێ کـێرت

شـێخ ڕەزا شـیـعرەکـەی زۆر پەسـەند ئەکات وە ئەڵێ: ئەم شـیـعرە و تاقـە شـیـعرێکی من کە وتوومـە وان بەچڵەپۆپەی ڕەوانبێژییەوە، لەم دوو شـیـعرە جوانتر تا ئێستا لە وێژەی کوردیدا نەوتراوە چونکە زاراوەیان تیایە.

کێ دیوێتی ئەی شـــێخ علی مـــاڵی خـــەزوور بۆ زاوا(٣١)
تۆ لە کـــوێ تەکـــیـــە لە کـــوێ بزنـەگـــەڕی مـــەزناوا

***

چونکە شـــاعـــیـــر زۆر بووە لـەم عـــەســــرەدا(٣٢)
بـۆتـە حــــەشـــــری نێــــرەکــــەر لـەم حـــوجـــــرەدا

***

سێ ئیسم هـەن بێ موسـەمما هەروەکـو ئاوی بەقـا(٣٣)
تـەیری عـــەنقـــا، شـــاری جـــابولقـــا، پلاوی خـــانـەقـــا

***

(٣١) مەبەس لەم شێخ عەلییە شێخ عەلیی کاکیەتی کە شێخی تەکیە بووە.

(٣٢) وا دەرئەکەوێ چەند شاعیرێکی کورد – کە پایەی شاعیرییان لە شێخ ڕەزا کەمتر بووە – بەڕێکەوت کۆبوونەتەوە لە ژوورەکەی شێخ ڕەزا لە تەکیەدا، وە کۆڕێکیان گرتووە بەشیعروتن، شێخ ڕەزاش شیعرەکانیانی بەدڵ نەبووە، وە ئەم شیعرەی تیا وتووە، وە پلەی شاعیرییانی دەستنیشان کردووە.

(٣٣) مەبەس لەم خانەقایە، خانەقای سەید ئەحمەدە لە کەرکووک بە نیشانەی شیعرێکی تری لەم دیوانەدا کە ئەڵێ:

مـــاری ڕەشـــە خنکاوە لە گـــێـــژاوی خـــەلادا
(ک) مــەمــەلە قنگی کــاکــە حــەمــەی حــاجی مــەلادا

***

مـــەیلی ئەشــعـــارم هەیە، تیـــغی زبانم مـــوو ئەکـــا
هەرکــەسێ جـــارێ کــە بیگێم پڕ بـەشـــارێ گـــوو ئەکـــا

***

پێم مـەڵێن ئـەم دوو ژنەت تۆ بۆ چییـە ئەی شـێخ ڕەزا[٣٤]
شــوکــری بۆ تـەسک و تروسکی و جــەمــیل بۆ سک و زا

***

یەهوودی بەچچـەیێکم گــرت و لێم برد و تیـا خـووسـا
کە تێم نا چاوی نووسا، بانگی کرد یا حـەزرەتی مووسا

***

دەمـــاری مــــردووە (ک)م لە مـــاری مــــردوو دەکـــا[٣٥]
لە سـاق و سـاعـیدی مـیـهـتـەر نـەسـیـمی جـادوو ئەکا

***

شـێخ سـەتار ئێمـەی بەزاند، وا بۆ مـەلای گـون سـەنگەلا
دینی پێــغــەمــبــەر بەئاشکار خـۆشــە، یا من یا مـــەلا

***

---

خـانەقـا! تەوبە لە سەی ئەحـمـەد و نان و خوانی
لـە تەعـــامی شـــەلەم و بـامـــیـــە و باینجـــانـی

(٣٤) مـەبەس لە شـوکـری، شـاعـیری بەناوبانگ شـوکـری فـەزڵییـە کـە شـێخ ڕەزا هەجـووی کـردووە، وە فـەزڵیش بـەشـیـعـر وەڵامی داوەتـەوە، مـەبەس لە جـەمـیل جەمیل سدقی زەهاوییە.

(٣٥) میهتەر: وتەیەکی فارسییە بەمانا گەورەی مەیتەران.

ئەحـــــمـــــەقم نەمکرد هەتا ڕیشم نەبوو گـــانێ بدەم
مـسـتـەفـا بـەگ چاکی کـرد تـا ڕیشی هات هەر گـانی دا

***

عــەمــرم گــەیشــتــە هەشــتــا (ک)م بەکــارە هێــشــتــا
تەســدیقی گــەر نەفــەرمــووی هەســتم بەرم بە ڕەشــتــا

***

هەر لە دەنگی کەڕەنا و شەیپووری جەنگیز خان ئەکا[٣٦]
وردە ئاهەنگی پیــاوی پیــر کـــە وەخــتێ گــان ئەکــا

## پیتی بێ

### شین بۆ قادری وەستا خدر

بۆ نـەســـــــووتێ جگەر و بـۆچی نـەبێ دڵ بـەکـــــەباب
بۆچی نەڕوا لە تەنم ڕۆحی ڕەوان مـــیـــسلی غـــوراب
بۆ لە ســەرچاوەیی چاو هەڵنەقــووڵێ ڕەشــحــەیی خــوێن[٣٧]
بۆچ لە فـــەووارەیی مــــوژگـــان نەتکێ قـــەترەیی ئاب[٣٨]
بۆ لەبەر ناڵە نەبێ حـــەڵقـــەیی حـــەڵقم بە ســـروود
بۆ لەبەر گــریە نەبێ چەشـــمـــەیی چەشـــمم بە ســـەراب
مــــوونسی ڕۆژ و شـــەوم، باعـــیـــسی ئارامی دڵم
ڕۆیو و من لە غـــەمی کـــەوتمە نێـــو بەحـــری عـــەزاب

---

(٣٦) شەیپوور: شتێکی درێژکۆلەی بۆشە لە جۆرە تەنەکەیەکی ئەستوور، کە فووی پیا کرا دەنگێکی زۆر گەورەی لێ پەیدا ئەبێ کە پێی ئەڵێن: بۆڕیە.

(٣٧) ڕەشحە: نم و دڵۆپ. نەتکێ: لە چاپی پێشوودا (نەچکێ)یە.

(٣٨) حەلق: گەروو. سروود: نەغمە و ئاواز. چەشمە: سەرچاوە. سەراب: ریگی ڕەوان.

بە وقـــووعی ســـەفـــەری قـــادری ئوســـتـــاد خـــدر[٣٩]

بەجـــەفـــا عـــەیشـــمی تاڵ کـــرد فـــەلەکی خـــانەخـــەراب

چەنگ و نەی لێ مـــەدە مـــوتریب کـــە لەبەر فـــرقـــەتی ئەو[٤٠]

ڕنەکی ڕۆحـــە لە گـــوێم نـەغـــمـــەیی ئاوازی ڕوباب

ســـاغـــەری مـــەی مـــەدە ســـاقی کـــە لەبەر دووریی ئەو[٤١]

تـــاڵە وەک زەهـــری هەلایـــل لـــە مـــەزاقـــم مـــەیی نـــاب

کـــاری کـــردن نەبوو ئەم کـــارە کـــە گـــەردوونی دەنی

کـــردی ڕووی ڕەش بێ وەکـــو بەخـــتی من و پەڕی غـــوراب[٤٢]

ئەی (ڕەزا) ڕەنگە لەبەر فـــیـــرقـــەتی ئەو مـــوونیـــســـە تۆ

قـــەت نەبی خـــاڵی وەکـــوو کـــوورە لە ســـۆزی تەب و تاب[٤٣]

***

دەمکوژێ حـــوکـــمـــە دەزانم بەخـــودا دەردی حـــەبیب

وەرە ســـا بەشـــقی خـــودا دەس لە یەقـــەم بەردە ڕەقـــیب[٤٤]

وەرە دەســـتـــێک بـخـــەمـــە گـــەردنی بللورینت

تاوەکـــوو ســـفـــەرە لە داخـــا بدڕێ ورگی ڕەقـــیب

---

(٣٩) مەبەس لە سەفەر: مردنە. ئوستاد خدر: لە چاپی پێشوودا (وەستا خدر)ە کە لەنگە. بەجەفا: لە چاپی پێشوودا (خانەیی)یە.

(٤٠) چەنگ: ناوی جۆرە سازێکە. نەی: نای. ڕنەکی: لە چاپی پێشوودا (ڕەنەکی)یە. ڕوباب: پارچەیەکە دەنگێکی هەیە وەک دەنگی نەی.

(٤١) ساغەر: وتەیەکی فارسییە بەپیاڵەی شەراب ئەڵێن. مەزاقم: لە چاپی پێشوودا (موزاقم).

(٤٢) غوراب: قەڵەڕەشە.

(٤٣) تەب: تا و نەخۆشی.

(٤٤) یەقە: یەخە.

تالعم نەحـــــــــه ئەترسم کـــــه بەئازاری فـــــیـــــراق
بمـرم و ڕۆژێ نـەبـێ دەوڵـەتـی وەســـــــڵـم بە نـەســـــــیـب
چاوی فـــەتـتـــانی تۆ ئەو ســـاحـــیـــره جـــادووگـــەرەیە[٤٥]
کـــە بە یەک عـیــشـــوە ئەدا عـابـیـدی ســەد ســاڵە فـریب
تـا لە تۆ دووره دڵی غـــەمـــزەده ئەی ڕاحـــەتی جـــان[٤٦]
مـەشـریق و مـەغـریبـە مـابەینی، لەگـەڵ سـەبر و شـەکـیب
بێ فـــراز نـابێ نـەشـیـب، ئەم قـــســـەیە ڕاســـتـــه وەلێ[٤٧]
من لـه ڕێی عـــەشـقی تۆ نەمــدی بەخـــودا غـەیری نەشـــیب
غـەیری زوڵفـە لەســەر و ســەفـحـەییی ڕووت سـابیـتـــه، یا
تینەت و تیـــبـــه کـــه مـــەمـــزووجـــه لەگـــەڵ زینـەت و زیب[٤٨]
شــــێخ دەگـــــۆڕێتــــــەوە گـــــەر چاوی بە زڵفت بکەوێ
خـــەرقـــە و ســـەبحـــە بە زوننـار و چەلیـــپـــا و ســـەلیب[٤٩]

---

(٤٥) فەتتان: فیتنەگێڕ، ئەو: لە چاپی پێشوودا نییە. جادووگەر: سیحرگێڕ. عیشوە: ناز و خۆبادانێکی تایبەتییە.

(٤٦) غـەمـزەدە: خـەمـبـار. شـەکـیب: سـەبر و دان بەخـۆداگرتن، واتە ئەی دلبـەری خۆشـەویست ئەوەتی دڵی خـەفـەتبارم لە تۆ دوور کـەوتووەتەوە سـەبرم لێ دوور کەوتووەتەوە بەقەد دوورکەوتنەوەی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاوا.

(٤٧) فراز: شـوێنی بەرز. نـەشیب: شـوێنی نزم و پەست، واتە هـیچ چاڵی و دەرەیەک بەبێ بەرزی و هەورازێک نەبووە، بەڵام بەخوا من لە عەشقی تۆدا هەر پەستی و نزمیم دیوە، جارێک نەمدی بەخۆمەوە بەرزییەک. ئەم قسەیە ڕاستە: لە چاپی پێشوودا «ئەم قسەیە حقیقە».

(٤٨) تینەت، سروشت. تیب: طیبا، بۆنی خۆش. زینەت: جوانی. زیب: ئارایش.

(٤٩) خەرقە: جۆرە پاڵتۆیەکی مەلایانەیە. سەبحە: تەزبێح. زوننار: جۆرە پشتێنێکە هەر گاور ئەیبەستێتە پشتی. چەلیپا: بە شتێک ئەڵێن کە لەسەر شکڵی دوو خەت بن کە بەناو ڕاستییەکا بچن. سەلیب: موعەڕڕەبی چەلیپایە کە ئەمیش هەر گاور ئەیکاتە ملی.

تاقـــەتی تاق بووە بێـــچـــارە لە ژێر باری فـــیـــراق
بکە ڕەحـــمێ بە «ڕەزا» چاکـــە تەرەحـــحـــوم بە غـــەریب
شێخ سەعید سەردارە، شێخ مەعرووف هەتا حەز کەیت نەجیب(٥٠)
بۆ جـــەوانمەردی و شـــەهامـــەت بەینی بەینەڵڵا نەقـــیب
گـەر ڕەقـیب نەبوایە کـەی مـابەینی ئێـمـە تێک ئەچوو
(ک) بە (ق) داکی موفـەتتین، گـوو بە ڕیش باوکی ڕەقـیب

## پیتی تێ

### ئێسترێکی ڕووت و قووت

مـیـر بە سـەد مـیننەت هـەناردی ئێـسـترێکی ڕووت و قـووت
دەست و پا سست و سەقەت، ئەندامی هەر وەک عەنکەبووت(٥١)
خـــاوەنی ئالیکی نالێم پێی نەداوە مـــوتڵـــەقـــا
داویەتی ئەمما وەکـوو بیـسـتـوومـە قـووتی لایەمـووت

(٥٠) شێخ سەعید و شێخ مەعرووف دوو کوڕەزای کاک ئەحمەدی شێخن. کاک ئەحمەد لە ساڵی ١٣٥٠ کۆچی دوایی کردووە، تاقە کوڕێکی بووە، شێخ محەمەدە بچکۆلە، ئەم کوڕە حەوت کوڕی لە پاش بەجێ ماوە. سەید ئەحمەد و شێخ سەعید و شێخ مارف و شێخ مستەفا و سەید حوسێن و سەید عومەر و سەید عیسا، سەید ئەحمەد لە پێش کاک ئەحمەد بە شەش حەوت ساڵ کۆچی کردووە، شێخ مستەفاش بەسەرێنی کاک ئەحمەد بووە بەنەقیبی سلێمانی لە شوێنی سەید ئەحمەدی کوڕی میرە سوورە. ئەم شێخ مستەفایە لە ساڵی ١٢٧٤ھ لەدایک بووە، وە لە ساڵی ١٣٢٠ھ لە مەکە کۆچی کردووە، دوای ئەم شێخ مارف بوو بە نەقیب ئەلئەشراف، دوای ئەم شێخ مەحموود بوو بە نەقیب وەک لە خوا لێخۆشبوو سەید برایمی برایمم بیستووە.
ئەوانەی کە بەینی شێخانی سلێمانی و تاڵەبانییان تێک دا – وەک خۆیان ئەڵێن – یەک دوو پیاوی خراپ بوون لە شێخانی کانی کەوە.
(٥١) عەنکەبووت: جاڵجاڵۆکە.

پووش لەلای حەڵوایە، حەتتا گەر پەڵۆشەی چنگ کەوێ[٥٢]
بای ئەدا، لوولی ئەدا، قووتی ئەدا، مانەندی حووت
گەرچی ناتوانێ ببزوێ، هێند لەڕ و کەم قووەتە
دەنکە جۆیێکی نیشانەدی تا قیامەت دێ لە دووت
پشتی ڕێش و شانی زامدار و جدەو بوو، ناعەلاج[٥٣]
چەند قورۆشێکم هەبوو، بۆم دا بە نەوت و عەنزەرووت
مەسڵەحەت وایە هەتا نەیخواردووم بینێرمەوە
زۆر ئەترسم دەفعەیێ قووتم بدا بمکا بە قووت
سەی فەتاحی مەیتەرم ڕۆژێ بە حوججەت لێی نەوی
کلکی دەرهێنا لە بن، ئنجا بە ئاستەم گوێی بزووت[٥٤]
گەر قەڵەو بێ ئەم ئەجننە لێرە تەسخیر ناکرێ[٥٥]
غەیری چەند دەروێشی ڕەفاعی بە زەبری جەلجەلووت
ئەم مەتاعە چاکە هەر لائیق بە حاجی ئەحمەدە[٥٦]
جووتی پێ بکا هەروەکو جووت، هەردوو لنگت کرد بە جووت
لائیقی شەئنی من و شایانی شەئنی تۆ نەبوو
چاوەکەم چیت پێ بڵێم، چارم نییە غەیری سوکووت

---

(٥٢) گەر پەڵۆشەی: پەڵۆشە بنکە گیایەکی ئەستوور و درێژ و قژقژاوییە دەردێنرێ و بەدەست شی ئەکرێتەوە و ئەکرێ بەچاوگی ئاگر. حووت: نەهەنگی گەورە، لە چاپی پێشوودا (کوپەڵۆشەی)یە.

(٥٣) جدەو: برینێکە لە پشتی گوێدرێژ پەیدا دەبێ بەهۆی باری قورس و گرانەوە.

(٥٤) گوێی: لە چاپی پێشوودا (گوێ)یە.

(٥٥) ئەم ئەجننە: لە چاپی پێشوودا (ئەم ئەجننە نێرە)یە. جەلجەلووت: دوعایەکە ئەخوێنرێ بەسەر یەکێکا کە شێت بووبێ.

(٥٦) چاکە: لە چاپی پێشوودا (چاکی کە)یە.

لەسەر غەزەلێکی خواجە حافزی شیرازی

لە هەجووی مەعرووف ئەفەندیی باشکاتبی بیدایەتی هەولێرا[٥٧]

تەخمیسی شێخ ڕەزا

مەعرووفی بێ دیرایەت، گووت کردە ناو بیدایەت
چیت پێ بڵێم قورمساغ، هەردوو گونم بە دایەت
گونمی بە تڕ شەهید کرد، (ک)م ئەکا ریعایەت[٥٨]
«زان یار دل نوازم، شکریست با شکایت
گر نکتەدان عشقی خوش بشنو این حکایت»
مەعرووف کە حیزی وەک ئەو نەبوو لە نەسلی ئادەم

---

(٥٧) ئەگێڕنەوە کە کابرایەک لە خزمەکانی شێخ ڕەزا ئیشێکی ئەبێ لە دادگای هەولێر لە کاتێکا کە مەعرووف فەندیی باشکاتبی بدایەت ئەبێ لەوێ، کابرا داوا لە شێخ ڕەزا ئەکا کە کاغەزێکی بۆ بنووسێ بۆ مەعرووفە فەندی تا ئیشەکەی بۆ جێبەجێ بکات شێخ ڕەزاش کاغەزەکەی بۆ ئەنووسێ، بەڵام کابرا لە کاتێکا کاغەزەکەی ئەداتێ کە مەعرووف ئەفەندی زۆر سەری قاڵ ئەبێ وە کاغەزەکەی بۆ ناخوێنرێتەوە، وە کابرا دەرئەکات، کابراش ئەگەڕێتەوە بۆ لای شێخ ڕەزا وە قسەکەی بۆ ئەگێڕێتەوە، شێخ ڕەزاش ئەم تەخمیسەی بۆ ئەنێرێ بەکابرادا، مەعرووف ئەفەندی کە شیعرەکان ئەخوێنێتەوە لە عاستی خۆی وشک ئەبێ، بەڵام زۆر دڵنەواییی کابرا ئەکات عوزری بۆ ئەهێنێتەوە، وە ئیشەکەی بۆ جێبەجێ ئەکات، کابرا دێتەوە بۆ لای شێخ ڕەزا و قسەکانی مەعرووف ئەفەندیی بۆ ئەگێڕێتەوە، شێخ ڕەزاش ئنجا ئەم تاقە شیعرەی بۆ ئەنووسێ، وە بەهەمان کابرادا بۆی ئەنێرێ ئەڵێ:

مەعرووفی پڕ دیرایەت، گوڵی باخی هیدایەت
چیت پێ بڵێم چاوەکەم، ڕەحمەت لە باب و دایەت

(٥٨) ئەکا ریعایەت: تا خۆی خێری لێ ببینێ.

ئازاری مـــەقـــعـــەدی بوو، بۆم ڕاکـــێـــشـــا لەســـەر دەم
مـردم ئـەوەند سـوار بم، خـۆم کوشت ئەوەند پـیا دەم[٥٩]
«بـی مـــــزد بـود و منت هـر خـــــدمـــــتـی کـــــه کــــردم
یـارب مـــــبـــــاد کـــــســـــرا مـــــخـــــدوم بـی عـنـایت»
خـاشـاکی دەوری دوبری، لێم بوو بە مـاری هەیجـا[٦٠]
(ک)م بە سـەد مـەشـەقـقـەت ڕۆیی و گـونم نەگـونجـا
(ک)م لە پـەشـــمـی پاشی دانـەی گـــونی ترنجـــا
«در زلف پـر شکنجش ای دل مـــــپـــــیچ کــــانجـــا
ســـــرهـا بـریـده بیـنـی بـی جــــــرم و بـی جـنـایت»
ڕووم کـرده سـەمـتی سمـتی یەعنی مـەکانی مـەعـهـوود
ئەرزێکی پڕ نەجـاسـەت، دەشـتـێکی شـەهوەت ئـالوود
ڕانیم فەرەس چەپ و ڕاست، ڕێگەم نەبردە مەقسوود[٦١]
«از هـر طرف کـــه رفـــتـم جـــز وحـــشـــتـم نـیـــفـــزود
زینـهـــــار ازیـن بـیـــــابان این راه بـی نـهـــــایت»
دەرمـــانـە ســـمـــتی ئەمما نەرمـــانە وەک بەری دەست
کـاروانی کـێـر بەناویا دەڕوا هـەمـیـشـە سـەربەست
هـەر مـەنزڵێکی سـەد مـیل، هەر مـیلێ سێسـەد و شـەست
«این راه بی نـهـــایت صـــورت کـــجـــا تـوان بست[٦٢]
کش صـــــــد هـزار مـنـزل بـیـش اسـت از بـدایـت»
باوکی پیـــاوێکی چاک بوو، زاتێکی زۆر مـــوقـــەددەس

(٥٩) سوار بم: لە چاپی پێشوودا (سوار بم و)ە.
(٦٠) لێم بوو: لە چاپی پێشوودا (لێم بوون)ە.
(٦١) ڕانیم: واتە تاوم دا، لە چاپی پێشوودا (رانیم)ە.
(٦٢) این راه: لە چاپی پێشوودا (این راهرا)یە.

خــۆی پـوشـت و داکـی خــۆگـێ، هەتـا خــودا بـڵێ بـەس
بۆ نـەخـتێ ئـاوی شــەهـوەت، جـەرگـی بووە بە قـەقـنـەس
«رندان تـشـنـه لـبــــــرا آبـی نـمیــــــدهـند کـس
گـــویا ولـی شـنـاســـــان رفــــتند ازین ولایت»[٦٣]

هەجووی مودیری تەحریرات
گـزر دوائر اقـلامـی ارقـەسنده دوات[٦٤]
مــدار اهـل قلمــدر مـــدیر تحــریرات
«نگفـتـمت کـه حـذر کن ز تـیغ ناطقـەام
فـــان نـاطقـــتێ آفـــه من الآفــــات»

***

لەبەر عـەباکـە جـەبەم کـردی ئـەی فەقـیـری هـەژار[٦٥]
ئەوە عــەباکــەتـە (ک)م بە قنگی خــۆت و عــەبات

(٦٣) وەلی: لە چاپی پێشوودا (کەوەلی)یە.
(٦٤) واتە مودیری تـەحریرات ئەگەڕێ بەسـەر نووسـەرەکانیا لە کاتێکا کە دوێتـەکەی لە پشــتـەوە هـەڵگرتووە، وەک قـەڵەمـدانی جـاران کـە ئـەکـرا بە لاقنگدا، تا هـەر کەسێ قەڵەمێکی ببێ بیکا بەدوێتەکەی ئەوا.
(٦٥) جەبەکردن: دەرکردن (ئیستناء)ی شتێک لە شتێک.

## چوارینە

بەبۆنەی کوشتنی ناسرەدین شاوە

ئەهلی عیبرەت بێنەوە با سەیری ناسر شا بکەین(٦٦)
دوو لە دوو سی کەم شەهیی کرد و کشێکی ڕێ نەهات
هاتی وا، سەیری نەهاتی کەن کە سەد تیپ و سوپا
پاسەوانی بوو لە نێوبەستا، پیادەی کردی مات

شێخ ڕەزا لە هەجووی شێخ ڕەشیدی ئامۆزایا ئەڵێ:

ڕەشە! ڕەششاشی کەری ڕەش بە ڕەشت
چڵ و چێوی چەمی ڕەشنەش بە ڕەشت
هەتاو ماوی ڕەش و سوور بەڕەشت
بە بەشت، هەم بە لەشت، هەم بە ڕەشت(٦٧)

هەروا لە زەممی شێخ ئەحمەد ناوێکا ئەڵێ:

---

(٦٦) واتە ناسرەدین شا، تا هاتی بوو دوو جار سی کە ئەکاتە شەست ساڵ بە ئیستیسنای دوو ساڵ کە ئەمێنێتەوە پەنجا و هەشت ساڵ شایەتیی کرد، کەچی لەم ماوە دوور و درێژەدا کشێکی نەهاتە ڕێ - کە نیشانەی مردن و نەمانە - بەڵام کاتێک کە نەهاتیی هات بە سەد پاسەوانی تایبەتی خۆیەوە لە بەستێکی وەک بارەگای عەبدولعەزیمدا پیادەیەکی وەک میرزا ڕەزای کرمانی کوشتی.
چەند جوانە کۆکردنەوەی (کش) و (مات) و (پیادە) و (شا) لە دوو شیعرا کە ئەمانە لە زاراوە (مصطلحات)ی یاریی شەترەنجن، وە چ عیبرەت و پەندێکی بەنرخە. ئەم چوارینە لە چاپی پێشوودا نییە. ئایەتوڵای مەردۆخی لە جڵدی دووەمی مێژووی ئەردەڵانا نووسیویەتی بەناوی شێخ ڕەزاوە لە باسی کوشتنی ناسرەدین شادا.

(٦٧) ئەم چوارینەی دوای ئەم چوارینەیە لە چاپی پێشوودا نین وە هەریەکەی لە کەشکۆڵێکی دەستنووسا بەرچاوم کەوتووە.

مزەی ئەوەندە نەبوو ئاشەکانی جێشانەت[٦٨]
ببێ بە قووتی شەوێکت، ڕیامە جێ شانەت
بەبێ سەبەب لە سلێمانی شاربەدەر نەکرای
نەکەوتە دەستی عەدووت مەکتەبە و کتێبخانەت

## تاکەکان

بەسە بۆ دەفعی ئەعدا چاوەکەم قەڵغانی سیمینت[٦٩]
هەزار مارتین بەقوربانی تفەنگی لوولە چەرمینت

***

ئەسپەکەت دەرکرد لە دەستم، وای دریغ بۆ ئەسپە کوێت
سنگەکەی ماوە کەریم خان پێم بڵێ بیکوتمە کوێت

***

خورووی نامرێ بە (ک)ی من تلیشی ناوگەڵی داکت
بڵێم چی سەد هەزار لەعنەت لە خۆت و شیری ناپاکت

***

کێر ئەگەر مەیلی کونی کرد سەرەکەی بگرە لە مشت
هەمە جا خانەء عشق است چە مسجد چە کنشت

## پیتی خێ

شێخ محەمەد عەلی یو چەند نەفەرێ چووینە ئوجاخ
گشت بە کەیف و بە نیشات و بە سروور و بە دەماخ

---

(٦٨) جێشانە: ناوی دێیەکە.
(٦٩) مەبەست لە قەڵغانی سیمین هەردوو سمتیەتی کە وەک زیو سپییە. مارتین: ناوی جۆرە تفەنگێکە وەک برنەو. تفەنگی لوولە چەرمین: بریتییە لە کونی قنگی.

گەرچی چەند ڕۆژێ بوو تەعلیمی تفەنگ بازی ئەکرد
ڕۆستەم ئاسا چووە پارێز لە یەکێ تیتلەبیجاخ[٧١]
هەرکە ئەنگاوتی وتم: دەک دەس و بازووت نەڕزێ
هەر کەسێ پێت نەڵێ ڕۆستەم تەرەسە و قورمساخ

## سەرگوروشتی خۆی

ئەو ڕۆژە کە تۆرام و لە کەرکووک سەفەرم کرد[٧٢]
مانەندی عەقاریب لە ئەقاریب حەزەرم کرد
گەردوون سنەکی کردم و هێنامییە کۆیە[٧٣]
میوانی لە کن مامە غەفووری لەجەرم کرد
خواستم کە بڕۆم بۆ سەفەری ڕۆم بە سەیاحەت
نەیهێشت و دووسەد ئەهلی عەمامەی لە سەرم کرد[٧٤]
دانیشێ نەچێ، من کچێ خۆم مارە ئەکەم لێی
ئەو تالبی دنیایە ئەوا موعتەبەرم کرد
چورسا لەبەرم جوببە وو فیسا لەسەرم فێس
نە فێسی لە سەر نام و نە جوببەی لەبەرم کرد[٧٥]

(٧٠) ئەم سێ شیعرە قافیەکەیان خێیە کە لە چاپی پێشوودا لە پیتی غەینا نووسراون، کە غەین لە کوردیدا نییە.

(٧١) تیتلەبیجاخ: مەلێکی ڕەشی قاچ و مل درێژە، سەربالەکانی وەک حاجی لەقلەق سپییە لە کۆتر گەورەترە، زۆر جیقەجیق ئەکات نەخوازەلا کە ئادەمی ببینێ.

(٧٢) ئەو ڕۆژە: لە چاپی پێشوودا (ئەو ڕۆژە)یە. کە تۆرام و: لە چاپی پێشوودا (کەتوورام)ە.

(٧٣) سنەکی کردم: واتە سەمەندوکی کردم، لە چاپی پێشوودا (سینگی کردم)ە. کۆیە: لە چاپی پێشوودا (کۆی)یە. لەجەر: چرچ و لاواز.

(٧٤) لە سەرم کرد: واتە ناردنیە سەرم کە نەڕۆم.

(٧٥) لە سەر نام و: لە چاپی پێشوودا (لە سەرم ناو)ە.

شەش مانگە بەم ئەفسانە گلی دامەوە لای خۆی
نەمزانی - ملم بشکێ - تیا چووم زەرەرم کرد
وەڵڵاهی دەکەم دەرحەقی ئەو، بەڵکو زیاتر
ئەو کارە کە دەرباری ڕەشیدی پسەرم کرد
کارم تەڕ ئەبێ ئەموت ئەگەر لوتفی ببێ مام(٧٦)
ئەی لایقی ڕیشی بەخودا کاری ترم کرد
بۆ موجتەهیدان گەرچی جەوازی نییە تەقلید
من موجتەهیدم هاتم و تەقلیدی کەرم کرد
ئەی گووی خلە بەو لوتفە کە ئەو کردی لەگەڵ من
لەم مەرحەمەت و لوتفە ئەوا من گوزەرم کرد
هەرچەندە وتم وەختێ کە دیم نەخوەتی قەلبی
یارەب کە لەگەڵ شێخ عەلی بۆچی شەڕم کرد
هەر دەچمەوە لای گەرچی بڵێ: هاتەوە دیسان
ئەو خوێڕییە بێکارە کە من لێرە دەرم کرد
هەرچەندە ڕەزا باعیسی بەدنامییە عەودەت
لەم سووکی یو بەدنامییە سەرفی نەزەرم کرد(٧٧)

---

(٧٦) کارم تەڕ ئەبێ: واتە ساز ئەبێ، ترم کرد، واتە تڕەکە بەڕیشی، لە چاپی پێشوودا (تەڕم)ە.

(٧٧) لەم سووکی یو بەدنامییە: لە چاپی پێشوودا (لەم سووکیە و بەدنامەیە)یە.

## باسێکی باو و باپیرانی

خودا وەختێ کە حەز کا بەندەیێکی خۆی بکا خۆشنوود[٧٨]

لە ڕێگەی دوورەوە بۆی دێ بە پێی خۆی شاهیدی مەقسوود

لە هیندستانەوە شەش مانگەڕێ تا خاکی کوردستان[٧٩]

خودا شێخ ئەحمەدی هیندیی ڕەوان کرد بۆ مەلا مەحموود

مەلا مەحموودی زەنگنە یەعنی قوتبی دائیرەی ئیرشاد

لە دەوری مەرقەدی هەر دەنگی یاهوو دێت و یا مەعبوود

لە پاش ئەو، ئەرشەدی ئەولادی شێخ ئەحمەد لە جێ دانیشت

بیعەینیهی وەک سولەیمان جێنشینی حەزرەتی داوود

بەڵێ بابی وەها ئەڵبەت دەبێ فەرزەندی وا بێنێ

ئیلاهی سەد هەزار ڕەحمەت لە قەبری والید و مەولوود

بەڕەحمەت چوون ئەوان، با بێینەوە سەر باسی ئەوڕەحمان

فیدات بم ئەی نەتیجەی دوودەمانی ئەحمەد و مەحموود[٨٠]

نەتیجەم مەقسەدە تالی و موقەددیم شەرتی تەحسیلە[٨١]

ئەوانەی بۆیە ئیجاد کرد خودا، تا ئەم ببێ مەوجوود

ئەمێستاش شێخ عەلی نەجلی کەبیری ساحیب ئیرشادە

ئەمیش وەک باوک و باپیری لە زومرەی ئەولیا مەعدوود

(٧٨) خودا: لە چاپی پێشوودا (خوا)یە کە لەنگە.

(٧٩) خودا: لە چاپی پێشوودا (خوا)یە.

(٨٠) دوودەمان: فارسییە بەمەعنا خانەوادەیە.

(٨١) مەبەس لە نەتیجە شێخ عەبدوڕەحمانە. مەبەس لە تالی: شێخ ئەحمەدە. مەبەس لە موقەددیم مەلا مەحموودە. مەبەس لە ئەوان: مەلا مەحموود و شێخ ئەحمەدە. مەبەس لە ئەم: شێخ عەبدوڕەحمان. نەتیجە و، تالی و، موقەددیم: زاراوەیەکی (منطق)ین لە (قضیە)ی شەرتییەدا.

ڕەزاش لەو نەسلەیە، بیبەخشە یا ڕەببی کە قەت نابێ
گوڵی بێخار و بەحری بێ بوخار و ئاتەشی بێ دووود

## کش و فشکردنی بەگ

لە بەگ وابوو کە من ماتم کشی کرد(٨٢)
کە ڕوانی ماتە خۆی، داما و فشی کرد
گەهێ سەیرانی سەر گون بوو گەهێ (ک)
حەقیقەت مستەفا بەگ گەردشی کرد
دەبوو باوکی، سەگی ناونایە، ئەمما
بەگی ناونا قورمساغ یاغنیشی کرد

## سەرو و نەی

سەرو و نەی چین کە لەگەڵ قامەتی تۆ بێنە نەبەرد(٨٣)
شەکەری خواردووە نەی، سەرو سەری داوە لە بەرد
گەر دەلیلێ وەکو نوقتەی دەهەنت نەبوایە
منیش ئینکارم ئەکرد وەک حوکەما جەوهەری فەرد(٨٤)

---

(٨٢) شێخ ڕەزا لەگەڵ مستەفا بەگ ناوێکا یاریی شەترنج ئەکا، مستەفا بەگ وا ئەزانێ کە شێخ ڕەزا ماتە واتە زەبوونە و کشی لێ ئەکا و لە پاشا کە ئەزانێ وا نییە ئنجا فشی ئەکا. کە ڕوانی ماتە خۆی: لە چاپی پێشوودا (کە من هەستام ئەو)ە.

(٨٣) نەیچین: جۆرە قامیشێکی چینییە بەتایبەتی ئەچێنرێ بۆ ئەوەی شەکری لێ دروست بکرێ، واتە سەرو و نەیچین ئەگەر بێن و ملەملە بکەن لە بەرزی و بڵندیی لەگەڵ باڵای تۆدا – ئەی دلبەر – بە نەیچین ئەڵێن: شەکرت خوارد، واتە ناماقووڵیت کرد، بە سەرویش ئەڵێن: سەرت دا لە بەرد.

(٨٤) دەهەن: لە زبانی فارسیدا بە دەم ئەڵێن، واتە ئەی دلبەر ئەگەر دەمی تۆ نەبوایە کە لە بچووکیدا جوزئی لایەتەجەزایە منیش وەک حوکەما ئینکاری جوزئی=

لێی دەپاڕێمـــــــەوە ئەی ڕوحـی ڕەوانم تـوخـــــــودا
چیـــــیــــە دەرمــــانی دڵم؟ پێم دەڵێ: لاچۆ، دڵەدەرد

تاکەکان

گـەرچـی مـیـرانی خـدر بەگ مـوددەتێک قـورعــەی نەدا
پار لە خۆشناو قورعەیان کێشا و گەلێکیان پێوە کرد

***

وەختێ ناجی ڕووت کرا، وەک شێری نەڕ جەنگی ئەکرد
گـــاهـگاهـێکیش لـە تـرســــان وردە ئاهـەنگی ئەکـــرد

---

= لایەتەجـزام ئـەکرد، بەڵام بڵـێم چی ناتوانم ئینکاری بکەم چونکە دەمـی تۆ بە درۆم ئەخاتەوە.

جــەوهـەری فــەرد: بە وردیلەیەک ئەڵێن کــە لەبـەر بچــووکـیـی خــۆی قــابیلی دابەشکردن نەبێ. زانایان لە زەڕەدا دوو بیریان هەیە، یەکەمیان کە حوکەمان ئەڵێن: زەڕەی وا کـە قـابیلی دابەشکردن نەبێ نیـیە، واتـە هـەرچەند بچـووک بێ قابیلی دابەشکردنە، قونبولەی زەڕە کە تەقێنرا قسەی حوکەمای جێگیر کرد، چونکە لە دوولەتکردنی زەڕە، ئەو تین و تەوژمە گەرمییە پەیدا ئەبێ، قورئانیش لە ئایەتـی (٦١) لە سوورەی (یونس)دا ئەگەیەنێ کـە زەڕە قـابیلی دابـەشکردنە، ئەفەرمووێ (وما یعزب عن ربک من مثقال ذرە فی الارض ولا فی السماء، ولا اصغر من ذلک ولا اکبر الا فی کتاب مبین) واتە پەنـهان و پۆشیدە نامێنێ لە پەروەردگـــاری تۆ هـاوســـەنگی زەڕەیەک نە لە ئاســــمــان و نـە لە زەویدا وە نە بچـووکتـر لە زەڕە و گـەورەتر لەو مـەگەر لـە نامـەیەکی ڕۆشنا هـەیە کـە عـیلمی خوایە، واتە ئەوی ئێوە بە جەوهەری فەردی دائەنێن قابیلی دابەشکردنە.

ئنجا با بێینەوە سەر مەعنای شیعرەکە، واتە ئەگەر دەمی بچووکی تۆ نەبوایە – ئەی دلبـەر کە قـابیلی دابەشکردن نیـیە لە بچـووکیـدا – منیش وەک حـوکـەمـا ئەموت: کە جەوهـەری فەرد نییە. بەڵام دەمی بچکۆلانەی تۆ چەسپانی کە جوزئی لایەتەجەزا هـەیە.

خــەیدەری کــەڕاڕە، یاخــۆ خـــالیــدی ئیــبنی وەلیــد
ڕۆســـتـــەمــێکە ڕۆژی دەعــوا، بەینی بەینەڵڵا حــەبیب

***

قـــوربانـی پەلـێ بم کـــە پەلی هەمـــپـــەلی پەل کـــرد
خــۆی و ســەگەکــەی هەردوو بە جـارێ شـەق و پەل کـرد

## پیتی ڕێ

### ستایشی ئەحمەد پاشای بابان

ڕۆژی یەکـشــەمــە کــە مــەشــهـووره بە ڕۆژی پازار(٨٥)
مـن بەغـــار کـــەوتمە دومـــبـــالی کـــوڕێکی بوڵغـــار
کــوڕ چ کـــوڕ لێـــوی وەکـــوو لالەییی حـــەمــرا ڕەنگین
کـوڕ چ کـوڕ چاوی وەکــوو نێـرگـسـی شـەهلا بیـمـار
ئـەهلـی ئینســـــاف بەخـــودا ڕەنگە چەنەی بشکێنێ
گــەر کــەسێ بێت و بکا قـامــەتی تەشــبـیــھ بە چنار

(٨٥) پازار: بە پێ، جۆرە بەردێکی زەردباوی زۆر جوانە دانەی تەزبێچی لێ دروست ئەکرێ، ئەم وتەیە بە پێ نووسراوە، وە هەموو کەسێک بە پێی ئەخوێنێتەوە، کە لە ڕاستیدا بازاڕە بە بێ، چونکە لەو ڕۆژەی بازاڕ زۆر قەڵەباڵغە، وە موسڵمان و گاور و جوولەکە وەک یەک لەو ڕۆژەدا ئەچن بۆ بازاڕ، هەریەکە بۆ ئیش و کاری خۆی، بەڵام جومعان موسڵمان بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر درووودی خوای لێ بێ، کە ئەفەرمووێ (الجمعه حج المساکین وعید المؤمنین) کەمیان ئەچن بۆ بازاڕ، بەڵکو ئیستراحەتی تیا ئەکەن، وە خۆیانی تیا ئەشۆن و هاتوچۆی یەکتریی تیا ئەکەن وە ئەچن بۆ جومعە بۆ گوێگرتن لە دوان (خطبە) و نوێژی جومعەکردن بە جەماعەت. شەموانیش جوولەکە دووکانی تیا دانانێن، بەڵام یەکشەموان هەموو لایەکیان چوونیەک ئەچنە بازاڕ لەبەر ئەوە ڕۆژی یەکشەمە مەشهوورە بە ڕۆژی بازاڕ، وە هەموو بازاڕێک زۆر پڕوچڕە، وە هەموو کەسێک دووی کاری خۆی ئەکەوێ، دومبال: وتەیەکی فارسییە، بە مەعنای دووی یەکێک کەوتن.

له هەمووی سەرفی نەزەر سمت و سورینێکی هەبوو
نازک و نەرم و لەتیف، میسلی تەلای دەستەوشار[٨٦]
خڕ و مەخرووت و مودەووەر، سپی و نەرم و دوونیم
هەروەک و کۆمەڵە بەفرێ کە شەقی کەی بە مشار
کە بە دیقەت نەزەرم کردە سورینی و کەفەلی
هەردوو چاوم پەڕییە تەوقی سەرم وەک سەگی هار
دامەنم گرت و وتم: «مرحمت ایت آلماسم[٨٧]
بویلە یاندرمە بنی آتشی عشقک ایلە زار»
چشم جادوی سیاهت همە بنداست و فریب
همە نازاست و گریشمە، همە خواب است و خمار
بنی صید ایتدی سنک دیدەیی آهوروشک
ای سنک دیدەلرک آهوەکی شیر شکار
ساعەتێک چاک لە سەر و سوورەتی نەحسم فکری
پێی وتم: گیت ایشنە حاجی بەبە یاغمەمی وار[٨٨]
صاچمە لاقردیلرن حاصلی یوق آقچە گتیر
آقچەسز ایتمە صاقن آرزوی بوس و کنار[٨٩]

---

(٨٦) سورین: وتەیەکی فارسییە بە مەعنا سمت و کەفەڵە. تەلای دەستەوشار: ئەڵێن گۆیا جۆرە زێڕێکی ساغی پاکی بێ خەوشی نەرم و شلە وەک گونکە هەویر وایە، لە دەستا کە گوشرا لە بەینی پەنجەکانەوە دەرئەچێ، لەگەڵ پەنجەت لێ شل کرد ئەچێتەوە جێی خۆی.

(٨٧) واتە داوێنم گرت و پێم وت: مەرحەمەتێکم لەگەڵ بکە ئەی ئەو کەسەی کە وەک ئەڵماس بە نرخی لە دڵما بەم ڕەنگە مەمسووتێنە، وە ئاگری عەشقم بکوژێنەوە.

(٨٨) واتە پێی وتم: بابە حاجی بڕۆ بەلای ئیشی خۆتەوە، بۆ تالان و بڕۆیە؟!

(٨٩) واتە قسەی هیچ و پووچ مەکە بێ کەڵکە، پارە بێنە، بێ پارە ئارەزووی ماچ و مووچ مەکە وریابە.

من کــه یەک پارەیی جــلـــقم لە ئەزەل شک نەئەبرد
پێم وت: ایشـــتـــە کـمــرمــدە دولیـــدر یوز دینار[٩٠]
من بیــوک ذات شــریفم وکــلا خـــواجـــەســـیم[٩١]
طانیـــور بندەکـــزی جـــملەء شـــاه و خـــونکار
الغــرض هێندە درۆم کــرد و فــســوونم بۆ خــوێند[٩٢]
کەوتە دووم هەر وەکو دووی گورگ ئەکەوێ بەرخی هەژار
موختەسەر خۆشە قسە، بردمە مەنزڵگەهی خۆم
گــرتم و خـــســـتم و لێم برد و گـــونم کـــرد بە چوار
مــۆڵەتم ســاتێ نەدا، ئەو شــەوە تا وەختــی ســەحــەر
کــاری خــێــرم بە مـــەزندە گــوزەری کــرد لە هەزار
وەختــی سبحەینێ کە داوێنی فەلەک ئەتڵەسی بوو
هەر لە جێ ڕاســـتــەوە بوو دامـــەنی گــرتم وەک خــار
چنگی وەک پەنجـــەیی شـــاهین لە یەقـــەم قـــایم کـــرد
دەســـــتی کــــردە جــــەزەع و ناڵە وو هاوار هاوار
زەفتییە و ئەهلی مەحەللە هەموو جەم بوون لەسەرم[٩٣]
پرســییــان مەلخەبەر ئەی زاهیدی ســالووس شــعار
پێم وتن لەم کـــورە بوڵغـــارە بپـــرسن کـــە لە من
چی دەوێ؟ بۆچی دەناڵێنێ وەکـــــو هەوری بەهار

(٩٠) واتە پێم وت: ئەوەتە سەد دینارم لە کەمەردایە، پڕە لە پارە.
(٩١) واتە من کەسێکی بەڕێزم، خواجەی وکەلام، هەموو شا و خونکارێک من ئەناسن.
(٩٢) فسون: جادوو.
(٩٣) جەم بوون: جەمع بوون. سالووس شعار: هەتیوباز.

چاکی کرد پەردەیی نامووسی وتی: «سیکتی بنی»[٩٤]
ویرمەدی پارەسنی بویلەمی قانون کبار؟
دیدیلر حاجی افندی چوچوقک حقنی ویر[٩٥]
سرٍ کە قاش اولدی دها فائدە ایتمز انکار
یوقیسە پارک اگر مهلتن اوچ گون اولسون[٩٦]
حقنی اوچ گونە دەک ویرملیسن ای غدار
ئەمە سێ ڕۆژە کە سەرگەشتە وو حەیران دەگەڕێم
کێم هەیە غەیری وەلی نیعمەتی فەرخوندەشیعار[٩٧]
یەعنی هەم نامی نەبی، حەزرەتی ئەحمەد پاشا
فەخری دین، کانی حەیا، بەحری کەرەم، کۆهی وقار
مەدحی ئیحسانی بکەم، عیلمی بکەم، فەزڵی بکەم
بەخودا خاریجە ئەوسافی حەمیدەی لە شومار
کەفی زەڕبەخشی کەوا مەنبەعی دوڕ و گەوهەرە
میسلی بەحرێکە نێ ساحیلی بێت و نێ کەنار
تەبعی جەوواد و کەریم هەر وەکوو قائانی دەڵێ
زر بە قنطار همی بخشد و اشتر بە قطار
تاوەکو دەورە بکات و بگەڕێ چەرخ و فەلەک
تاوەکو دێت و دەچێ، بێت و بچێ لەیل و نەهار

(٩٤) چاک کردن: وتەیەکی فارسییە بە مەعنا دڕینە، واتە پەردەی نامووسی خۆی دڕی، وتی: وای لێ کردووم و پارەکەم ناداتێ، ئەمەیە دەستووری گەورە پیاوان؟!.
(٩٥) واتە وتیان: حاجی ئەفەندی حەقی ئەم منداڵە بدە، شتی نهێنی کە ئاشکرا بوو ئیتر ئینکاری بێ کەڵکە.
(٩٦) واتە پارەت ئەگەر نییە تا سێ ڕۆژ ماوەت بێ، لەم سێ ڕۆژەدا ئەبێ حەققەکەم بدەیت.
(٩٧) فەرخوندە: وتەیەکی فارسییە بە مەعنا موبارەکە.

بەمــرادی بگەڕێ شــەمس و قــەمــەر، چەرخ و فــەلەک
زەفــەر و فــەتحی قــەرین، بەخــتی مــوعین، تالعی یار
ڕەئیـی ئەو بـاعـــیـــسی تەنزیمی ئومـــووراتە، وەلێ
بۆ کــورەی عــالەمی ئیــمکان بووەتە قــوتبی مــەدار

## ئازاییی عەشیرەتی تاڵەبانی

بارەکــەڵڵا ئافــەرین ئەی عــەشــرەتی نەســرەت شــیــعـار
مــەردی مــەیدان، شــێری جــەنگاوەر، هــوزەبری کـاررزار[98]
چوار عــەشــیــرەت، کــاکــەیی و وەند و جــەباری و داوودە
ئیــتــتـفــاقــیــان کـرد و هاتن چوارســەد و پەنجـا ســوار
هەر بە ئەووەڵ حەملە چەندتان کوشت و چەندتان سەربڕی
چەند کەڵەشـیان لێ بەجێ ما، بوون بە تەعمەی موور و مار
ئێــســتــەکــەش لەو دەشــتــە شــەڕیانە لەســەر لاشــەی ڕزیو
کـەرگــەس و شــاهــێن و گــورگ و مــامــەڕێوی و کــەمــتــیـار
بـەینـی بـەینـەڵڵا (عــوبـەید)ی فــیـلـەتەن کــارێکی کــرد
هیچ کەسێک نایکا مەگەر حەیدەر، بە زەبری زولفەقار[99]
هــەر ســـــوارێ فــــیـــرقـــەیێکی ڕاڕفـــاند و دایە پێش
کــەوتە ســـەر کــوێخـا مــەخــول عــەبدولوەهابی نامــدار
لێی خـوڕی وەک شـێری غـەڕان، سـا مـەڕۆ ڕاوەسـتـە بۆم
ئەی تڵـــیـــشی دایە (ڕێزوار)ت بە ڕیشی یادگـــار[100]

---

(٩٨) هوزەبر: وتەیەکی فارسییە بەمەعنا شێرە، کاررزار: فارسییە بە مەعنا جەنگە.

(٩٩) بەزەبری: لە چاپی پێشوودا (بەزەربی). زولفەقار: ناوی شیرەکەی پێغەمبەرە کە دای بە ئیمامی عەلی، وە تا مرد جەنگی پێ کرد.

(١٠٠) تڵـیـشی: لە چاپی پێـشـوودا (تلـیش)ە. ڕێزوار: ناوی ژنێکی ناودارە لەناو کاکەییدا هەروەک (یادگار) ناوی پیاوێکی بەناوبانگە لەناویانا.

چەکـــمـــەیێ ســـووری لە پێـــدا بوو بـەجـــارێ زەردی کـــرد
تس لـە ملیـــۆن تێ پەڕی کـــرد، تڕ گـــەیشـــتـــە ســـەد هەزار
یـەک لـەیەک ئازاترن تـەعـــریفی کـــامـــێکتـــان بکەم
دەک فـیدای دەست و تفـەنگتـان بم سـولالەی شـێخ سـەتار
شـــاســـوارێکی وەکـــوو تۆمـــان هەبێ باکـــمـــان چیـــیـــە
تۆش لـە ڕاسـتـیـدا سـوارێکی وەکـوو ئەسـفـەندیار(١٠١)
ئەم قـسـانە گـشت مـەجازن گـەر حـەقیـقـەتتـان دەوێ(١٠٢)
بەزلی نـان و هیـــمـــمـــەتی پیـــرانە بۆتان کـــەوتە کـــار
جـــائیـــزەم مـــەتڵـــووبە ئەم مـــەدحـــەم بەخـــۆڕایی نیـــیـــە
هـورتـەمـانیش بێ (ڕەزا)م، گـەر هـیچ نەنێرن یا سـەتار(١٠٣)

## سادەڕوویێکی سنەیی

دوێنێ شـەو بۆ دەفـعی حـاجـەت چوومـە حـەمـامی غـەفـوور
ســـادە ڕوویێکی تیـــا بوو ســـمـت و ســـاقی وەک بلـوور
جـێـبـەجێ هەروەک مـوهەندیس دامـە بەر مـەددی نەزەر
هـەر لە تـەوقی ســـەریـەوە تا نـووکی پەنجـــەی خـــواروژوور
چۆن بە حەسرەت گورگی برسی سەیری دووگی مەڕ بکا(١٠٤)
ســـەمـتی ســـمـتـیم گـرتە چاو و تێی دەفکریم دوور بەدوور

---

(١٠١) تۆش لە ڕاستیدا: لە چاپی پێشوودا (تۆش لە حەققەتدا). ئەسفەندیار: کوڕی گوشتاسبی شای ئێرانە، یەکەمین کەسێکە کە بڕوای بەزەردەشت هێناوە، وە نزای بۆ کـردووە کـە تیـر و شـیـر کـاری تێ نـەکـات، وە بەم بۆنەیەوە لە هەمـوو جەنگێکا زاڵ بووە.

(١٠٢) گشت: لە چاپی پێشوودا (گشتی)یە.

(١٠٣) هورتـەمـانیش: هورتەمـان وتەیەکی فـارسـیـیـە بە مـەعنا مـرۆرە، لە چاپی پێشوودا (هەرتمان)ە کە ئەمە هەڵەیە.

(١٠٤) چۆن بـەحـەسـرەت گـورگی برسی: لە چـاپی پێـشـوودا (وەک سـەگی بـرسی بەحەسرەت) نووسراوە.

عــاقــیـبــەت شــەوق و هـەوەس پـەردەی حــیــجــابی پـارە کــرد
خـــۆم کـــوتـا دێوانـە ئـاســـا بۆ ســـەراپـەردەی حـــوزوور
هـەرکـــە فـــەرمـــووی مـــەردومی شـــاری سنـەم (یاربـابلـم)
هـاتـە گـــەردش بێ تـەوەقــقــوف وەک عــەمــوودی لەنـدەهوور

گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد
بەرگی بیستەم، ساڵی ١٩٨٩

# بەراوردێکی پیرەمێرد
# لەگەڵ شێخ ڕەزا لە وێژەدا

بەقەڵەمی: شێخ محەمەدی خاڵ

له ساڵی١٩٤٠دا قازی بووم له چەمچەماڵ، ناوبەناو ئەچووم بۆ بەغدا بەئیشی خۆم، ئەو سەردەمە لە کەرکووکەوە بۆ بەغدا بەشەمەندەفەر هاتوچۆ ئەکرا، منیش لەبەر ئەوە لە ئوتێلی (ئەحمەد پەلاس) دائەبەزیم وە دوای عەسران ئەچووم بۆ لای - خوا لێخۆشبوو - سەید ئەحمەدی خانەقا وە لەوێ بە خزمەت زۆر لە مەلا و مامۆستا و خوێندەوارانی تر ئەگەیشتم، وە هەموو جارێک تووشی کۆڕێکی وێژەیی، یا دینی، یا زانیاری، یا مێژوویی ئەبووم، جارێکیان یەکێک لە مەلاکان کە مەلا ئەحمەدی مەلا حەکیم بوو لێی پرسیم وتی: فلان کەس شێخ ڕەزا شاعیرترە یا پیرەمێرد؟ منیش نەمتوانی کوتوپڕ وەڵام بدەمەوە، بەڵکو لابەلا ڕۆیشتم و وتم شێخ ڕەزا لە ڕەشیدی ئامۆزای دڵگیر بووە وە چوارینەیەکی سەختی تێ گرتووە، پیرەمێردیش لە ڕەشید ئەفەندیی ناوێکی خزمی خۆی دڵگیر بووە، ئەمیش چوارینەیەکی سەخت و تاڵی تێ گرتووە با هەردوو چوارینەکە بخوێنینەوە بزانین کامیان جوانتر و بەهێزترە؟

شێخ ڕەزا بەڕەحمەت بێ بە ڕەشیدی ئامۆزای ئەڵێ:

ڕەشە ڕەششاشی کەری ڕەش بە ڕەشت<br>
تا ڕەشت ماوە ڕەش و سوور بە ڕەشت<br>
چڵ و چێوی چەمی ڕەشنەش بە ڕەشت<br>
بە بەشت هەم بە لەشت هەم بەڕەشت[1]

---

(١) ئەم چوارینەیە لە دیوانەکەی شێخ ڕەزادا نییە.

پیرەمێردیش بە ڕەشید ئەفەندیی خزمی خۆی ئەڵێ:

پـەنـدی پـێـــــشـــــینـانـە بـۆز بـە لـەڕی
جـاشـە ڕەشـمـان بە دەنکە جـۆیێ زەڕی
ڕەشـــە بەخـتـم بە خـەڵقی سـەگ ئەوەڕێ
ڕەشـــــەمـێ بـوو بـەمـن پـشـــــیـلـە وەڕی

لەگەڵ ئەو چوارینەیەم خوێندەوە هەموو دانیشتوان ئەبڵەق بوون، چاویان کرایەوە و دەمیان بوو بەتەڵەی تەقیو، بێ پەروا وتیان: بەخوا ئەم چوارینەی پیرەمێردە گەلێ لە چوارینەکەی شێخ ڕەزا جوانتر و ڕەوانتر و بەماناترە، منیش ئنجا وتم پیرەمێردیش شاعیرێکی گەورەیە وەک شێخ ڕەزا لە کوردی و فارسی و تورکیدا.

لە پاشا وتم هەموو دوو شاعیرێکی ڕاستەقینەی وەک شێخ ڕەزا و پیرەمێرد کە بەراورد بکرێن دەرئەکەوێ کە گشتی و تایبەتی جیاوازی (عموم و خصوصی من وجه)یان لە ناوایە، واتە ئەویان لە چامەیەکا لەمیان بەرزتر و ڕەوانتر، وە ئەمیان لە چامەیەکی ترا لەویان بەرزتر و ڕەوانتر، وە هەردووکیان لە چامەیەکی ترا وەک یەک وان.

با وێنەیەکیش لە زبانی فارسیدا بێنینەوە بۆ ئەم دوو شاعیرە.

ئەگێڕنەوە کە شێخ ڕەزا بەینی زۆر خۆش بووە لەگەڵ بەگزادەکانی جافا نەخوازەلا لەگەڵ خانم و وەسمان پاشادا، هەموو ساڵێ یا بەتایبەتی چووە بۆ هەڵەبجە بۆ لایان، وە لەوسەرەوە بە خەڵات و بەراتێکی زۆرەوە گەڕاوەتەوە، وەیا نەچووە و ئەوان دیارییان بۆ ناردووە، وا دەرئەکەوێ ئەو ساڵە دیاریەکیان دواکەوتووە، کە ئەمەش بۆ شێخ ڕەزا بووە، لەبەر ئەوە شێخ ڕەزا ئەیەوێ پلارێک بهاوێ، خۆ نابێ بیگرێتە خانم و وەسمان پاشا، ناچار پلارەکە ئەگرێتە نووسەر (کاتب)ەکەی خانم کە ناوی مەلا محەمەدی سنەیی بووە، وە ئەم چوار شیعرە فارسییە ئەنێرێ بۆ خانم، ئەڵێ:

کـجـا شـد آن کـرامـتـهـای دیرین
کـجـا شـد آن عنایتـهـای پیـشین

نه گــاهی پرســدم پاشــا نـه خــام
نه یادم مـی کند خـسـرو نـه شـیـرین
ازین جانب نمی دانم  سبب چیست
ازین جــانب مگر مـــلای بی دین
نتــــرســـــد از زبان آتشـــــینم
جـعلناها رجـومـاً للشـیـاطین[۲]

واته: بۆ کوێ چوو پیاوەتییەکانی جاران، کوا بە تەنگەوەبوونەکانی پێشوو.

نە جـارێ پاشـا لێم ئەپرسێ و خـانم، نـە جـارێ خـوسـرەو یـادم ئەکـا و نە شـیـرین، شیرین کـەنیزەکێکی زۆر جوان بووە، پاشـای سـاسانی خـوسـرەوی پەروێز حەزی لێ کردووە و مارەی کردووە.

لەلای خـــانم و پاشـــاوە هیـچ هۆیـەک نـابینم، مـــەگـــەر هـۆ هـەر لەلای مـــەلا محەمەدی بێ دینەوە بێ.

مـــەلا مـــحـــەمـــەد بۆ نـاترسێ لـە زمـانـی ئـاگـرینم. کـە دامنـاوە بۆ ڕەجـمـی پیاوخراپان.

مـەلا مـحـەمـەدی سنـەیی کـە ئەم شـیـعـرانە ئـەبینێ لە ترسـانا ئـەتۆقێ و ورە بەرئەدا، وە نـاتوانێ بەچەند شـیـعـرێک وەڵامی بداتەوە با بۆ شـێـخ ڕەزاشی نەنێرن، تا بۆ پاشەڕۆژ بمێنێتـەوە، خانم و پاشاش زۆر هـەوڵ ئەدەن کە یەکێک پەیدا بکەن وەڵامی شێخ ڕەزا بداتەوە، وە لەم ڕووەوە زۆر مشوور ئەخۆن بەڵام کەسـیـان دەست ناکەوێ، ئێـوارە وەختـەیەک دەمەو ڕۆژئـاوا تەحسـیلدارێکی شـــان و مل داچەکـــاو بەســـواری وڵاخـێکی کـەرتـەلەڕەوە پەیدا ئەبێ – کـــە پیرەمێرد ئەبێ وە ئەو حەلە پێی وتراوە تۆفیـقـە فـەنـدیی مـەحـمـوود ئاغـا، وە سـەرمـا و باران سـوارەکـەش و وڵاخـەکـەشی شـپـرزە کـردووە، سـوارەکـە ڕوو ئەکاتە ماڵی وەسمـان پاشـا وە ئەچێتـە دیواخـان، پیاوەکان خـەبەر ئـەدەن بە

(۲) ئەم چوار شـیـعـرە لە دیوانەکـەی شـێخ ڕەزادا نیـیـە، هەروەک شـیـعـرەکـانی پیرەمێردیش لە دیوانەکەیا ناونەبراوە.

خانم كه تۆفیقی مەحموود ئاغای تەحسیلدار میوانمانه، خانم له خۆشیانا ئەگەشێتەوه، وه ئەڵێ: خێرا ئاگری بۆ بكەنەوه و چای بۆ لێ بنێن و نانی گەرموگوڕی بۆ بەرن، وه مەلا محەمەدی كاتبیش ئەنێرێته لای كه بەخێرهاتنی بكا و قسەی خۆشی بۆ بكا وه له میانەی خۆیا شیعرەكانی شێخ ڕەزاشی بۆ بخوێنێتەوه، كه مەلا محەمەد شیعرەكانی بۆ ئەخوێنێتەوه پیرەمێرد ئەڵێ: من وەڵامی ئەدەمەوه، شەو كه پیرەمێرد ماندووی ئەحەسێتەوه دەست ئەداته قەڵەم وەڵامی چوار شیعرەكەی شێخ ڕەزا به چوار شیعری فارسی وه بەهەمان (عین) وەزن و قافیه ئەینووسێ ئەڵێ:

رضای تلخ كامت خواند شیرین
دهانش ریش باد آن مردی كج بین
كەكی خسرو به كیخسرو شبیەاست
كجا شیرین بود چون حوری عین
تو آن حوری كه از پاداش نیكی
ز جنت آمدی با عزو تمكین
ملا محمل كش و نادر ندیم است
رضا نبود كه خوانندش شیاطین

واته ڕەزای دەم بۆگەن تۆی كرد (ئەی خانم) به شیرین، دەمی داوەشێ ئەو مەردوومه كەچبینه كەوا ناوی خانم بەشیرین ئەبات، هەروەك شیرینیش دەم و ددان كرمۆك ئەكا. له كوێ خوسرەوی پەروێز ئەبێ به كەیخوسرەوی كەیانی، له كوێ شیرینی دڵداری خوسرەو ئەبێ به حۆریی عین (كه خانمی ژنی وەسمان پاشایه). تۆ ئەو حۆرییەیت كه له پاداشی چاكیدا له بەهەشتەوه هاتوویت بۆ لای وەسمان پاشا.

مەلا محەمەدی نووسەری خانم كەژاوه ڕاكێش و هاودەمێكی نایاب و یەكتایه، ڕەزا نییه كه پێی بڵێن شەیتان، یاخۆ شێخ ڕەزا نییه كه شایستەی ئەوه بێ پێی بڵێن: شەیتان.

ئاشکرایە لە هەموو کەسێکەوە وەڵامدانەوە لە هەموو شتێکا لە پرسیار قورستر و گرانترە، چونکە یەکەم جار وێژەر (شاعیر) مەلی زەینی لە ئاسمانی مەبەستدا بەرەڵڵا و ئازادە، ئەتوانێ چی هەڵئەبژێرێ هەڵی بژێرێ لە سەرباس و لە وەزن و لە قافیە و لە مەبەستدا، تەنانەت لە وتەکانیشیان، بەڵام لە وەڵامدا تۆ بەستراویتەوە بە وەزن و قافیە و بە مەبەست و بەوتەکانی پرسیارەکەشەوە وەک دەرئەکەوێ لە شیعرەکانی پیرەمێردا، ئەگەر ڕاستت ئەوێ ئەم وەڵامی پیرەمێردە بۆ پلارەکانی شێخ ڕەزا (سەد قەل و بەردە) واتە چۆن سەد قەل بە تاقە بەردێک هەڵئەفڕێنرێ، پیرەمێردیش بەتاقە بەردێک سەد پلاری شێخ ڕەزای هەڵفڕان.

هەزار ئافەرین بۆ تۆ ئەی پیری مەرد بۆ خۆت و وەڵامت. داخەکەم شێخ ڕەزا ئەم وەڵامەی نەدیوە و نیشانی نەدراوە تا تێ بگەیشتایە بە تەواوی کە سلێمانی ڕۆڵەی چۆنی هەیە.

بێگومان چۆن پیرەمێرد و شێخ ڕەزا شان بەشانی یەک ئەڕۆن لە کوردی و فارسیدا، هەروەاش شان بەشانی یەک ئەڕۆن لە تورکیدا، بەڵام شێخ ڕەزا لە عەرەبیشا وەک سێ زبانەکەی تر بەرز و باڵایە کە پیرەمێرد لێرەدا دەفی دەنگ نادا، بەڕاستی هەردوولا مەشخەڵێکی ڕووناکن بۆ وێژەران و نووسەران و بوێژان، وە لەم سێ زبانەدا مەگەر هەر درۆزن جیایان بکاتەوە.

گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد

بەرگی ١٦و ١٧ساڵی١٩٨٧

# گەشتێکی تر
# بە جیهانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا

دوکتۆر نووری تاڵەبانی

ئەدیب نەبی و تەنیا ئەدەبدۆست بی و لەگەڵ ئەوەیش خۆت لە نووسینی کارێکی ئەدەبییەوە بتلێنی، کردەیەکی ئاسان نییە. بەڵام لایشم وایە کەسێکی وا تا ناچار نەبێ و نەبینێ هەندێ شتی وا لە ئارادایە پێویستی بە ڕوونکردنەوەیە، دەس ناداتە بەجێهێنانی ئەرکێکی وا.

شێخ ڕەزای تاڵەبانی یەکێکە لەو گەورە شاعیرانەی کورد کە بەداخەوە تا ئێستا مافی خۆیانیان نەدراوەتێ، ئەم شاعیرە مەزنە چ لەبارەی کۆکردنەوەی سەرجەمی شیعر و قسەی خۆش و نەستەق و نوکتە بەتام و لەزەتەکانیەوە، چ لەلایەن لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی موناسەبەت و بۆنەی وتنی شیعرەکانیەوە، قەرزی هەقی بەسەر جەماوەری خوێندەوارانی کوردەوە نەدراوەتەوە. وەک ئەزانین شێخ ڕەزا بە چوار زمان (کوردی و تورکی و فارسی و عەرەبی) شیعری داناوە، وەک هەر کام لەم زمانانە زمانی زکماکی خۆی بێ. هەموو ئەوانیش کە ئاگاداری شیعری شێخ ڕەزان ئەزانن تەواوی تام و خۆشیی شیعری لەوەدایە بۆنەی وتنی بزانرێ، چونکە شیعری وای هەیە تەنیا بەیتێ یا دوو بەیتە، بەڵام ئەو تاقە بەیت یا دوو بەیتە موناسەبەتێکی گەورەی لەدوایە بێ زانینی ئەو موناسەبەتە، بنیادەم هەرگیز چەشی ڕاستەقینەی مەعنای ئەو بەیتە یا ئەو دوو بەیتە ناکا. بۆیە بە دڵنیاییەوە ئەڵێم مرۆ کاتێ بلیمەتی و شارەزایی و زیرەکیی ئەم شاعیرەی بە تەواوی بۆ دەرئەکەوێ کە موناسەبەتی دانانی شیعری بزانێ و بزانێ چۆن بووە. هەموو جار لەپڕ و بێ دواکەوتن و سڵکردنەوە لە کەسێک ئیلهامی شیعری بۆ هاتووە و وەک شریخەی پەڵە هەوری بەهار لە دەمی دەرپەڕیوە.

ئەگێڕنەوە ئەڵێن جارێکیان خەریکی شەترەنجکردن ئەبێ لەگەڵ سەید مەحموودی گەیلانی نەقیبی ئەشرافی ئەو سەردەمەی بەغدا، کوتوپڕ و لەپڕ ئەڵێ: «قتلته ورب الكعبة»! نەقیب ڕائەچڵەکێ و ئەڵێ: ئەوە چی بوو شێخ ڕەزا؟ شێخ ڕەزایش لە وەڵاما ئەو پارچە شیعرەی بۆ ئەخوێنێتەوە کە هەجوویێکی باشی مفتی زەهاویی تێدا کردووە. نەقیب ئەڵێ: من نازانم تۆ چ مێشکێکت هەیە؟ وام ئەزانی بە هەمـوو بیـر و هۆشت لەگـەڵ منداى و خـەریکی شەترەنجەکەی، کەچی ئەبینم بیرت لای شیعر ڕێکخستنە و بە مفتی زەهاوییەوە خەریکی.

شێخ ڕەزا بە شیعر و بە قسە هەمیشە حازر وەڵام بووە و لە جێی خۆیا دانەماوە و بە زیادەوە و بێ سڵکردنەوە گورج وەڵامی بەرانبەرەکەی داوەتەوە.

لە سەفەرێکی ئەستەمووڵیا ئەچێ بۆ لای نامیق کەمالی شاعیری گەورەی ئەو سەردەمەی تورکی عوسمانی. دیارە شێخ ڕەزا بەجلوبەرگێکی مەلایانەی کوردەواریی لای خۆمان و نامیق کەمالیش لە یەکێ لە کۆشک و سەرا جوان و ڕازاوەکانی ئەو شارە گەورەیەدا.

لە دیوەخانی نامیق کەمالدا ئەبێ چاوەڕوانی هاتنی ئەکا، نامیق کەمال لە یەکێ لە خزمەتکارەکانی ئەپرسێ: ئەوە کێیە لەوێ دانیشتووە؟ شێخ ڕەزا گوێی لە پرسیارەکەی نامیق کەمال ئەبێ، لە بەرچاوی دانیشتوانی دیوەخانەکەدا یەکسەر ئەڵێ: «فحول أهل كمالم»! نامیق کەمال کە ئەم وەڵامە ئەبیسێ دێ بۆ لای و پێی ئەڵێ: ئەبێ شێخ ڕەزا بیت. ئەڵبەتە شێخ ڕەزا و نامیق کەمال پێشتر بێ یەکتری دیتن، هەر بەهۆی شیعر و ناو و ناوبانگەوە یەکتریان ناسیوە.

هەروا خوا لێخۆشبوو مامۆستا تۆفیق وەهبی بۆی گێڕامەوە وتی: ئەم بەیتە شیعرەی شێخ ڕەزا لای خۆت بنووسەوە بۆ ئەوەی نەفەوتێ، چونکە هەر من و سەید ئەحمەدی خانەقا پێی ئەزانین. وتی: سەید ئەحمەد بۆی گێڕامەوە وتی: لە دوا ساڵەکانی ژیانی شێخ ڕەزادا بوو چوومە بەغدا، بە سەردان چوومە لای، پێم وت: یا شێخ پیر بووی، ئەحواڵت چۆنە؟ وتی: یەکسەر بەم

بەیتە شیعرە وەڵامی دامەوە:

بە پیری گرچە گفتم عشق از من دست برگیرد
ندانستم کە چوب خشک آتش تیزتر گیرد

واتە: لام مابوو کە پیر بووم عەشق دەستم لێ هەڵئەگرێ، نەمزانی داری وشک ئاگر باشتر ئەگرێ!

بیستوومە شێخ ڕەزا هەرچەند شیعری دانابێ سەری هەڵبڕیوە و لەسەر یەک بەو موناسەبەتەوە قافیەی بۆ هاتووە. تەنانەت جارێکیان پرسیاری ئەوەی لێ ئەکەن: بۆچی کە شیعر ئەڵێ سەری بەرز ئەکاتەوە؟ وەڵامی ئەم شاعیرە مەزنەمان لەم پرسیارە ئەوە ئەبێ ئەڵێ: « هەرچەند ئیلهامی شیعرم بۆ دێ خەریکە ناو مێشکم بتەقێ چونکە قافیە لەدوای قافیەم بۆ دێ، بۆیە لە تاوانا سەر هەڵئەبڕم».

جا بۆیە بەداخەوە ئەڵێم ئەو بابەتانەی لەسەر شیعری شێخ ڕەزا نووسران، بەشێکی کەمیان نەبێ نەگەیشتوونەتە ڕادەی دەربڕینی مەبەستی ڕاستەقینەی شاعیر. ئەمەیش بێ هۆ نییە، چونکە ڕوونکردنەوەی هەر ڕووداوێک یا مەبەستێک پێویستی بە ئاگاداربوون و شارەزایی هەیە لە بارودۆخی زاتی و مەوزووعیی کەسی پێوەندیدار بەو ڕووداو و مەبەستەوە و ئەو سەردەمەی تیا ژیاوە.

بەش بە حاڵی نووسینیش لەبارەی شێخ ڕەزاوە. وا دیارە ئەو ئاگاداری و شارەزاییە بۆ ئەو بنووسە بەڕێزانە فەراهەم نەبووە و هەر ئەمەیش بووبوو بە هاندەری من کە هەندێ لەو شتانەی لەم بارەوە ئەیانزانم بیانخەمە پێش چاوی خوێندەواری ئازیز و بەڕێزی کورد. پێش ئەوەی بچینە باسی سەرەکیی ئەم نووسراوەوە، هەندێ شتی تر لەبارەی کۆکردنەوەی شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانییەوە هەن پێویستیان بە یادکردنەوە و ڕوونکردنەوە هەیە. لەمبارەوە ئەڵێم:

بەشی زۆری شیعری شێخ ڕەزا لە سەرەتادا نەخراوەتە سەر کاغەز، لە موناسەبەتی تایبەتیدا وتراون و ئیتر دەماودەم وەک قسەی نەستەق

گێڕراونەتەوە و خەڵکی بیستوونی و پاشان نووسراونەتەوە[١].

بێگومان ئەمە بووەتە هۆی فەوتانی بەشێک لە شیعرەکانی و گۆڕین و دەستێوەردانی هەندێکی تریان.

لە گەلێ کەسم بیستووە دیوارە گەچکاری کراوەکەی ناوەوەی ژووری تایبەتیی شێخ ڕەزا لە تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکووک[٢]، ژمارەیەکی زۆر بەیت و دوو بەیت و پارچە شیعری ئەوی بە قەڵەمی فەرەنگی لێ نووسرابووەوە. ئەمانە بەشێک بوون لەو بەرهەمانەی لە موناسەباتی تایبەتیدا لەپڕ وتوونی پاشان لەلایەن خۆیەوە یا لەلایەن کەسانی ترەوە لەبەر پەلەپەل یا لەبەر نەبوونی کاغەز لە بەردەستدا لە کاتی خۆیا، لەو دیوارانە نووسراونەتەوە بۆ ئەوەی لەناو نەچن. پاشتر ئەو بەشەی ئەو شیعرانە کە نەخراونەتە سەر کاغەز، بەهۆی سپیکارکردنێکی نوێی ژوورەکەوە فەوتاون و ئەو گەنجینە گرانبەهایەی ئەدەبی کورد و تێکڕای ئەدەبی جیهانی لە کیسی نەتەوە چووە.

دیوانی شیعری شێخ ڕەزا تا ئێستا بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و تەواو و بە نووسینەوەیەکی کوردیی ڕاست لە چاپ نەدراوە. ئەم (دیوان)ەی کە ئێستا لە بەردەستی خوێندەوارانایە، تا ئەمڕۆ چوار جار چاپ کراوە، بەڵام بە کۆمەڵێک کەموکورتی و ناتەواوییەوە. چاپی یەکەمی دیوانی شێخ ڕەزا چاپی (کوردی و

---

(١) کۆمەڵە شیعرێکی زۆری شێخ ڕەزا کە بە دەس نووسراونەتەوە لای مەلا ڕەئووفی حەوێزی هەبوو. پاش کۆچی دواییکردنی کەوتە لای یەکێ لە کوڕەکانی، بەهەرحاڵێ بوو بۆ ماوەیەکی کورت لێم وەرگرت و ناردم بۆ مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ کە ماوەیەکە خەریکی کۆکردنەوەی شیعری شێخ ڕەزایە وەک پاشتر باسی ئەکەین، بەڵام مامۆستای بەڕێز، وەک لە نامەیەکیا کە لەگەڵ ناردنەوەی دەسنووسەکە بۆی ناردبووم دەرئەکەوێ بایەخێکی ئەوتۆی بەو دەسنووسە نەدابوو.

(٢) شێخ ڕەزا و هەموو براکانی و کوڕە گەورەکانی شێخ عەلیش هەریەکە ژووری دانیشتنی تایبەتی خۆیان بووە لە تەکیەدا، تەنانەت ژوورەکەی شێخ ڕەزا تا چل ساڵێ لەمەوبەر مابوو من خۆم دیومە.

مەریوانی)یە کە لە ساڵی ۱۹۳٥دا لە بەغدا لە چاپ دراوە. چاپی دووهەمیشی چاپی شێخ عەلی کوڕی شێخ عەبدوڵای کوڕی شێخ ڕەزایە کە مامۆستا فەتحوڵا ئەسعەد پێشەکیی بۆ نووسیوە و لە ساڵی ۱۹٤٦دا هەر لە بەغدا لە چاپ دراوە. چاپی سێهەم و چوارەمیشی هەر چاپە دووەهەمەکەن لە ئێران بە ئۆفسێت لە چاپ دراونەتەوە بە قەوارەیەکی گچکە. لە ساڵەکانی ناوەڕاستی پەنجادا بیرم لە کۆکردنەوەی موناسەباتی شیعر و قسە خۆشەکانی تری شێخ ڕەزا ئەکردەوە. لەو ساڵانەدا مامۆستای بەڕێز مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکووک مامۆستا بوو، خەریکی دەرز وتنەوە بوو بە فەقێ، زۆری هان دەدام بۆ بەجێهێنانی ئەم بیرە، بە تایبەتی کە هەندێ لەو پیاوە تەمەن درێژانە مابوون و کە چاویان بە شێخ ڕەزا کەوتبوو وە لەگەڵیا ژیابوون وە بەشێک لە شیعرەکانیان لەبەر بوو و هەندێ موناسەبە و قسە خۆشەکانی تری شیخ ڕەزایان ئەزانی، وەک خوا لێخۆشبووان شێخ حەبیبی تاڵەبانی کە برازا و زاوای شێخ ڕەزا بوو، وەک حەمید ئەفەندی (حەمید فەتاح) و حاجی حەمیدی حاجی کەریم و... بەداخەوە ئەم کارە لە کاتی خۆیدا لەبەر چەند هۆیەک کە لە سەرووی هەموویانەوە خەریکبوونم بوو بە خوێندنەوە لە بەغدا، بۆم جێبەجێ نەکرا. بەڵام وایش نەبێ بیرەکەم لەیاد چووبێتەوە، بەڵکو هەر لە مێشکمدا مابوو. پاشانیش چەند جارێک هەوڵم بۆ بەجێهێنانی داوە. پاش دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کوردیش لە بەغدا پێشنیازی کۆکردنەوەی هەموو شیعرەکانی شێخ ڕەزا و موناسەبەکانیم یەک دوو جار لەگەڵ لێپرسراوێکی کۆڕدا باس کرد، تەنانەت جارێکیش لە هاوینی ۱۹۷۹دا بە جێگری سەرۆک کۆڕی ئەو سەردەمەم ڕاگەیاند بەڵکو بیر لە کۆکردنەوەی شیعرەکانی شێخ ڕەزا و موناسەبەکانی وتنی ئەو شیعرانە بکەنەوە پێش ئەوەی ئەو چەند کەسەی کە ماون و ئەیانزانن کۆچی دوایی بکەن و بەجێمان بهێڵن. لەم بارەوە پێشنیازی پێکهێنانی لێژنەیەکم بۆ کۆکردنەوەی ئەو شتانە کرد و ئامادەییی خۆیشم بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ ئەو لێژنەیە لە پێناوی جێبەجێکردنی ئەم مەبەستەدا پێشان دا. ئەویش

پێشنیازەکەی پەسند کرد و زۆری پێ خۆش بوو و بەڵێنی دا لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەندامانی دەستەی کوردی کۆڕدا پاش بەسەرچوونی پشووی هاوینە باسی بکەن.. بەڵام ئەمجارەیش لەبەر چەند هۆیەکی تر کارەکە هەر نەکرا. ئێستایش ماوەیەکە بەڕێز مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ خەریکی کۆکردنەوەی شیعرەکانی شێخ ڕەزایە. بێگومان بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە گەورە و گرانە لەلایەن زانایێکی وەک ئەم زاتەوە خزمەتێکی گەورەیە بۆ ئەدەبی کورد، چونکە لەو باوەڕەدام ئەم کارە ئەگەر بکرێ ئەمجارە یەکەم جار ئەبێ شیعرەکانی شێخ ڕەزا بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک ڕێکوپێک و تەواو کۆبکرێنەوە و بخرێنە بەردەستی خوێندەواری کورد کە دەمێکە چاوەڕوانیەتی.

یەکێ لەو باسە بەنرخانەی تا ئێستا لەسەر شیعری شێخ ڕەزا نووسراون، باسەکەی دوکتۆر شوکریە ڕەسووڵە لەژێر ناوی (گەشتێک بە جیهانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی و ڕووخسار و ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا)، کە لە بەرگی یازدەهەمی ساڵی ١٩٨٤ی گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کورد)دا بڵاو کراوەتەوە.

لە سەرەتای باسەکەیدا دوکتۆر شوکریە هەوڵێکی باشی داوە بۆ دەرخستنی ساڵی لەدایکبوون و کۆچی دواییکردنی شێخ ڕەزا. کە دێتیشە سەر باسکردنی خوێندنی، تەنها ئەوەندە ئەڵێ: «لای شێخ عەبدوڕەحمانی خالیسی کە شاعیر و مەلا و شێخی تەریقەتیش بووە، فێری خوێندەواری بووە»، بێ ئەوەی ئیشارەت بۆ ئەوە بکا کە شێخ عەبدوڕەحمان باوکی شێخ ڕەزایە. ئەوجا نووسیویە: پاش گەڕانەوەی لە ئەستەمووڵ: «لەسەر میراتی باوکیان لەگەڵ شێخ عەلیی برای بەینی تێک چووە و لەسەر ئەوە چووە بۆ کۆیە بۆ لای شێخ غەفووری مامی». لێرەدا ئەمەوێ هەندێ ڕاستی هەن بیانخەمە پێش چاو، چونکە وا دیارە ئەگەر شتێک پێشتر لەسەر کەسێک نووسرابێ، بنووسانی پاشتریش هەر لەسەر قسەی پێشترەکە ئەڕۆن، بێ ئەوەی لەبن و بنەوانی بکۆڵنەوە و بزانن ڕاستە یا وا نییە.

ئەگەر هەموو ئەوانەی خۆیان بە مێژووی ئەدەبی کوردەوە خەریک کردووە،

ئاگادار نەبن، گومانی تێدا نییە بەشێکی زۆریان ئەوە ئەزانن کە شێخ ڕەزا کوڕی شێخ عەبدوڕەحمانی تاڵەبانییە و کە شێخ عەبدوڕەحمان خۆیشی شاعیرێکی زۆر بە توانا و دەسەڵات بووە لە مەیدانی شیعری تەسەوفیدا بە زمانی فارسی و تورکی و هەندێ شیعریشی هەیە بە زمانی کوردی- شێوەی هەورامی. دیوانی شیعری شێخ عەبدوڕەحمانی خالیس (نەک خالیصی)[٣] دووجار چاپ کراوە. جاری یەکەمیان لە ئەستەموول لە ژیانی حاجی شێخ عەلیی کوڕیا و جاری دووهەمیشیان لە ساڵی ١٣٦٧ی کۆچیدا لە شاری سنەی کوردستانی ئێران بەسەرپەرشتیی میرزا محەمەد مەحموود قادری کە دۆستێکی خوا لێخۆشبوو حاجی شێخ جەمیلی باوکم بوو. هەروەک پێشتر وتمان شیعرەکانی شێخ عەبدوڕەحمان هەموو لە مەیدانی تەسەوفدان و بە شێوەیەکی قووڵ بەم بابەتەدا ڕۆچووە[٤].

---

(٣) خالیسی نازناوی کوڕ و نەوەکانی تری شێخ عەبدوڕەحمانە کە پاشان لە شوێنی ئەو دانیشتوون بۆ ئیرشاد، وەک حاجی شێخ عەلیی کوڕی و شێخ محەمەد عەلیی کوڕە گەورەی شێخ عەلی و حاجی شێخ جەمیل. هەروا شێخ محەمەدی کوڕی شێخ ڕەزایش هەمان نازناوی (خالیصی)ی بەکار هێناوە بۆ خۆی وەک نازناوێکی شیعری.

(٤) ماوەیەک لەمەوبەر کاکم شێخ عەلیی کوڕی حاجی شێخ جەمیلی تاڵەبانی داوای لە زانا و مامۆستای بەڕێز مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس کردبوو بەڵکو شیعرە فارسییەکانی شێخ عەبدوڕەحمان لە فارسییەوە وەربگێڕێتە سەر کوردی یا عەرەبی. وەڵامی مامۆستایش ئەوە بووبوو: بڕوات ببێ شیعرەکانی ئەوەندە قووڵن کەم کەس لێیان حاڵی ئەبێ. ئەترسم خەڵکی نەزان لێی تێ نەگەن و ئەویش و منیش بە بێ دین بدەنە قەڵەم.

ئەم قسەیەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم قسەیەکی زانا و مامۆستای گەورە خوا لێخۆشبوو تۆفیق وەهبیی بیر خستمەوە کە جارێکیان لە ساڵی ١٩٧٥دا بوو لە دانیشتنێکا باسی شیعرەکانی شێخ عەبدوڕەحمانمان ئەکرد هەمان بیری دەربڕی لەبارەی قووڵیی شیعرە تەسەوفییەکانیەوە بەڵام بەشێوەیەکی تر.

شێخ عەبدوڕەحمانی خالیس چوار کوڕی بووە: کوڕی گەورەی حاجی شێخ عەلییە کە پاشان لە تەکیەی تاڵەبانیی کەرکووک لە شوێنی باوکی دانیشتووە. دووهەمی کوڕەکانی شێخ عەبدولقادری فائیز بووە. ئەم زاتەیش پیاوێکی خوێندەوار و زۆر بە دین بووە، لە خواپەرستی و بەندەییکردنیا کەم وێنە بووە. لە عیزەتی نەفس و قنیاتکردنیشا تاقانەی سەردەمی خۆی بووە(٥). هەروا

(٥) یەکێک لەو کارە پەسندانەی لەبارەی شێخ عەبدولقادری فائیزەوە ئەگێڕنەوە ئەوەیە کە شێخ حوسامەدین عومەر لە کتێبەکەیدا باسی ئەکا و ئەڵێ: جارێکیان شێخ عەبدولقادر لە سەردەمی گەنجیدا کەوایەکی زۆر شڕی لەبەردا ئەبێ و ئەچێتە خزمەت باوکی لە کۆڕەکەیا دائەنیشێ و لا دڕاوەکانی کەواکەی ئەخاتە ڕوو. شێخ عەبدوڕەحمان یەکسەر لە مەبەستی تێ ئەگا و پێی ئەڵێ: کوڕم، جلوبەرگی چاک ئینسان بەرز ناکاتەوە، بەڵکو بەرزیی ئینسان بە زانست و ڕەوشتی چاکە.. بەم جۆرە شێخ عەبدولقادر بەم وەڵامەی باوکی بێدەنگ ئەبێ و بەوپەڕی ڕەوشت بەرزییەوە لە کۆڕەکە ئەچێتە دەرێ. باوکی بە یەکێک لە موریدەکانی ئەڵێ: عەبدولقادر لەگەڵ خۆت ببە بۆ بازاڕ و کاڵایەکی چاکی بۆ بکڕە و لای بەرگدروویەکی چاکیش کەوایەکی بۆ بەڕادان بدە. ئەم فەرمانەی شێخ عەبدوڕەحمان جێبەجێ ئەکرێ. کەواکە پەنجا قڕانی تێ ئەچێ. ڕۆژی دوایی لای بەرگدرووەکە وەری ئەگرێتەوە و لەبەری ئەکا و بە پێ بەرەو تەکیە ئەکەوێتە ڕێ. لە ڕێگادا تووشی هەژارێکی چاو بە گریان ئەبێ. کە هۆی گریانەکەی لێ ئەپرسێ، هەژارە نەناسەکە لە وەڵاما ئەڵێ: سی قڕان قەرزارم و ئەبێ تا سبەینێ بیدەمەوە و پێشم نادرێتەوە. دادگایش پێی ڕاگەیاندووم کە ئەگەر لەم ماوەیەدا نەیدەمەوە ئەخرێمە بەندیخانەوە. منیش خاوخێزانێکی گەورەم هەیە و خۆیشم دەسکورتم، ئەگەر بەند بکرێم کەس نییە چاودێرییان بکا و تووشی ناڕەحەتی ئەبن. شێخ عەبدولقادر یەکسەر کەواکەی لەبەری دائەکەنێ و پێی ئەبەخشێ و پێی ئەڵێ: ئەمە ببە بیفرۆشە بۆ خۆت، بەڵام لە پەنجا قڕان کەمتری نەدەی! کە دێتەوە لای باوکی هەر کەوا کۆنە شڕەکەی جارانی لەبەردا ئەبێ، هەواڵی کەوا تازەکەی لێ ئەپرسێ، ئەویش باسەکەی بۆ ئەگێڕێتەوە. باوکی کە ئەوەی لێ ئەبیسێ، ئەڵێ: ئافەرین کوڕم، ئێستا کوڕی باوکی =

شـاعـیـرێکی بـاڵایش بووه. شـیـعـری بە تورکـی و کـوردی و فـارسـی هەیە و هـەمووی بۆ بابەتی سـۆفیەتی تـەرخان کردووه. نازناویشـی (فـائیز) بووه[٦]. تا ئێـسـتـا گـەلێ لێکۆڵینەوەی ئەکـادیمییـانە لە دانشـگـاکـانی تورکـیـادا لـەسـەر شیعری، بـە زمانی تورکی، بڵاو کراوەتەوە. پاش ئەمیش کوڕی سێـهـەمی شێخ عەبدوڕەحمان، شێخ عەبدولواحید و کوڕی چوارەمیشی شێخ ڕەزایە.

هۆی تێکچـوونی شێخ ڕەزا لەگەڵ شـێخ عەلیی کاکی لەسـەر مـیرات نەبووە، چونکـە شـێخ عـەبدوڕەحـمـانی باوکـیـان سـامـانێکی لە دوای خـۆی بـۆ بەجێ نەهێشـتوون ناکۆکییان لە نێواندا پەیدا ببێ لەسـەری. باوکیـان ئەو پیاوە زانا و لە خوا ترس و سەخی تەبیعەتە بووە لێی ئەگێڕنەوە وتوویەتی:

«حـەیفـە پیـاو ئـەوەندە سـامـان کۆ بکاتەوە زەکاتی بکەوێتـە سـەر[٧]. هـەروا فـەرمـوویـەتی: نوێژکـردن کـاری پیـرەژنانە، ڕۆژووگـرتن کـاری بەخـیـلانە، حەجکردن گەشـتی جیهانە، دڵی شکستە هێنانەوەجێ کاری مەردانە». کەواتە پیـاوێکی وا دانا و زانا و دەست لە دنیـادا شـۆردوو ئەبێ چ مـیـراتێکی لە پاش بەجێ بمێنێ!

ناخـۆشـی و نێـوان تێکچـوونـی شـێخ ڕەزا و شـێخ عـەلیی کـاکی تەنیـا لەسـەر زمانەکەی بـووە، ئەگینا بۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان شێخ عەلی لەگـەڵ براکانی تری تێک نەچووە؟ لەوە ئەچێ شـێخ ڕەزا هـەر لە تەمـەنی منـاڵی و هـەرزەکـارییـەوە زمـانی وا تیژ بووبێ. ئەگێڕنەوە ئەڵێن لە سـەردەمی باوکیانا جارێکیان چوار برا بەرێ

---

=خـۆتی ڕێگای ئەوت گرتووەتە بەر. بڕوانە: کتێبی (محـمد حسـام الدین عمـر، الانفاس الرحمانیە، في سلسلة القادریة الطالبانیة، کرکوك مطبعة الشمال ١٩٧٧، ص ٢٤٩- ٢٥٢) بڕوانە: مـەلا عـەبدولکەریمی مـودەڕیس، بنەمـاڵەی زانیـاران، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ١٩٨٤، ل ٥٩٥ .

(٦) بڕوانە: عبدالکریم محـمد المدرس، علماؤنا في خدمة العلم والدین، دار الحریة للطباعة، ١٩٨٣، ص٢٧١ .

(٧) جارێکیان ئەکەوێتە ڕێ بچێ بۆ مەکە. کە ئەگاتە بەغدا هەرچی پارە و پوولێکی پێ ئەبێ بەسەر هەژارانیا دابەش ئەکا و بۆ خۆی ئەگەڕێتەوە بۆ کەرکووک.

ئەکەون ئەچن بۆ بەغدا بۆ زیارەتی مەرقەدی شێخ عەبدولقادری گەیلانی. لە کاتی تەوافدا شێخ ڕەزا زمانی ئەبەسترێ و قسەی بۆ ناکرێ تا پاش چەند سەعاتێ ئەوجا ئەگەڕێتەوە سەر باری جارانی پاشان کە ئەگەڕێنەوە کەرکووک شێخ عەلی ئەم بەسەرهاتەیان عەرزی باوکی ئەکا. ئەویش بە بزەیەکی سەر لێوەوە ئەفەرمووێ: «خۆزگە زمانی هەر نەکرابایەوە!».

لێرەدا بە پێویستی ئەزانم بە کورتی باسی جێ و شوێنی شێخ عەبدوڕەحمان و شێخ عەلی بکەم تا بۆمان ڕوون بێتەوە ئاخۆ ڕێکخستنی شیعری ڕووهەڵماڵراو (مکشوف)، وەک بەشێک لە شیعرەکانی شێخ ڕەزا، لەگەڵ پایە و جێ و شوێنی کەسوکاری ئەگونجێ و ئاخۆ هەر ئەو جۆرە شیعرانە نەبوونەتە هۆی ناخۆشی و ناکۆکیی نێوان شێخ ڕەزا و کاکی؟

شێخ عەبدوڕەحمان دۆستێکی دێرینی کاک ئەحمەدی شێخ بووە. هەردووکیان پێکەوە لای شێخ مەعرووفی نۆدێیی خوێندوویانە. ئەم دۆستایەتییەیان پاشانیش هەر ماوە و بەڵکو تا هاتووە بەهێزتر بووە. بیستوومە گێڕاویانەتەوە کاتێ حاجی کاکە ئەحمەد لە سەفەری مەککە گەڕاوەتەوە خەڵکێکی زۆر لە ناوچەکانی کوردستانەوە ئەچن بە پیریەوە. کە ئەگەنە نزیک کەرکووک پرسیاری لێ ئەکەن: لە کوێ میوان ئەبێ؟ ئەفەرمووێ: «لای کاکە ئەوڕەحمانم». دەوروبەرەکەی زۆریان لا سەیر ئەبێ، چونکە شێخ عەبدوڕەحمان نەچووبوو بە پیریەوە. کاکە ئەحمەد وەک ئەو پرسیارە لە دەموچاوی دەوروبەرەکەیا بەدی بکا، ئەفەرمووێ: «خۆم تکای ئەوەم لێ کردووە نەیەت بە پیرمەوە». ئەم پێوەندییەی نێوان شێخ عەبدوڕەحمان و کاک ئەحمەد، لەگەڵ حاجی شێخ عەلیش توندتر و بەهێزتر ئەبێ پاش کۆچکردنی باوکی. پێوەندیی شێخ عەبدوڕەحمان لەگەڵ شێخ عوسمان سیراجەدینی تەوێڵەیش هەر لە هەمان پایەدا بووە، بە جۆرێک کە شێخ عوسمان شێخ عومەری کوڕی ناردووەتە کەرکووک تا لەگەڵ شێخ عەلی کوڕی شێخ عەبدوڕەحمان پێکەوە بخوێنن.

هەموو ئەزانین هەڵوێستی حاجی قادری کۆیی بەرانبەر شێخ و شێخایەتی چی بووە؟ بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو شیعری دژ وتنەیشی بەرانبەر بە شێخان و

تەکیە و خانەقاکانیان، زۆر بەڕێزەوە باسی کاکە ئەحمەدی شێخ و شێخ عەبدورەحمانی خالیسی کردووە. حاجی قادر لەو پارچە شیعرەیدا کە باسی شاعیرانی کوردی تێدا کردووە و بە نیوە دێری (شەهسواری بەلاغەتی کوردان..) دەست پێ ئەکا، بەم جۆرە باسی شێخ عەبدورەحمانی خالیس ئەکا:

غەوثی ثانی یو حاتەمی مەذهەب

عەبدورەحمانی خالیصی مەشرەب[٨]

ئەم ڕێزگرتنەی حاجی قادر هەڵبەتە بێ هۆ نەبووە، بەڵکو لەبەر ئەوە بووە کە زانیویەتی ئەو بەڕاستی پیاوی خوا بووە و لە کردەوەی ئەو شێخانە بەدوور بووە کە لە شیعرەکانیا دای شۆردوون.

پایەی حاجی شێخ عەلیش لە پایەی شێخ عەبدورەحمانی باوکی کەمتر نەبووە. سەرەڕای سەرامەدیی لە مەیدانی تەسەوفدا، هەموو قورئانی پیرۆز و بەشێکی زۆری سەحیحی بوخاریی لەبەر بووە[٩].

هەروا شارەزاییەکی فراوانی لە هەموو بەشەکانی شەریعەتدا بووە، بە جۆرێ کە مەجلیسی دانیشتنی هەمیشە پڕ بووە لە مەلا هەرە زانا و گەورەکانی کوردستانی ئەو سەردەمە[١٠]. لێرەدا قسەیەکی مەلا عەبدوڵای

---

(٨) بڕوانە: دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، چاپخانەی (دار آفاق عربية)، بەغدا، ١٩٨٦، ل ٢٢٢ .

(٩) ئەگێڕنەوە ئەڵێن شێخ عەلی بڕۆیشتایە بۆ کۆڕی باوکی، باوکی لەبەری هەڵئەسا لێی ئەپرسن: قوربان چۆن ئەبێ تۆ لەبەر کوڕی خۆت هەڵسیتی؟ ئەویش ئەفەرمووێ: من لەبەر عەلی هەڵناستم، لەبەر ئەو قورئانە هەڵئەستم لە سنگیایەتی و ئەبێ هەموومان لەبەری هەڵسین.

(١٠) مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە کتێبەکەیا (علماؤنا في خدمة العلم والدين) بەم جۆرە باسی شێخ عەلی ئەکا: «هو الشيخ الجليل والمرشد النبيل، والعالم الفاضل البارز في الزمان، حافظ القرآن الكريم وكثير من صحيح البخاري بشهادة أهل الثقة والعرفان» سەرچاوەی ناوبراو، ل ٣٩٨ .

جەلی زادە ئەگێڕڕێتەوە کە دۆستێکی دێرینی بەڵکو موریدی حاجی شێخ عەلی بووە[١١]، کە وتوویەتی: «حاجی شێخ عەلی هیچی لە حەزرەتی غەوس کەمتر نییە و منیش هیچم لە ئیمامی غەزالی کەمتر نییە، بەڵام تەوازووعی هەردووکمانە ئەم جۆرە دەعوایانە بڵاو ناکەینەوە».

لەم هەموو باسەی باو و براکانی شێخ ڕەزادا مەبەستم تەنیا ئەوەیە بڵێم ئاخۆ ئەگەر شاعیرێ لە بنەماڵەیەکی ئاوادا هەڵکەوێ، ئەشێ شیعری ڕووهەڵماڵراو بڵێ بەو جۆرەی شێخ ڕەزا وتوویەتی و ئەویش سەد ساڵ بەر لە ئەمڕۆ و ئەگەر هەڵکەوت و وتی، ئەبێ هەڵوێستی کەسوکاری چی بێ کە ئەو جۆرە شیعرانە ئەبیستنەوە؟ ئایا ئەشێ کەسێک سەد ساڵ بەر لە ئەمڕۆ باسی مام و ئامۆزای خۆی بکا بە شیعر بەو جۆرە کە شێخ ڕەزا هەجووی مامە غەفوور و کوڕەکانی کردووە؟ ئایا ئەبێ هەڵوێستی شێخ عەلیی کاکی، بێدەنگی بێ لەو شیعرانەی شێخ ڕەزا، یا ئەبێ بە گوێرەی داوونەریتی ڕۆژ هەر هیچ نەبێ لێی عاجز ببێ و خۆی لێ تووڕە بکا؟ چونکە نەک هەر کاکی گەورەی بووە، بگرە گەورەی هەموو بنەماڵەی تاڵەبانیی ئەو سەردەمەیش بووە.

پێوەندیی نێوان شێخ ڕەزا و براکانی جاروبار بەهۆی زمانی ئەمەوە تێک چووە. ئەگێڕنەوە ئەڵێن جارێکیان شێخ عەبدولقادری برای کە وەک پێشتر باسمان کرد شاعیرێکی پایە بەرز بووە لە مەیدانی تەسەوفدا، نیوە بەیتێکی بەسەر زمانەوە ئەبێ بۆی تەواو ناکرێ، بە شێخ ڕەزا ئەڵێ: سەدری بەیتێکم وتووە عەجزەکەیم بۆ تەواو ناکرێ، بۆم تەواو کە. شێخ ڕەزایش یەکسەر بە شێوەکەی خۆی بۆی تەواو ئەکا. شێخ عەبدولقادر بە جۆرێ تووڕە ئەبێ و

(١١) لێرەدا دوا بەیتی ئەو پارچە شیعرە ئەنووسینەوە کە لە وەڵامی نامەیەکی بە شیعری شێخ عومەر زیائودینیی بیارەدا دایناوە، شێخی ناوبراو لە نامە شیعرەکەی داوای لە مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە کردووە (تەمەسوک) لەسەر دەستی ئەوا بکا و ئەمیش زۆر بە ناسکانە عوزری بۆ ئەهێنێتەوە و ئەڵێ:

لە پاش تۆ خودا بۆ خۆی عەلیمە

لە کەرکووکێ دوعاگۆی شێخ عەلیمە

ڕقی هەڵئەستێ گۆزەیەکی لادا ئەبێ دەستی ئەداتێ هەڵی ئەگرێ و تووڕی ئەدا بۆ شێخ ڕەزا، بەردەستی ئەکەوێ و ئازارێکی زۆری پێ ئەگەیەنێ، شێخ ڕەزایش هەڵئەسێ بە بۆڵەوە ئەڕوا بۆ لای شێخ عەلیی کاکی بۆ شکاتکردن و ئەڵێ: «قادره بۆزه، دەستی شکاندم بە گۆزە».

شێخ ڕەزا هەر بە شیعر و هەڵبەست باسی خەڵکی نەکردووە، بگرە بە قسەیش قوسووری نەبووە. لە چەند کەسێکم بیستووە وتوویانە: لە کەرکووک حاجی مستەفای قیرڕدار هەبووە، سەرۆکی شارەوانی و یەکێک بووە لە پیاوماقووڵانی ئەو سەردەمەی شار. زۆریش دۆستی حاجی شێخ عەلی بووە. شێخ ڕەزا لە پارچە شیعرێکیا بە زمانی تورکی تەشبیهی ئەکا بە (میناس غەریب)ی مەترانی ئەو سەردەمەی دیانەکانی کەرکووک. دیارە ئەو پارچە شیعرە لە دیوەخانەکانی شاردا بڵا ئەبێتەوە و ئەکەوێتە سەر زمانی خەڵک و ئەگاتەوە بە حاجی مستەفا قیرڕدار خۆیشی. ئەویش زۆر دڵگیر ئەبێ و ئەچێتە لای شێخ عەلی و باسەکەی عەرز ئەکا. شێخ عەلی ئەنێرێ بە شوێن شێخ ڕەزادا و خۆی لێ تووڕە ئەکا و ئەڵێ: «ڕەزا! خەڵکەکەت هەموو، لە دوور تا بە نزیک لێ دڵگیر کردووین. ئاخۆ ئەشێ تۆ پیاوێکی بەڕێزی وەک ئەم زاتە بشوبهێنی بە فلانە کەس؟ شێخ ڕەزایش هیچ خۆی تێک نادا و لەسەرخۆ و بەساردییەکەوە ئەڵێ: کاکە! من سەرم لێ شێواوە، لەولاوە مەتران لێم زویر بووە و هاتووەتە ماڵم ئەڵێ کەست نەدۆزییەوە لە کەرکووک پێم بشوبهێنی حاجی مستەفا نەبێ! کەچی جەنابی حاجیش گلەیی ئەوەم لێ ئەکا کە تەشبیهم کردووە بە مەتران؟!

بە کورتی شیعرەکانی شێخ ڕەزا زۆر جار مایەی ئیحراج بوون بۆ شێخ عەلی، چونکە بەشی زۆریان لە سەردەمی ئەودا وتوونی نەک لە سەردەمی باوکیاندا. شێخ عەلیش نەک تەنیا پیاوی ئاینی و ڕووی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمەی ناوچەی کەرکووک بووە، بگرە یەکێکیش بووە لە پیاوە هەرە بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی لە سەرانسەری کوردستاندا و لە هەموو شوێنێ دۆست و موردیدی هەبووە و ناسراوە. بۆیە هیچ بە سەیری نابینین

ئەگەر لەسەر ئەو جۆرە شیعرانەی شێخ ڕەزا خۆی لێ تووڕە بکا و ئەویش جاروبار کەرکووک بەجێ بهێڵێ و بڕوا بۆ شارانی تر.

جاریکیان شێخ عەلی زۆری لێ دڵگیر ئەبێ، ئەویش- واتە شێخ ڕەزا- هەوڵێکی زۆری ئەوە ئەدا لەگەڵیا چاک بێتەوە، بەڵام بێ سوود ئەبێ، ناچار پەنا ئەباتە بەر دەروێش ئەفەندیی موفتی کە پیاوێکی زۆر دیار بووە لە کەرکووک و دۆست و موریدی شێخ عەلی بووە و شێخ عەلیش خاتری زۆر ویستووە. دەروێش ئەفەندی بە شێخ ڕەزا ئەڵێ ناتوانم تکات بۆ بکەم لای کاکت، چونکە ئەڵێ ڕەزا کەسی پێوە نەهێشتووین و ئێمە خەڵک ئەکەین بە دۆستی خۆمان و ئەویش دڵیان ئەشکێنی. شێخ ڕەزا ئەڵێ هەر ئەمجارە ئاشتی بکەوە لەگەڵم، ئیتر تۆبە بێ و باسی کەس ناکەم. موفتیش لەگەڵ شێخ ڕەزادا ئەچنە تەکیە و لە پێشا خۆی بە تەنیا ئەچێتە لای شێخ عەلی و پێی ئەڵێ: قوربان بۆ تکاکردن هاتووم. شێخ عەلیش ئەفەرمووێ: هەر بۆ ڕەزا نەبێ! ئەویش ئەڵێ: بەڵێ وەڵا بۆ شێخ ڕەزایە و پەیمانی پێ داوم ئیتر باسی کەس نەکات. شێخیش پێی ئەڵێ: ئەگەر ببی بە کەفیلی ئەوا قوبووڵی ئەکەم. مفتی ئەچێ شێخ ڕەزا بێنێ بۆ لای کاکی، کە ئەگەنە بەردەرگای ژوورەکەی شێخ عەلی، شێخ ڕەزا بە دەروێش ئەفەندی ئەڵێ: «اذهب!!» دەروێش ئەفەندی یەکسەر لە شوێنی خۆیا ڕائەوەستێ و پێی ئەڵێ: «وا دیارە فائیدەی نییە لەگەڵ تۆدا، کەس نەما نەیکەی بە تکاکار لای شێخ و من بووم بە کەفیلت ئەوجا قوبووڵی کردی، کەچی هەر زمانت ناگری».

لە گەلێ لەو پیاوە تەمەن درێژانەم بیستووە کە شێخ ڕەزایان ناسیوە. هەروا لە خەڵکی تریشم بیستووە کە ئەوانیش لە باو و باپیرانیان بیستووە وتوویانە شێخ ڕەزا پیاوێکی زۆر بە دین و لە خوا ترس بووە و بەڕەوشتیش زۆر دوور بووە لەو قسانەی لە شیعرەکانیا کردوونی، بەڵام دەمتەڕ و حەزی لە قسەی خۆش و نوکتە بووە. شیعرە هەجووەکانیشی زۆریانی هەر بۆ بەزم و گاڵتە و ڕابواردن وتووە. تەنانەت جاریکیان لێی ئەپرسن بۆچی هەجووی هەندێکت کردووە بەرانبەر هەندێکی تر بێدەنگ بووی؟ وەڵامی ئەوە بووە: «ئەو

کەسەی دیار نەبێ من هەجووی ناکەم»

لەوە ئەچێ شێخ ڕەزا دڵی بەرامبەر ئەوانەی هەجوویان کردووە بە کینە نەبووبێ، تەنانەت ئەگەر هەجووکەرەکەیشی شوکری فەزڵی بووبێ کە لە هەموو کەس زیاتر قسەی جۆراوجۆری ناشیرینی لە شیعرەکانیا بە شێخ ڕەزا وتووە. خوا لێخۆشبوو مامۆستا تۆفیق وەهبی بۆی گێڕامەوە وتی: پاش بڕانەوەی جەنگی یەکەمی جیهان و گەڕانەوەم بۆ بەغدا، ماڵمان زۆر دوور نەبوو لە ماڵی خوا لێخۆشبوو شوکری فەزڵیی شاعیر. لەبەرئەوەی لەو سەردەمەوە حەزم لە شیعر و ئەدەب دەکرد، جاروبار بە نیازی لێ وەرگرتنی شیعرەکانی و کۆکردنەوەیان بە تایبەتی ئەو شیعرانەی هەجووی شێخ ڕەزای پێ کردبوون، ئەچوومە لای. بەڵام هەرچەندم داوا لێ ئەکرد ئەیگوت نەماون یا فەوتاون و هەر جارە بە شێوەیەک بەڕێی ئەکردم. تا کە دوایی زانی وازی لێ ناهێنم، ڕۆژێکیان وتی: دیارە تۆ لێم ناگەڕێی، با شتێکت بۆ بگێڕمەوە، بزانە ئەو کاتە هەقی ئەوەم ئەدەیتێ کە ئەڵێم ئەو جۆرە شیعرانەم بە شێخ ڕەزا نەوتووە! ئەوجا مامۆستا تۆفیق وەهبی بە زمانی شوکری فەزڵییەوە کەوتە گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە و وتی: لە سولەیمانی بووم، لە پارچە شیعرێکدا بە زمانی تورکی هەجووی ئۆردووی عوسمانیم کردبوو. ئەوەندەی پێ نەچوو لە سولەیمانییەوە بە دەستی بەسراوەوە هێنامیان بۆ بەغدا و دراوم بە دادگای سوپایی و بڕیاری خنکاندنم دەرچوو و چاوەڕوانی فەرمانی بابی عالی بوون بۆ جێبەجێکردنی. ئەم خەبەرە ئەگاتە شێخ ڕەزا کە وەک ئەزانین لە دواساڵەکانی ژیانیا بە یەکجاری لە بەغدا نیشتەجێ بووبوو. ئێوارەیەکیان شێخ ڕەزا ئەچێتە لای والی، کە وەکو باسی لێ ئەکەن، پیاوێکی ئەدەبدۆست ئەبێ و زۆریشی حەز لە شیعری شێخ ڕەزا ئەبێ کە شێخ ڕەزا ئەبینێ زۆری ڕێز لێ ئەگرێ و گلەییشی لێ ئەکا کە سەری لێ نادا و ناچێتە لای. پاش نوێژی شێوان کە میوانەکانی دیوەخانەی والی دەس بە ڕۆیشتن ئەکەن و ئەمێننەوە تەنیا شێخ ڕەزا و والی خۆی، بە شێخ ڕەزا ئەڵێ:

شێخ ڕەزا ئەم هاتنەت بێ سر نییە. لەوە ئەچێ ئیشێکت هەبێ ئەویش لە

وەلاما ئەڵێ: بە ئیش هاتووم و لێرەیش هەڵناسم تاکو بەڵێنی جێبەجێکردنیم نەدەیتێ. والی زۆر بە ناسکانە ئەڵێ: ئیشی تۆ بە من جێبەجێ بکرێ، بەسەرچاو.

شێخ ڕەزایش پێی ئەڵێ کەوا شوکری فەزڵی گیراوە و بڕیاری خنکاندنی دراوە، تاکو بەڵێنی بەرەڵاکردنیم پێ نەدەیت دیوەخانەکەت بەجێ ناهێڵم. والیش ئەڵێ بڕوات ببێ کارەکە لە دەستی منا نەماوە و چاوەڕوانی فەرمانی ئەستەمووڵ ئەکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشا شەرت بێ هەرچیم پێ بکرێ لەبەر خاتری تۆ قوسوور نەکەم. وا دیارە هەوڵدانی والی وا ئەکا فەرمانی خنکاندنەکە بکرێ بە فەرمانی لێخۆش بوون و شوکری فەزڵی بەرەڵا ئەکرێ.

مامۆستا تۆفیق وەهبی وتی: ئەوجا شوکری فەزڵی پێی گوتم: ئا بەم جۆرە، وەک بۆم گێڕایتەوە، شێخ ڕەزا ملی لە پەتی سێدارە ڕزگار کردم. ئیتر تۆ چۆن ئەتەوێ ئەو شیعرانەمت بۆ بگێڕمەوە کە بە هاندانی هەندێ کەس لە سلێمانی هەجووی شێخ ڕەزام تیا کردوون. مامۆستا توفیق وەهبی وتی: پاشانیش هەرچەند هەوڵم لەگەڵ دا، بێ سوود بوو هیچی لەو شیعرانە پێ نەدام.

وەک لەم ڕووداوەوە دەرئەکەوێ لەگەڵ ئەو هەموو شەڕەشیعرەی لە نێوان شێخ ڕەزا و شوکری فەزڵیدا ڕووی داوە، هەردوولا هەر دۆست بوون و لە لێقەوماوی شوکری فەزڵیدا شێخ ڕەزا بە کەڵکی هاتووە و لە خنکاندن ڕزگاری کردووە. لە چەند کەسم بیستووە گێڕاویانەتەوە گوایە شوکری فەزڵی کاتی خۆی لە خەڵکی سولەیمانی بە گلەیی بووە و وتوویەتی: هەندێ کەسی وا هەبوون هانیان ئەدام هەجووی شێخ ڕەزا بکەم. شیعرم لە سولەیمانی تەماشای نەئەکرا، کەچی هەر جارێ وەڵامی شێخ ڕەزام بدایاتەوە و وەڵامەکە بگەیشتایەتە سولەیمانی لە مزگەوتی گەورە هەڵئەواسرا و خەڵکی ئەچوون بۆ تەماشاکردن و خوێندنەوەی.

شوکری فەزڵی تامابوو ئەو وەفادارییەی بەرامبەر یادی شێخ ڕەزا هەر مابوو. بیستوومە لە زاری عیزەدین ئەفەندیی کەرکووکییەوە گێڕاویانەتەوە

وتوویەتی: لە کۆتاییی ساڵەکانی بیستدا کۆمەڵێک لە ئەدیب و شاعیرانی بەغدا هەفتەی جارێ لە دیوەخانەی یەکێ لە پیاوە ئەدەبدۆستەکانی ئەو شارە کۆ ئەبوونەوە و قسە و باسی ئەدەبی ئەکرا و شیعر بە دوو سێ زمان ئەخوێنرایەوە.

جارێکیان داوای لێ ئەکەن پارچە شیعرێک بخوێنێتەوە، ئەویش پارچە شیعرێکی شێخ ڕەزا ئەخوێنێتەوە کە هەجوویێکی توندی شوکری فەزڵیی تیا کردووە. ئەگێڕنەوە عیزەدین ئەفەندی وتوویە: کە چەند بەیتێکم لێ خوێندەوە هەستم کرد یەکێ لە دانیشتوانی کۆڕەکە بە کوڵ ئەگریێ. ئەوەی بە تەنیشتمەوە دانیشتبوو تێی گەیاندم کە لە خوێندنەوەی شیعرەکە ڕاوەستم. کە بێدەنگ بووم، ئەو پیاوەی وا ئەگریا سەری بەرز کردەوە و داوای لێ کردم لەسەر خوێندنەوەی پارچە شیعرەکە بڕۆم و تەواوی کەم و وتی: خۆزگە شێخ ڕەزا بمابایە و سەد ئەوەندەی تر قسەی پێ بوتمایە. عیزەدین ئەفەندی وتوویە: ئەوجا زانیم ئەو کەسە شوکری فەزڵییە.

شوکری فەزڵی هەرچەند لە ئەسڵدا خەڵکی گەڕەکی (فەزڵ)ە لە بەغدا، وا دیارە بە منداڵی لەگەڵ کەسوکاری کەوتووەتە سولەیمانی و بەشێکی زۆری ژیانی لەوێ بەسەربردووە و پاشان گەڕاوەتەوە بەغدا.

لە ڕاستیدا شێخ ڕەزا هەر حەزی لە قسەی خۆش و گاڵتە و نوکتە بووە. ئەگێڕنەوە ئەڵێن جارێکیان نۆ سواری خەڵکی دێی (جام ڕێز)ی ناو (دەلۆ) لە تەکیە میوان ئەبن. لەوێ چاویان بە شێخ ڕەزا ئەکەوێ. لەناو خۆیانا ئەڵێن: با بەزمێ بە شێخ ڕەزا بکەین. یەکێکیان پێی ئەڵێ: شێخ ڕەزا ئەمشەو میوانت ئەبین، بەڵام بە نان و گانەوە!! ئەویش یەکسەر ئەڵێ:

نان ئاسانە، نانی تەکیە زۆرە. بۆ گانیش کارەکەرێکی دەلۆییمان هەیە (نۆ) لۆی بۆ ئیوە و (لۆ)یەکیشی بۆ من! ئیتر میوانە دەلۆییەکان دەمیان ئەبێ بە تەڵەی تەقیو.

هەروا جارێکیان ئەچێتە دێی (بادەوا) کە سەر بە ناحیەی لەیلانە، ئەبێ بە میوانی خزمێکی کە کۆنە ژنی تەڵاقدراوی شێخ ڕەزای مارە کردبووەوە.

خانەخۆییەکەی پێی ئەڵێ: شێخ ڕەزا! ئاگادار بە، حەوشەکە چاڵی (عارەب قوزی)ی لێیە، تاریکە شەوە، نەکەویتە ناویەوە ئەویش یەکسەر ئەڵێ: قەیناکا بیشکەومە ناوی، ناترسم، کۆنە چاڵی خۆمە!

هەروا خوا لێخۆشبوو حاجی حەمیدی حاجی کەریم کە لە دانیشتوانی گەڕەکی بەرتەکیە بوو و هەتا ئەم چەند ساڵەی دوایی مابوو و لە تەمەنی نزیکەی سەد ساڵیدا کۆچی دواییی کرد، بۆی گێڕامەوە وتی: ڕۆژێکیان شێخ ڕەزا لە ماڵی خۆیانەوە کە بەرامبەری تەکیە بوو، ئەچوو بۆ تەکیە. لە بەردەرگای تەکیەدا چەند هەرزەکارێکی خەڵکی گەڕەکی بەرتەکیە بووین ڕێمان پێ گرت و داوامان لێ کرد: توخوا مامە شێخ شیعرێکمان بەسەردا بڵێ. وتی وازمان لێ نەهێنا و ئەویش ئەیگوت: کوڕینە! وازم لێ بێنن، ئەگینا زەرەرتانە، بەڵام یەخەمان هەر بەرنەدا، ئەوجار ڕاوەستا و وتی:

حەرامزادە و دایک خۆگێی بەرتەکیەیی زۆرە
(خلە) و (بلە) و (فشەگاڵتە) و (عەزە دەم بۆر)ە

حاجی حەمید وتی: شێخ ڕەزا کە شیعرەکەی وت یەکە یەکە ئیشارەتی بۆ ئەو چوار کەسە کرد. ئێستایش نەوەی دووانیان لە هەمان گەڕەکدا هەر ماون.

لەبارەی ئەو بەیتە شیعرەیەوە کە ئەڵێ:

تڕی ئەولادی ئەم عەسرە بە کێرم
کە مردم مەگەر گوو بکا بە خێرم

مامۆستا تۆفیق وەهبی بۆی گێڕامەوە وتی لە ساڵی ١٩٥٦دا یەکێ لە کۆنە وەزیرەکانی ئەو سەردەمە مردبوو، لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بە خاکیان ئەسپارد. وتی لەو کاتەدا بەناو گۆڕستانەکەدا ئەسووڕامەوە، گەیشتمە سەر گۆڕی خوا لێخۆشبوو شێخ ڕەزا. تەماشام کرد گۆڕ و کێلەکانی تێک شکاون. کە گەڕامەوە ناو خەڵکەکە چاوم بە شێخ حەسەنی کوڕەزای شێخ ڕەزا کەوت، چووم دەستم گرت و بردمە سەر گۆڕەکەی باپیری. وتم: باپیرت ناهەقی نەبووە کە ئەو شیعرەی پێ وتوون و شیعرەکەم بەسەرا خوێندەوە.

مامۆستا تۆفیق وەهبی وتی وا دیاربوو قسەکەم بێ سوود نەبوو چونکە پاش چەند هەفتەیەک ڕۆژێکیان شێخ حەسەن تەلەفۆنی بۆ کردم و ئاگاداری کردم کە گۆڕەکەی شێخ ڕەزایان هەڵبەستووەتەوە.

***

لە هەمان باسدا دوکتۆر شوکریە دێتە سەر باسی شیعری شێخ ڕەزا و بیری کۆمەڵی دەرەبەگی و ئەنووسێ: «هەندێ شیعری وای هەیە لە ئەنجامی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەدا مۆرکی سیستێمی دەرەبەگییان پێوە دیارە وەک تەعریفی خێڵێک و هەلاویردنی بەسەر خێڵی تردا، کە خێڵەکیەتیی خۆی دیمەنێکی پاشکەوتووی کۆمەڵەی دەرەبەگییە...».

منیش لەگەڵ دوکتۆرم لەم دەسنیشانکردنەی لایەکی کاکڵی شیعری شێخ ڕەزادا و نیازی داکۆکی لێکردنیم نییە، ئەگینا خۆیشم ئەبم بە هەڵگری ئەو بیرەی ئێستا بووە بە پەڵەیەکی ڕەخنە بەناو چاوی هەندێ پارچە شیعری شێخ ڕەزاوە. شێخ ڕەزا دیارە لە کوردستانی نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا ژیاوە کە خەڵک بۆ چارەکردنی گیروگرفتەکانی ژیانیان ئامۆژگاریکەر و ڕێ پیشاندەریان لە بیری کۆمەڵی دەرەبەگی بەولاوە نەبووە.

ئەگەر شێخ ڕەزا بۆی بلوایە بە بیری ئەمڕۆی لای خۆمان و ئەورووپای سەردەمی خۆی بیری بکردایەتەوە، بە جۆرێکی تر لە هەرای تاڵەبانی و کاکەیی و داوودە و جەباری ئەدوا، دەستی ئەخستنە سەر زامە قووڵەکەی ژیانیان کە ڕژێمی دەرەبەگی بووە. ئەو عەشرەتانە لە ڕاستیدا لەسەر زەویوزار هەرایان بووە و یەکتریان داوە بە کوشت و قڕیان خستووەتە یەک و ئەگەر لێکیشی بدەینەوە بۆ سوودی خێڵەکانی خۆیان ئەمەیان نەکردووە، بۆ سوودی سەرۆکە دەرەبەگەکانیان کردووە و بەهەرحاڵ خۆیان هەر کڵۆڵی و کوێرەوەرییەکەیان پێ بڕاوە، زەوی بەناو بۆ خێڵی خۆیان ساغ بووبێتەوە یا بۆ خێڵەکانی تر.

شێخ ڕەزا و سەردەمی شێخ ڕەزا بەسەرچوون. ئێمە ئەبێ خەمی ئەم سەردەمەی خۆمان بخۆین کە لەم دوا سالانەی سەدەی بیستەمدا، لە خوا بە زیاد بێ، بنووسی ئەوتۆمان هەن دەیان لاپەڕەیان لە شانازیکردن بە خێلایەتی

و ژیانی خێڵەکیدا ڕەش کردووەتەوە و تەنانەت لە باسی هەراکانی ئەو سەردەمە کۆنانەی خێڵەکاندا، وەک بڵێی ئەمڕۆ خێڵەکانیان چووبنە مەیدانی هەراوە و بە قانوونی (أنصر أخاك ظالما أو مظلوما) لایەنی خێڵەکەی خۆیان ئەگرن و خراپەی خێڵەکانی تر ئەڵێن و گوناح هەموو ئەخەنە ئەستۆی ئەوان و خێڵەکەی خۆیان بێ تاوان دەرئەکەون، بێ ئەوەی لە کورۆکی ناکۆکییان و هۆ مێژووییەکانی ئەو ناکۆکییانە و شوێنیان لە مێژووی نەتەوەدا بکۆڵنەوە. ئەم جۆرە بنووسانە کە لاپەڕە پان و بەرینەکانی هەندێ لە گۆڤارەکان بۆ باسی خۆیان و هەرچی پێوەندیی بە خۆیانەوە ببێ، تەرخان ئەکەن، لەم مەیدانە دوور لە مایەی شانازی لە هەقەدا دەیان هەنگاو لە شێخ ڕەزا و شێخ ڕەزاکانی سەردەمە بەسەرچووەکانیان دوورتر ڕۆیشتوون و لە چاو ئەوانا شێخ ڕەزا بە هەزار ئاو شۆراوەتەوە.

ئەوەندە بۆ شێخ ڕەزا بەسە کە هەرچیی لە دڵدا بووە بە ئاشکرا و بێ پێچ و پەنا وتوویە و خستوویەتیە سەر کاغەز و ئەگەر بەلایەوە پێویست بووبێ تەنانەت سڵی لە هەجووی برا و خزمەکانی خۆیشی نەکردووەتەوە. بەڵام ئەم جۆرە بنووسانەی ئەمڕۆ، لە سیاچارەیی نەتەوەکەیان، نووسینەکانیان بە ئیدیعای پڕ سەر و سەدای نەتەوەییەوە ئەپێچن و خۆیانی پێ ئەکەن بە پێشقەرەوڵی ئەم مەیدانە و لە ڕاستیشدا لە هەڵگرێکی بیری پاشکەوتووی خێڵایەتی و تایەفەگەری زیاتر نین. ئەمەش لە خۆیەوە نییە، دەستێکی لە دواوەیە بەرودوای ئامانجی گێڕانەوەی کۆمەڵی کوردەوارییە بۆ دواوە، کۆسپ هێنانەڕێ و بەر لێگرتنیەتی لە کەوتنە تەک کاروانی بەرەوپێشچوونی مرۆڤایەتی.

ئێستا خەریکە لەم نامیلکەیەم ببمەوە، پێم خۆشە دوایی باسەکەم بەم سەرگوزەشتەیە بهێنم لەبارەی عیزەتی نەفسی شێخ ڕەزاوە:

جارێکیان شێخ ڕەزا ئەچێ بۆ نەجەف بۆ زیارەتی مەرقەدی ئیمامی عەلی، زانایان و ئەدیبان و پیاوماقووڵانی ئەو سەردەمەی نەجەف کە پێی ئەزانن پێشوازیی لێ ئەکەن و لە دەوری خڕ ئەبنەوە. ئەویش بەو موناسەبەتەوە چەند

قەسیدەیەک لە شیعرە فارسییەکانی ئەخوێنێتەوە کە بە شان و باڵی ئال و بەیتی پێغەمبەریدا هەڵداوە تیایانا و تەعریفی تیا کردوون. دانیشتوان زۆریان پێ خۆش ئەبێ و بەر لەوەی ئەو لە خوێندنەوەی قەسیدەکانی ببێتەوە دەست ئەکەن بە دیاری پێشکێشکردنی و زێڕ و زیوێکی زۆری لە بەردەما دائەنێن. ئەو هەروا لەسەرخۆ خوێندنەوەی شیعرەکانی بەردەوام ئەبێ و هەستیش ئەکا کە ئەم هەموو دیارییە لەبەرئەوەیە کە تەعریفی ئال و بەیتی کردووە. جا بۆ ئەوەی دانیشتووەکان وا نەزانن ئەو بۆ پارە و پوول ئەم شیعرانەی وتووە، بەیتێکی نوێ ئەخاتە سەر دوا قەسیدە و ئەیکا بە دوا بەیتی ئەو قەسیدەیە و ئەڵێ:

من سنیم، اسمم (رضا)، کلب امام مرتضی

دانیشتووەکان کە گوێیان لەو بەیتە ئەبێ چاوی ڕەشیان کاڵ ئەبێتەوە و هەریەک لە ئاستی خۆیەوە دەست ئەبا خەڵاتەکەی خۆی ئەکێشێتە دواوە و ئەیخاتەوە باخەڵی و شێخ ڕەزایش هیچ گوێ ناداتێ و کە لێ ئەبێتەوە بەجێیان دێڵێ و بە ڕێی خۆیا ئەگەڕێتەوە.

ئەم ڕووداوە ئەوەمان پێشان ئەدا کە شێخ ڕەزا عیزەت نەفسێکی بەرز و باڵای بووە و نەیهیشتووە کەس وای لێ تێ بگا بۆ خەڵات و بەرات شیعر ئەڵێ و لام وایە ئەگەر تەنانەت جاروبارێکیش لە پارچە شیعرێکیا باسی دیاریی کەسێکی کردبێ، هەر لەبەر ئەوە بووە کە ئەو خاوەن دیارییە دۆستە، ئەگینا ئەبێ کەڵەشێرێ یا ئێسترێ یا ماینێ چ بایەخێکی ببێ شێخ ڕەزا قەسیدەیەکی بۆ لە تەعریفکردنی ئەو کەسەدا بڵێ کە بۆی ناردووە؟!

کاروان ژمارە ٧٠، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨

# له قسه خۆش و نەستەقەکانی شێخ رەزای تاڵەبانی
# لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ چەند هەڵوێستێکی جوامێرانەی

دوکتۆر نووری تاڵەبانی

شـێـخ ڕەزای تاڵەبانی شـاعـیـری کـلاسـیکی گـەورەی کـورد و بەتوانا لە ڕێکخستنی شیعر و قافیە لە هەموو مەیدانەکانیدا، بە تایبەتی لە مەیدانی هەجوو و ڕەخنەگرتنا، پیاوێکی زۆر قسەخۆش بووە، زۆریش حەزی لە گاڵتە و سوحبەتکردن بووە. ئەم پیاوە گەورەیە خاوەنی هەڵوێستی جوامێرانە بووە لەگەڵ هەموو کەسێکدا، هەتا ئەگەر ئەو کەسانە خراپەشیان بەرامبەر کردبێت، کە شوکری فەزڵیی شاعیر یەکێکیان بووە و لە هەموو کەسێکی تر زیاتر شیعری ناشیرین و ناڕەوای پێ وتووە. بەشێک لە قسە خۆش و نەستەقەکانی شێخ ڕەزا ئێستاش دانیشتنی ئەدیب و ئەدەبدۆستان و خەڵکانی تریش دەڕازێننەوە. لەوە دەچێت هەر لە مناڵییەوە زیرەکی و بلیمەتی و زمانتیژیی پێوە دیار بووبێت. دەگێڕنەوە دەڵێن لە سەردەمی ژیانی باوکی، شێخ عەبدوڕەحمانی (خالص)، کە زانا و شێخی عیرفان و شاعیرێکی گەورە بووە، شێخ ڕەزای مێردمناڵ لەگەڵ شێخ عەلیی کاکی و دوو براکەی دیکەیان دەچنە بەغدا بۆ زیارەتی بارەگای شێخ عەبدولقادری گەیلانی. بە زمانی شێخ ڕەزا دەگێڕنەوە وتوویێتی، لە کاتی تەوافکردنا پاڕاوەتەوە لە خوای گەورە تاکو توانای شیعر و قافیە ڕێکخستنی پێ ببەخشێت، پاش چەند سەعاتێک زمانی بەستراوە و قسەی پێ نەکراوە، ئەوەش بووەتە هۆی ناڕەحەتیی کاکی گەورەی شێخ عەلی تاڵەبانی. کاتێ دەگەڕێنەوە بۆ کەرکووک، شێخ عەلی ئەم ڕووداوە بۆ باوکی دەگێڕێتەوە، ئەویش بە بزەیەکی سەر لێوەوە فەرموویەتی "خۆزگە زمانی هەر نەکرابایەوە".

شـێخ ڕەزای قـسـە خـۆش و سـوحـبـەت خـۆش دانەمـاوە لە وەڵامـدانەوەی بەرامبـەرەکـەی و قـەت لە وتنی شـیـعری ڕەخنـەگرتن لە ڕووی دەسـەڵاتداراندا سڵی نەکردووەتەوە، بێ گوێدانە پلە و پایەیان. بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ قسەی خـۆی کـردووە و ڕەخنـەی هـەتا لە سـوڵتـان و سـەدری ئەعزەم و والی گـرتووە. لەگەڵ خـزم و دۆسـتـانیـشی، بەهـەق و بەناهـەقی بەشـیـعر و بەقـسـە هـەرچیی بەدەمـا هـاتبـێت نەیگـێـڕاوەتەوە، بەڵام وەکـو دەگـێـڕنـەوە پاشـان زۆر جـاران پەشیمان بووەتەوە. شێخ ڕەزا پیاوێکی دووڕوو نەبووە، قسە خۆشـەکانی وەک شیعرەکانی بە گێڕانەوەی دەماودەمی بۆمان ماونەتەوە، هەر پاش وتنیان بڵاو بوونەتـەوە لە دیوەخـانە و تەکـیـە و خـانەقـاکـانـدا، کە لـەو سـەردەمـەدا وەکـو مـەڵبـەندی ڕۆشـنبـیـری بوون لە سـەرانسـەری کـوردسـتـانـدا. هـەروەک چۆن بەشـێکـی زۆر لە شـیـعـرەکـانی فـەوتاون، بـەو شـێـوەش قـسـە خـۆشـەکـانی بەشێکیان لە بیر کراون یان فەوتاون یان دەستکاری کراون.

بەشێک لە شیعرە هەجووەکانی شێخ ڕەزا و قسە توندوتیژەکانی بوونەتە مایەی ئیحراج بۆ کەسوکاری، بە تایبەتی بۆ کاکی گەورەی حاجی شێخ عەلی تاڵەبانی کـە گـەورە پیـاوی ئاینی و کـۆمـەڵایەتیی ناوچـەی کـەرکـووک و کوردستانی ئەو سەردەمە بووە و سەرۆکی بنەماڵەی تاڵەبانی بووە. لە بەشێک لە شـیـعـرەکـانی هـەجـووی کـەسـانێکی کـردووە کـە سـایشـتـەی ئەو جـۆرە هەجووکردنە نەبوون. بۆ نموونـە، لە تاکە بەیتێکدا قسـەی توندی دەرحـەق بە مـەلا مـەحمـوودی مـەزناوە کـردووە، کە یەکێک بووە لە مـەلا هـەرە ناودارەکانی کەرکووکی ئەو سەردەمە، شێخ ڕەزا دەڵێ:

کـێ دیویـەتی مـاڵی خـەزوور بـۆ زاوا
تۆ لە کوێ تـەکیـە لە کوێ "بزنە گـەڕی مـەزناوا"

وا دەزانم بەشی زۆری ئەو مـامۆسـتـایانەی شیعرەکانی شێخ ڕەزایان لێک داوەتەوە ئامـاژەیان بۆ هۆی وتنی ئەم تەنیـا بەیتـە شـیـعرە نەکـردووە، چونکە ئاگاداری پێوەندیی نزیکی نێوان مـەلا مـەحـموود و شـێخ عـەلیی برا گـەورەی شـێخ ڕەزا نەبوون. مـەلا مـەحـمـوود جگە لەوەی زانـایەکی گـەورە بووە،

مـامـۆسـتـای خـوا لێی خـۆش بێت باوکم شـێخ جـەمیلی تاڵەبانـی بووە، لە مـەیدانی عیرفانیشدا پایە بەرز بـووە، خەلیفەی کـاک ئەحمەدی شێخ و شێخ عەلیی تاڵەبانی بووە. وەکـو لە خـوا لێخـۆشبـوو کـاکم شـێخ عـەلی تاڵـەبانیم بیسـتووە، مـەلا مـەحمـوود پێی خۆش بووە نزیکتر بێتـەوە لە شـێخ عـەلی و خـوازبێنیی یەکـێک لە کـچەکـانی بکات. شـێخ ڕەزا بە(سـووئی نیـەتەوە) ئەو مـەبەسـتـەی مـەلا مـەحـمـوودی لێک داوەتەوە، وا تێ گـەیشـتووە گوایا نیـازی ئەوەی هـەبێت ببێ بەجـێنشـینی شـێخ عـەلی. شـێخ ڕەزا لـەو بەیتـەدا دای شۆردووە و کردوویەتی بە "بزنە گەڕی مەزناوا". لە ڕاستیدا تاکو ئەمڕۆکەیش ئێمەی نەوەی شێخ عەلیی گەورە، پاش تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵانە جاروبار کە چاومـان بە نەوەی یەکێ لەو کەسانە دەکەوێت کە شـێخ ڕەزا بە توندی دای شۆردوون هەست بە ئیحراجی دەکەین.

شـێخ ڕەزا چ بەشیـعـر و چ بەقسـە، زۆر کـەسی ناوداری ئەو سـەردەمـەی شـۆردووەتـەوە. لە چەند بـەیتـە شـیـعـرێکی هەجـووی تێکرا خـەڵکانی چەند شـارێکی کوردسـتانی کردووە. سـەیر لەوەدایە ئێستـاش ئەو شیعرانە لەسـەر زاری خەڵکن و کەسانێکی زۆر بۆ گاڵتە لە بۆنە و بێ بۆنە دەیڵێنەوە.

لە چەند کـەسێکم بیسـتووە کە چاویان بە شێخ ڕەزا کـەوتووە و لە نزیکەوە ناسـیویانە، هـەمـوو دەیانگوت پیـاوێکی زۆر دڵپـاک و دەروون خـاوێن بووە، زۆر بە دین بووە، بە کردەوە زۆر دوور بووە لەو قسـانەی لە شـیعـرەکانیدا وتوونی. شـیـعـر و قسـەکـانی جـاروبار بوونـەتە مـایەی پەسـتی و دڵگیـری لەلای ئەو کەسانـەی هـەجووی کردوون، هـەرچەندە زانیویانە ئەو شیعرانەی بۆ سـوحبەت و ڕابواردن وتووە. شـێخ ڕەزا سـتـایشی ئەو کـەسـانەی کردووە کـە هـەجووی کـردوون. لە وەرامـدانەوەی پرسـیـارێک ئـاراسـتـەی کـراوە، بۆچی هـەجـووی کەسانێکی کردووە، کەچی لەگەڵ کەسانێکی دیکەدا بێدەنگ بووە، وتوویەتی «ئەو کەسانەی دیار نەبن من هەجوویان ناکەم».

لـەوە دەچێت لە سـەردەمـی شـێخ ڕەزا و لـە پاش ئـەویش زۆر لـە گـەورە پیـاوانی ئاینی و کۆمـەڵایەتیی کورد حـەزیان لە شـیـعری هەجووی مـەکشـوف

بووه. لە بەشێک لە دیوەخانە و تەکیە و خانەقاکاندا ئەو شیعرانە خوێندراونەتەوە و گوێ ڕاگیراوە لە نوکتەکانی. گەر تەماشای کتێبی (ڕشتەی مرواری)ی مەلا عەلائەدینی سەجادی بکەین دەبینین پڕە لە قسەی گاڵتە و نوکتەی کراوە بەزمانی بەشێک لە گەورە پیاوانی ئاینی و کۆمەڵایەتیی سەدەی بیستەم و پێشتریش. خەڵکەکە تێکڕا حەزیان لەو جۆرە قسانە بووە، بۆیە بە ئاسانی بڵاو بوونەتەوە و کۆمەڵگەی کوردی قبووڵی کردوون.

ئەو کەسانەی نارەحەت بوون لە شیعرە هەجووەکانی شێخ ڕەزا بەشێکیان چوونەتە لای شێخ عەلیی کاکی و گلەییان کردووە. بەپێی نەریتی ئەو سەردەمە، شێخ عەلی خۆی لە شێخ ڕەزا تووڕە کردووە و سەرزەنشتی کردووە، چونکە بەشێک لەو کەسانە دۆست و موریدی بوون و هەمووشیان لەناو کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەدا ناودار و دیار بوون. حاجی موستەفای قیردار یەکێک بووە لەو کەسانەی چووەتە لای شێخ عەلی و گلەییی لە شێخ ڕەزا کردووە. حاجی موستەفا پیاوێکی ناوداری کەرکووک بووە و ماوەیەک ئەندامی ئەنجوومەنی (مەبعووسان)ی عوسمانی بووە لە ئەستەموول و سەرۆکی شارەوانیی شاری کەرکووک بووە. لە پارچە شیعرێکدا بەزمانی تورکی، شێخ ڕەزا تەشبیهی کردووە بە میناس غەریبی مەترانی ئەو سەردەمەی کەرکووک. ئەو پارچە شیعرە لەناو دیوەخانەکانی کەرکووکدا بڵاو دەبێتەوە، پاش ماوەیەک دەگاتەوە بە حاجی موستەفا کە دۆست و موریدی شێخ عەلی بووە. حاجی موستەفا دەچێتە لای شێخ عەلی و گلەیی دەکات کە شێخ ڕەزا تەشبیهی کردووە بە مەترانی کەرکووک. شێخ عەلی دەنێرێ بە شوێن شێخ ڕەزادا و خۆی لێ تووڕە دەکات و پێی دەڵێت چۆن پیاوێکی گەورەی وەکو حاجی موستەفا دەشوبهێنێ بەمەترانی کەرکووک؟ لەو سەردەمەدا تەشبیهکردنی پیاوێکی دیندار و ناوداری ناو کۆمەڵ بەمەترانی دیانەکان کارێک بووە بە ئاسانی قبووڵ نەکراوە[1]. لە وەرامدانەوەی

(١) تەماشای نووسینەکەم بکە لەژێر ناوی: "گەشتێکی تر بە جیهانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا"، کۆواری (کاروان) ژمارە (٧٠)ی ساڵی ١٩٨٩، لاپەڕە ٢١.

گلەییەکەی حاجی موستەفادا، شێخ ڕەزا ڕووی کردووەتە کاکی و وتوویەتی من سەرم لێ شێواوە، لەلایەکەوە مەتران هاتووەتە ماڵم و گلەییی لێ کردووم چونکە شوبهاندوومە بە حاجی موستەفا و پێم دەڵێت لە کەرکووک کەسێکت نەدۆزییەوە پێیم بشوبهێنی لە حاجی موستەفا بەولاوە، کەچی حاجی گلەییی ئەوەم لێ دەکات شوبهاندوومە بە مەتران. بە کورتی حاجی موستەفا قەرزاربار دەبێتەوە.

لێرەدا ئاماژە بۆ چەند بۆنەیەکی دانانی چەند بەیتە شیعرێکی شێخ ڕەزا دەکەم، لەگەڵ گێڕانەوەی چەند قسەیەکی نەستەقی شێخ ڕەزادا. بەشێک لەو قسانە لە پیاوانی بە تەمەنم بیستوون کە چاویان بە شێخ ڕەزا کەوتووە، یان بە دەماودەمی ئەو قسانەیان لە کەسانی نزیکیەوە بیستووە. چەند قسەیەکی دیکەی شێخ ڕەزام لە کاکم خوای لێ خۆش بێت شێخ عەلی تاڵەبانی بیستووە، هەندێکی دیکەیان لە خوا لێخۆشبوو مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ. کۆمەڵێک لەو قسانەی بە زمانی شێخ ڕەزاوە بڵاو کراونەتەوە، یان بۆ لێکدانەوەی شیعرەکانی و بۆنەی وتنیان نووسراون، بەشێک لە ئەدیب و نووسەرە بەڕێزەکان ناوی ئەو کەسانەیان دەستنیشان نەکردووە کە ئەو قسانەیان لێ بیستوون. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوە تا ڕادەیەک گومان بکەوێتە سەر دروستیی ئەو لێکدانەوە و نووسینانە. ئەگەر تەماشای نووسینەکانی خوا لێی خۆش بێت مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ بکەین کە لە کۆواری "دەفتەری کوردەواری" لە سەرەتای حەفتاکاندا بڵاوی کردوونەتەوە لەبارەی قسە و شیعرەکانی شێخ ڕەزاوە، یان ئەو (پێشەکی)یەی بۆ دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی نووسیوەتەوە کە پاش کۆچکردنی خوا لێی خۆشبێ کاک ئومێد ئاشنا بڵاوی کردووەتەوە، دەبینین بەشێک لەو قسانەی بۆ لێکدانەوەی موناسەبەی شیعرەکانی نووسراون پێویست بە چاوگێڕانەوە دەکەن. لەو نووسینەی لە کۆواری (دەفتەری کوردەواری) بڵاو کراوەتەوە، مامۆستا خاڵی ڕەحمەتی میناس غەریبی مەترانی کەرکووکی کردووە بە جوولەکەی مەیفرۆش بەش بە حاڵی خۆم تا ئێستا نەمبیستووە لە کوردستاندا جوولەکەیەک

مەیفرۆشیی کردبێت. لە لێکدانەوەکانی بۆنەی وتنی چەند بەیتە شیعرێکی شێخ رەزا، مامۆستا خاڵ ناوی ئەو کەسانەی نەهێناوە کە ئەو قسانەی لێ بیستوون، ئەمەش گومانێکی تر دەخاتە سەر دروستیی شێوەی ئەو لێکدانەوە و نووسینانە. پێویستە لە نووسین و لێکۆڵینەوەی زانستیدا ناوی سەرچاوە و ئەو کەسانە بنووسرێن کە گفتوگۆیان لەگەڵدا کراوە. مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ زانایەکی ئایینی گەورە بووە، دەبووایە لە گێڕانەوەی ئەو قسانەدا ناوی ئەو کەسانەی بەیان بکردبا کە ئەو قسانەیان بۆ گێڕاوەتەوە. هەرچەندە لێرەدا مەبەستم تەشبیهکردن نییە، بەڵام چۆن لە گێڕانەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ناوی ئەو کەسانە تۆمار کراون کە ئەو فەرموودانەیان گێڕاوەتەوە، لێرەشدا دەبوو ناوی ئەو کەسانەی ئاشکرا کردبا کە ئەو قسانەی بە زاری شێخ رەزاوە وتووە، چونکە کاری زانستی دەبێت بەو شێوەیە ئەنجام بدرێت.

بەشێکی زۆر لە قسە خۆشەکانی شێخ رەزا فەوتاون یان لەبیر کراون، چونکە نەنووسراونەتەوە و ئەو کەسانەش کە بیستوویانە دەمێکە چوونەتە بەر دلۆڤانیی خوا. مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ دەیوت پیاوێکی وەکو شێخ رەزای خاوەن ئەو هەموو شیعرە جوان و بەتام و چێژانە چۆن دەبێت دوو سێ ئەوەندە قسەی خۆشی لە پاڵدا نەکردبێت! جاری وا هەیە تاقە بەیتێک رووداوێکی گەورەی لە دوادا بووە، یان بەهۆی قسەی یەکێکی ترەوە کراوە، چونکە شێخ رەزا لە ناوجەرگەی کۆمەڵگەدا ژیاوە، شیعر و قسەکانی ئاوێنە و ڕەنگدانەوەی ئەو ژیانە بوون. شێخ رەزا گەشتی زۆری کردووە بە جیهانی پێشکەوتووی ئەو سەردەمەدا و هەزاران رووداوی چاو پێ کەوتووە و هەوڵی داوە بەشێکیان تۆمار بکات نەک لەسەر کاغەز بگرە لە دڵی خەڵکدا. ئەگەر شێخ رەزا نەبێت کێ دەتوانێ پێش سەد و بیست ساڵ ئەم بەیتە شیعرە بڵێت:

راست لە دونیادا نەماوە گەر قسەی ساغت دەوێ
بێ هەزارانت نیشان دەم گەر قورمساغت دەوێ

بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی شێخ رەزا بە بۆنەوە وتراون، بەکوتوپڕی و لە ناکاودا ئەو شیعرانە وەک پەڵە هەوری بەهار لە دەمیەوە دەرپەڕیون. زۆرجاران تەنیا بەیتە شیعرێک بۆنەیەکی گەورەی لە دوادا بووە، لە بیر کراوە یان هەر نەزانراوە. خوا لێخۆشبوو حاجی حەمیدی حاجی کەریمی دانیشتووی گەڕەکی بەرتەکیە، لە سەرەتای حەفتاکاندا بۆی گێڕامەوە وتی: کۆمەڵێک هەرزەکار بووین لە بەردەم دەرگەی تەکیەدا راوەستابووین، شێخ رەزا لە ماڵی خۆیانەوە دەهاتە دەرێ کە بەرامبەری تەکیە بووە، بۆ ئەوەی بچێتە تەکیە بۆ نوێژ. لە بەردەمیا وەستاین و کەوتینە پاڕانەوە لێی: "توخوا مامە شێخ شیعرێکمان بەسەردا بڵێ"، ئەویش پەلەی بوو بە نوێژەکەی ڕابگات دەیگوت بەرۆکم بەردەن ئەگینا زەرەر دەکەن. وتی هەر وازمان لێ نەهێنا، کوتوپڕ وەستا و گوتی، لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ چوار کەس لە نێوماندا:

بەرتەکیەلی حەرام زادە و دایک خۆگێی زۆرە

(خلە) و (بلە) و (فشە گاڵتە) و (عەزە دەمبۆرە)

لەو باوەڕەدام ئەم بەیتە شیعرەی شێخ رەزا ئەگەر یەکێک ئاگادار نەبێت لە بۆنەی گوتنی، ئەو کەسەی بەرچاوی دەکەوێت وا دەزانێ بەیتە شیعرێکی جنێودانە. سەدان شیعری شێخ رەزا بە بۆنەوە وتراون و کەس ئاگاداری هۆی وتنیان نییە، بۆیە تامیان لێ ناکەین یان بەباشی لێیان تێ ناگەین.

لە کۆتاییی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٩ کە مامۆستا بووم لە کۆلێجی قانوون لە زانکۆی بەغدا جارجار سەردانی (کۆڕی زانیاری کورد)م دەکرد. جارێکیان چاوم بە کاک عەزیز ئاکرەیی کەوت، کە لەو دەمەدا سەرۆکی بەشی کوردیی (کۆڕ) بوو. لەو دانیشتنەدا قسە گەیشتە سەر شێخ رەزا، پێشنیازی دامەزراندنی لێژنەیەکم کرد لە کەسانی شارەزا لە شیعرەکانی تاکو بتوانن کۆیان بکەنەوە، لەگەڵ لێکدانەوە و تۆمارکردنی بۆنەی وتنی شیعرەکانی. پێشنیازم کرد ئەندامانی ئەو لێژنەیە بچنە ئەو شار و جێگەیانەی کەسانی لێ ماوە کە شیعری شێخ رەزایان لەبەر ماوە و ئاگاداری بۆنەی وتنی شیعرەکانن، ئامادەیی خۆیشم پێشان دا بۆ هاوکاریکردنی ئەو لێژنەیە. کاک

عەزیز پێشنیازەکەی پەسند کرد و هەر لەوێدا داوای لە کاک لەتیف گلی کرد، کە بەڕێوەبەری (کۆڕ) بوو ئەو پێشنیازە بخاتە بەردەم کۆبوونەوەی داهاتووی (کۆڕ) لە مانگی ئەیلوولی ئەو ساڵە، چونکە پشووی هاوینی ئەو ساڵە تازە دەستی پێ کردبوو. پاش چەند ڕۆژێک گەڕامەوە بۆ کوردستان، لە کەرکووک قسەم لەگەڵ چەند کەسێک کرد بۆ هاوکاریکردنی ئەو لێژنەیە. لە ئێوارەیەکی مانگی تەمووزی ئەو ساڵە کاک عەزیز چووە سووریا و لەوێوە بەیانێکی دژ بە ڕژێم بڵاو کردەوە، بەو شێوەیە کارەکە تێک چوو و سەری نەگرت.

خوا لێخۆشبوو حەمید فەتاح ناسراو بە حەمید ئەفەندی، کە چاوی بە شێخ ڕەزا کەوتبوو و لە نزیکەوە دەیناسی و بەشی زۆری شیعرەکانی لەبەر بوو. جارێکیان لە تەکیە لە کەرکووک بۆی گێڕامەوە وتی شێخ ڕەزا جارێک لە ماڵەوە دێتە دەرێ تاکو بچێتە تەکیە، لەو کاتەدا حاجی ڕەفیق ئەفەندیی حاجی ئەمینی خادم سوجادە، کە پوورزای شێخ ڕەزا بووە لە بەردەم تەکیەدا بەسواری ئەسپێک تێ دەپەڕێ، بەنیازی گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان کە لە خوارووی تەکیەدا بووە. شێخ ڕەزا چاوی پێ دەکەوێت و ڕادەوەستێ و کوتوپڕ ئەم بەیتە شیعرەی بەسەردا دەڵێت:

مـاینە کوێتێکی لەژێردایە لەڕ و سست و عەتیق
شـــان بەشـــان ئەڕوا لەگـــەڵ (نعم الرفـــیق)

هەندێک ڕووداوی تایبەت بە ژیانی شێخ ڕەزاوە هەن لە سەرەتاوە بە هەڵە تۆمار کراون. بۆ نموونە، لە پێشەکیی دیوانی شیعرەکانی کە لە ساڵی ١٩٤٦ لە بەغدا چاپ کراوە لەلایەن خوای لێ خۆش بێت دادیار (پارێزەر) عەلی تاڵەبانی کوڕەزای شێخ ڕەزاوە، نووسەری پێشەکیی ئەو دیوانە هەڵەی زۆری نووسیوە، بەداخەوە نووسەر و لێکۆڵەوانی پاشتر، بە مەلا عەلادینی سجادیشەوە، لەسەر هەمان هەڵە ڕۆیشتوون و دووبارە و سێ بارەیان کردووەتەوە. هەموو دەزانین ئەو دیوانەی شێخ ڕەزا پڕە لە هەڵەی گەورە و بەنووسینێکی کوردیی ناتەواو و نارێک چاپ کراوە. ئەو کەسەی پێشەکیی بۆ دیوانەکە نووسیوە و ئامادەی کردووە بۆ چاپکردن شارەزاییەکی ئەوتۆی

لەبارەی ژیانی شێخ رەزاوە نەبووە، بە هەڵەشدا چووە لە چاپکردنی ئەو بەناو (دیوانە). لەو پێشەکییەدا نووسراوە کاتێ شێخ رەزا لە ڕێگای گەڕانەوەی لە ئەستەمووڵ گەیشتووەتە هەولێر، هەواڵی کۆچکردنی باوکی بەهۆی کاروانەوە پێ گەیشتووە، هەر لەوێدا لەسەری رۆیشتووە و نووسیویەتی پاش ماوەیەکی کەم لەگەڵ شێخ عەلیی کاکی لەسەر میراتی باوکیان بەینیان تێک چووە و ناخۆشی پەیدا بووە لە نێوانیاندا. جێگای داخە بەشی زۆری ئەو کەسانەی نووسین و لێکۆڵینەوەیان لەسەر شێخ رەزا نووسیوەتەوە، هەمان ئەو قسەیەیان دووپات کردووەتەوە، بێ ئەوەی خۆیان ماندوو بکەن لەو بۆچوونانە بکۆڵنەوە. بەهەمان شێوە لە گێڕانەوەی بەشێک لە بۆنەی وتنی چەند شیعرێکی شێخ رەزا، قسە کۆنەکان وتراونەتەوە و کەسیش ناوی ئەو کەسانەی نەهێناوە کە ئەو قسانەیان بۆ گێڕاونەتەوە. دەبووایە ئەو نووسەرە بەڕێزانە تۆزێک زیاتر خۆیان ماندوو بکردایە و باشتر لەو ڕووداوانەیان بکۆڵیایەوە. ئەو دیوانەی شێخ رەزا بە نارێکی کۆ کراوەتەوە و زۆریش ناتەواوە، چونکە شێخ عەلیی کوڕەزای شێخ رەزا، شارەزای زمانی کوردی نەبووە و ئاگاداری شیعرەکانی باپیری نەبووە. ئەو کەسەی پێشەکیی بۆ ئەو دیوانە نووسیوە و ئامادەی کردووە بۆ چاپکردن و سەرپەرشتیی چاپەکەشی کردووە، شارەزایییەکی ئەوتۆی نەبووە لەمەڕ ژیانی شێخ رەزا و ئاگاداری ڕووداوەکان و بۆنەی وتنی شیعرەکانی شێخ رەزا نەبووە. زۆر لە نووسەر و لێکۆڵەوان لە شیعری شێخ رەزا و بۆنەی وتنیان بەهەمان هەڵەدا چوون.

شێخ رەزا قسەی خۆشی زۆری هەبووە و شیعرەکانی پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە. مامۆستا تۆفیق وەهبی شێخ رەزای دەشوبهاند بە دەریا و دەیگوت چۆن دەبێت هەموو دەمێک خەریکی گەڕان بیت لەناو دەریادا تاکو شتی تازەی تێدا بدۆزیتەوە، پێویستە هەمیشە خەریکی لێکۆڵینەوەی شیعرەکانی شێخ رەزا بین تاکو شتی تازە بدۆزینەوە و باشتری لێ تێ بگەین.

شێخ رەزا خاوەنی هەڵوێستی جوامێرانە بووە هەتا لە بەرامبەر ئەو

کەسانەی بە توندی و بە ناشیرینی هەجوویان کردووە، لەوانە شوکری فەزڵیی شاعیری بەناوبانگ. پێش ئەوەی ئەو ڕووداوە بگێڕمەوە، کە لە مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگم بیستووە لەبارەی چۆنیەتیی رزگارکردنی ملی شوکری فەزڵی لە پەتی سێدارەدان بەهۆی شێخ رەزاوە، ڕووداوێکی تر دەگێڕمەوە، کە لە کاکم شێخ عەلی تاڵەبانیم بیستووە، ئەویش لە سەعدوڵڵا ئەفەندیی کەرکووکیی بیستووە. ئەو سەعدوڵڵا ئەفەندییە ئەدەبدۆست بووە و بەشی زۆری شیعرەکانی شێخ رەزای لەبەر بووە، لە شاری بەغدا دانیشتووە. لەوە دەچێت لە ساڵەکانی بیست و پاشتر، لە رۆژانی هەینی لە ماڵی یەکێ لە پیاوە کوردە گەورەکانی بەغدا کۆبوونەوەی ئەدەبی ساز کرابێت بۆ گوێگرتن لە شیعر و قسەی ئەدەبی بەزمانی کوردی و عەرەبی و تورکی و فارسی. لە یەکێ لەو دانیشتنانەدا داوا کراوە لە سەعدوڵڵا ئەفەندی چەند بەیتە شیعرێک بخوێنێتەوە، ئەویش ئەو قەسیدە شیعرەی شێخ رەزای خوێندووەتەوە کە تێیدا بە توندی هەجووی شوکری فەزڵیی کردووە، بەم بەیتە دەست پێ دەکات:

پوورە شوکری بەسیەتی با.... شەمەت لەق نەکەم

دایکە..... هەواڵەی سووری سەر ئەبڵەق نەکەم

کە دەستی کردووە بە خوێندنەوەی چەند بەیتە شیعرێک، ئەو کەسەی بەتەنیشتیەوە دانیشتووە ویستوویەتی ئاگاداری بکاتەوە تا ڕابوەستێ لە خوێندنەوەی شیعرەکە، بەڵام وتوویەتی لەو کاتەی کە شیعرەکەی خوێندووەتەوە، یەکێک لە دانیشتوانی کۆڕەکە، کە لە بەرامبەری دانیشتووە و نەیناسیوە، بەکوڵ دەستی کردووە بەگریان. بەهۆی ئەو کەسەی لەلایەوە دانیشتووە، سەعدوڵڵا ئەفەندی ڕادەوەستێ لە شیعر خوێندنەوە، بەڵام ئەو کەسەی گریاوە لە کاتی شیعر خوێندنەوەدا سەری بەرز کردووەتەوە و داوای لێ کردووە بەردەوام بێت لە خوێندنەوەی شیعرەکە و وتوویەتی "خۆزگە شێخ رەزا بمابایە و دوو ئەوەندە قسەی جۆراوجۆری پێم بوتایە"! دەرکەوتووە ئەو کەسە شوکری فەزڵی بووە، کە شێخ رەزا بووەتە هۆی ئەوە لەسێدارەدان رزگاری بکات.

مـامـۆسـتـا تـۆفـیق وەهبی لـە سـاڵی ١٩٧٥ بۆی گـێـڕامـەوە و گـوتی پاش گەڕانەوەی بۆ عێراق مـاوەیەک خەریکی کۆکردنەوەی شیعرەکانی شێخ ڕەزا و شـوکری فـەزڵی بووە. ماڵەکەی نزیکی مـاڵی شـوکری فـەزڵی بووە لە گەڕەکی (جدید حەسـەن پاشا) لـە بەغدا. هامشۆی یەکتر دەکەن و جارێک داوای ئەو شیـعرانەی لێ دەکات کە تێیدا هـەجووی شێخ ڕەزای کردووە، بەڵام هـەموو جـار بیانگەیەکی دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی ئەو شـیـعـرانەی پێ نەدات. ڕۆژێکیـان پێـی دەڵێت وا دیارە وازی لێ ناهـێنی، بۆیە ئەم ڕووداوەی بۆ دەگـێـڕێتـەوە. شـوکری فـەزڵی دەکـەوێتـە قـسـەکردن و دەڵێت لـە سلێـمـانی بـووە، لە پارچە شیعرێکدا بە زمانـی تورکی هەجووێکی توندی ئۆردووی عوسمانیی کردووە، پاش مـاوەیەک گیراوە و ڕەوانەی بەغدا کراوە و دراوە بە دادگەی سـەربازی، کە حـوکمی لەسـێـدارەدانی بەسـەردا سـەپاندووە. لەو مـاوەیەدا کـە چاوەڕێی فـەرمـانی ئەسـتـەمـووڵیـان کردووە بۆ جێـبـەجێکردنی بڕیاری دادگـەکە، ئەو هەواڵە دەگاتە شـێخ ڕەزا، کە وەکو ئاگادارین دوا سـاڵەکانی ژیانی لە بەغدا بەسـەر بردووە و هـەر لـەوێشـدا کۆچی دوایی کردووە. ئێوارەیەک شـێخ ڕەزا دەچێـتـە دیوەخـانەی (والی)، کـە وەکـو مـامـۆسـتـا وەهبی بـەگ دەیگێـڕایەوە ئەدەبدۆست بووە و زۆری حـەز لە شـیـعرەکانـی شـێخ ڕەزا بووە. (والی) ڕێز و حـورمـەتی شـێخ ڕەزا دەگـرێ و گلەییـشی لـێ دەکات کـە پێـشـتـر سـەردانی نەکـردووە. نـەریتی دیوەخـانەی (والی) وا بووە کـە پیـاوە گـەورەکـانـی بەغـدا ئێـواران چوونەتە دیوەخـانەکەی پێکەوە نوێژی شـێوانیـان کردووە و پاشـان چوونەتەوە مـاڵی خۆیان. پاش نوێژی شـێوان شـێخ ڕەزا دەمێنێتەوە و ( والی) پێی دەڵێت ئەو هـاتنـەی بێ مـەلامـەت نیـیـە، ئەویش لە وەرامـدا پێی دەڵێت بۆ کـاری شـوکـری فـەزڵی هـاتووە و دیوەخـانەکەی بـەجێ ناهێـڵێ ئەگـەر گفـتـی بەردانی شـوکری فـەزڵیی پێ نەدات. ( والی) بە شـێخ ڕەزا دەڵێت ئێـشـی ئەو ئەگەر بەو جێبەجێ بکرێت بەسـەر چاوان دەیکات، بەڵام ئەو کارە لە دەسـتی ئەودا نەمـاوە، بڕیاری دادگەی سەربازی دراوە و ڕەوانەی ئەسـتـەمووڵ کراوە، چاوەڕێی فـەرمـانی بابی عـالی دەکـەن، بـەڵام پێی دەڵێت لەبـەر خـاتر ئەو

هەرچیی پێ بکرێت قسوور ناکات. زۆری پێ ناچێت بەهۆی تکای (والی)ی بەغداوە بڕیاری دادگەی سەربازی بەسێدارەدانی شوکری فەزڵی دەکرێتە فەرمانی لێخۆشبوون لەو تۆمەتەی خرابووە پاڵی.

مامۆستا تۆفیق وەهبی گوتی ئەوجا شوکری فەزڵی ڕووی تێ کردم و گوتی، "ناهەقمە پاش ئەو کردەوە گەورەیەی شێخ رەزا پێت بڵێم ئەو شیعرانەی تێیدا قسەی ناشیرینم بە مامۆستاکەم وتووە هەموویان فەوتاون و نەماون مامۆستا وەهبی بەگ گوتی چەند جارێکی تر داوای ئەو شیعرانەم لێ کرد، بەڵام بێ سوود بوو هیچی پێی نەدام. ئەو ڕووداوە دەیسەلمێنێ کە شێخ رەزا پیاوێکی زۆر دڵ گەورە بووە، ئەویش بووەتە هۆی رزگارکردنی شوکری فەزڵی لە پەتی سێدارە، پاشان پێی دەڵێ کەسانێک هانیان داوە هەجووی بکات و قسەی ناشیرین بە شێخ رەزا بڵێت.

ئەمە نموونەیەکە لە هەڵوێستی پیاوانەی شێخ رەزا بەرامبەر کەسێک کە قسەی ناشیرینی پێ وتووە. لەو باوەڕەدام هەڵوێستی جوامێرانەی تری هەبووە، لە ئاکامی کۆڵینەوە باشتر ڕوون دەکرێنەوە، ئەگەر بەوردی لە شیعرەکانی بکۆڵینەوە بۆنەی شیعرەکانی بدۆزینەوە و هەوڵ بدەین لایەنە راستییەکانی ژیانی شێخ رەزا بخەینە بەرچاو، دەتوانین باشتر خزمەت بە ئەدەب و شیعری کوردی رەسەن بکەین، کە شێخ رەزا لەسەر لووتکەکەیدا راوەستاوە[٢](*).

---

(٢) تەماشای ئەم نامیلکەیە بکە لە ژێر ناوی: "شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی و چەند ناودارێکی تری ئەم بنەماڵەیە" بڵاوم کردووەتەوە، چاپی دووەم، لە هەولێر لە ٢٠٠٣ چاپ کراوە، ل ٦٥.

* ئەم بابەتە لەو کۆنفرانسە پێشکێش کراوە کە لە یادی شێخ رەزای تاڵەبانی لە ١١ی ئایاری ٢٠٠٤ لە سلێمانی ڕێک خراوە.

# چاوخشاندنێ بە چاپی تازەی دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا

نووسینی: محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی

وشەیێ:

دۆستی بەڕێزم، کاک هۆشیار قەفتان، نزیکەی چل ساڵێ لەمەوبەر لە گرتووخانەکەی کەرکووک پێکەوە بووین و یەکترمان ناسی و ئاشنا بووین، ئاشنایەتیی ڕۆژانی خەباتیش پیرۆزە و هەرگیز لەبیر ناچێ و تا ئێستەش هەر دۆستین، هەر ساڵە کە ڕۆژمێر و ساڵنامە و ئەجندەکان چاپ دەکات، بەر لە هەموو کەس چەندین ژمارەم بە دیاری بۆ ئەهێنێ هەم بۆ خۆم و هەم بۆ دۆستانم، هەروەها هەر کتێبێ کە خۆی لە سلێمانی چاپی ئەکات ژمارەیەکم بۆ دێنێ، ئەم جارە دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیی بۆ هێنام کە لە چاپخانەکەی سلێمانیی خۆیان چاپی کردووە، زۆر بەپەلە چاوێکم پێیا گێڕا، سەرنجم دا لە دوا لاپەڕەدا ناوی منی خستووەتە سەرووی ئەو ناوانەوە کە سپاسی کردوون.

جارێ زۆر سپاسی ئەو سپاسەی ئەکەم و پەسنی دیارییەکەیشی و پیرۆزباییی دەکەم کە بە یارمەتیی ئومێد کاکەڕەش و مامۆستا حەمەبۆر، ئەم بەرهەمەی وەدی هێناوە. ئینجا دەربارەی کتێبەکەیەوە چەند سەرنجێ دەرئەبڕم کە خوێنەران و خوێندەواران بزانن من ئەم کتێبەم بەر لە چاپکردن نەدیوە، وەگەرنە هەڵەبژێرم ئەکرد.

ئەوەی ڕاستی بێ دەمێ بوو بیستبووم کاک هوشیار و کاک ئومێد کاکەڕەش بەرنامەی چاپی تازەی دیوانەکەیان داڕشتووە، زۆر پارچە هەڵبەستی بزربوویان دۆزیوەتەوە و نیکاتی شێخ ڕەزایان تۆمار کردووە، ماوەیەکیشە شتی ئومێد کاکەڕەش دەخوێنمەوە، دەبینم هەوڵ ئەدات، بەپێی

توانا و لێوەشاوەییی خۆی خزمەتی ئەدەبی وڵاتەکەی بکات و پلەی خۆیشی لە ئاشنایی و شارەزاییبا دەناسێ و حەز لە فیشاڵ و دەست هەڵبەست ناکا، بەڵام بە خەیاڵما نەدەهات مامۆستا هۆشەنگ (حەمەبۆر) بەغدای بەجێ هێشتبێ و قوتابخانەی ئەدەبیی خۆی گواستبێتەوە بۆ سلێمانی، ئێستە سەد شوکور بۆ خوا سلێمانی پایتەختی سولێمانیانە، دەرگای ئەدەبی تیا واڵایە و لە هەمووولاوە نووسەران ڕووی تێ دەکەن و هەر ئەدیبە بەپێی توانای خۆی بەرهەمی خۆی ئەخاتە سەر سفرەی ئەدەب و پێشکێشی کوڕانی وڵاتی دەکات. زۆری وا هەیە پەپوولەسلێمان ئاسا باڵە کوللەیەک ئەکاتە زیافەتی سپای ئەدەب و هەندێ هەن (ئاصەف) ئاسا تەخت و تاراجی ئەدەبی گەلان ئەکەن و زانست و زانیاری و ئەدەبی گەلان ئەکەنە گوڵدەستەی دیاری و پێشکێشی ڕۆڵەی وڵاتی دەکەن، بۆ ئەوەی ئەو بەشە ڕزگاربووەی کورد لە گەرووی (قومقوم) سوود لە زانست و ئەدەبی بێگانە و خۆماڵی وەربگرن، چێژگەی شیرینی بڕێژنە شانەوە، وەک مێشەنگ بیکەنە هەنگوین و نەتەوەی پێ پەروەردە بکەن.

ئەدەبی شێخ ڕەزای تاڵەبانی کە پیرەمێردی بەهەشتی پەلاری تێ گرتووە و وتوویە: "شایستەی ئەدەبخانەیە" (بە هەردوو واتا) لەو ئەدەبە نەمرە بەرزانەیە کە لەبەر سادەیی و ڕێکوپێکی لە هەموو وڵاتی کوردەواریدا ویردی سەر زبانی کوڕانی گەلە، خەڵکی سنە و سابلاخ ئەوەندە شەیدای ئەدەبی شێخ ڕەزان شەڕەشیعری پێ ئەکەن. خەڵقی سلێمانی، بەتایبەتی ئەدیباتی لە کۆڕ و لە ئەنجوومەنا، بۆ بەڵگە جنێوەکانی وەک قسەی نەستەق ئەگێڕنەوە، خەڵکی کەرکووک حەسرەتی ئەوەن بۆچ ژوورەکەی خودی شێخ ڕەزا لە تەکیەی کەرکووک کەفماڵ و بۆیاغ کراوە، بەر لەوەی ئەو هۆنراوانە بنووسرێتەوە کە ئەو خۆی بەپەلە بە دیوارەکانا ئەینووسییەوە. ئەدیباتی بەغدا، شام، حەلەب، ئەستەمبووڵ.. تا ئەمڕۆ تامەزرۆی ئەدەبی شێخ ڕەزان.

ڕاستە ئەدەبی شێخ ڕەزا پڕە لە قسەی بێ ئەدەبانە و جنێو، بەڵام جنێوەکانی ئەوەندە هونەروەرانەیە، هەر دەڵێی دانەی مروارین و زەڕینگەری

هونەرمەند خشڵی تەڵای پێ نەخشاندووە. وەک دێتە یادم بەهەشتی مامۆستا مەلا سەجادی نووسیبووی: "کوڕە، ڕاستە شێخ رەزا جنێوفرۆشە، بەڵام سەیری هۆنینەوەی ئەم جنێوە بکە و هەزاران هۆنراوەی بێ تام و چێژی بەفیدا کە":

"حەیزی کوزی حێز و دزی فەیروزە گواوی
مەعجوونی خەنە و وسمەیە بۆ ڕیشی زەهاوی"

برادەرە مەزنەکەی ئێمە بە مامە شێخ رەزا دەڵێ (شێخە جنێوفرۆشەکە)، بەڵام من ناوی ئەنێم (لسان الحق) بە پەیڕەوی ئەدیباتی ئێرانی، کە نازناوی (لسان الغیب)یان داوە بە حافزی شیرازی، نازناوەکەی من لە هەقا لاف و گەزاف نییە، ئەم داستانەم بەڵگەیە:

بەڕێز مەلا حەمەعەلی قەرەداغی، پار چەند نووسینێکی (ئالووسی) لە کتێبخانەی (سەدام) دۆزیوەتەوە، داویە بە شێخ موکەڕەم تاڵەبانی، کە خەریکە زۆر شتی جوان لەربارەی شێخ رەزاوە وەگێر ئەهێنێ و ئەیەوێ لەسەر تەرزێکی جوان دیوانەکەی چاپ بکاتەوە. لەو پارچە کاغەزەدا نووسراوە: "مەلا عەبدوڕەحمانی ڕۆژبەیانی (مامۆستای مفتیی زەهاوی) ڕۆژێ لە کۆڕی مەلاکانی ناو بەغدادا، بە مفتیی زەهاویی وتووە: ڕۆڵە مفتی خانمەکەت تەڵاق بدە، ناوی بەدناو کردووی، ژنێکی تر بخوازە. مفتی وتوویە: پارەم نییە ژنی تر بخوازم. مەلا عەبدوڕەحمان پەنجا لیرەی زێڕی داوەتێ و پێی وتووە: ها ئەوە پەنجا لیرە ژنی پێ بخوازە. بەڵام مفتی پاش ئەوەی پارەکەی وەرگرتووە، ژنی نەخواستووە، وادیارە پارەکەی داوە بە حەڵوا بۆ خانم. جا ئێستە هەمووتان سوێند ئەدەم شێخ رەزا (لسان الحق)ە یا نە؟ جنێوەکانی جێی خۆیەتی یا نە؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئەگونجێ پارچە کاغەزەکە بە درۆ لە زبانی (ئالووسی)یەوە نووسرابێ، چونکە مفتیی زەهاوی دوژمنی زۆربووە.

ئەدەبی شێخ رەزا وەک زۆر ئەدەبی ئەدیبە مەزنەکانی تری کوردستانی سەدەیێ لەمەوبەر، بریتییە لە وشەگەل و ڕستەگەلی وێچووی ئەدیباتی کۆنی جیهانی ئیسلام، دەبێ بۆ تام و چێژبردن لە ئەدەبی شێخ رەزا، خوێنەر یا

لەســـــەرنووس، چوار زبانی (عـــــەرەبی، فـــارسی، تورکی و کـــوردی بە شێوەکانیەوە) زۆر باش بزانێ لەگەڵ ئەدەبیان، بەلای کەمەوە دەبێ شارەزای شانامەی فیردەوسی و ئاساری نیزامی گەنجەوی و مەسنەویی مەولانای ڕۆمی و دیوانی حافزی شیرازی و سەعدیی مامۆستای و کەلیمی هەمەدانی(*) و قائانی زەنگنەیی بێ. ئەمەیان لە ئەدەبی فارسییا، دیوانی فزوولی و هی تری خوێندبێتەوە بە تورکی، شێوەکانی گۆرانی و کەڵووڕیی کوردیی ڕەوان بێ، ئینجا دەتوانێ ڕاڤە لە هۆنراوەکانی شێخ رەزا بکات و پەڕاوێزی بۆ بنووسێ، هەروا دەبێ بەراوردێکی مێژووی دەورانی شێخ رەزا بکات.

کاک هۆشەنگ (حەمەبۆر) یەکێکە لەو فریشتانەی کە پتر لە چل ساڵە خۆی تەرخان کردووە بۆ کۆکردنەوەی دیوانی ئەدبیان و سەرگوزەشتیان و چوونە بنج و بناوانی زۆر باس و بابەت، کە زۆر لە ئەدیبانی کورد لە دەستیان نەهاتووە، لەم ڕووەوە دەبێ ناوبنرێ (سـەربازی نەناسـراوی ئەدەب) (نەک گومناو) چونکە ئەو لە هەموو مەنجەڵێکا ئەسکۆیە و لە هەموو کۆڕێکدا قسەوێژ و زبان درێژە، ساڵانی ساڵە لە هەر دیوان و لە هەر ئەسەر و شوێنەوارێکی ئەدەبی چەندین دانەی بەدەس هێناوە و بە خەتە خراپەکەی (کە لە خەتی من زۆر خراپترە) لەسەری نووسیوەتەوە، کە زۆرجار بۆ خۆی ناخوێندرێتەوە، وشەکان بێهوودە لەکار ئەکەون (وەک لە وتاری دووپاتەکییەکەی مستەفا بەگی "کوردی"دا دیاریم بۆ کردبوو، نۆ نسخەی لە دیوانی کوردی هەبوو، بەڵام هەموویان خەڵەت و پەڵەت بوون). ئەو لە ڕووی

---

(*) ناوی کەلیمی هەمەدانیم هێنا، خەوێکی سەیری مامۆستا مەلا کەریمی بیارە (مدرس)م کەوتە بیر، گێڕایەوە وتی: "زۆر شەیدای دیوانی کەلیم بووم، ئەم شیعرەیم دەخوێندەوە: (من از بلاد سخنم نه همدانیم نه کاشانی)، خەوم پیا کەوت، (کەلیم) هاتە خەونم پێی وتم: ڕۆڵە بە خوا من نەکاشانیم نەهەمەدانی، من خەڵقی شاری کفریم، لە بیرت نەچم". ئەم یاداشتەم بۆیە نووسییەوە، چونکە وەک لە خۆیم بیست چەند جارێ یاداشتی کردووە لە کتێبەکانیا.

کۆکردنەوەی تۆمار و ئەسفارا نەمرە و ناوی لەگەڵ ئەوانەی لە قورئانی پیرۆزدا ناویان هاتووە ئەچێتە ڕیزی هەمیشەییەوە، تەنیا کەموکووڕیی کاک حەمەبۆر ئەوەیە وەک نووسەرە بەنگکیشەکانی ئێرانی خەیاڵبافە و شت بە خەیاڵ دروست ئەکات، بیر لە کات و سەردەمی باسەکان ناکاتەوە، بۆ وێنە: زۆر خۆی ماندوو کردووە کە بتوانێ ساڵی لەدایکبوونی شێخ رەزا بدۆزێتەوە، هەروا بە پەیڕەوی لە گەمژەیەکی وەکو (فوئاد جەمیل)، مامۆستا مەلا رەزای واعیزی کەرکووکی لێ بووە بە شێخ رەزا تاڵەبانی.

پیاوانی سەرناس و حەکاکانی گەوهەرناس، دەمێکە وتوویانە: «کەرکووک دوو رەزا و سەید ئەحمەدی خانەقای بەسە، رەزا تاڵەبانی بۆ هەقویژی، رەزا واعیز بۆ زبان پاراوی»، کە زبانی ئاتەشینی لەو زبانە پاراوانە بوو، لە کاتی (وعظ)دا بە فارسی، تورکی، عەرەبی و کوردی هۆنراوە و قسەی نەستەقی بە بەڵگە ئەهێنایەوە؟ بۆ حەدیس و ئایەتەکان هەزاران سەحبانی گێژ ئەکرد. هەروا سەید ئەحمەدی خانەقا کە ناوی نان و خوانی بە هەموو نەدارا و گەدایێ گەییوە و ڕۆژانە دەیان میوان لە خانەقاکەیا میوان بوون، خودی شێخ رەزا سەدان جار لەوێ پڵاو و گۆشتی نۆش کردووە، کەچی هەجووی لەبیر نەچووە:

"خانەقا تۆبە لە سەید ئەحمەد و نان و خوانی
لە طەعامی شێلم و بامیە و باینجانی"

ناوی (فوئاد جەمیل)م هێنا کە لەمەودا باسی دێت ئەم زاتە و کاک (جەرجیس فەتحوڵا)، هەردووکیان ئینگلیسیزانی چاکن، زۆر کتێبیان وەرگێڕاوەتە عەرەبی، خزمەتی مێژووی کوردیان زۆر کردووە، بەڵام هەردووکیان بە پەڕاوێزی هەڵە، بەهێنانەوەی هەندێ قسەی نەستەق و شیعری عەرەبیی بێ جێ، کتێبەکانی خۆیان لەکەدار کردووە و سەنگ و نرخی خزمەتەکەی خۆیانیان هێناوەتە خوارەوە.

ئێستە کە کاک حەمەبۆر (بەلافی خۆی) بووەتە سەرئامەدی ئەدیبان لە هەر کۆڕێکا نووشەی خۆی بە ئاسیاوا دەکات، (طاهر مەریوانی)ی ڕەحمەتیم

کەوتەوە بیـر، کـە ئەویش وەکو حـەمـەبۆر کۆنە مـوزەمـیدی بەیتـەری بوو، لەم بەغدایە بەهۆی (مـحەمـەد عـەلی کوردی) و (مـصطفی صـائب)ەوە دیوانەکـانی (نالی، کوردی، سالـم، شێخ رەزا و مصباح الدیوان)یان چاپ کرد، گەرچی پڕ لە هەڵە بوون بەڵام بەڕاستی خزمەتی زۆریـان کرد. ئەم پیاوە بەخت یـارمـەتیی دا، گـەیشـتـە ئەمـەریکا (گـوایە بە هـیـمـەتی مـەرحـووم ئـەمین زەکی بەگ کـە خزمایەتییان هەبووە) لەوێ بوو بە مامۆستای زمانی کوردی، مامۆستا تۆفیق وەهبی (پیرەمەگروونی ئەبەدی جێی بێ). ئەیوت: کورە ئەم ئەمـەریکایە (بلد الغرائب والعجائب)ە. کاک تاهیر مـەریوانی لای ئێمـە موزەمـید بوو، کەچی لەوێ (مـامۆسـتای زانکۆ)یە. منیش چل سـاڵ لەمـەوبەر (حـەمـەبۆر)م دیوە کە مـوزەمید بەیتـەری بوو، ئەو حـەلە پێم وت: کـارەکەی خۆت تـوند بگرە، ئەتوانی خـزمەتی وڵات بکەی، ئەگەر لەسـەر پیشـەکەی ئەوسا بمایە، ئێسـتە ئەیتـوانی خزمەتی ئەوانە بکات کە لە کۆڕەکانا چەپڵەی بۆ لێ ئەدەن.

کورە مـنیش بەدەس خۆم جـارجارە پەلاروەشـێن و ڕەخنەگرێکی توندوتیژم، بۆیە کـابرای پڕۆفیسـۆر ناوی ناوم (نووسـەرێکی جنێوفرۆش)، بەخـوا ڕاسـتـە بێ گـاڵتـەوگـەپ قـەڵەمـەکـەم وشک ئەبێـتـەوە. با لێـرەدا دیسـانەوە گـاڵتـەیێ بگێڕمـەوە (بۆ پێکەنین): من و شـێخ حـوسـەینی خـانەقـای ڕەحـمـەتی هـەردوو دەعـوەت بـووین لەلای پڕۆفیـسـۆر دوکتـۆر مـارف خـەزنـەداری خـۆشـەویسـتم، (مـیدیا)ی کچی هـات خێـراتنـی کـردین، کـاکـە حـوسـەین وتـی: کـیـژم مـیـدیا چ دەخوێنی؟ وتی: قوربان لە کۆلێجی پزیشکی قوتابیم، وتی: پزیشکی مرۆڤی یا ئاژەڵی؟ وتـی: مـامـە شـێخ پـزیشکی ئینسـانیم، کـاکـە حـوسـەین وتـی: ڕۆڵەم (میدیا) بەخـوا پزیشکی ئاژەڵی (بەیتەری) بووایەی باشتـر بوو، هـەم بە کەڵکی من دەهاتـی، هـەم بە کـەڵکی باوکت، دکـتـۆر مـارف پاش تـۆزێ وتـی: بەکـەڵکی مەلا ڕۆژبەیانیش.

جـا کاکە حەمـە لەسەر کـارەکەی خۆی بمایە ئێسـتە پسـپۆڕ بوو، بە کـەڵکی زۆر کەس دەهـات (گاڵتە بەسـە).

تۆژینەوە:

١- لاپەڕە ١٢

کاکە حەمەبۆر نووسیویە: «شێخ رەزا بۆ کەرکووک دەڵێ:

"کـافی کلک و کـافی کـون و کـافی کـەر تێکەڵ کـرا

ئیسـم و ناو و شۆرەتی کـەرکووکی لێ تەشکیل کرا"»

ئەوی زەوقی ئەدەبیی هەبێ، ئەوی شارەزای ئەدەبی شـێخ رەزا بێ، هەست بەوە دەکا کە ئەم هەڵبەستە هی شێخ رەزا نییە، شێخ هەرگیز خۆی ماندوو نەکردووە بۆ ڕێکخستنی قسەی وەها قۆڕ، ئەو هەمیشە وتوویە: کە بمەوێ هەڵبەستێکی ستایش و هەڵنان بڵێم جارجارە بیر لە وشەکان دەکەمەوە بزانم کامەیان جوانترە. بەڵام کە بمەوێ هەجوو بکەم، جنێو بدەم، ئەوەندە وشەی سەیر سەیر دێتە بەرچاوم سەرم سووڕ ئەمێنێ کامیان هەڵبژێرم. سەیری ئەدەبی سادەی زۆر تۆخی شێخ رەزا بکەن:

"لە بەخت ئەلنەصرەوە گاندانە پیشەی خەڵقی کەرکووک

کـە ئەلناس و عـەلادین ئەلمولوکی لەیسـە مـەترووک"

هەرکەس یەکجار گوێی لەم هەڵبەستە بووبێ، لەبەری کردووە و بۆ یەکێکی تری گێڕاوەتەوە. ئەم بەیتە هی ئەو گەنجانەیە کە پەیڕەوی (حەمە سدیق)یان کردووە، پاش تێکچوونی نێوان ئەدەبیانی ڕوانگە و دژەکانیان، کە کەوتوونە هەڵدان بە یەکترا. بەڕاستی ئەم بەیتەی (حەمەبۆر) هەر لە بەیتەکەی (خدر ئەفەندیی کاکەیی)، ئامۆزای دەدە هیجری ئەچێ، کە دەربارەی (شێخ رەزا) وتوویە:

"شینی شەیتان، یای یەزید، خای خەر

در هر کسی جمع شود، شود معتبر"

٢- هەر لە هەمان لاپەڕەدا نووسیویە: «بۆ هەولێر دەڵێت»:

"چاوی عیبرەت دانەوێنن هەر لە سوورقاوشانەوە

ئاوی سـووری ئێـمـەیە ئەڕژێتـە ناو (زێ)تانەوە"

کوڕە سەیرە کاک حەمەبۆری خەڵقی سلێمانی نەزانێ (سوورقاوشان) لە

کوێیە؟ هەروا سەیرە نەزانێ کە هەولێر زێی تیا نییە، کەوتووەتە نێوان دوو زێوە، تەنیا شیوی (بەستووورە)ی هەیە کە زستانان لافاوی پێدا دێ. کاک حەمەبۆر! ئەم هەڵبەستە دەربارەی (پردێ)یە، ئاوی سوورقاوشان ئەڕژێتە زێی بچووک و بەناو پردێدا بەرەوخوار دەبێتەوە (هەردوو واتاکە ئەگەیەنێ)... (جاران فەقێ و مەلا کە بیروباوەڕی وەها قۆڕیان لە یەکێ ببیسایە: ئەیانوت: «گڵە کوێر بی بۆ نایبەیەوە».

٣- هەروا بۆ سولەیمانیی وتوویە، لەوانی تری بێ زەوقترە، ئەبێ ئودەبای سلێمانی بە حەمەبۆر بڵێن: هەر بە دووبارەکردنەوەی ناوی سلێمانیدا، چەندین جار، دیارە کە هی شێخ رەزا نییە.

٤- لاپەڕە ١٣

کاک حەمەبۆر هەر لە خۆیا وای بە خەیاڵا هاتووە کە شێخ رەزا لەو تەخمیسەی شیعرە فارسییەی (حافظی شیرازی) کە بە کوردی هەجووی مەلا مارفی زەنگەنەی پێ ڕازاندووەتەوە، گەرچی هەجووە، بەڵام نموونەی ئەدەبی بەرزە، گوایە لە دواییا پەشیمان بووەتەوە، جا لە زبانی شێخ رەزاوە ئەم بەیتە هەڵبەستراوە:

مەعرووفی پڕ دیرایەت، گوڵی باخی هیدایەت
چیت پێ بڵێم چاوەکەم، ڕەحمەت لە باب و دایەت

ئەوی زەقی ئەدەبی هەبێ دەزانێ هەڵبەستی وەها کاڵ و کرچ هی شێخ رەزا نییە، چونکە مرۆڤی (بادرایەت) ئەبێ (واتە خێوی دەرک و تێگەیشتن)، (پڕ دیرایەت) نابێ، گیپە نییە پڕ بێ لە برنج و قیمە. هەروا ڕستەی (چیت پێ بڵێم) لە کوردیدا هەمیشە جنێوی بەدوادا دێ، نەک (چاوەکەم) هەر خودی شێخ رەزا بەڵگەیە، کە دەڵێ: (چیت پێ بڵێم قورمساغ). ئەوەش ئاشکرایە کە شێخ رەزا هەرگیز لە وتەی خۆی پەشیمان نەبووەتەوە تا پینە و پەڕۆی بۆ بکات. ئەو تەنیا لە شەڕ، کە لەگەڵ شێخ عەلیی برا گەورەیا کردوویە، پەشیمان بووەتەوە.

٥- لاپەڕە ٢٨ نووسیویە:

«شـێخ ڕەزاشـمـان بەرامـبـەر ئەو هەمـوو شـاعـیـرە جۆراوجـۆرانەی بەرەی سلێـمـانی کـە لـەژێر (؟!) بەڕێوەبـەرایەتیی (سـەید نووری نـەقـیب)دا کـۆڕی هەجوکارییان گەرم ئەکرد».

بەداخـەوە دەڵێم (کـاک حـەمـەبۆر) بیـرەوەریی لـە دەس داوە، سـەید نووری نەقـیب و شـێخ ڕەزا هـاودەم و هـاوتەمـەن نەبوون، شـێخ ڕەزا دەیان پـارچەی فـارسیی هەیە لە هەڵنانی شێخ مستەفای نەقیب لە پەسنی شێخ سەعیدی حەفیدزادەی برا گەورەیان و هەزار جار وتراوە: ئەوەی حەزی لە گاڵتەی شێخ ڕەزا بووە سەید ئەحمەدی نەقیب بووە (کە دەکاتە باوکی سەید نووری نەقیب) و هاوتەمەنی شێخ مەحموودی مەلیکی مەزن، کە هەردوو لەو سەردەمەدا گەنج بوون و بۆ بەڵگە سەرنجی ئەم باسە بدەن:

شێخ ڕەزا چووەتە سلێمانی میوانی سەید ئەحمەدی نەقیب بووە، جەنابی نەقـیب لەسـەر شـەرەفی شـێخ ڕەزا هـەمـوو ئەدیب و ئودەبا و هەسـتـیـاری سلێمانیی دەعوەت کردووە، کاتێ کە سفرە دانراوە و بیسمیلا کراوە. شێخ ڕەزای تاڵەبانییـانە قۆڵی لێ هەڵمـاڵیوە و لوقمـەی زلی هەڵداوە، قـۆچ بەگی هەسـتـیـاری مـەزنی شـاری سلێمـانی ئەو حـەلە هەلی بۆ هەڵکەوتووە پەلاری خۆی گرتووەتە شێخ ڕەزا:

هەلقـەیی گـوڵ و مـوڵ، چـەندە ئەکـەی تیکەی زل
تـەوقی زاڵمـت لە مل یا أیـهــا الـرضــــارا

شێخ ڕەزا تیکەی لە دەما ئەبێ بۆی قـووت نادرێ، ئەیخاتە ژێر سفرەکەوە، بەپەلە بەرپەرچی قۆچ بەگ ئەداتەوە:

غلط کردی و گوه خوردی بیاوخوش بترِ قۆچ بەگ
کـە بەریشی تو ئەفشـانەد فـەلەک ریتـالی مـانگارا

هەردوو شاعیر دوو شیعری حافزی شیرازییان بۆ جنێو دەسکاری کردووە:

در حلقــەء گل و مـل خــوش خــواند دوش بلـبل
هـات الصــــبــوح هبــوا یا أیهــا السکاری

سخن گفتی و در سفتی بیاوخوش بخوان حافظ
کـه بر نظمی تو افـشـاند فلک عـقـد ثریا را

سەرنج:

با لێرەدا گلەییـیەک لە ئەدیبانی سلێمـانی بکەم، تا ئێـستـە کەسێکیـان لەبارەی ئەم قۆچ بەگە بگرە لەربارەی زۆر لە هەستیارانی تریشەوە وەک من بزانم شتێکی نەنووسیوە، لەگەڵ ئەوەشدا وەک لە داڕشتنی هەڵبەستەکە دەرئەکەوێ قۆچ بەگ هاوپایەی شێخ رەزا بووە.

بەهۆی ناوی جەنابی سەید نووری نەقیبەوە باسێکم کەوتەوە بیر بۆ مێژوو دەینووسم: ساڵی ١٩٤٨ لە کەرکووک ئاشناییم لەگەڵ کاکەی فەلاح و محەمەدئەمینی باوکی پەیدا کرد، کە خەریکی کڕین و فرۆشتنی تووتن بوون، پاش ماوەیێ کاغەزێکم بۆ نووسی ئەوا محەمەدی ئامۆزام نارد، باوکت لەگەڵی ڕێک کەوێ بۆ باسی تووتنەکە، چاودێری ئەمن کە کاغەزەکانی پۆستەیان دەخوێندەوە، کاغەزەکەی من بە رەمز تێ گەییبوون، هەر لەو ڕۆژانەش لە سلێمانی (نەشرە) بڵاو کرابووەوە بە ئیمزای جەمیل ناوێ، ئەمنی سلێمانی کاغەزەکەی منی کردبووە هۆی نەشرەوە داوای منی کردبوو لە ئەمنی کەرکووک بە تەوقیفی منیان بردە سلێمانی، حاکم تەحقیق مەرحووم شێخ عەبدولحەمید ئەترووشی بوو، لە کاتی پرسیارا لە من، زاتێ هاتە ژوورەوە، حاکم لەبەری هەستا وتی: جەنابی سەید نووری بەخێربێی، ئینجا حاکم باسی چوارتا و نەشرەی شیوعیی پرسی. جەنابی سەید نووری لە پڕ وتی: «بەخوا ئێوە خەڵکی چوارتا هەمووتان شیوعین»، منیش وتم: «جەنابی سەید تەنیا ئەوانە بوون بە شیوعی کە لە چنگی ئێوە ڕزگار بوون» حاکم ئەترووشی پێ کەنی، وتی: «خاڵە سەید نووری، ئەم زاتە مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانیی کوڕی مەلا ئەحمەدی فەرقانییە، خەڵکی چوارتا نییە، شێخ تەریقەوە بوو، ویستی پەلامارم بدات ماچم بکات، مەیدانم نەدا، وتم خاڵە نەکەی!»

جا دەبێ ئێستە حەمەبۆر بێتەوە بیری کە شێخ رەزا ساڵی ١٩١٠ کۆچی دوایی کردووە، سەید نووری نەقیب تا پەنجاکان مابوو، هەروا نەدەبوو بڵێ:

«لەژێر (؟!) بەڕێوەبەرایەتیی سەید نووریدا».

٦- لاپەڕە ٣٠ نووسیویە:

«بابەتێکی گرنگی شێخ رەزا ئەوەیە کە تا ئێستە نووسەرانی خۆمان لێی نەتۆژیونەوە» تا ئەڵێ: «ئەو بابەتەش پێوەندیی شێخ رەزایە بە دوو زڕە جاسووسی ئینگلیزی دژی کوردەوە، یەکێ لەوانە مێجەر سۆن.. تاد».

لەمەوبەر وتم: کاک حەمەبۆر وەک بەنگکێشەکانی ئێرانی بە خەیاڵ شت دروست ئەکات، لەوەش خراپتر خەریکە بەڵگە پەیدا ئەکات، بۆ ئەوەی شێخ رەزا بکات بە جاسووسی ئینگلیز. جارێ با لە ڕووی مێژووەوە بۆی ڕوون بکەمەوە، زۆر بەداخەوە شێخ رەزا لەگەڵ هیچ ئینگلیزێکا پێوەندیی نەبووە، چونکە:

١- وەک مامۆستا عەباس ئەلعەزاوی لە کتێبی (العراق بين الاحتلالين)دا نووسیویە: شێخ رەزا مانگی محەرەم ساڵی ١٣٢٨ی کۆچی، ڕێکی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٠ی زاینی کۆچی دواییی کردووە، دەوڵەتی ئینگلیس پاش مردنی ئەو بە ٧ ساڵ بەغدای داگیر کردووە، ساڵی ١٩١٧.

٢- سۆن بە ناوی نهێنی (غولام حوسەین شیرازی) ساڵی ١٩٠٩ی زاینیدا هاتووەتە کەرکووک، لەگەڵ قونسوڵی ئێرانی چۆتە خزمەت (مامۆستا مەلا رەزای واعظ) کە ئەو حەلە شێخ رەزا ماڵی لە بەغدا بووە، پیر و ئوفتادە لە تەکیەکەی تاڵەبانیدا نەخۆش و لە دوا گیانەڵادا بووە، حەمەبۆر ئەم ئیکتیشافە زۆر گرنگەی (؟!) لە پەڕاوێزێکی فوئاد جەمیل دەس کەوتووە لە لاپەڕە (١٧٦) تەرجەمەکەی کتێبی (سۆن)دا، نەزانانە، مەلا رەزای کەرکووکی واعیزی کردووە بە شێخ رەزای تاڵەبانی (وەک لەمەودوا ڕوونی دەکەمەوە) ئەم ئیکتیشافەی حەمەبۆر، وەک دۆزینەوەکەی دوو خوابگای پیرۆزی (سالم و کوردی) وایە، کە خەڵقی سلێمانی بۆیان بووەتە هۆی گەمە و پێکەنین.

٧- لاپەڕە ٣١ نووسیویە:

سۆن لە لاپەڕە ٩ی پێشەکیی ئەو پەڕاوەیدا ڕای گەیاندووە کە یەکێ لە سەرچاوەکانی بابەتی مێژووی کورد ئەو پەڕاوەیەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بووە.

لێرەدا دەبێ عەرەبییەکەی تەرجوومەی فوئاد جەمیل تۆمار بکەم کە نووسیویە:

«وما اتصل منه بتاريخ الاكراد، زودتني اياه رسائل وردت علي من شاه علي أورمن (هاورامي) (يظهر انه يقصد به المرحوم الشيخ علي حسام الدين النقشبندي) والشيخ رضا الكركوكي وطاهر بك جاف ومجيد بك جاف ومحمد علي بك جاف...الخ». جا دەبینین نازناوەکە تاڵەبانی نییە، کەرکووکییە کە مەبەست مەلا ڕەزایە و عەرەب لە باتی وشەی مەلا شێخ بەکار دێنن.

جارێ لێرەدا با تێچەنی بکەم بە ئاشا: لە بەسرە بووم، موئەزینی مزگەوتەکەم ناوی حەمید بوو، کە بانگیان دەکرد مەلا حەمید تووڕە ئەبوو، پێی سووکی بوو. ڕۆژێک لە بەردەم جەماعەتی مزگەوت پێم وت: من ناوم مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانییە، نازناوی مەلا بە هەزار نازناوی شێخ نادەم، لای ئێمە شێخ ناوی کەسانێکە سەید بن، یاخۆ سەر بەتەریقەتی سۆفییە بن، وەک شێخی بەرماڵ کە زۆریشیان نەخوێندەوارن، تۆ بۆچ لە وشەی مەلا تووڕە دەبی؟ وتی: لای ئێمە مەلا واتە مردووشۆر، وتم: هەی گەمژە، مەلا عەبدوڵای بێتۆشی کە هەر لە بەسرەوە تا ئەحسا شانازی بە زانست و عیلم و شیعرییەوە ئەکەن، مردووشۆر بوو؟ من مردووشۆرم؟.

٨- ئینجا کاک حەمەبۆر لە لاپەڕەکانی ٣٢-٣٥ باسی ئەوە دەکات کە چۆن غولام حوسێن شیرازی (سۆن) لەگەڵ قونسوڵی ئێرانیدا چووەتە لای شێخ ڕەزا لە ماڵەکەیدا کە بەتەک مزگەوتەکەوە بووە.. تاد. هەروا ناوی ئیدمۆندس دێنێ کە لەبەرا وتبووی: دوو زڕە جاسووسی ئینگلیز.

با لێرەدا ئەوەی بۆ ڕوون بکەمەوە، ساڵی ١٩٠٩ شێخ ڕەزا لە بەغدا بووە،

نەک لە کەرکووک، هەروا شێخ ڕەزا هەرگیز لە کەرکووک ماڵی گەورەی پڕ لە فەرشی بەخۆیەوە نەدیوە، نزیکی مزگەوتیش نەبووە، ئەو لە کەرکووک ماڵی لە گەڕەکی تەکیە بووە، گەرچی خانووەکەی ناوەنجیش نەبووە، بەڵام خۆی دەڵێت:

حەوشەیەکم هەیە بەقەدەر لەپێ
ڕۆژ عیلاجی ئەکەم بەشەو ئەتەپێ

مامۆستا مەلا رەزا لە گەڕەکی پیریادی وەک لە پێشا وتم لە مزگەوتی پیریادی (پیرحەیاتی) ئیمام و خەتیب و مودەریس بوو، پیرەژنێ خێرەومەند خانووێکی گەورەی هەبوو بە تەک مزگەوتەکەوە، دابویە مامۆستا بەناوی وەقف، ئێستە ئەو خانووە ماوە و نوورەدینی کوڕی مامۆستا کردوویە بە موڵکی خۆی. بێگومان مامۆستا ئەو حەلە نەیزانیوە غولام حوسەین ئینگلیزە و ناوی سۆنە، هەر وای زانیوە تاجرێکی ئێرانییە لەگەڵ قونسوڵ (شاە بەندەر) بۆ ئیستیفادەی عیلمی هاتووە. پاش ئەوەش کە سۆن بووەتە گون ڕەشی وڵاتی کورد، لە سولەیمانی و کەرکووک، باسی ئەوە نەکراوە جارێکی دی مامۆستا مەلا رەزای دیبێ، نازانم کاک حەمەبۆر لە کەیەوە ئینگلیزی لا بووەتە خراپ و زڕە جاسووس؟ خۆ زۆر لە ئەشرافانی کورد لەبەر دۆستایەتیی لەگەڵ سەرۆکێکی ئینگلیز، هەر ناوی ئەو بووەتە نازناوی؟ هەر بەو نازناوەوە ئەناسرێن، من نامەوێ ناوی کەس بهێنم، دەبووایە یەکێ لە تاڵەبانییەکان بەرگری لە شێخ رەزا بکات، بەڵام بەداخەوە نەفەرێکیان، دیوانەکەی چاپ کردووەتەوە، پڕە لە هەڵە و لاسایی حەمەبۆر. لە بیرمە لە چلەکاندا زۆر لە خوێندەوارانی سلێمانی پەپوولەی دەوری شۆتەر بوون. من دوژمنی ئینگلیزم، چونکە هەر ئەوان کوردیان کردە قوربانیی سوودی خۆیان، هەر ئەوان هێڵی (مەندەلی – خانەقین – کفری – طوزخورماتو – کەرکووک – پردێ – تەلەعفەر)یان لەبەر خاتری نەوتەکە لە کوردستان بەجیا دانا، ئیدمۆندزی دوژمنی کورد کە فائیق بێکەس ڕیسوای کرد، ساڵی ١٩٦٦ دیسانەوە تەختیتی کوردستانی کرد بۆ عەبدوڕەحمان بەزازی قوتابیی خۆی،

خۆزگا ئەوانەی کە خۆیان بە دۆستی ئینگلیز ئەزانێ و حکوومەتی شێخ مەحموودیان بەجێ ئەهێشت و خۆیان ناو ئەنا منەوەرانی کورد، ئەوسا ئینگلیزیان ناچار بکردایە، ددان بە کوردستانا بنێ. منەوەرانی عەرەب توانییان سوود لە شەڕی جیهانیی یەکەم وەرگرن، لە سەراسەری عەرەبستانا ببن بە خێوی ٢٢ دەوڵەت. لەگەڵ ئەوەشدا کە لەپاش دەورانی هۆلاکۆی دەوڵەتی عەباسی ڕووخێن، ٨٠٠ ساڵ تامەزرۆی دەسەلات بوون و یەک جار دژی داگیرکارانی وڵاتەکەیان شۆڕشێکیان نەکرد. بە پێچەوانەوە کورد کە هەمیشە لە شۆڕشا بوو، لە سای دووبەرەکییەوە بێ بەهرە مایەوە.

بابێینە سەر ناوانی ئیدمۆندس، لاین، چەپمان، تا ساڵانی ١٩٤٧ کێ هەبوو هەوڵ نەدا بە خزمەتیان بگات و سەر بۆ مەرحابایان دانەنوێنێ؟

٩- لاپەڕە ٤٢:

حەمەبۆر لە هەندێ مامۆستای خۆیەوە، وای ڕاگەیاندووە کە شێخ ڕەزا لە دەورانی حوکمی عەبدوڵا پاشادا تەمەنی ١١ ساڵان بووە، هەروا نووسیویە: ژمارەی پیتەکانی ڕستەی (پێنج و شەش طفلی دەبستان بوو، (شەش طفلی دبستان)، بە ڕێنووسی کۆن، لەگەڵ ژمارەی (٥) ئەکات ١٢٤٧).

جارێ با ئەمەی بۆ ڕاست بکەمەوە (شش:٦٠٠، طفل: ١١٩، دبستان بوو: ٥٢٥ هەمووی ئەکاتە ١٢٤٤ نەک ١٢٤٧. من لام وایە شیعرەکەش وەهایە: «ڕەزا ئەو وەختە عومری پێنج و شەش طفلی دەبستان بوو»، نەک ١١ ساڵ بووە. جا بەپێی ئەوەی ئاخرین شەڕی عەبدوڵا پاشا و سپای ئێران ساڵی ١٢٣٨ی کۆچی بووە، ئەو حەلە شێخ ڕەزا تەمەنی (٥) ساڵ بووبێ و ساڵی مەرگی ١٣٢٨، دیارە ئەبێ لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا مردبێ.

سەرنج:

تا ئێرە پەڕاوێز بوو، لەو پێشەکییەی کاک حەمەبۆر نووسیبووی هەڵەوپەڵەی پتری تیا بوو، دەبوو پتری لەسەر بنووسم، بەڵام چاوم ماندووە، ئینجا نۆرەی هەڵبەست و هۆنراوەکانە کە زۆر لە مەبەست و واتاکانی لە جێی خۆیا نییە، زۆر لە هۆنراوەکانیش بەزۆر بەستراون بە شێخ ڕەزاوە.

١- لاپەڕە ٤٧-٤٨:

هەموو پیتەکانی پاشبەند (قافیە) غەینە (غ)ە نەوەک خێ (خ) (دەماغ، وەجاغ، چاغ، زاغ (زاغەکۆنا)، بلاغ، باغ، یەساغ) بەیتی یەکەم (تۆ کەم نەظەری) واتە تۆ بێ لوتف و بێ مەرحەمەتی چاوی خێرت بەلای منا ناسووڕێ. (صەفا جێگەی پەرستن بووە؟) نازانم ئەم ڕستەیە چ پێوەندییەکی بەم هەڵبەستەوە هەیە؟ کابرایەکی تری وەکو حەمەبۆریش نووسیویە:

(دایکە حەوا ناوی صەفا بووە، باوکە ئادەم پێی وتووە (صەفا مەڕۆ)، جا ئەمە بووەتە هۆی ناونانی چیاکانی (صەفا و مەروە)... هەروا نازانم حاجی ئەسعەد بۆچ بووەتە حاجی حەسەن؟ و بۆچ تۆمەت بۆ ماڵی حاجی ئەسعەد پەیدا ئەکات؟ لەگەڵ ئەوەشدا شێخ رەزا گلەیی لە حاجی ئەسعەد ئەکات بۆ دەعوەتی ناکا.

٢- لاپەڕەکانی ٤٩-٥٣:

(مەی ساریە)ی کردووە بە (مەی سایە) و هەڵەیە، (سەر وشە)ی بەیتە عەرەبییەکە (یبغون - یسعون)ە نەک (یأتون) بۆ شەڕ، ڕۆیشتن ئەبێ، نەک (هاتن). (مەعنای لە لوغەتدا هەیە) هەڵەیە، ڕاستییەکەی (لە لوغەتدا چییە؟ جافا). وشەی (ڕەسەنن) هی باڵی سەرەوەیە، ئەم باڵە کە وشەی هەڵەی تێدا نییە.

٣- لاپەڕە ٥٤-٥٥:

(دل بەر) بە هەڵە بووەتە (دول بەر) بۆچ؟ (شەمع) کراوە بە (شیت)، (وارد) کراوە بە (ڕەهبەر) (ڕەهرەو) ، کاکی خۆم حەمەبۆر (شەمع) بەرامبەر بە تاب و تەبی فیراق ئەتوێتەوە و ئەکەوێتە بیابانی لەناوچوون. (شیت) ناتوێتەوە و نابێ بە (ڕەهرەو) بگرە سەرگەردان ئەبێ. (تکایە هەڵبەستەکان نەزانانە تێک مەدەن).

٤- لاپەڕەکانی ٥٦-٥٩:

پارچە هەڵبەستی (نیمە تەصویری) هەرگیز شێخ رەزا نییە، ڕەنگە

هەڵبەستی هەستیاری مەزن (ناری) بێت. هەروا وشەی (نیمە) بە واتا (یەخە) هەر مەگەر لە قامووسی (حەمەبۆر)دا هەبێ، هەر ئەوە ڕاستە کە وشەکە (خامە) بێ. (مانی، وێنەکێشێکی ئەوروپایی بوو)، ئەم هەڵەیە ڕەنگە هی ئومێد کاکەڕەش بێ، چونکە مۆرکی حەمەبۆری پێوە نییە. جا کاکی خۆم، هیچ نەبووایە سەرنجێکی دیوانی نالیی مەلا کەریمی بیارەتان بدایە، یا سەرنجی فەرهەنگێکی نێوان (فارسی – تورکی – عەرەبی)تان بدایە، لە هەموویانا سەرگوزەشتی (مانی) هەیە. (مانی کوڕی فاتەکە) لە بنەڕەتدا خەڵقی هەمەدانە، ساڵی (٢١٥ ز) لە بابل هاتووەتە دنیاوە، چاترین نیگارکێش بووە، لافی پەیغەمبەرێتیی لێ داوە، ویستوویە هەندێ لە دوو دوستووری ئاینی زەردەشتی و ئاینی مەسیحی تێکەڵ بکات، بەڵام لەلایەن پادشای ساسانییەوە کوژراوە...).

نائاشناییی ئەم نووسەرە باسێکی خستەوە بیرم، لە هەفتاکاندا زانکۆی تاران ساڵانە کۆنگرەیەکی ساز دەکرد بەناوی کۆنگرەی تەحقیقاتی ئێرانی، نزیکەی ٤٠٠ زانای تێدا بەشدار بوون، کۆبوونەوەکان لە (تاران، ئەسفەهان، شیراز، رەزائیە و کرماشان) ئەبوو، هەریەکە لە لێژنەیەکا باسێکی دەخوێندەوە. جارێکیان دوو کەس لە مامۆستایانی کوردی خەڵقی مەهاباد لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بوون، ئێمەش چەند کەسێکی پەناهەندە ئامادە بووین، یەکێ لە مامۆستا کوردەکان پارچە هەڵبەستی (زولفت بەقەدتدا کە پەریشان و بڵاوە)ی نالیی خوێندەوە و تەرجومەی کرد بە فارسی، تا گەیشتە (مانی نیەتی قووەتی تەصویری....) ئەو (مانی)ی کرد بە (نالی)، من ڕەخنەم لێ گرت وتم (مانی) نەقاش و نیگارکێش بوو، وێنەگر بوو، نەوەک (نالی) تکایە ئەو هەڵەیە چاک بکە و (کشاوە)کەش وەکو شوکرولای بابان مەکە بە (کەشاوە). بڕیاری دا هەردوویان ڕاست بکاتەوە. هەروا ئەوی تریان پارچە هەڵبەستی فارسیی شێخ رەزای خوێندەوە (شاعر گندە طبع همجو جعل)، وشەی (جعل)ی کردە ژێر زبانەوە، لە نووسینیشا (نیتکی.....) دانابوو، پێم وت مامۆستا ئەو وشەیە (جعل)ە واتە (قالۆنچە)، وتی باشە، بەڵام هەردوویان

فیز ڕێگەی نەدان هەڵەکان بگۆڕن. بەڵێ. ئەوەی ئێمەی دواخستووە نەزانین و فێرنەبوون و گوێ نەدانە، لەبەر فیز و خۆبەزلزانین.

هەروەها حەمەبۆر یا ئومێد نووسیویە: «ئاصەف وەزیری سلێمان مۆرێکی زۆر گرانبەهای هەبووە...» ئەمیش هەڵەیەکی ترە، (ئاصەف کوڕی بەرخیا) وەزیری سلێمان بووە، مۆرهەڵگر بووە (حامل الاختام) بەوە دوستووری مۆر کردووە، بۆ کارمەندان و دێو و درنجان، خۆی خاوەنی مۆر و ئەنگوستیلە نەبووە.

٥- لاپەڕە ٥٩-٦٠:

(مقرب الخاقان)ی بە هەوەس کردووە بە (مقربی خاقان)، بە ڕەحمەت بێ گیوی موکریانی لەم کارانەی دەکرد. هەڵبەستەکەی (پێم بڵێ ئەتگەمێ کە زۆر چەسپان) واتە چی؟ زۆر مەخابنە شتی وەها قۆڕ نسبەت بدرێتە شێخ رەزا. تەنانەت خودی عەرەبییەکە هی شێخ رەزا نییە، هەروا (بو قەباحەت بنم دەگیل هەبەبا) واتاکەی هەڵەیە، شێخ رەزا وتوویە: «نەڕەتی خێزانتان ڕسوایی و چرووکییە، ئەم تۆمەتە خراپە هی من نییە هەی بەبا» وەک دێڵەسەگ... ئینجا نووسیویە (خاڵە کوێر دەهاتبوو) واتا چی؟ هەروا نووسیویە (ئەبانت - باو و باپیرانت).. جارێکی تر گاڵتەکەی ناو فەقێکان دووبارە دەکەمەوە (گڵە کوێر بیکەی دەیبەیەوە) ئەرێ کابرا تۆ شتێ نازانی، واتای بۆ مەنووسە، ئاخر قسە قۆڕەکانت لەسەر کاغەز هەزاران ساڵ دەمێنێ بۆ ئابڕووبردنی ئەدەبی کوردی... جارێک بنووسە (نازانم) خۆ نەزانین نەنگ و ڕسوایی نییە، خۆ بە زانا و زانین و خۆ بە پسپۆڕ لە قەڵەمدان، بێ سەرمایە، نەنگە و ڕیسواییە.. کاکی خۆم (ابانەت) و (ابنە) دوو وشەی عەرەبین، واتا جێی کچ گرتنەوە، قنگدەری، دوودەکێتی.. ئەوەی نازانن سەرنجی فەرهەنگ بدەن، لە ئاشنایان و شارەزایان بپرسن بۆچ شتی هەڵە و قۆڕ ئەخەنە سەر کاغەز؟

٦- لاپەڕە ٦١:

ئەم بەیتە بەم جۆرەیە (هێند کێری هەتیوان بە کوزیا چووە داکی - بەو دەردە چووە ساعدی مەستی لە ڕەحمدا). هەروا (حەتتاکە مەجیدی) هەڵەیە، ڕاستەکەی (حەقـقا کە مەجیدی...) هەم نووسیویە (مسقوف، گاور) ڕاستەکەی (مسقۆف) گۆڕاوی ناوی (مۆسکۆ)یە، واتە ڕووسەکانی وڵاتی مۆسکۆ لەگەڵ عەجەم، باسی کراوە.

٧- لاپەڕە ٦٣-٦٤:

هەڵبەستی (ڕۆحی ڕەوان - مثلی شەهاب) هەڵەیە، نە (شەهاب) و نە (غوراب) نییە هەردوو هەڵەن، میسلی (خوڕئاب)ە خوێن بە ئاو ئەچوێنێ و خوڕەی بۆ بەکار دێت، نەک داچۆڕین وەکو ئەستێرە... هەروا (باعثی ئارامیی دڵم) هەڵەیە، ڕاستەکەی (باعثی ئارامی و خەوم)ە... (قادری ئوستاد خدری) هەڵەیە، (ئوستاد خدر) ڕاستە بۆ ئەوەی لەنگیی هەڵبەستەکە تۆزێ درێژکردنەوەی ئەلفی ئوستاد بەسە، هەروا (نەغمەی) هەڵەیە، ڕاستەکەی (نەغمە و ئاواز و ڕەباب)ە. (مەیی ناب - بادەی پوختە) هەڵەیە، (ناب) واتا شەرابی کۆن، دەبووایە سەرنجی فەرهەنگێکی فارسی بدەن.

٨- لاپەڕە ٦٥-٦٦:

(جادووگەرەیە) هەڵەیە، ڕاستەکەی (جادووگەرە، یا..)، هەروا نووسیویە: (گۆڕینی هەڵبەستێکی فارسییە) لافی وەها بەقسەی ڕووت نابێ دەبووا بەیتە فارسییەکە بنووسێ.

٩- لاپەڕە ٦٧-٦٨:

(جووتی پێ بکا هەروەکو جووت) واتا چی؟ ڕستەی دووەم لە بنەڕەتا هەڵەیە، ڕاستەکەی وەهایە:

(هەروەکو خۆت هەردوو لنگت کرد بە جووت).

١٠- لاپەڕە ٦٩-٧٢:

کاک حەمەبۆر بە پەخشان تەواوی کردووە، ئینجا بە هەڵبەست واتای شیعری شێخ رەزا - حافز لێک ئەداتەوە نووسیویە: (بۆ یاری دڵنەوازم و سپاس و شکایەتە) ئەمە لای خۆی واتای ئەم شیعرە فارسییەی (حافظ شیرازی)یە (زان یار دلنوازم شکریست با شکایت). حەمەبۆر نازانێ وشەی (زان) واتە چی! وشەی زان لە بنەڕەتا (از ان - لە ئەوە)، واتا (لەو یارەم کە دڵنەوازە سپاسێکی تێکەڵ بە سکالام هەیە).. ئینجا نووسیویە (خوایە نەبمە ئەو لە کیسرا مەزنە بێ عنایەتە)، ئەمەش لەلای حەمەبۆر واتای ئەم نیو بەیتە فارسییەیە: (یا رب مباد کس را مخدوم بی عنایت)، واتا (خوایە هیچ کەس گەورەی خزمەتکراوی بێ بەزەیی و میهرەبانیی نەبێ). حەمەبۆر (کسی را)ی کردووە بە (کیسرا)ی پادشای ساسانی. ئینجا سەرگوزەشتێکی دوور و درێژی پیرەژنانەی هەورامیی بۆ (کیسرا) نووسیوە کە چۆن خۆی کردووە بە پاشا... تاد. جارێ (کسرا) تەنیا نازناوی (ئەنەوشیروانە) لە ناو پادشایانی ساسانیدا. ئەوەی مەتەڵەکەی (هۆرامان)ی بۆ هەڵبەستراوە (یەزدگورد)ە، کە لە حەلەوانەوە هەڵاتووە بەرەو نەهاوەند و ئەسفەهان و ئەستەخری شوانکارەی فارس.. ئەو نەچووەتە (هۆرامان)، درۆیە.. هەروا حەمەبۆری فارسی نەزان، هەموو بەیتەکانی بە هەڵە وەرگێڕاوە بە کوردی. با بێمە سەر ئەم هەڵبەستەی شێخ رەزا (دەرمانە سمتی ئەمما نەرمانە وەک بەری دەست) لە هەموو چاپەکانا (دەرمانە) نووسراوە، سمت بۆچ دەرمانە من خۆم ئەمەم لا هەڵەیە، دەبێ (ئورمانە) بێ، لە کوردستانا داستانی لەقلەق و ڕیوی هەیە، هەموو کەس ئەیزانێ: لەقلەق لە پاش زیافەتی ڕێوی ئنجا خستوویەتییە سەر باڵی بردوویە بۆ سەیران و لە عاسمانەوە بەری داوەتەوە زبان حاڵی ڕیوی هاواری کردووە: (ئەللاە ئورمان لە جێی نەرمان) (ئورمان) دەشتی هەموارە، واتا خوایە لە دەشتێکی هەموارا لە جێیەکی نەرمانا (ئورمانە سمتی ئەمما نەرمانە وەک بەری دەست).

شیعرە فارسییەکانی تری هەموو خراپ تەرجەمە کردووە، ئەگەر هەمووی

ڕاست بکەمەوە زۆری دەوێ.. هەروا (باوکی پیاوی چابوو) بە هەڵە بووەتە (پیاوێکی) و سەنگەکەی تێک داوە. هەروا کاکە حەمە دیسان ئەم هەڵبەستەی خراپ واتا کردووە (ڕەندانی کە لێو تێنوون، چۆڕێ ئاو بەکەس نادەن)، فارسییەکە بەم جۆرەیە: (رندان تشنه لب را ابی نمید هد کس) واتا (گەنجانی لێو تینوو، کەسێ ئاویان ناداتێ هەر ئەڵێی مرۆڤی وەلی ناس ئەم ولاتەیان بەجێ هێشتووە)، ئەمە دیارییە بۆ وتەی (لايعرف الولي الا الولي). کاک حەمەبۆر هەلاوگێڕ تێی گەییوە، وای داوەتە قەڵەم لە (ڕەندان) ئاو بەکەس نادەن. کە ئەم ڕاڤەکردنە ئەوپەڕی بێ زەوقی و نائاشناییە، (پیاوی ڕەندی جوامێر) چۆن ئاو بەکەس نادا، لە کاتێکا کە ئەو گیان ئەبەخشێ لە ڕێی خەڵکا؟

١١- لاپەڕە ٧٤:

(گیزەر، دوائیر ئەقلامی ئەرقەسندە دەوات مەداری ئەهلی قەڵەمدر مودیری تەحریرات) لام وایە (مودیر)ە نەک (مودیری)، حەمەبۆر نووسیویە: (گومبوون خامەی دەسگا میرییەکان بە پاڵ دوێت (مەرەکەب دانەکانیان) چونکە گرێژنەی ئەهلی قەڵەم مودیری تەحریراتە).. خوایە کەس لە خۆ ڕازی نەکەی وەک حەمەبۆر، واتای هەڵبەستەکە بە کوردی بەم جۆرەیە: (ئەگەڕێ بە دائیرەکانی نووسەرانا (قەڵەم بە دەستانا) بە دوایەوە (دوێت)ە (مەرەکەب دانە)، سوورگەی خاوەن قەڵەمەکانە مودیری تەحریرت)، واتا بەهەر لایێکا بچێت قەڵەم دەکەن بە دوێتەکەیا... هەروا وشەی (فەقیری) گۆڕیوە بە (هەژار)، بەیتەکە بەم جۆرەیە: "لەبەر عەباکە (جەبە)م کردی فەقیری خودا بگرە عەباکەت کێرم بە قنگی خۆت و عەباکەت"، حەمەبۆر نووسیویە: "جەب هەڵبواردن، لادان. دوکتۆر مارف خەزنەدار ئەم بەیتەی بە هەڵە نووسیوە"». جارێ خاک بەسەر (مارف خەزنەدار) کە (حەمەبۆر) ڕەخنەی لێ بگرێ.. قسەی نەستەقی عەرەبی ئەڵێ (ويل لمن كفره النمرود)، جارێ (جەبە) کردن واتە بەخشین، گەرچی داستانەکەشی لە زبان مامۆستای خاڵەوە گێڕاوەتەوە (بەهەشت جێی بێ) بەلام بەم جۆرەیە: (مودیری تەحریرات لە مووسڵەوە نەقل

ئەبێ بۆ کەرکووک، ئەو ناوبانگی شێخ رەزای تاڵەبانیی بیستووە، لەوێوە عەبایەکی باشی بۆ ئەهێنێ، کە ئەگاتە کەرکووک بۆی ئەنێرێ. شێخ ڕەزا رۆژێ ئەچێ بۆ بەخێرهێنانی، کە ئەچێتە ژوورەوە زۆر قەرەباڵغ ئەبێ، مودیری تەحریرات خەریکی نووسین ئەبێ، شێخ رەزا بە عەباکەوە ئەوەستێ بەو ئومێدەی کە مودیری تەحریرات عەباکەی خۆی بناسێتەوە لەبەری هەستێ و ڕێزی لێ بنێ.. بەڵام مودیری تەحریرات سەرهەڵنابڕێ و خێراتنی کەس ناکا. شێخ رەزا بەپێوە ماندوو ئەبێ، لە پڕ عەباکە ئەخاتە سەر مێزی مودیر و ئەم سێ بەیتەی بۆ ئەخوێنێتەوە، مودیری تەحریر ئەدا بەسەرا هاوار ئەکا شێخ رەزا ببوورە، سوودی نابێ، شێخ رەزا ئەڕوات.

١٢- لاپەڕە ٧٥-٧٦:

(مانەندی عەقارب لە ئەقارب حەزەرم کرد) ئەمە دیارییە بۆ ئەم هەڵبەستە عەرەبییە (الارقاب کالعقارب في اذاها، فلا تغتر بعم أو بخال). (گەردوون سنکی کردم)، کاک حەمەبۆر سنگی بە (سنگ) زانیوە، واتە (مێخ) بەڵام لە کوردییا (سنککردن) پەت خستنە ملە، تایبەتە بۆ (تاژیی ڕاو)، هەروا (سەمەندۆک) سەما پێکردنە بۆ ڕیسواکردن، هیچ پێوەندییەکی بەسەر (سنگ)ەوە نییە، هەروا (دەربارەی) نییە، دەربار: ئاستانەی پایتەختی شاهانەیە کە دەستەی تەشریفاتی تێدایە، (دەربارە، واتا دەرهەق). (کارم تەڕ ئەبێ ئەموت) ئەم بەیتە ئەگەر پاش بەیتی چوارەم (معتبرم کرد) بهاتایە، زۆر ڕێک بوو، بەڵام کە دواکەوتووە، دەبێ وەها بێ: (کارم تڕ ئەبێ ئەموت ئەگەر لوطفی نەبێ مام). هەروا (من موجتەهیدم و هاتم) هەڵەیە: (من موجتەهیدی چاکم و تەقلیدی کەرم کرد) ڕاستە.

١٣- لاپەڕە ٧٧-٧٨:

(مەلا مەحموودی زەنگنە) نەک (زەنگەنە) کە سەنگی شیعرەکە تێک ئەدات، (حەمەبۆر) شێخ ئەحمەدی تاڵەبانیی کردووە بە شێخ ئەحمەد بەگ، ئەوەی ڕاستی بێت هەرگیز تاڵەبانی نازناوی بەگیان نەبووە، نەک هەر ئەوان بەڵکو

هەموو زەنگنەی کوردستانی عێراق و هەموو زەنگنەی کوردستانی ئێران، نازناوی بەگیان نەبووە، نازناوی (ئاغا) و (خان)یان هەبووە جگە لە بنەماڵەی (متسلم) کە بنەماڵەکەی (نەفطچی) لە کەرکووک ناسراون، یا بنەماڵەی یەعقووبی کە لەم دواییەی عوسمانیدا پێ گەییون، لەگەڵ ئەوەشدا بنەماڵەی تاڵەبانی لە زەمانی عوسمانییەوە تا ئەمڕۆ سەرۆکی شارەوانی، نائبی مەجلیس، متصرف، وەزیر و سەرۆکی ئیقلیمیان تیا هەڵکەوتووە، بەڵام بەگ نەبوون. حەمەبۆر نووسیویە: (تالی موقەدیم) هەڵەیە (تالی و موقەدەم) دوو زاراوەی عیلمی مەنتیقە لە باتی (مبتدا و خبر)ی نەحو و صەرف. هەروا نووسیویە (بۆ یەکەم جار لە چاپەمەنیی کورد و کوردیدا ڕوون کراوەتەوە کە شێخ رەزا نە شێخ بووە، نە تاڵەبانی و نە زەنگنەیشە..). لێرەدا هەر ئەوەندە ئەنووسم: (ماشەڵڵاه لەم ئیکتشافە، لەم حیکمەتە فەلسەفییە کە حەمەبۆر هەڵی هێناوە! لە جێی خۆیا بۆی ڕوون ئەکەمەوە کە شێخ رەزا شێخە چونکە کوڕی شێخ عەبدوڕەحمانە و نەوەی مەلا مەحمەوودە و بەساڵان شێخی تەکیەکەی تاڵەبانی بووە لە بەغدا. (تاڵەبانی)یشە چونکە لە گوندی (قرخ) و (تاڵەبان) لەدایک بووە و لەوێ گەورە بووە و نازناوی ئەو گوندەی وەرگرتووە، وەک باپیری (قرخ و تاڵەبان) دوو گوندی نزیک بە یەکن سەر بە ناوچەی قەرە حەسەنن، ئەکەونە نێوان کەرکووک و چەمچەماڵ. (سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی) بەخشیونی بە بنەماڵەی مەلا مەحموودی زەنگنە.

١٤- لاپەڕە ٧٩

(قورمساغ) و (یاغنیش) دوو وشەی تورکیی ناو کەرکووکن، یەکەمیان جنێوە و لە کوردستانیشا تا ئێستا هەر باوە، دووەم (یاغنیش) لە بنەڕەتا (یانلیش)ە واتا (هەڵە). لە تورکمانیی کەرکووکدا بووەتە (یاغنیش).

١٥- لاپەڕە ٨٠ -٨٨:

حەمەبۆر بەم جۆرە شیعری تورکی واتا لێ ئەداتەوە: (بکە ئەی ئەڵماسە گەوهەرەکەم) کە بەم جۆرەیە (داوێنی کوڕە بولغارەکەم گرت و وتم بەزەییت بە

حاڵما بێتەوە ئەی ئەڵماسەکەم)، هەروا نووسیویە: (چاوی ڕەشت هەر دڵ بەندکار و لاس دانە...)، ڕاستەکەی بەم جۆرەیە (چاوی ڕەشی جادووکارت هەموو داو و لاس دانە). هەروا (چاوی شێوەی چاوی ئاسکی تۆ، منی کردە نێچیری خۆی)، ڕاستەکەی بەم جۆرەیە: (منی شکار کرد چاوانی وەک چاوی ئاهووت یا مامزت، ئەی چاوانی تۆ وەکو چاوانی ئاسکۆلەی شێر ڕاوکەر)، ئەم بەیتە دیارییە بۆ ئەو هەڵبەستە کە دەڵێن هی یەزیدی کوڕی مەعاویەیە، کە وتوویە:

قد خلفتني طريحا وهي قائلة

تأملوا كيف فعل الظبي بالأسد

با خوێندەواران بزانن وشەی (ئاهووەکەی) هەڵەیە، ڕاستەکەی (ئاهووەکی)یە، (ئەک) دروشمی سووکەڵەییە، بۆ خۆشەویستی. هەروا نیو بەیتی: "گیت ئیشنەحاجی بابا یاغماغی وار؟"، حەمەبۆری تورکی نەزان نووسیوە: (منیش تالانکاریم هەیە گرانجانم) واتا چی؟ واتای هەڵبەستەکە بەم جۆرەیە: (برۆ بەڕێتەوە بە دوای کارتا، خۆ تالان نییە؟) هەروا نووسیویە: (صاچمە لاقردیلرک خاصلی یوق، ئاقچە گیتر)، واتە (لاقرتییەکانت بێ ئەنجامن کیسەی زێڕ و زیو بهێنە)، ئەم جارە تەرجەمەکەی نزیکە خوا ئەزانێ کێ بۆی نووسیوە؟ بەڵام بەم جۆرەیە (پەرت و بڵاو مەکەوە گاڵتە و قەشمەریت سوودێکی نییە، پوول بێنە)، ئاقچە واتە پوولی سپی (نەک کیسەی زێڕ و زیو). هەروا ڕستەی (مەردوومی کین) هەڵەیە. هەڵبەستەکە بەم جۆرەیە (مەردوومی کون، مەشەو ئەز مەردومی مەردووم ئازار) کاکە حەمە نووسیویە: بە تورکی واتە (ئەی بیلبیلەی چاو! مەردوومێکی ئاوهایی مەبە، مەبە مەردووم ئازارانە). هەروەک وتم حەمەبۆر نەفارسی ئەزانێ نەتورکی، بە خەیاڵ شت ڕێک ئەخا، سا گرتی یا نەیگرت، ئەو باکی نییە. واتای هەڵبەستە (فارسی)یەکە، (نەک تورکی) بەم جۆرەیە: (پیاوەتی بکە، مەبە مرۆڤی مرۆڤ ئازاردەر)، بەداخەوە کاک حەمەبۆر (مەردووم: مرۆڤ، پیاو. مەردمەک: بیبلەی چاو) لەیەک جیا ناکاتەوە. هەروا (بەن بویوک ذاتی شەریفم، وکەلا خواجەسیم)، حەمەبۆر

نووســـیـویه: (مـن کـەسـێکـی گـەورە و لە مــاقــوولانم لە ئەندامــانـی مــەزنە ساماندارەکانم)، ڕاستییەکەی: (من لە گەورە پیاوانی پایە بڵندم، مامۆستای وەزیران و وەکـیلانم). هـەروا (بـردمـە مـەنزڵگەهـی خـۆم) هەڵەیە، مـەنزڵ ناوی جـێیـە، (گـە)ش هـەر جـێیـە، لەبەر ئەوە (مـەنزلەکـە)ی خـۆم ڕاسـتـە. لێـرەدا نیکتـەیەکم کـەوتەوە بیـر، شـێخ قـادری برا گـەورەی شـێخ رەزا کـە پسـپـۆڕی تورکی و فـارسـی بوو، سـتـایشی فیـردەوسـی دەکات، ئەڵێ ئەم کـابرایە چوار ڕستەی ڕێکوپێکی لە یەک بەیتێکا جێ کردووەتەوە:

برید و درید و شکست و ببــست

یلان را سـر و سـینە و پاو دەست

واتا: بڕی و دڕی و شکاندی و بەستی

سەر و سنگ و پا و دەستی پاڵەوانان

شێخ رەزا ئەڵێ کاکە خۆ منیش چوار ڕستەی موفید و موختەسـەرم لە نیو بالا کۆ کردووەتەوە:

مـوختـەسـەر چاکـە قسـە، بردمـە مـەنزلەکەی خـۆم

گـرتم و خـســتم و لێم برد و گـونم کـردە چوار

شێخ قادر ئەڵێ: «لاچۆ لە بەرچاوم خەبیس».

هـەروا (مـا الخبـر ئەی زاهدی سـالوس شیـعـار) واتە چ باسە؟ ئەی پارسـای سـاختـەچی بۆ ڕیا خـۆ بە زاهید نیشـاندەر؟ لە هـەڵبـەستـەکەدا نووسـراوە (ویرمـــەدی پارەبەنی)، هـەڵەیە ڕاســتـەکـەی (ویرمــادی پارەمی: پوولـەکـەی نەدامـێ)، ئا ئەمــەیە دوسـتـووری گـەورە پیـاوان)؟ (ئویچ گـوینەدر) هـەڵەیە، ڕاستـەکەی (ئویچ گوینە دەک)، واتا تا سێ ڕۆژ دەبێ بیدەیێ هـەی سـتـەمکار. جگە لـەمـانە هـەڵەکـان: (چەرخ و فــەلەک) هـەڵەیـە، هـەردوویان یەکن (چەرخـی فـەلەک) ڕاسـتـە، واتـا سـووڕانی گـەردش. هـەروا وشـەی (وەلێ) لـەم بەیتـەدا هەڵەیە (ڕەئی ئەو باعیسـی تەنزیمی ئومووراتە وەلێ)، ڕاستەکەی (دەڵێی)ە. با بێینە سـەر ئەو داسـتـانەی حـەمـەبۆر لە زبانی (عـەلی ئاگا)وە گێڕاوێتییـەوە، نەئەسڵـی هـەیە نەفـەسڵ، چونکە شـێخ رەزا بەر لە ئەم قـەسـیـدەیە دەیان جار

ئەحمەد پاشای دیوە و زانیویە حەز لەم جۆرە قسانە دەکا و بەزمی وەهای پێ خۆشە. من لام وایە ئەو پارچە هەڵبەستە هێشتا چەند بەیتێکی ناتەواوە، شێخ رەزا هەموو پارچەکانی بە نازناوی (لامع) یاخود (رضا) دوایی دێنێ و لێرەدا شتی وەها نییە.

١٦- لاپەڕە ٨٩-٩٠:

(وەند) هەڵەیە، ڕاستەکەی (زەند)ە، (یادگار) مەبەست (باوە یادگاری) پیری پیرۆزی کاکەییە، (سولالەی شێخ ستار) دەبێ هەڵە بێ، چونکە نەشێخ قادر و نەشێخ نووری و نەشێخ عیزەدین، کوڕانی لەو پیاوە ناودارانە نەبوون، کە شێخ رەزا بە سولالەی شێخ ستاریان ناوبنێ.

١٧- لاپەڕە ٩١:

عەموودی لەندەهۆر. وشەی (لەندەهوور) لە بنەڕەتدا هیندییە، واتا (کوڕی خۆر)، پاشان بووەتە نازناو بۆ کەسانی بەهێز و ئازا و زەلامی زل. دوو بەیتەکەی هەرە دوایی کە (حەمەبۆر) لە کەشکۆڵی (محەمەد ئەسوەد) وەری گرتوون، ڕەنگە هی شێخ ڕەزا نەبێ، (تاکو ژارم کردە ژوور) لە هی شێخ رەزا ناچێ.

١٨- لاپەڕە ٩٢:

وەک من بزانم (وەستا شەفی)، نازناوی (خولە مەحموودی) باوکی شوکری فەزڵییە، کە نەشاعیر بووە، نەخوێندەوارێکی باش، ئەم شیعرانە هی پیاوێکی سۆفیی ڕۆحانییە، کە حەمەبۆر (٦٩) ساڵ لەمەوبەر بیستوویە و لەبیری نەماوە هی کێیە.. بەڵام (بەو شەریکی پاکی شەیتانیتە) یەعنی چی؟ هەروا وشەی (پڕ گوناه) هەڵەیە و دەبێ (بێ گوناه) بێ.

١٩- لاپەڕەکانی ٩٢-١١٢:

لەربارەی پارچە هەڵبەستی هەجووی کاکەییەوە، (حەمەبۆر)ی فەیلەسووف، لە سەرەتادا چوار لاپەڕەی بۆ دڵڕاگرتنی کاکەیی و پۆزش هێنانەوە پڕ کردووەتەوە و داوای لە کاکەییەکان کردووە نابێ لە هەجووی

شـێخ ڕەزا تووڕە بن، چونکە ئەو هەجووی مـافی خـۆی بەر لـە هەمـوو کـەس کردووە، بەڵام کاکە حـەمەبۆر ئەوەی خستووەتە پشتگوێ کە شێخ فازڵی شێخ حـەمـە ڕەئووفـی شـێخ عـەلیی گـەورە (برازای شـێخ ڕەزا) لە سـاڵانی ١٩٣٢–١٩٣٥دا لە (یادگـاری لاوان)دا، ئـەم جـۆرە پـۆزەشـــەی هێناوەتـەوە و داوای لە کـاکـەییـیـەکـان کـردووە دڵگـیـر نەبن، جگـە لەمـە حـەمـەبۆر نـازانـێ یەکـێک لە کاکەیییەکانی (هاوار) پارچە هۆنراوەیەکی ٣٠٠ بەیتیی هەیە دژی شێخ ڕەزا، بیـزانیـایە، وەک شـیـعـرە قـۆڕەکـانی بەدرۆ بـە زبانی شـوکـری فـەزڵیـیـەوە هەڵبەستراوی، بڵاو دەکردەوە.

بەڵام لە هەمـووی سـەیرتر ئەوەیە کـاک (حـەمـەبۆر) شت بە خـەیاڵ دروست دەکات، سـەرنج دەدەن کاکەیییـەکانی کردووە بە پەیڕەوی (داوود پێغەمبەر) و (بونیامین) بـۆ ئەوەی کە بیانبـاتەوە سەر جوولەکەیەتی، ئەو نازانـێ کـاکەیی لە بنـەڕەتدا (دیـاوس – طاوس) و (شـیـدا – شـەیتـان) پـەرست بـوون، دیاوس سووک بووەتەوە بووتە (داوود) و (شید) گۆڕاوە بە (شیدان – شەیتان)، هەروا (شـێخ نیعمـەت اللاە وەلێ) کردووە بە (عێلی بەگی). کـەچی (سـەید نوورەدین نیـعمـەت الـلاە) کوڕی سـەید (شـاە نیـعـمـەت اللاهـی)یە، لە بنەڕەتدا خـەڵکی کـرمـانـە، هـاودەمی شـاهرووخی کـوڕی تەیمووری لـەنگە، لە شـاری حـەلەب لەدایک بـووە، سـاڵی ٨٣٤ک (١٤٣١ز) لە تەمـەنی سـەد سـاڵیـیـا لە (مـاهـان) مـردووە، دیوانی شیـعری بە فـارسـییـە، ١٤,٠٠٠ بەیتـە، هەروا دانەری دەیان کـتێـبـە، ئەم پیـاوە گـەورەیە هیچ جـۆرە پێـوەندییـەکی نییـە بـە (عیـلی بەگی جاف)ەوە، کـە یەکێکە لە پیرانی کـاکەییی کورد و لە دەورانـی سـەفەویدا ژیاوە، من پێشبینییەکانی ئەم زاتەم ساڵی ١٩٤٤ لە (گەلاوێژ)دا بڵاو کردووەتەوە. لە کاتی خۆیا خوێندەوارانی کاکەیی، تەنانەت بـنەماڵەی سـەید قوتب لە سلێمانی و خـانەقین تووڕە بـووبوون لەسـەر ئەوەی کـە ئەسـراری کـاکـەییـیـە، بۆچ بڵاوی کردووەتەوە.

کـاکە حـەمـە قـۆڕیاتی تری زۆرە، لەسـەری نانووسم، لاپەڕە (٩٧) هۆنراوەی (باباکە باشندە بیر باطمان یشیل وار) بە کافی (باباک) لە دەوری عوسـمـانی

ئەوترا (کافی نوونی) بە کاف ئەنووسرا، بەنوون ئەخوێندرایەوە، (واتا بەسەر سەری باوکتەوە یەک باتمان پەڕۆی سەوز هەیە)، من لە کتێبی مەندەلی و داقوقدا ئەوەم ڕوون کردووەتەوە کە ڕوحانی کاکەییان (سەید واتا میر، باوە، مام، دەروێش)ن ئەوانەی لە ئێران لەگەڵ (عەلی ئیلاهی) و (رافضی)یە ئازەربایجانییەکان تێکەڵ بوون، زۆر پلەی تریان هەیە، (سەید) موقەدەسن، ئەم پایە لە دەوری موسوڵمانەتییا لە شیعەی سەفەوییەوە هاتووە، (باوە) ڕانومای ئاینیی دەستەی (ئەهل حەق)ە، ئەمانە لە پەیڕەوانی مەنسووری هەلاجن. وشەی (ئەهل حەق) لێرەوە هاتووە: لە سەردەمی خەلیفەی عەباسی (المقتدر)دا ساڵی ٣٠٩ک (٩٢١ز) حوسەینی کوڕی مەنسوور لە بنەڕەتا خەڵکی شاری (بەیضا)ی شوانکارەیە، لە کاتی حاڵ لێ هاتنا دەیوت (انا الحق)، خرایە زندان، پاشان دەرهێنرا زبان و هەردوو دەست و هەردوو پێیان بڕی و هەزار قەمچییان لێ دا، خستیانە ئاگر و سووتاندیان، ئەوەیە کە حافزی شیرازی دەربارەی ئەڵێ:

کشد نقشی (انا الحق) بر زمین خون

چو منصور ارگشی بردارم امشب

(ئەگەر ئەمشەو بمدەی لەسێدارە و بمکوژی، خوێنم وەکو خوێنی مەنسووری هەلاج بە زەوییا نەقشی "انا الحق" ئەنووسێ). سەر زەویی کوردستان پڕە لە (باوە): (باوە شاسوار، باوە محەمەد، باوە پڵاوی، شێخ باوە، باوە مەحموودی، باوە یادگار، باوە قەتاڵ، باوەجێ... تاد). هەروا خاکی کوردستان و کوردستانی ئێرانیش سەدان (باوە)ی تیایە.. ئەمانە هەموویان پیرانی کاکەیی بوون، وەکو (بابا تاهیری هەمەدان)، کە ئێستەش سەدان کاکەیی ڕۆژانە بە دەوری خوابگاکەیا وەکو پەپوولە دەسووڕێنەوە.

لێرەدا با ئەوەش ڕوون بکەمەوە (بابا تاهیری عوریانی قەلەندەر) سەید نییە و هەرگیز داوای سەیدێتیی نەکردووە، سەید باباعەلیی هەمەدانی هەرگیز برازای ئەو نەبووە، شێخ عیسا و شێخ مووسا لە بنەڕەتا خەڵکی گوندی (برزینگرد)ی هەمەدانن، وشەکە بووەتە (بەرزینجرد: بەرزنجە). لە کوردستانا

وا باوه كه وشـهكه (بهر + زنجـه)يه. كاكهييـهكان ئهم داسـتـانهيان بۆ ناوى خۆيان دروست كردووه، شێخ عيسا و شێخ مووسا له بهرزنجه مزگهوتێكيان دروست كردووه، (كـاريتـه) گهورهكه كـورت بووه، مـووسـا به عـيـسـاى وتووه: كاكه بيكێشه، كه ڕاى كێشاوه كاريتهكه درێژ بووه. وشـهى (كاكه) بۆ كاكهيى مـاوهتهوه. (شـێخ سلێـمان بـهرزنجى) كه له كـوردسـتـانهوه چووهته (مـهدينه) و لهوێ ژياوه، سوودى لهم داستانه وهرگرتووه، نووسيويه:

"جذعان فخري يشهدان بمجدي
جذع هنا قد كان حن لجدي"
"وجذع ببرزنجه بمسجدها الذي
قد اسساه عيسى و موسى بجد"

بهڕاستى دنياى خهياڵپلاو شتى سهير ئهخاته سهر كاغهز.

ئهم وشـهى (باباك)ه هيچ پێوهندييهكى به بنهماڵهى بابانهوه نييه، بنهماڵهى (بـابان) چ لـهمــــديو و چ لـهوديو، له بـنـهڕهتا ئـهچـنـهوه ســــهر بـابا ئـهردهڵان (هـهردهڵان)، كه ئهو بێگومان له پيرانى كاكهيى بووه.

لێرهدا با ئهم دوو بهيته بۆ خوێندهواران ڕوون بكهمهوه:

عــهمـوودێكم هـهيه وهک تـووڵى داوود
كـۆتامـه ژێر كـوڕهكـهيى دايه ڕهزوار
تسـێكى كهند بهڕشـيى سـهى براكه
تـرێكى دا بـه يـادى بـاوه يـادگـــــار

جێى ئێره نييه، به هه‌ڵه خراوهته ئهم ناوهوه.

كه له بنهڕهتا بهپێى سهليقه و شێوهى قسه بهم جۆرهيه:

هـهتـانه هـهروهكـو بـيـسـتـوومـه بـهزمێ
لـه ســـاڵێكا شــــهوێ يارانـى دومـــدار
دهبهستن حـهڵقـهيێ وهک عـهقدى پهروين
له جــێگايهكى خــاڵى لهيســه دهييــار

هەروا وشەکەش (یارانی دیندار) نییە، یارانی (دمدار)ە، هەڕەمەی شیعە و سونی و کاکەیی، بەیەکتر دەڵێن (کلکدار)، کابرایێ سونی نەزان وەعزی دەخوێند، بە فارسی وتی: (شیعە دم دارد) چەند گەنجێکی شیعە لە هەڵقەی وەعزدا دانیشتبوون، بۆیان (تحمل) نەکرا، یەکێکیان دەعباکەی خۆی ڕەق کرد و بردی دایە دەست واعزەکە و وتی: (مای شیعە دم داریم ولی از پیش، سنی ها دم داراند از پس) ئەم قسە قۆڕانە هی هەڕەمەی خەڵقە، لە ناوا ماوەتەوە.

ئەو زاراوانەی کە شێخ ڕەزا نیسبەتی داون بە کاکەیییەکان وەکو (تووڵی داوود، خوگی مردار، کەڵبەی بەرازی بۆز، گای حوول... تاد) ئەمانە پڕوپووچی کۆنن، تا ئەمڕۆ (گای حوول) لە هیندستان خوایە، لە میسر بە (گای ئەپیبس) بەناوبانگ بووە، لێکۆڵینەوەی ئەم زاراوانە کتێبی تایبەتی دەوێ.

حەمەبۆر (مەزهەبی یارانی) کردووە بە (ئاین) کە خیانەتی ئەمانەتی عیلمییە، شت گۆڕین.. دەبوو بە (پەڕاوێز) ڕای خۆی دەربڕی. لێرەدا دیسانەوە نیکتەیەکم هاتەوە بیر: (کابرایەکی خەت خۆشی ئێرانییان بانگ کرد قورئانێ بنووسێتەوە و تکایان لێ کرد یەک نوقتە زیاد نەکا، کابرا قورئانەکەی بە ئەمانەتەوە نووسییەوە تا گەیشتە ئایەتی (و خر موسی صعقا) زوو کردیە (و خر عیسی)، کە لێیان پرسی بۆچ گۆڕیوتە، وتی: خوا غەڵەتی فەرمووە، مووسا خەری نەبوو، عیسا خەری هەبوو، شێخی سەعدی وتوویە:

خر عیسا گریش بمکە برند
چون بیاید هنوز خر باشد

منیش لەبەر ئەوە هەڵەکەم ڕاست کردەوە. جا کابرای عەرەب وتەنی (تعال فهم احمد اغا). هەروا (جەم جەم)ی بردووەتە سەر (جەمشید). بێ ئەوەی بێتەوە یادی (جەم جەم) واتا کۆبوونەوەی جەماعەت، هەروا (نەمری گوناهکار)ی گۆڕیوە بە (دەمری گوناهکار). شێخ ڕەزا ئیتیهامی واعزی کاکەیی دەکات دەڵێ: "ئەگەر تۆ مخالەفەی شەرعی ئیسلام نەکەی و

گوناهکارانە نەمری"، ئەوا (یەشمی ڕیخناکی بەرسمێڵت... تاد) ئەمە وەها، دەبووایە ئومێد کاکەڕەش لە پاش هۆنراوەی (ئەچێتە شکلی سەگسار) چەند نیتکێ دابنێ....... بۆ ئەوەی باسەکە بگۆڕێ.

گۆڕینی (مافووری زەڕ) بە (مافووری زەرد)، باسێکی نییە، بەڵام مافووری زەڕباف واتا تێلی سورمەی زێڕینی تیا بێ. گۆڕینی (مەی) بە (نەی) هەڵەیە، چونکە نیو باڵی پێشوو (نەبیز و شەربەت و .... تاد) بۆ خواردنەوەیە، (نەی) ناخورێتەوە. (قەیماسی زەنگی) ناوی پاڵەوانێکی ڕەشتاڵەی ناشرین بووە، لە ئەدەبی تورکی و فارسییا زۆر هاتووە، بۆیە بە شەوی تاریک ئەڵێن (قەیماس زەنگی: شەوەزەنگ).

ڕستەی (بێ قەول و گفتار) نابەجێیە.. (باوە باوە) واتا (باوەکان)... حەمەبۆر دەسکاریی عەرەبییەکەشی کردووە بە (فهینوا سادتی) کردووە بە (هینا..) گوێی نەداوەتە (سادتی) کە کۆیە، نەک تاک. هەروا ئەمەیان لە هەمووی قۆڕترە (دەم و دەست ساحبی دەرپێ بکەن دیار)، ئاخر لە ژووری تاریکی شەوەڕەشەدا چۆن ساحبی دەرپێ دەناسرێتەوە؟ هەی گەمژە. دیسان دەبووایە دێرێ تەرک بکرێ، واتە باسەکە گۆڕا... (باسکی هاوار) هەڵەیە، نووسەران چونکە شارستانین نازانن (هەوجاڕ) چییە. (هەوجاڕی جووت) باسکەکەی زۆر ڕەق و ڕاستە، بۆیە (یاربابلی) پێ چواندووە. هەروا (لێ بڕینی) کردووە بە (لێ پەڕین)، نازانێ پاش واژەی (لێ بڕین) هەر (لێ خورین) دێت... لە لاپەڕەکانی (١٠٨-١١٠)دا قسەی قۆڕ زۆرە، ڕستەی (بیگرێتە بەرکار)ی گۆڕیوە بە (بیداتە)، واتە خۆی نەیکا بیدا بەیەکێکی تر (گەوادیی پێوە بکات؟!)، هەروا (ئیتر هەر خەپلەیە)ی کردووە بە (خەپلە کوزە) بۆچ؟ کوڕە (خەپلە) خۆی پانایی کوزە. (مناڵی ئەو شەوە پەیدا بێ.......... تاد) هۆنراوەکان زۆر لاوازن، لە ئەدەبی شێخ ڕەزا ناچن... هەروا (بەژێر بنیا دەچێ) هەڵەیە، (بە بنیا دەچێ) ڕاستە، چونکە ژێر و بن هەردوو یەکن لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە حەمەبۆر وای داوەتە قەڵەم (تیر) بەناو لوولەدا دەچێ... نازانێ لە ژێی کەوانەوە دەرئەپەڕێ.

٢٠- لاپەڕە ١١٣:

(پاڵەوانێکی قەوی و قۆڵە) هەڵەیە، (قەویی قۆڵە) ڕاستە. (ئوچاغ) هەڵەیە، ڕاستەکەی (وجاغ)ە، ناوی نەزەرگەیەکە نزیک گوندی (تەرجیل)، (تیتلەبیجاغ) ناوی مەلێکە (باڵندەیەکە) لە گۆلاوی مەرەزەدا (جارِ چەلتووک) بەدوای کرم و ماسییە وردە و کوللەدا ئەگەڕێ. شوانەکان بە دەس ئەیگرن، لەبەر ئەوە شێخ رەزا گاڵتە بە شێخ (محەمەد عەلی) برازای ئەکا کە بە تفەنگەوە چووەتە شکاری (تیتلەبیجاغ).

٢١- لاپەڕە ١١٦:

(ئەم دەغلە.....) ئەم چوار باڵە دوو بەیتییە جێگەی ئێرە نییە، جێی پیتی (یی)یە.

٢٢- لاپەڕە ١١٧:

(جارەکی تری) گۆڕیوە بۆ (دەفعەیە تر)، (گەدایی) گۆڕیوەتە (فەقیری)، کەچی کوردەواری (شاه و گەدا) ئەڵێن، نەک شاه و فەقیر. هەروا بە هەڵە نووسیویە (وەکو غەفوور)، ڕاستەکەی وەکو (فەغفوور)ە لە شێوەی چینیدا (فەغ فۆر) لە فارسیدا (بوغ پور)، واتا کوڕی خوا... کوڕی ئیمپراتۆرە.. (فەخفووریی) پلاو خواردن لێرەوە هاتووە.

٢٣- لاپەڕە ١٩٩-١٢٠:

(چاوێکی گەر لێ زەق نەکەم) سەنگی هۆنراوەکەی تێک داوە، ڕاستەکەی (گەر چاوی لێ زەق نەکەم)ە. هەروا نووسیویە (مەبەست سەید نووری نەقیب)ە، هەروەک لە سەرەتادا نووسیم شێخ رەزا و سەید نووری نەقیب هاوتەمەن نین، ڕاست ئەوەیە بوترێ (سەید ئەحمەدی نەقیب)، ئەوەی ڕاستی بێ ئەم پارچەی هۆنراوەی نیسبەت دراوە بە (شوکری فەزڵی) و بەم جۆرە دەست پێ ئەکا (گو مەخۆ یاشێخ) لە هەموو ئەو پارچانە ڕێکوپێکترە بە ئەو نیسبەت دراوە. بەڵام دەبوایە لە (پەڕاوێز)ەوە بنووسرێ، نەک بخرێتە ناو دەقەکەوە.

٢٤- لاپەڕە ١٢١:

بەیتی (ئەهلی بەبان) زۆر ئاشکرایە کە هی شێخ ڕەزا نییە.

٢٥- ئەو هەرگیز ناوی بنەماڵەی بابانی بە خراپە نەهێناوە (ئالی بابان یاخوا نەڕزێ) هەڵەیە، بەیتەکە بەم جۆرەیە (یاخوا نەڕزێ ئالی بەبە دەستی کەرەمتان).

٢٦- لاپەڕە ١٢٣:

شیعرەکەی شوکری دەبوا بخرێتە پەڕاوێز، ئەوەش دووبارە دەکەمەوە سەید نووری نەقیب هەڵەیە (سەید ئەحمەدی نەقیب) ڕاستە. وشەی (ڕەق) دەبێ (ئێرەق) بێ کە سەنگەکە تێک نەدا و تەواوی پارچە هەڵبەستەکە لاواز و پڕ لە هەڵەیە، بەیتی تەرجیع بەندەکە (پاش و پەس) هەڵەیە، چونکە هەردوو یەکن، دەبێ (پێش و پەس) بێ.. لێرەدا ڕووداوێکم کەوتەوە بیر - وابزانم ساڵی ١٩٥٣بوو، چووبوومە سلێمانی، ئەو حەلە چوار گەنج خۆیان کردبووە شاسواری مەیدانی ئەدەب، ئەم گەنجانە ئەمانە بوون:

(مستەفا ساڵح کەریم، ساڵح دیلان، محەڕەم محەمەد ئەمین و کامەران موکری)، ئێوارانێ چووین بۆ سەرچنار، بە تورمبێلی گەنجێک ناویم لەبیر چووە دوو نییە هەر ئەو (حەمکۆل قەساب)ە بێ کە دەڵێن گەنجینەی شیعرەکانی شوکری فەزڵییە، ئەو کوڕە تا سەرچنار هەڵبەستەکانی شوکری فەزڵیی بۆ خوێندینەوە، لە هەجووی شێخ ڕەزا، ئەو حەلە بەو کوڕە گەنجەم وت: هەندێ لەم هەڵبەستانە زۆر بازاڕییە، ستەمە نیسبەت بدرێن بە شوکری فەزڵی، خاوەنی (ئیش کەڕووی ئیستە لە هەورازە سەرەو لێژی نەکەی)، شوکری کەڵەشاعیرە، زبانپاراوە، سادەگۆیە، کوردیزانە، ئەوەی ڕاستی بێت لە دووپاتەکییەکانا (تەرجیع بەند) تەنیا ئەمەیان شیعرە (باوکی مەعلوومت نییە...) لە شیعر ئەچێ، گەرچی ئەویش هەندێکی هی ئەو نییە و دەس هەڵبەستە، هەمووی گەنجانی ناحەزانی شێخ ڕەزا هەڵیان بەستووە، وەک ئەو شیعرە قۆڕانەی نیسبەت دراوەتە پیرۆزی کچی حەسەن کەنوش.

٢٧- لاپەڕە ١٢٥-١٢٦:

نموونەی هەڵبەستی سادە و ڕەوانی شێخ ڕەزایە، گەرچی هەمووی جنێوە بەڵام زەوقی لێ ئەبارێ.

٢٨- لاپەڕە ١٢٧:

پارچە هەڵبەستەکەی نیسبەت دراوەتە شوکری فەزڵی هەمووی جنێوی بازاڕییە، تەنانەت ئاخر شیعری:

شوکری بەگانی کوڕی بێرە زەمزەمە

زۆری نەداوە، صەت ملەکێری تەقاندووە

جارێ (بێرە) دەبووایە (بکەوەرە) بێ، نەک (بێرە - بیهێنە) هەروا لە شیعر ناچێ لە پەخشان ئەچێ. ستەمە پێی بڵێین شیعری شوکری.

٢٩- لاپەڕە ١٢٨:

سەیری سەردێری هەڵبەستەکە بکە (کەڵەشێری نەقیب) پاشان لە پەڕاوێزدا نووسراوە (نەقیب زادە) و کراوە بە (سەید نووریی نەقیب) بۆچ؟ ئاخر بەیت بەم جۆرەیە (قافیەم تەنگە نەظیرەکەم مەگرە شاعیر زینهار)، وشەی (زینهار) لێرەدا (فارسی) نییە، کوردیی پەتییە. واتا لەخۆ جاڕست، شاعیر لە خۆی جاڕستە، لە ژیانی، قافیەی کەم بۆ دێ، نەظیر نەماوە.. بۆیە بۆ (دژە)کەی تەنیا وشەی (کێر) ماوەتەوە.

٣٠- لاپەڕە ١٣١-١٣٢:

ئەم قەسیدەیە (شیرین وەکو خوسرەو پسەری هورمزە جافە) جێی ئێرە نییە، دەبووایە بخرێتە پیتی (ﻫ)، هەروا شێخ ڕەزا وشەی (شب ڕەو: کەسێ کە لە تاریکەشەوا دزی ئەکا و بەدوای کاری گەندا ئەگەڕێ) بە (ڕەش) داوەتە قەڵەم. لە قەسیدەی (بێگانە)دا (هەرچەندە بەدڵ) هەڵەیە، (هەرچەندە بەدەم) ڕاستە. ئەوەی بەدڵ خەریکی زیکر و فیکری خوایی بێ، (لوقمە فڕاندن)ی ناکەوێتە یاد. هەروا (صەفا و مەروە) دوو تەپۆلکەن، لەپێشا باسم کردن.

٣١- لاپەڕە ١٣٣-١٣٥:

کاکە حەمەبۆر زۆری دەسکاریی پارچە هەڵبەستی کچی حەسەن کەنوشی کردووە، زۆر دەس هەڵبەستی خەڵکی تێکەڵ بووە، سەرەتا بەم جۆرەیە (حەسەن کەنوشەن ئینە کناچەی حەسەن کەنوشەن). (کەللە شلەقیا) هەڵەیە، لە ئەنجامی کاری خراپی زۆرەوە (چاو ئەشلەقێ) نەک کەللە (چاو شلەقیا) ڕاستە. (کورکە) واتا بەللوکە، قیتکە، لە بنەڕەتا (کیرۆکەیە)، سووک کراوەتەوە. حەمەبۆر (کەللە)ی بە (کوز) واتا لێ داوەتەوە کە شتی وەها لە کوردیا نەبیستراوە. (بەللوکەش لۆلۆن چون گەدەی مێشەن).. هی شێخ ڕەزا نییە (گەدەی مێش) واتا (ورگی مەڕ) نەوەک (شیلاوک). (هەر لۆیێ جەدیش) هەڵەیە، (دەلۆن هەر لۆیێ، صەت کێر نەتۆشەن) ڕاستە. بەیتی هەرە دوایی (یەی کێر قەوی) زۆر ئاشکرایە کە شیعری شێخ ڕەزا نییە.

داستانەکەی کچی حەسەن کەنوش بەم جۆرەیە: (پیرۆز کچی حەسەن کەنوشی دەلۆ) کە لەناو زەنگنە دانیشتوون و شێوەی زەنگنانە فێر بوون، نەک دەلۆیانە کە شێوەیێکی کەلوڕییە، هاتووە بۆ زیارەت شێخ ڕەزا بۆ شەڕ فرۆشتن پیایا هەڵشاخاوە، (ئینە کناچەی حەسەن کەنۆشەن... تاد) پیرۆزە دەستوبرد لە وەڵاما وتوویە: (شێخ ڕەزا زەفتم) واتا من خۆم نەدۆڕاندووە و کاری خراپم نەکردووە، (دەمت وەچاڵ پشت ئەشکەفتم)، بەڕاستی ورد و ئەندازیارانەیە ئەوی لای دواوە دەمی خستە کنگی بۆ گووخواردن (بچۆ وەچاوتا بەللوکەی چەفتم) ئەو حەلە سەروچاوی ئەکەوێتە پان خەپلەکەی و بەللوکەکەی ئەچێ بەچاویا.. ئەو دوای بەیتەکان گەرچی بەشێوەی زەنگنانە هەڵبەستراوە، وا دیارە هیچی هی (پیرۆز خانم) نییە... با لێرەدا جارێکی دی دووپاتی بکەمەوە زەنگنە لە بنەڕەتا لە عێلاتی کۆنی گۆرانی سەردەمی (ماد)ن، خەڵقی (زەنگان: زەنجان)ن، ئەوان و سیامەنسوور فەرمانڕەواییی زۆر بەهێزیان هەبوو، شاه عەباسی سەفەوی گوێزاونیەوە. سیامەنسوور بۆ ئەفغان و کەلات. زەنگنە بۆ کوردستانی خواروو، نێوان (ئاوەسپی و ڕۆخانە) لە دەربەندی باسەڕە بەرەو خوار تا دەوری (جەوەل ئاباد).

٣٢- لاپەڕە ١٣٦-١٤١:

هەموو هەڵبەستەكان دەسكردن، هی شێخ رەزا و پیرۆز نین.

٣٣- لاپەڕە ١٤٢:

(دەورەت دەدەن و) هەڵەیە، ڕاستەكەی (دەورت كە دەدەن)ە.

٣٤- لاپەڕە ١٤٣-١٤٤:

پارچە هەڵبەستی (موراد ئاغای ئاكۆ)ی شێخ رەزا بەڕاستی ئەدەبێكی سادە و ڕەوان و دڵگیرە، بەڵام (حەمەبۆر) مارف ئاغای كردووە بە (حارث). هەروا لە ئاخر باڵا نووسیویە (ئومێدی تۆیە) كە هەڵەیە، شیعرەكە بەم جۆرەیە: (لەپێش ئەم كارەدا، هێشتا ئومێدی پارچە نانێ بوو).

٣٥- لاپەڕە ١٤٢-١٤٦:

تاكە هەڵبەستی (عموومی شەهریاران و سەلاطینی فەرەنگستان) هی شێخ رەزا نییە، دەسكردی بەهەشتی (ئایەتوڵای مەردووخی)یە لە مێژووەكەیا (ل٢، ب٢) تەوفیق وردی بەهەڵە وەری گرتووە، (عەراسان) هەڵەیە، (هەراسان) ڕاستە.

٣٦- لاپەڕە ١٤٧:

هەڵبەستی (زەرفێن).. بەڕاستی گاڵتەوگەپی بەم جۆرە سادە و ڕەوان و شیعری سوار، هەر لە شێخ رەزا ئەوەشێتەوە. حەمەبۆر وشەی (كەپلە)ی كردووە بە (كەهلە) بۆچ؟ كوڕە حەمەبۆر تەوقیفخانەكانی پۆلیس بەم جانەوەرانە بەناوبانگ بوون (كێچ و كەپلە و ئەسپێ و مۆریانە و مشك و تەختەكەللەسی) بۆ ئازاری مەردم.

٣٧- لاپەڕە ١٤٨:

(ناخوێنێ) نییە، (ناخونی) ڕاستە، وشەكە فارسییە، ئەوی تری سەنگی شیعرەكە تێك ئەدا. هەروا (شەیدە مانەندی) هەڵەیە، ڕاستەكەی (شیید: جەم شیید)ە، ئەم ناوانە گەورە پیاوانی ڕیز كراون، هەروەها حەمەبۆر چونكە

نەیزانیوە (طورفە) لە طەرافەت و ناسکییەوە هاتووە گۆڕیویە بە (توحفە)، بێ ئەوەی بزانێ کە ئێرە جێی دیاری نییە. هەروا (غالییە)ی کردووە بە (غالیبە) و زۆری تری خراپ کردووە.

٣٨- لاپەڕە ١٥١:

(هەستانی لەسەر ئاخوڕ) هەڵەیە، ڕاستەکەی (لەبۆ ئاخوڕ)ە.

٣٩- لاپەڕە ١٥٢-١٥٣:

(یەک دوو دێی داوەتێ سولْتان (بە)..... تاد) هەڵەیە، (بەپێی ئیطعامی طەعام) ڕاستە، هەروا (کەرەمم پێی هەیە وەلێ) هەڵەیە، (پێی هەیە لێک) ڕاستە، هەروا (گشت باوکی کە سەرمەشقی) وشەی (کە) زیادە. (کونی و حیزییە مانەندی رەشید) هەڵەیە، (کونی و حیز بووە) ڕاستە.

٤٠- لاپەڕە ١٥٤:

(نەنوورەیلێ نە سوورەیلێ) هەڵەیە، لە کوردییا جەختی جووتە وشە هەموو بە (م) ئەبێ (موورەیلێ) ڕاستە. داستانەکەش بەم جۆرەیە: لە شاری سنە کابرایەکی جوولەکە کوڕەکەی ئەنێتە قوتابی لەلای مەلایێ، ڕۆژێ لە ڕۆژان مەلا باسی حەزرەتی (مووسا) و تەجەلی و نوور و کێوی تور ئەکا، کوڕە جوولەکە زۆری پێ خۆش ئەبێ.. کە قوتابییەکان پایدۆست ئەکەن، مەلا بە کوڕە جوولەکەکە ئەڵێ ڕۆڵە تۆ مەڕۆ ئیشم پێتە، ئەیباتە ژوورەوە ئەڵێ: نووری حەزرەتی (مووسا)ت بۆ تێ ئەخەم، کوڕەکە ئەڕواتەوە باسەکە بۆ باوکی دەگێڕێتەوە، جووە ئەڵێ: (نە نوورەیلێ نە موورەیلێ، شاپڵیتەیلێ دەرقوونەیلێ). جووی سنە ئارامییەکەیان تێکەڵ بە کوری بووە.

٤١- لاپەڕە ١٥٥:

هەڵبەستی شێخ رەزا لە (هەجوو)دا داڕشتنی دیارە، دەسکاری قەبووڵ ناکا. (جووتە گون جووتە) دیارە هەڵەیە، چونکە باسی ئاودانە نەوەک کێڵان، ڕاستەکەی (جووتە گون جۆگەیە، کێر ئاودێرە). حەمەبۆر دەربارەی هەموو وڵاتی جیهان خۆی بەپسپۆڕ ئەزانێ، بەڵام شارەزای وڵاتەکەی خۆی نییە،

نازانێ (قونیان) گوندێکە نزیک هەولێر هی ئاغاکانی دزەیی بوو، (چغەمیرە، قونیان، گردعازەبان) بەناوبانگن. ئەگەر مامۆستا حەمەبۆر بیوتایە خەڵکی (قونیان) ڕەنگە لە (قۆنیە)وە هاتبن، قسەکەی پینە دەکرا، چونکە (قۆنیە) لە سەردەمێکی کۆنا پایتەختی دەوڵەتی (مەنتەشای کورد) بوو، سولطان مورادی یەکەم داگیری کرد و خەڵکەکەی تارومار کرد.

٤٢- لاپەڕە ١٥٦:

(ابن سعدان) یەکێ بوو لە وەزیرانی (ئال بویە). (ئەسغەری ساحێبقڕان) ناوی پاڵەوانێکی دەوری تەیموور لەنگە، (لەعلی خەفتان) بەردی بەنرخی چیای خەفتانی ئەفغانستانە. ناوەکانی تری بیستراون لێکدانەوەیان ناوێ. دەریای قولزوم (واتا دەریای سوور: البحر الاحمر).

٤٣- لاپەڕەکانی ١٥٨-١٥٩:

(خەڵقی نەیچون) هەڵەیە، ڕاستەکەی (خەڵق ئیجون)ە واتا بۆ مەردووم، (بەصردەن سورمەگ) نییە، (بەصرەیە سورمەک)ە، واتا ڕەهەنەکردن بۆ بەسرە.

کوڕە سەیرە ئەم حەمەبۆرە لە عومریا وشەی (نازانم) فێر نەبووە، هەر لە خۆیەوە بۆ هەموو شتێ باسێ دائەتاشێ، شەرمی لەوە نییە خەڵق بەدرۆی بخەنەوە. (دەروێش ئەفەندیی موفتی) مەلای چاک و خەڵقی شاری کەرکووکە، بەرامبەر بنەماڵەی خانەقا و تاڵەبانی خۆی بە شت دائەنا، پەنجەی لە کارا بوو، لە ڕقی تاڵەبانی و سەید ئەحمەدی خانەقا زۆرجار دەعوەتی گەورە گەورەی ئەکرد و گەورە پیاوانی لە دێوخانەکەی خۆی کۆ ئەکردەوە، شێخ رەزا جارێکیان لەربارەیەوە وتبووی: (ماڵی موفتی لەم بەرە، خۆ ماڵی قازیش لەو بەرە: من فەقیرم کێ ئەزانێ لەم بەرم یا لەو بەرم). هەروا بەرامبەر بەدەعوەتەکانی وتبووی: (یەکتری دەعوەت ئەکەن ئەهلی دیانەت بە قوزی: کوڕی مفتی بەقنگی، خانمی داکی بەقوزی)، وشەی (قوزی) یەکەم تورکییە، واتا گۆشتی بەرخ. ئەم بەیتە پێوەندیی بە (موفتی) زەهاوییەوە نییە. واتای سەرجەمی بەیتەکان بەم جۆرەیە: خرایە ژێر پێوەندیی تەوقیف، با بخرێ، ئەم تەرەسە.. ئەوی چاڵ بۆ خەڵک هەڵبکەنێ خۆی تێی دەکەوێ بێ گومان.. جا لە

حـەپسـا هێـشـتـنی چ سـوودی هەیە؟ دەبێ ڕەهـەنە بکرێ بـۆ (بەسـرە) و لە بەسرەوە بۆ (بۆمبای) و لە بۆمبایەوە بۆ (کەلکەتە)، با ببێتە پەندی عیبرەت بۆ خـەڵکی تر، بـا لە باسی ڕۆژانەشـا لە (غـەزەتە)دا بنووسرێ سـەرگـوزەشـتـی حاڵی ئەم تەرەسـە). حـەمـەبۆر دیسـان خۆی تێ کردووە، (چاهی قـازان)ی بە مەنجەڵی چێشت زانیوە، (چاە: چاڵ) فارسـییە، (قازان: هـەڵکولڵ) تورکییە، لە (قـازمق)ەوە هـاتووە، واتا هـەڵکەندن.. باسـی مـەنجـەڵ و چێشت نییـە،... هـەی حەمەبۆری پسپۆڕ.

٤٤- لاپەڕە ١٦٠:

(عـیلاجـی گـەر ببێ یا.. تاد) ڕاسـتـەکـەی (عـیـلاجی گـەر بکاتن گـووزە یا گـوێزانـە)، گـووز بە فـارسـی واتـا تڕ (واتا عـیــلاجـی ڕیشـی ئەو پیـاتـڕین پیافڕکاندنە).

٤٥- لاپەڕە ١٦١:

جـوانتـرین داشـۆرینی سـادە و ڕەوانـە، (خـارا)ی دووجـار بەکـار هـێناوە، یەکەم بۆ (سـەنگی مەڕمەڕ)، دووەم (نەخارا) واتا (کرمی دانەمرد، دانەتەپی).

٤٦- لاپەڕە ١٦٢:

(عـومری لە هـەووەڵ تاکو ئـەخیـر تیـا کـە ڕزاوە) هـەڵەیە، ڕاسـتـەکـەی بەم جـۆرەیە (عـومـری لـە هـەووەڵ تا بەئاخـر تێـدا ڕزاوە)، هـەروا (ئێـسـتـە) نـییـە (بۆیە)یە.

٤٧- لاپەڕە ١٦٣:

پارچـەکـەی شـوکـری فـەزڵی زۆر لاواز و ناڕێکە، دەبووایە لە پەڕاوێزدا بنووسرایە.

٤٨- لاپەڕە ١٦٤:

(بۆ شـەڕی بێگانە ژنە) هەڵەیە، ڕاسـتـەکـەی (تنە)یە، (ئـەم ڕقـەتـان هـەر لە کنە) هـەڵەیە (ئەم ڕەقەتان هـەر لە کونە) ڕاستە.

٤٩- لاپەڕە ١٦٥:

(دەردی لۆقـەی گرتووە) هـەڵەیە، لۆقـە لۆ گوێدرێژ ئەبـێ، ڕاستـەکەی (دەردی لەقوەی گـرتووە)، لەقوە: نەخـۆشیی دەمـوچاو گـێرِ و چەوتبـوون، لە سـەرەتادا نووسیبووم ئەوی لە شیعرەکانی شێخ رەزا بکۆڵێتەوە دەبێ عـەرەبی و تورکی و فـارسی باش بزانێ. (کـوردە بێ نامـووسـەکـەی گـۆرانە قـورمسـاغـەکـەی) هـەڵەیە، (کـون دەرە بێ نامـووسـەکەی، باوکـە قـورمسـاغـەکەی) ڕاسـتـە. ئەم هـەڵبـەسـتـەی دەربارەی کـابرایێ وتووە کـە لە (قـەرەحـەسـەن) باغـی قـۆخـی هـەبووە، بە قۆخ مردووە.

٥٠- لاپەڕە ١٦٧:

(عەینی بەغدادیە) هـەڵەیە، ڕاستەکەی (عەینی بەغدایە بەخۆی چونکە لەبەر ئاوی مەنی).

٥١- لاپەڕە ١٧٠-١٧٢:

هـەڵبـەستی (هـەر بلوکێکی عـەجـەم حاکمی غـەمزە کـە نەبێ) واتا چی؟ زۆر مـەخابنە نیسبـەتی قەسیدەی وەهـا بێ تام بدرێ بەشێخ رەزا، ئەم قـەسیدەیە نەسـادەیە، نەڕەوانـە، نەسـەنگ و کـێشی تەواوە. لە قـەسـیـدەکـە خـراپـتـر پەراوێزەکانی حەمەبۆرە.

٥٢- لاپەڕە ١٧٣:

سـەردێرەکە (سوحبـەتی شێخ عـەلی) هەڵەیە، ڕاسـتـەکەی (هـام سوحبـەتی شێخ محەمەد عەلی)یە.. مەبەست شێخ محەمەد عەلی کەڕەی کوڕیەتی.

٥٣- لاپەڕە ١٧٤:

سـەردێر(حەوشی) هەڵەیە، ڕاسـتەکەی (حوجرە)یەکە، حـەوش عیلاج ناکرێ، حـوجـرەی دانیـشتن و خـەوتن پینە و پەڕۆی ئەوێ، خـودی شـێخ رەزا دەڵێ: (حـوجـرەیێکم هـەیە بەقـەدەر لەپێ: ڕۆژ عـیـلاجی ئەکـەم بەشـەو ئەتەپێ)، جـوانتـرین وەسـف و باشـتـرین هـەجـووە، پەراوێزەکـەی حـەمـەبۆر خـۆی تێ کردووە.

٥٤-لاپەڕە ١٧٤:

(بەعێڵ جاڕی) گۆڕیوە، کردوویە بە (یەکجاری)، خۆزگە حەمەبۆر لە باتی قسە قۆڕەکانی خۆی، ئیختلافی نوسخەکانی ئەنووسی.

٥٥- لاپەڕە ١٧٦:

(کیم بیلر سزی؟)، حەمەبۆر لە خۆیەوە نووسیویە (کێت ئەوێ)، کەچی فەڕاشەکە پێی وتووە: (کێ ئەزانێ ئێوە کێن؟)، هەروا (تانمەز مەیسن) هەڵەیە، ڕاستەکەی (تانمەز میسن؟) واتا ناناسی.

٥٦- لاپەڕە ١٧٩:

حەمەبۆر کە فارسی نازانێ زۆر چاوقایمانە و بێ شەرمانە لەخۆڕا شتێ ئەنووسێ وەک گورزی کوێر بیگرێ یا نەیگرێ. لەسەر (کەشتیی جود و سەخا را لەنگەری) نووسیویە: (تۆ بۆ کەشتی بەخشین لەنگەرگرتنی کەشتییەکەی)، هەروا بەرامبەر بە (اغنیا خواهند از انعام تو)، نووسیویە: (دەستدار و ساماندارەکان بەخشایشی تۆیان ئەوێ). شێخ رەزا لە پارچە هەڵبەستەکەدا ئەڵێ: ئەی خادمی سوجادەی پێغەمبەر، تۆ لەنگەری کەشتیی سەخێتی و دەست بڵاویت، دەوڵەمەندەکان ئەیانەوێ لە نیعمەتی تۆ سێنیی شەکراو و پڵاو و دوو لەنگەری.

٥٧-لاپەڕە ١٨٠-١٨٢:

حەمەبۆر لە باسی هێسترەکەی (خانم)دا بۆ شێخ رەزا چەند جنێوێکی لە قەسیدەکەی شێخ رەزادا زیاد کردووە، هەروا داستانێکی هەڵبەستووە بێ زەوقیی لێ دەبارێ. ئاخر کەی لە دەوروبەری شێخ رەزا (دۆم) هەبووە کە پێستی هێستری تۆپیوی پێ ببەخشێ؟ خۆ ئاخرین بەیت هەر یەکجار قۆڕە، وا ئەگەیەنێ کە شێخ رەزا ئومێدی بە یاربابلەکەی نەمابێ.

٥٨-لاپەڕە ١٨٢-١٨٥:

تەخمیسی کوردی (لە دەوری نەرگسی) هەڵەیە، ڕاستەکەی لە (دووریی نەرگسی مەستی)یە، هەروا (نەتاڵعم رەهبەر) سەنگەلایە، (نەتاڵعمە رەهبەر)

کێشـەکەی ڕاسـتـە، (شـیـرینی کوردی) نیـیـە، (شـیـرینـەی کـوردی)یە. هـەروا نەیزانیوە (ئەبی وەردی) کێیە؟ زوو گۆڕیویە بە (ئەدەبی وردی) (ئای گڵە کوێر بی...)، (ئەبی وەردی) محەمـەد کوڕی ئەحمەدی خەڵکی (ئەبیوەرد)ە لە ئێران، هەسـتـیـارێکی مـەزن بووە لە سـەدەی هەشـتـەمـا لە بەغدا ژیاوە، شـیـعـرە عەرەبییەکانی زۆر بەهێزن.

٥٩-لاپەڕە ١٨٦:

(مـەلا عـەباس) هەڵەیە، ڕاسـتـی ئەم باسـە بەم جـۆرەیە: (مـەلا قـادر) لای مـامۆسـتـا مـەلا رەزا ئیجـازە وەرئەگرێ، لـە مـزگـەوتی (ئیـمـام قـاسم) ئەبێ بەئیمام و خەتیب و مودەڕیس، ڕۆژێک بەلای گەڕەکی (سەید سەروەر)دا ئەڕوا شـێخ رەزا لـە دوورەوە ئەو ئەبینـێ، بەڵام (مـەلا قـادر) بەقـسـەی خـۆی شـێخ رەزای نەدیوە، بۆیە سـەڵاوی لێ نەکردووە، شـێخ رەزا پارچەیێ هەڵبەسـتی بۆ ڕێک ئەخا:

مـەلا قـادری ئیـمـام قـاسم
خـۆت لائەدەی کـە نەتناسم
بڵێ لـە نـەسلـی نەسنـاسـم
خۆم هەڵئەکێشم پڕ بەکراسم

منـاڵ و تـواڵ هـەر زوو بەیتـەکـان ئەکـەنە گـۆرانی، هەواڵەکـە ئەگـاتە (مـەلا قـادر). (مـەلا قـادر) هـەر زوو خـۆی ئەگـەیێنێتـە مـەلا رەزا و باسـەکـەی بۆ ئەگێڕێتەوە، ئەڵێ لە شێخ رەزا ڕزگارم بکە. مامۆستا مەلا رەزاش نامـەیەکی بە شـیـعـری تێکەڵـی تورکی - کـوردی - فـارسـی بۆ ئەنووسێ، من ئەم بـەیتـەم لەبیـر مـاوە: (قـادرم هجـو ایدەیم سن گـبی بی نـامـوسی: چارشـولردە ئاتیـلا فضلە لرک جـاسـوسی)، واتا: (ئەتوانم بێ نـامـووسـی وەکـو تۆ داشـۆرم، هـەی ئەو کـەسـەی لە بازێڕەکان ئەگەڕێی بەدوای شـتـی فڕێدراودا). هەڵبـەسـتـەکـان هـەردوویان زۆر درێژ بوون، لە بیـرم نەماون، ناشـوکری نەبێ نوورەدینـی کوڕی مامۆسـتا مەلا رەزا، شتـەکانی باوکی ئەشارێتـەوە، نەوەک خەڵک بزانێ باوکی کوردی مـەنمی خـەڵکی گوندی (مـەملی)یە لە ناوچەی قەرەحـەسـەن. شـێخ رەزا

هەرکە نامەکە وەرئەگرێ و شیعرەکان دەخوێنێتەوە دەزانێ شێوەی شیعری (مەلا رەزا)یە، زوو ئەچێ بۆ لای، ئەڵێ کاغەز و شیعرەکەتم وەرگرت، تۆ بۆ خۆت کردووە بە پارێزەری مەلا قادر، ئەوا لەبەر خاتری تۆ لێی بوردم.

٦٠-لاپەڕە ١٩٨:

(زوبدەی مەتاعی حیکمەتە ئەم شیعرە کوردییە)، من نازانم (ئەم شیعری)یە یا (ئەم شیعرە)یە. ئەگەر (ئەم شیعری کوردییە) مەبەستی هی مستەفا بەگی کوردی بێ، ئەگەر (ئەم شیعرە کوردیە) بێ، دەری نەخستووە هی کێیە. هی (مەحوی)یە؟ هی (زەهاوی)یە؟ هەر ئەو دووانە هەن قسەیان وەها ورد بێ. بێگومان ئەو حەلە (حەمدی بەگی ساحێبقڕان) لەو شاعیرانە نەبووە. باوەڕ ناکەم شیعرەکەش هی خودی شێخ رەزا بێ، وەگەرنە دەیگوت: (ئەم شیعرە کوردییەم) سەنگی شیعرەکەش تێک نەدەچوو.

زوبدەی مەتاعی حیکمەتە ئەم شیعرە کوردییە
هەرزانە بێ موبالەغە حەرفی بە گەوهەرێ
جامەی حەیاتی عاریەت کوتەهە زینهار
ئالودە دامەنی مەکە بۆ پێچی مێزەرێ

بەداخەوە حەمەبۆر ئەمیشی دەسکاری کردووە، (کوتەهە)ی فارسیی کردووە بە (کورتە) و سەنگەکەی تێک داوە.

٦١-لاپەڕە ١٩٩-٢٠١:

ئەم درێژدادڕییە، تەنیا بۆ خۆنواندن و بە پسپۆڕ دانە قەڵەمە، هیچ جۆرە زەوقێک و فەلسەفەیەکی تیا نییە.

٦٢-لاپەڕە ٢٠٢-٢٠٣:

نیسبەتدانی ئەم سێ بەیتە بەهەجووی (شوکری فەزڵی) ئەوپەڕی بێ زەوقییە، هەروا نیسبەتدانی جوملەی (یاری ممتازم) بە (یایە) ئەوپەڕی هەڵە و نەزانییە، ئاخر بۆچ (یاری ممتاز) (یایە) بێ، کە هەزار جار وتوویە: (یایە بە کوزێکی موویین و کنگێکی گوێن، خۆی لە ئێمە کردووە بە هەناری شیرین).

بەئاشکرا دیارە کە هی شێخ رەزا نییە، حەمەبۆر ئەم بەیتەی ئاخری بۆ زیاد کردووە، تا بتوانێ بەرپەرچەکەی شوکری فەزڵی (دەس هەڵبەست) لێرەدا جێ بکاتەوە.

٦٣- لاپەڕە ٢٠٤-٢٠٥:

چوارینی (بە شوکری فێرم) هەرگیز هی شێخ رەزا نییە، وشەی (هەڵدەبوێرم) زۆر تازە کەوتووەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە (وەک من بزانم نە لە دیوانی نالی، سالم، مستەفا بەگ، شێخ رەزا)دا نەهاتووە. هەروا وشەی (مەستی ژن) لە چوارینەکەدا بەهەڵە هێنراوە، لە دیوانەکەدا (هەرچی بڵێی تۆ..)، ئەگەر لەگەڵ (ژنی مەستی) بووایە نەیئەوت: (ئەمەت پێوە ئەچێ؟) ئەو لە سەرەتادا پێی وتووە (لێرە گایان... بە سرە..). هەروا مەلا مارف یەکێکە لە هەستیارە مەزنەکانی ئەم دواییەی وڵاتی سلێمانی، هاودەمی شێخ رەزا نەبوو کە لەسەر (ژنی مەستی) بێتە جۆش و وەڵام بداتەوە. (هەمووی دروست کراوە).

٦٤-لاپەڕە ٢٠٦-٢٠٨:

حەمەبۆر ئەمانەتی عیلمی نازانێ، ئەم باڵی چوارەمە فارسی (سحرگاهان کە مخموری شبانە)، شێخ رەزا (تەلمیعی) کردووە، هەستیارەکە وتوویە (ئەوی شەوانە زۆر بخواتەوە و بەدمەست ببێ، سەرلەسبەینان کە هاتە هۆش خۆی، بای سکی خۆی دەرئەکا)، گەرچی بەیتەکە هی شێخ رەزا نییە، بەڵام هێناویە بۆ ئەوەی پلار بگرێتە (مەخموور)ی هەستیاری بەناوبانگی سلێمانی، هاوڕێی قۆچ بەگ، نیسبەتی (ئیبنە و ئەبە) نییە، نیسبەتی (ئیبن و ئەبە)، لە سەرەتا ڕوونم کردەوە، (إبنە، أبنە، ابانە) مەبەست کوونییە. هەروا (دەم گەڕ) نییە، ڕاستەکەی (دەم ئەگەر)ە، (چاوی مەهمووز) واژەی وەها قۆڕ نەک لە قامووسی شێخ رەزادا، لە قامووسی هیچ خوێندەوارێکا نییە (چاوی مەهمووز) یەعنی چی؟

٦٥ -لاپەڕە ٢٠٩:

(ئەهلی عیبرەت ماوە گەر بێن با سەیری ناسر شا بکەن... تاد)، حەمەبۆر بەوەوە شانازی دەکا کە ئەم چوارینەی ساغ کردووەتەوە، نازانێ خۆی تێ خستووە، (ماوە گەر بێن) لە قسەی شێخ رەزا دەچێ؟ دەبوایە بەم جۆرە بێ

(ئەهلی عیبرەت ماوە با بێن سەیری ناسر شا بکەن)، هێشتا (ماوە)ی تاک لەبەر سەنگی شیعرە، دەبوایە (ماون) بێ. نازانم بۆچ ئەهلی عیبرەت؟ ئاخر خەڵک پیاوی تەمێخواردووی ئامۆژگاریکراو بانگ ئەکا. یاخود ستەمکاری زۆردار کە بێت تەمێ بخوا، دوایی بۆچ (مقایسە)ی (میرزا رەزای کرمانی) کوژیاری شا لەگەڵ (سەعید قەزاز)ی شەهیدی بەغەدر کوژراو... هەر لەبەر باسەکە. من لام وایە حەمەبۆر باسی میرزا رەزای کرمانی و سەعید قەزازی لە مەرحووم حەسەن فەهمی بەگی جاف بیستووە. مناقەشەی سێ لاپەڕەی دوایی ئەبەخشم بە ڕەوانیی پاکی سەعید قەزاز، ئیتر واز لە چوارینە پڕ هەڵەکە دێنم.

٦٦- لاپەڕە ٢١٣:

(ڕیامە جێ شانەت) ئەم چوارینە و زۆر چوارینی تر کە هێناویانە لەو نوسخەدا هەبوو کە سالانی ١٩٣٠-١٩٣٦ بەهەشتییان (تاهیر مەریوانی، مستەفا سائیب، حەمەعەلی کوردی) چاپیان کردبوو. (مەکتەبە و کتێبخانە) هەردوو یەکن، شێخ رەزا شتی وەهای نییە. چوارینەکەی (سەگ و حوسنی پاشا) لە کاتی خۆیا کاکە فەلاح لە بەراییی چاپی دیوانی (ناری)یا نووسیویە. چوارینی (سەندووق ئەمینی) دوو بەیتەکەی پێشووی لە سواری و ڕەوانیدا بە هی شێخ رەزا ئەچێ، بەڵام حەیفێ دیسان دەسکاری کراوە. بەیتی سێیەم جنێوی بازاڕییە هی شێخ رەزا نییە.

٦٧- لاپەڕە ٢١٦-٢١٩:

(جاشک ترێن میکایل)، کاک حەمەبۆر هەر لەخۆڕا داستانێکی دوور و درێژی بۆ هەڵبەستووە و هەر لەبەر ناوی (میکایل) کردوویە بە ئەرمەنی: جارێ با ئەوە ڕوون بکەمەوە (میکائیلی) خەڵکی گوندی (پەنجەی عەلی) یا (تورک شکان)ە، کە هەردوو گوندەکە سەر بە شێخ محەمەد ڕەووفی برازای بوو، سەر بە کەرکووک، ناوچەی قەرەحەسەن. میکایل جووتیاری شێخ رەزا بووە (جووتیاری وەرزی: پایز تۆو، بەهار خەرتە و شۆ، ئینجا درەوی جۆ و گەنم و خەرمان کوتان)، ئەگەر جووتەکەی کرد و نەمایەوە بۆ درەو دواتر پێی دەڵێن (عەهدی بەسەر نەهێنا)، جا شێخ رەزا ئەم بەزمەی بۆیە هەڵبەستووە،

که بەم جۆرەیە:

جـاشک ترێن مکایل عـەهدی بەسـەر نـەهێنا
عومری گەیشتە بە هەشتا و وازی لە کەر نەهێنا
ئـامـبـازی بوو ترانی ئنجـا وتی بەهارە
تـا (ریخـی) دەرنـەهـێنـا تـاریخـی دەرنـەهـێنـا

بەڵام ژمارەکانی (تاریخی) ناکاتە ڕووداوەکە، (٨٠) ساڵێکی کەمە. ئەوەش با بزانرێ (تەکـیـەی تاڵەبانی نزیک خـاسـە نیـیـە) بەلای کـەمـەوە چوار کیلۆمەترێک لێیەوە دوورە.

٦٨- لاپەڕە ٢٢٠:

وام بەبیـرا دێ لە لە چاپە کۆنەکەدا ئەم هەڵبـەستـە بەم جـۆرە بوو (ڕەشـە مەشـشاکی کـەری ڕەش بە ڕەشت)، شیعرەکان دەسکاری کراون لە هی شێخ رەزا ناچن.

٦٩-لاپەڕە ٢٢١:

(ئافەرم رەسـوول) ئەم چوارینە هی شێخ رەزا نییـە، گوندی (سیامـەنسوور) لە ناوچەی قەرەحەسەنە، شێخ عەلیی گەورە لەوێ هەندێ زەویی کڕیوە، داویە بە بنەماڵەی شێخ هادیی ئامۆزای، خەڵکی ئەم گوندە هەموویان، هەروا هەموو خـەڵکی قـەرەحـەسـەن و وڵاتی کـەرکـووک شـێخ رەزایان نـاسـیوە، ناشـێ درۆی وەها ڕێک بخرێ. بۆ ڕوونکردنەوە: (سیـامـەنسـووری)یەکان لە بنەڕەتا خـەڵکی زەنجانی (زەنگانی)ی سـەر بە کـوردسـتـانی ئێرانن، شـا عـەباسی سـەفـەوی عێلی سـیـامـەنسـوور و عێلی زەنگنەی کـۆچ پێ کرد و لە جێی ئەوان تورکی ئازەربایـجانی هێنا، سـیـامـەنسـووری بردە ئەفغـانسـتـان، زەنگنەی هێنایە کـوردسـتـانی خـواروو (شـێخ قـادری شێخ وەهـابی تاڵەبانی) کە ناوی شـێخ قادری (سیـامـەنسووری)ی بەسەرا بڕا بوو، سەرۆکی ئەم گوندە بوو، نیکتەباز و قـسـەخـۆش بوو، سـەعـیـد قـەزازی ڕەحـمـەتی ناوی نابوو (شـێخ قـادری قسەخۆش)، نیکتـەکانی کتێبێکی ئەوێ. جا ئەم (سیـاه مەنسـووری)یانە کە

مەلا عەلی حیکمەتیان تیا هەڵکەوتووە، لەوانەن کۆچیان پێ کراوە.

٧٠-لاپەڕە ٢٢٣:

(مستەفا بەگ چاکی کرد)، گوایە ئەم هەجووەی لەربارەی مستەفا بەگی خانەقینەوەیە، زۆر هەجووی تری لەربارەی ئەوەوە هەیە، بەڵام ئەوانیش وەکو کاکەییەکان هەرگیز زیز و دڵگیر نەبوون، چونکە لە سای گوێدرێژەوە کورد مەیدانی نەداوە، منداڵی فێری کاری خراپ بێ. هەروا هەڵبەستی (کاتێک وەک پاسناو) کە لە بنەڕەتا دەسکاری کراوە، داستانێکی هەیە، (مەلا عەبدوڵا دشە) لە (سنە) مامۆستا ئەبێ، لە مزگەوت و خەریکی دەرس ئەبێت لەم کاتەدا ژنێکی (قەرەج) خۆی ئەکا بە مزگەوتا بۆ سواڵ یا بۆ ئاوخواردنەوە، مەلا عەبدوڵای (باوکی محەمەد میهریی بەناوبانگ) بەیەکێ لە فەقێکان ئەڵێ: کوڕینە ئەم قەرەجانە زۆر زیرەک و حازر جوابن، بۆ تاقیکاری یەکێکتان پێی بڵێ: (قەرەجی گەپە! قەرەجی گەپە. با بیکەینە مشان و هەپە)، کە فەقێکە ئەمەی پێ ئەڵێ بێ شەرم لە مامۆستا و گەلەفەقێ ئەڵێ: (هەی کەمە زوڕنا دەیکەمە ژێرت: وەک چەقچەقەی ئاسیا و هەڵپەڕێ کێرت)، فەقێ ئەدەنە قاقای پێکەنین. قەرەج ئەڵێ: قوربان مامۆستا خزمەتی تر هەس.

گەپ: قەوی، زل، ڕەق.

هەپە: پارچە دارێکە ئەچێ بە دوو کونی هەوجاڕ و مشاندا.

٧٠-لاپەڕە ٢٢٢-٢٢٣:

خوا ڕەحمی کردووە حەمەبۆر تاکە بەیتەکانی کەمتر دەسکاری کردووە، بەڵام پەڕاوێزەکەی لەسەر بەیتی (٦) بەڕاستی قۆڕە. کە ناوی (حەمادی) تیا هاتووە، ئەم داستانە قۆڕەی بۆ هەڵبەستووە. هەروا چوارینی (ئەو جەمیلە) دەسکردی تازەیە، باوەڕ ناکەم هی شوکری فەزڵی بێ.

٧٢-لاپەڕە ٢٢٧:

(بە غەیرەز میهری تۆ گەر بێ لە دڵما: زڕەی زنجیر زاڵم بێ لە ملما) زۆر

سادەیە لە شیعری شێخ رەزا بۆ (ئەمین فەیزی) ناچێ و لارەسەنگیشە(*)

٧٣-لاپەڕە ٢٣١:

(غلام حلقە بگوش ساداتم) نیسبەتدانی شیعری وەها بە حەزرەتی غەوس، ئەوپەڕی بێ هەستییە، (رسول سادات) یەعنی چییە؟ (نێرراوی سادات)؟ یا پێغەمبەرەکەیان؟ لە سەردەمی حەزرەتی (غەوس)دا وشەی (سەید) باو نەبوو، وشەی (شەریف) باو بوو، (شەریفی مورتەزا نەژادزان، شەریفی رەضی برای لەو سەردەمەدا گەورە پیاوانی سادات بوون. بۆ ئەم باسە تەماشای لاپەڕە (١٢٢) (تاريخ السليمانية) بکەن باسی حەزرەتی غەوس.

٧٤-لاپەڕە ٢٣٢:

حەمەبۆر یا ئومێد کاکەڕەش چونکە نەیانزانیوە (طه مطەراق) یا (تومتوراق) چییە، هاتوون گۆڕیویانە بۆ (دریغ بۆ میتراقی) کە بیکەنە (مەترەقی) عەرەبی، (طەمتەراق) لە فارسیدا بۆ خواندن و خۆ بەهێزنیشاندان)، واتە (سەد حەیف و مخابن بۆ خۆنواندنی جارانی کێرم). جگە لەمە تاکەکانی تریشیان بە کەیفی خۆیان خراپ کردووە.

٧٥-لاپەڕە ٢٣٣-٢٣٧:

(باسی قوز و قنگ) زۆر لاوازە لە هی شوکوری ناچێ. هەڵبەستی (نان و

(*) ئەم بەیتە هی (سالم)ە، لە یەکێک لە دەستنووسەکاندا بەرچاوم کەوتووە، ڕاستییەکەی بەم جۆرەیە:

بەغەیرەز میهری تۆ گەر بێ بە دڵما
زرەی زنجیری زاڵم بێ لە ملما

هەروەها ئەم بەیتەی (شێخ رەزا) کە لە منەوە وەرگیراوە و بەهەڵە نەقڵ کراوە، ڕاستەکەی بەم جۆرەیە:

بەسە ئەم شیعرە لە وەسفی حوسنی ئەهلی بەبان
سەگە نێریان لە دوون وەک سەگە مێ جوملە بەبان

(دەستنووسە کوردییەکان، ل: ١٠٧، ڤیزبادن، ١٩٧٠) کەمال فوئاد

دۆشـاوی) زۆر بێ تامـە، هی شـێخ ڕەزا نیـیـە. نازانم بۆچ حـەمـەبۆر ئەوەندە ناوی سـەید نووری نەقیـبی لا شـیرینە؟ هـەموو گاڵتـە و جنێوی ئەباتەوە سـەر ئەو. لە بـەرا وتمان کـە هـاوتەمـەن و هـاودەم نەبوون. دوور نیـیـە مـەبەسـتی لە (نووری) شـێخ نووریی شـێخ سـتـاری خـزمی بێ. چوارینی شـێخ ڕەزا هـی شـوکری نـییە، چونکە وتەی (هەرچی خاڕشتی بێ ڕانت هەیە) زۆر قۆڕ و بێ مانایە هـی کوردی نەزانە.

٧٦-لاپەڕە ٢٣٨-٢٤٤:

(کـەسێ ئەلفـێکی هـەبێ بیـبـڕێتـە هـەمـزە) سـپـاس بۆ خـوا، یەکـەم جـارە حـەمـەبۆر بـنووسێ (ئەم هـەڵبـەسـتـەم بۆ ڕوون نـەبووەوە) هەمـزە لە پیـتی عەرەبیدا کە بکەوێتە پێشەوە یا سەردار، یا بۆردار، یا ژێردارە، جا نابێ وەکو خۆی بـنووسـرێ چونکە دیمەنی (ع) پەیدا ئەکـات، پیـتی ئەلف (أ) دەنگـیـە و هەمیشە سـڵە (سـاکن)ە، جا لـەبەرئەوەی پیتی سڵ ناکـەوێتە بەرایی، ئەیخـەنە سەر هـەمزە (أ)، هەروا چاترین جنێـویشە بۆ هـەمـزە (حمـاری). یا بێینـە سـەر (حومـادی) یاخۆ (حـەمادی). وا قـاوە لە کەرکـووک کورە قـەسابێک لە گـەڕەکی عـەرەبـەکـانی مـوسـەڵلا زۆر جـوان ئەبێ گوایە دەسـتی خـێریشـی ئەبێ، بەڵام شێخ ڕەزا دەستی ناگاتێ، سەیرە کە (حەمەبۆر) کردوویە بە هـاوسێی خۆی لە شاری سلێمانی، یاخوا ماڵی ئاوا بێ.

هـەروا (جلەکەی لێی بەشـکم) هـەڵەیە، ڕاسـتـەکەی (جبە)کەی لێی بەشکم. سا جلە یا کورتانە. جنێوەکەی بە (مەلا ئەحمەد قوتب)ە کە هـەمیشـە (جبە)ی لەبەردا بووە. (ئەگەر خەڵەتی بکەن) هەڵەیە، ڕاستـەکەی (ئەگەر خەڵتی بکەن)، واتە ئەگەر (ناماقووڵی بکەن).

(لە سـایـەی دەهری دونیـەروەر)، حـەمـەبۆر وای داوەتە قـەڵەم کـە هـی (مەحوی)ی پۆلینەیە، بەڵام ئەوە ڕاست نییە، خودی (مەحوی) ئەم هەڵبەستەی شێخ ڕەزای دوو کەرت (تشطیر) کردووە:

لە سایەی دەوری چەرخی سفلەپەروەر لەک بە لەک ئەدوێ،

سـەگـە ئاواتەخـوازی ئێسکی وشـتـر، لە شـەک دەدەوێ،

دەبینم شێری شێرئەفگەن دەڵەک کەولی دەکا، دەبیەم
بە کۆڵێ کلکەوە ڕێوی لەگەڵ کەولی دەڵەک دەدوێ

هەروا تاکە بەیتی (یەکتری دەعوەت دەکەن ئەهلی دیانەت بە قوزی: کوڕی موفتی بە قنگی، خانمی داکی بە قوزی)، ئەم بەیتە لەربارەی (موفتی دەروێش ئەفەندی)ی خەڵقی کەرکووکەوەیە، پێوەندیی بەموفتی زەهاوییەوە نییە. (خانمی داکی)شی نییە، چونکە مەبەست داکی موفتی نییە، بگرە ژنەکەیتی، (کوڕی موفتی بە قنگی، ژنی موفتی بە قوزی).

هەروا (بە خاتەمەکەی سلێمانی)، ئەم بەیتە هی شێخ رەزا نییە، کوڕە تەماشای بەیتی یەکەم بکە چ ڕێک و سوارە (کە تەشریفی شەریفی هات ئەمین فەیزی بە میوانی)، ئەوی تر لەگەڵ ئەم هاوسەنگ نین، فەلسەفەی هیچ و پووچی تیایە.

٧٧-لاپەڕە ٢٤٥-٢٥٠:

(هەمین نانەوا) ئەم بەیتەیان بێگومان هی رەزایە، چونکە دەستەی ئاشپەزخانەی تەکیە بوون، بەڵام بەیتی دووەم (لەگەڵ شێخ عەلی هەر بەد و غەز بێ) ڕێک خراوە هی شێخ رەزا نییە. هەروا زۆر لە تاک بەیتەکان دووبارە بووەتەوە، لە قەسیدەکانەوە هاتووە.. (کەنیەکەی فەقێ قادر) ئەم بەیتە هی شێخ رەزا نییە، هی مەلا ڕەحمەتولایەکە، شیعری وەها قۆڕی زۆر بوو، لەربارەی کارەکەرەکەی ماڵی شێخ حەبیبەوە وتبووی: من مەلا ڕەحمەتولاە شاعیر دلێرم: قوزی ئەو کولکانە وەساق کێرم). جگە لەوە لە پێشا لەربارەی (هەڵبەستی کافی کلک.... تاد)ەوە نووسیم: شێخ رەزا بەشتی وەها خۆی ماندوو ناکا.

٧٨-لاپەڕە ٢٥١-٢٥٣:

لەربارەی ئەو هەڵبەستانەی نیسبەت دراوە بە حەسەن کەنۆشەوە لەبەرا ڕای خۆمان دەربڕی (نازانم بۆچ هاتووەتە ئێرە؟) هەڵبەستەکان بەشێوەی زەنگنە بەشێوەی سنەییی ئەردەلان، هەرکەس تێچەنی خۆی بەناوی (پیرۆز)ەوە کردووە بە ئاشا (قسە کەوتە زارێ کەوتە شارێ).

٧٩-لاپەڕە ٢٥٤-٢٦٠:

(هەر بەشی سکت)ە، دەبووایە وا بنووسرایە (هەر بەشی سکووتە) کە سەنگەکە کە ڕێک بخات. (خەپلەی قنگی خاپووری کرد) ئاشکرایە کە هی شێخ ڕەزا نییە، (خەپلە) قوزە، نەک (قنگ). شێخ ڕەزا خۆی وتوویە: (ئیتر هەر خەپلەیە وەک جاوی کازر). هەروا ئەو پارچە هەڵبەستەی بەهی (شوکری) لە قەڵەم دراوە، دەبووایە لە پەراوێزدا بنووسرێ. ئەو هەڵبەستەی لەربارەی (زیوەر)ە هەرگیز هی شێخ ڕەزا نییە، (لە بۆ مەغبووری و لێڵی.... تاد) جارێ شیعری شێخ ڕەزا سادە و ڕەوان و پڕ مانایە، خۆی بۆ شیعری بێ تام ماندوو ناکا. تەنانەت (زیوەر) لە سەردەمی شێخ ڕەزادا گەنج بووە، هاودەمی شێخ ڕەزا نەبووە، ئەگەر ئەم جەلجەلووتییە هی شێخ ڕەزا بووایە، (زیوەر) بە دەیان هەڵبەست وەڵامی ئەدایەوە. هەروا (کووپە هەیئەت)، لە سەردەمی شێخ ڕەزادا یاریی پیاوان (شەترەنگ، نەردین، زەرفین، کڵاوێن) بووە، هێشتا کاغەزی یاری نەهاتبووە وڵات، ئینگلیس هێنای، لەبەر ئەوە ئەم وردەکارییە دەبێ هی (پیرەمێرد) بێ نەک شێخ ڕەزا. هەڵبەستی (یاڕەسولەڵڵاھ....تاد) هی شێخ ڕەزا نییە، دوور نییە هی بەهەشتیی (بێخود)بێ. کەچوو (مالیم ١٢١ + بسر ٢٦٢ + خومدا ٦٥١ + جوان رو ٢٦٦) = ١٣٠٠ بەڕاستی جوانە و لە هی شێخ ڕەزا ئەچێ. دیسانەوە حەمەبۆر نەزانانە خۆی بۆ هەڵبەستووە، باڵی (بەڵێ فەیزی لە "جێ" بێت و لە "چێ" بێ)، واتە لە کوێ بێ، حەمە وتەی (لەچ)ی کردووە بە تێخستن (گلە کوێر بی،).

شێخ ڕەزا لەربارەی هەموو کەسەوە هەجووی بێ ئەدەبانەی هەیە، بەڵام هەڵبەستی (شێخ عەلی، مەحبووبمە... تاقە جارێ گاومە) هەرگیز لەربارەی شێخ عەلیی برا گەورەی خۆیەوە نییە. هەروا چوارینی (فەرمووتە ئیجتیناب بکە لەو جەنابەتە) هی شێخ ڕەزا نییە، ئەوەندە خۆی ماندوو ناکات بۆ قسەیەکی قۆڕ... وەک من بزانم و مامۆستا مەلا ڕەزا ئەیگێڕایەوە تەنیا یەک جار بەهەڵبەستەکەی (حەمەی وەستا فەتاح) بە شێخ عەلی جنێوی داوە، بەڵام تاڵەبانییەکان ئەڵێن ئەو داستانەی مامۆستا مەلا ڕەزا خەیاڵییە و ئەسڵ و

فەسڵی نییە. هەروا هەڵبەستی (مامە حەمەی بێ لووت و دەم)، دارشتنی فەقێ و مەلای (پشدەر و قەڵادزە)یە. شێوەی شیعرەکە دیارە.

٨٠- لاپەڕە ٢٦٢:

تا.. (مینای شکستە) ئەم کتێبە بۆچ کەوتووەتە لای حەمەبۆر؟ ئەم کتێبە (دیوانی شیعری شێخ لەتیفی بێدەری)یە کە خزمی (بنەماڵەی سەید ئەحمەدی خانەقا) بوو، مونافسی شێخ رەزا بوو، هەرکات شێخ رەزا تاکە بەیتێکی وەکو (سێ ئیسم هەن بێ موسەمما هەروەکو ئاوی بەقا: تەیری عەنقا، شاری جابوڵقا، پڵاوی خانەقا)ی بووتایە، ئەو بەدەیان شیعر وەڵامی شێخ رەزای ئەدایەوە. ئەم (مینای شکستە)یە لەلای کاکە حوسەینی خانەقا و شێخ رەئووفی خانەقا بوو، گیوی موکریانی (بە ڕەحمەت بێ) وەری گرتبوو بۆ چاپ، نازانرێ دوایی چی لێ هات. سەیرە مامۆستا نەجمەدین مەلای ڕەحمەتی بە خەتە جوانەکەی نوسخەی لەسەر هەڵگرتبێ. یاخود (مینای شکستە) کەشکۆڵی کەسێکی تر بێ، هەر بەم ناوەوە.

کاکە حەمەبۆر ئیکتشافاتی زۆرە، لە سلێمانی قەبری بۆ (سالم) و (کوردی) دۆزیوەتەوە، ئنجا خەریکە ڕەگەز و درەختی پشت و بەرە بۆ بنەماڵەی (تاڵەبانی) ئەدۆزێتەوە. سەرچاوەشی دوو (ڕستەیە) لە کتێبی (جەمال بابان) و (شێخ حوسامەدینی مەلا عومەر) سەرنج بدە نووسیویە: (خاوەنی ئەم دیوانە کە بە (شێخ) و زەنگەنە و بە (تاڵەبانی) ناسراوە، لە ڕاستیدا هیچ کامێکیان نییە و (قەرەداخی)یە (؟!). لەم باسی کۆتاییەیدا لە لێکۆڵینەوەی زانیارییانە (؟!) و بەسەرچاوەی بەهێزەوە سێ سەد ساڵێک بەر لە ئەمڕۆ خانەوادەیەکی مەزنی کوردمان کە ئێستە پێی ناسراوە، ئەویش خانەوادەیەکی (قەرەداغی)یە، ئەم (شێخ رەزا)یەیە. لە پەڕاوی (الانفاس الرحمانية في سلسلة الطريقة القادرية الطالبانية)دا کە لە چاپخانەی (الشمال) لە کەرکووک لە ساڵی ١٩٧٣دا چاپ کراوە، دانەرەکەی (شێخ حوسامەدین عومەر)ە و مریدێکی خانەوادەی شاعیرمانە، لە لاپەڕەی (١٢) و دوای ئەو لاپەڕەیەدا نووسیویە: (یووسف بەگ ناوێک بەڕێوبەری (قەرەداغ) بووە، زۆر ساماندار بووە، کچی میر ئیسماعیل

بەگی زەنگەنەی دانیشتووی (قەرەداغ)ی مارە کردووە، لەو ژنە کوڕێکی لە ساڵی ١١٣٠ک / ١٧١٧ز بووە، ناونراوە (مەحموود)، ئەو کوڕە بووە بەمەلایەکی چاک، بەسەر مزگەوتێکی (قەرەداغ)ەوە بەسەر زەویوزارەکانیەوە کشتوکاڵیی کردووە)، لەوسەرینی (یووسف بەگ)ەدا و لە پەڕاوی (السليمانية من نواحيها المختلفة)ی دانراوی مامۆستا جەمال بابان چاپکراوی کۆڕی زانیاری عێراقی ١٩٨١، لە لاپەڕە (٣٣٦–٣٣٨)ی هاتووە: بابا سلێمان کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە لە ساڵی ١٠٨٠ک/ ١٦٦٩زدا پایتەختی فەرمانڕەوایی بابانی گواستووەتەوە (قەڵاچوالان)، لە ساڵی ١١١٥ک/ ١٧٠٢ز. دا مردووە. تا ئەوێ کە نووسیویە: (هەروەک زانیمان (مەحموود کوڕی یووسف بەگ) ساڵی ١١٣٠ک/ ١٧١٧ز لەدایک بووە و یووسف بەگ بەڕێوەبەری قەرەداغ بووە، کە ئەو کاتە بەرسەردەمی فەرمانڕەوایی بابا (سلێمان) کەوتووە. کەواتە ئەو بەڕێوەبەرایەتیی نوێنەری (بابان) بووە بەسەر (قەرەداغ)ەوە کە قائیمقامیەتی ئێستەیە، تا ئەڵێ: کەواتە گومان لەوەدا نامینێ کە (یووسف بەگ) و مەلا مەحموودی کوڕی بنەچەی شاعیرمان (شێخ ڕەزان). نەشێخن نەزەنگەنەن نەتاڵەبانی، بگرە قەرەداخین).

کاکە حەمەبۆر لە نامیلکەکانما نووسیبووم (الناس مأمونون على أنسابهم) هەروا بە تڕ نابێ، جا شارێ نەژادی بنەماڵەی لێ بدرێ، خەڵق پێت پێ ئەکەنێ. سەفەوییەکان دژی عوسمانی، عێلە کوردە زلەکانی وەکو جاف و زەنگنە و بڵباس و هی تری کوردستانی عێراقیان، هەر لە عێراقدا جێگیر ئەکرد و ئەپاراست، شا عەباسی سمێڵ زل کە ساڵی ٩٩٦ھ/ ١٥٨٨ز سەڵتەنی لە (محەمەد خوابەندە)ی باوکی داگیر کرد، ئەو حەلە حەمزە میرزای برای والیی عێراق بوو، هەمیشە لەگەڵ عوسمانی لە شەڕدا بوون، ساڵی ١١١١تا ١١١٥ھ حکوومەتی عوسمانی لە مووسڵ دەرکرد. شارەزوور و دەشتی گەرمیان لە دەست دوو عێلی جاف و زەنگنەدا بوون، واتا بەشی سەرەوەی سەگرمە و دەشتی شارەزوور بەدەست جافەوە بوو. بەڵام قەرەداغ، سەنگاو و کفری و توزخورماتوو هەموو لەژێر دەستی زەنگنەدا بوو، (تەئریخی جەودەت پاشا) بەرگی یەکەم و ص ٢٧٣ دەنووسێ (بابان اوچاقلغی):

(پوژدر) قـضـاسنده فـقـيـه احـمـد نـامنده بريسى اسـاس اولەرق ، بـابان اوچاقلغى ميدانه چيقارمشى و اوغلى (ماود) و (شـهربازار) ودها سـائر اول حـوالى قـضـالرينى ضـبط ايتـمش اولوب انک اوغلى سليـمـان بگه (١٠٨٠ تاريخنده) (قەرەچولان) سنجاغى ناميله اول ييرلرک حکومتى ويرمشى ايدى. اشـبـو سليـمـان بەگ اردوى هـمـايون (ايله برابر عـودتده بو طرفـه کلوب (ادرنه)ده وفات ايتمگله، متصرف اولديغى محللرک برآزى اوغلى بکر بکده و باقيسى اسكى متصرفلرى اولان زنگنه عشيرتنده قالوب....)

به کوردى: (کوانووى بابان) له قەزاى (پوژدەر)دا کابرايەکى فەقێ ئەحمەد ناو بۆ يەکەمين جار بناغەى بابانى هێنايە مەيدانى دامەزراندن، کوڕەکەشى (ماود) و (شەهربازار) و ئەو دواى قەزاکانى دەوروبەرى داگير کرد، ئنجا له ساڵى ١٠٨٠ک بەناوى (سنجاق) (قەرەچۆلان) درايە سلێمان بەگى کوڕى. جا ئەم سلێـمـان بەگە لەگەڵ سـپـاى هـۆمـايۆنـيدا بوو، کـە بەم لاوە گـەڕايەوە له شـارى (ئەدرنە) کـۆچـى دوايـى کـرد، ئنجـا وڵاتـەکـانى ژێردەسـتى هەنديكى درايە بەكـر بەگى کـوڕى ئەو، دوايى وڵاتـەکە له ژێر دەسـتى عـێلى زەنگەنەدا مايەوە کە له کۆنەوە بە دەستيانەوە بوو.

ئنجا با بێنه سەر (تأريخ السليمانية)کەى (ئەمين زەکى بەگ) لاپەڕە (٦٤)ى عەرەبيەکە (بعد ان انقضى عهد سليمان بگ، اصبح القسم الاعظم من بلاده فوضى لا حاكم يتولاه، فخضع لعشيرة (زنگەنه) وبعض العشائر الاخرى... وفي فترة الامارة (بعد وفاة بكر بگ) سلمتها الحكومة العثمانية في ١١١٧ه/ ١١٢٨م الي متسلمين... ص ٦٧، وظهر في هذه الفترة (خان احمد الزنگني) فأخذ يلتهم البلاد البابانية المهملة دون صاحب، ففصل منها (قردا غ وسنگاو)...الخ.

ئەم باسـانەم بۆيە بە (دەق)ەوە هێنا کـە جـەنابى حـەمـەبۆر بزانێ (مـێـژوو) شـتـێكە و خـەياڵپـلاو شـتـێكى تـر.. سـاڵانى ١٠١٥ تا ١٠٩٠ (قـەرەداغ) لەژێر دەسـتى مـيرانى زەنگەنەدا بووە.. (يووسـف ئاغا) يەكێ بووە لە زەنگـەنەكـانى سەر بە (ميرانى زەنگنە) و بەڕێوەبەرى قەرەداغ بووە، نەک خەڵكى ئەوێ.

با بێـينه سـەر باسـى (بنەمـاڵەى تاڵەبانى): بەپێـى نووسـينەكـەى (شـێخ

حوسامەدین) ئەگەر مەلا مەحمووود ساڵی ١١٣٠ھ/ ١٧١٧ز لەدایک بووبێ تا مردنی شێخ رەزا ٩ محرم/ ١٣٢٨ھ = ٢٢ کانوونی الثانی/ ١٩١٠ز ئەکاتە ٢١٠ تا ٢١١ ساڵ، کە ئەمە هەرگیز لەگەڵ زانستا هەموار نییە، (مەلا مەحموود، شێخ ئەحمەد، شێخ عەبدوڕەحمان، شێخ رەزا) چوار پشت، بێگومان ئەو مێژووە هەڵەیە، دەبێ زاینی مەلا مەحموود ١٢٣٠ھ / ١٨١٤ز بێ، نووسینەکەی شێخ حوسامەدین هەڵە بێ. ڕاستیش ئەوەیە کە مەلا مەحموودی زەنگنە لەگەڵ شێخ مەعرووفی نۆدێ و لەگەڵ مەولانا خالید هاوسەردەم بوون.

(حەمەبۆر) دەبووایە ئەمەی بزانیایە، نەک ئیکتیشافی درۆی خەڵق لە ڕەگەزی بنەماڵە لادان.. من لێرەدا ئەم پەڕاوێزە دوا ئەهێنم و ئەو دوای ئەهێڵمەوە بۆ (د. موکەڕەم تاڵەبانی) و نووسەرانی تری تاڵەبانی خۆیان موناقەشەی بکەن. تەنیا یەک شت لای من گرێکوێرەیە بۆچ دەروێش ڕەحیم الله بێتە لای (مەولانا خالید) و بۆ تەریقەتی نەقشبەندی بچێت بۆ هیندستان. کە جێگەی نەقشبەندی (بوخارا) و ئێران و کوردستانە و لەو حەلەدا زۆر شێخی بەرزنجە، خێوی دوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی بوون هەروا (مەلا مەحموودی زەنگنە) بۆچ تەریقەتی قادری لە کوردستان و لە بەغدا وەرنەگرێ و کابرایەکی وەک شێخ ئەحمەدی هیندی ناو خۆی بکات بە ئەولادی شێخ عەبدولقادری گەیلانی و مەلا مەحموود تەریقەت بدات؟ لەمەش سەیرتر ئەوەیە وەک لە کوردستانا قاوە: گوایە شێخ ئەحمەدی هیندی لە سووورداشەوە ویستوویە بچێ بۆ ئێران یا بگەڕێتەوە بۆ هیندستان، یەکێ لە دەروێشە موخلیسەکانی خۆی بیکوژێ بۆ ئەوەی بەرەکەتی تەرمەکەشی لە کوردستانا بمێنێ و نەچێتە دەرەوە. خوا بکا ئەم قسەیە ڕاست بێ، ئەویش وەکو (مەولانا خالید) بە موئامەرەی والیی بەغدا و مووچەخۆرانی لێ نەقەومابێ، ئەگەر (مەولانا خالید) ترسی ئەوەی لێ کرابێ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بەهۆی دەسەڵاتی خەلیفەکانیەوە کوردستان داگیر بکات، خۆ شێخ ئەحمەدی هیندی ئەو مەترسییەی لێ نەکراوە، ئەی بۆ کوژرا؟

محەمەد جەمیل ڕۆژبیانی

بەغدا ٢٥ ئاب ١٩٩٩م

# کۆمەڵێک سەرنج لەبارەی دیوانی شێخ ڕەزاوە

نووسینی: محەمەد عەلی قەرەداغی

# سواڵەیەک بۆ سەر خەرمانی شیعری شێخ ڕەزا

## ١[1]

لەناو جوغزی ئەو بزووتنەوەدا کە بۆ کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی ڕەخساوە – ئەوەی من بزانم – سێ و چوار کەس سەرگەرمی (دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی)ین. هەرکەسێ لەوانە لە ئاسۆی ڕوانگەی خۆیەوە ڕێبازێکی گرتووەتە پێش و خەریکی کارە.

منیش لە عاستی خۆمەوە چیم پێ کرابێ بە شارەزاییکردن بۆ سەرچاوەی باش و ڕێنوێنی و یارمەتیدانیان درێغیم نەکردووە. دوا شتیش ئەوە بوو کە زانیم عیزەدین مستەفا خەریکی لێکۆڵینەوەی شیعری شێخ ڕەزایە و لێکۆڵینەوەکەیشی لەژێر چاپدایە... چەند شیعرێکی شێخ ڕەزام لابوو فریام خستن و لە کۆتاییی کتێبەکەوە جێگەی خۆیان کردەوە[2].

لەم ماوەیشدا دەستخەتێکی بچکۆلەم دەست کەوت شیعری چەند شاعیرێکی کوردی تێدایە، لە دوو لاپەڕەدا هەندێک چوار خشتەکی و شیعری شێخ ڕەزای تێدایە، پاش ئەوەی لەگەڵ دیوانە چاپەکاندا بەراوردم کردن، بینیم جێگەی خۆیەتی – خوێنەران بەگشتی و ئەوانیش خەریکی لێکۆڵینەوەی دیوانی شێخ ڕەزان بەتایبەتی – لەم مەبەستە ئاگادار بکەم.

باسێکی دەستخەتەکە بەکورتی:

تێکڕای دەستخەتەکە ٢٤ لاپەڕەیە، سەرەتا و کۆتاییی نەماوە، پێ دەچێ لەوە زیاتر بووبێ و لێی لەناوچووبێ. بەقەڵەمی (مەلا محەمەد حەسەنی کوڕی خەلیفە مەلا وەیسی) نووسراوەتەوە. نووسەرەوە خۆی دەستی شیعریشی هەبووە و نازناوی (عەلایی)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە. شیعری خۆیشی لە

---

(١) ئەم باسە لە ژمارە ٥٩٠ی ١٩٨١/٦/٤ی ڕۆژنامەی هاوکاریدا بڵاو بووەتەوە.

(٢) بڕوانە: دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، بەغدا، چاپخانەی عەلاء، ١٩٧٦.

دەستخەتەکەدا هەیە و لە پارچەیەک لە شیعرەکانیدا باسی شەڕ و ڕووداوێکی نێوان ڕۆم و عەجەم و کوردان دەکات. باسی (مەنگوڕ) و (مامشی) و (پیران) و (دیبوکری)... دەکات و ئەوە ڕوون دەکاتەوە کوردەکان شێرانە سوپای عەجەمیان شکاندووە و دەشتی (تالآو)یان بەخوێنی عەجەم کردووە بەگۆم و مێژووی ئەم ڕووداوەیش وا (سالّی تاریخ: «شکاوه واقیعا پشت عجم».) کە دەکاتە سالّ ١٣٢٥ی کۆچی.

دەستخەتەکەیش سالّی ١٣٢٧ نووسراوەتەوە.

شیعرەکانی شێخ ڕەزا

ئەم چوار خشتەکییەی خوارەوە لە دیوانە چاپەکاندا نییە:

به سەگم وت: عەجەبا قەومتە حوسنی پاشا
تووڕە بوو کلکی لەقاند و وتی: حاشا، حاشا
ڕاستی گەرچی سەگیشم - بەخودا - خۆم دەکوژم
نێوی من بێنیّ لەگەلّ ئیسمی خەبیسی پاشا

وەک نووسیم (بێنیّ) - بۆ تاکی نادیار - دەگونجێ و دەیشگونجێ (بێنی) بێ - بۆ تاکی هاودەم - واتە لەسەر مانای یەکەم (ڕاستی گەرچی سەگیشم هەر ڕازی نیم پاشا ناوی من لەگەلّ ناوی پیسی خۆیدا ببا، ئەگەر بێتو شتی وا بکا خۆم دەکوژم). یان (گەر... ئەگەر تۆ ناوی من لەگەلّ ناوی پیسی پاشادا ببەی خۆم دەکوژم).

پارچەی سوپەری ئەهلی سنە:

ئەم پارچەیش لە دەستخەتەکەدا هەیە و هەندێ جیاوازیی لەگەلّ چاپەکەدا هەیە.

جیاوازیی جێگەی سەرنج لە بەیتی یەکەمدایە کە لە چاپەکەدا ئاوایە:

... ... بێگانە تنە

لە دەستخەتەکەیشدا ئاوایە:

... ... هەر بە تنە

ئەگەر بێتو شتی وا بکا ئاوایە:

... ... بێگانە تنە

... ... هەر بە تنە

سەرنجەکەیش لەوەدایە کە لە چاپەکەدا هەردوو قافیەکە هەر (تنە) بەڵام لە دەستخەتەکەدا قافیەی دووەم (وتنە) واتە (قسەکردن). ئەمەیش زیاتر گونجاوە. چونکە شێخ ڕەزا ئەوەندە قافیە تەنگ نییە لە یەک بەیتدا بۆ دوو قافیە یەک وشە بەکار بێنێ.

لە هەمان کاتدا ئەوەیش لە بیر ناکەم دەشگونجێ بەگوێرەی ڕێنووسی کۆن (هر وتنە)، (هەر وە تنە) بێ. وەک لە (ام رقتان هر لکنە) چەن شێوە دەردەهێنرێ و ڕەنگە شاعیریش ئەو یاری بەوشەکردنەی مەبەست بێ. وەک: (ئەم رقەتان هەر لە کنە، ئەم رەقەتان هەر لە کنە، ئەم رەقەتان هەر لە کونە... تاد).[٣]

---

(٣) بۆ ئەم باسە پشت بەدیوانی شێخ ڕەزای چاپی ساڵی ١٩٤٦ بەستراوە.

# موفتی زەهاوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە ئەمبەرە و بەردا

٢(١)

لە سەرەتای ئەم وتارەوە مژدەی ئەوە بەخوێنەری ئازیز دەدەم کە دەستخەتێکی موفتی زەهاویم دۆزیوەتەوە پەردە لە ڕووی چەند لایەنێکی شاراوە و نەزانراو لە شیعر و ئەدەبی زەهاوی لادەدا و چەند ئەڵقەیەکی بەبایەخی ئەم مامۆستا و مامۆستایانی هاوڕێی سەردەمی دەردەخا کە تا ئێستە هیچیان لەبارەوە نەنووسراوە. لە سەرووی ئەو بابەتانەوە ئەو ئەدەبە بێ پەردە و ڕووهەڵماڵراوەی کە شێخ ڕەزای تاڵەبانیی پێ ناسراوە، تا ئێستە ئەو لە ئەدەبی کوردیدا وەک یەکەم کەس و تاقە سواری ئەو بوار و مەیدانە ناسراوە و وا زانراوە کەسی دیکە شانی لە شانی نەداوە و تۆزی پێی نەشکاندووە... ئەو بابەتە پێش شێخ، موفتی لە دەرگای داوە و – هەرچەند ئەوەی کە تا ئێستە لە بەردەستماندایە کەم و نەوازەیە، خۆی لە خۆیدا ئەوە دەنوێنێ کە شێخ ڕێزەچینی سەرخوانی موفتییە و – ئەگەر مەبەستی (توارد الخواطر) پاساوی بۆ نەدا ئەوە دەتوانین بۆ ئەوەیش بچین کە (شێخ) مانا و مەبەستی (موفتی)ی بۆ خۆی بردووە و باسیشی نەکردووە.

با بۆ ئەم بۆچوونەمان سەرەتا ئەم پارچە شیعرەی موفتی زەهاوی بکەین بە بەڵگە کە بە خەتی موفتی دەستمان کەوتووە و تا ئێستەیش کەس باسی نەکردووە:

وتم: لە بەغدات ژن هێنا
هەم لەم بەری هەم لەو بەری
بۆ نۆبەیان بە حوکمی دین
هەم لەم بەری هەم لەو بەری
تا بە تەقازای جەمالیان
هەم لەم بەری هەم لەو بەری

(١) لە ژمارە ٥٠ی ساڵی ١٩٩٢ی کۆواری ڕەنگیندا بڵاو کراوەتەوە.

دەوڵەمــەندیشن تاکــە مــاڵ
هەم لەم بەری هەم لەو بەری
وتـی: باوەڕکـــە عـــاجـــزم
هەم لەم بەری هەم لەو بەری
لێـــیـــان بێـــزاوم و بووم
هەم لەم بەری هەم لەو بەری
نەمدیوە قەت هیچ دەفعەیێ
هەم لەم بەری هەم لەو بەری
بەعومری خۆم نەمچەشتووە
هەم لەم بەری هەم لەو بەری
وتم: کــە وابێ چاکــە تۆیش
هەم لەم بڕی هــەم لەو بڕی
هەم هات و چۆ هەم نەفەقە
هەم لەم بڕی هــەم لەو بڕی
بەڵکو بڕێ داری قـــــەوی
هەم لەم بڕی هەم لەو بڕی(١)

(١) مامۆستامان (موفتی) شیعرەکانی بەڕێنووسی فارسی نووسیوە و ئەم ڕێنووسەیش بۆ هەر وشەیەک گەلێ خوێندنەوەی لێ هەڵدەستێت، بەڵام - ماڵی ئاوا بێ - لەسەر ئەم بەشەی دوایی - کە لە دەستخەتەکەدا یەک دێرە - نووسیویە (هذا السطر بالراء المفخمة). ئەم وردەکاری و دوو لۆنەیی و چەند توێی مەعنایەی کە زەهاوی لە شیعردا مەبەستییەتی لێرەدا جوان ڕەنگی داوەتەوە، ئەم (ئەم بەرە و بەرە)ی چەند بەری هەیە و هەر لە بەرەکانی کەرخ و ڕەسافەی بەغدا و لێبردنی ئافرەت و لە ماڵبردن و... تا ئەو مانایەی دیکە کە بەبیرکردنەوەی ورد و قووڵ دەکرێ بدۆزرێنەوە. تەنیا ئەوەندە دەڵێم: ئەگەر ئەم پیاوە بەم بیرە تیژەوە بهاتایە فەرهەنگی زمانی کوردیی بنووسیایە دەبوو چیی بکردایە؟.

دوای ئەمە با سەرێک لە دیوانەکەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بدەین تا ببینین لەم مانادا چی دەکا:

مـاڵی مـوفـتی لەمـبـەرە مـەعلوومـە قـازییش لەوبەرە
مـن فـــەقـــیـــرم کێ دەزانێ لـەم بەرم یا لەو بـەرم؟

ئەمـە نموونەیەکە و بەس، بێگومان دەسـتـخـەتەکەی بـەردەستی ئێمە هـەمـوو بەرهەمی موفتی ناگرێتە خۆی و لەوانەیە چەندین شیعری دیکەی جۆراوجۆری بووبێت و سـەردەمـێ دەمـاودەمـیـان کـردبێ و دوایی کـەوتبنە پێچ و سـووچی لەبیرکردنەوە و ڕەنگە هەر یەکجاری تێیشدا چووبن.

جـێگەی ئەم وتـارە ئەوەندە ڕەسـا نیـیـە بتـوانـین لە گـەلێ لایەن و بابـەتی نەبیسراوی ناو دەستخەتەکە و پێوەندیدار بە موفتی زەهاوییەوە بدوێین، بەڵام بەسـەر ئەو هەلەیشـدا نـاڕۆم کە لێرەدا یەک دوو لایەنی پێویست و پێوەندیدار بە وتارەکەوە ڕوون بکەمەوە.

یەکـەم: شـیـعـرە کوردییـەکانی نـاو دەسـتـخـەتەکە کـەمن و دەکرێ لێرەدا بیانخەمە ڕوو.

دووەم: مـوفـتی – بەگـوێرەی کـات و سـەردەمـی خۆی – بۆچوون و ڕایەکی تایبـەتیی هەیە و دەیشکرێ وەک بنەمـایەکی نـوێی ڕەخنەی ئەدەبی مـامـەڵەی لەگـــەڵدا بکرێ. بۆچوونەکـــەیشی ئەوەیە کــە – بـەلای ئەوەوە – هەر کـــەسێ وردەکـــاری و نوکــتــە و قــســـەی دوو سێ لۆنە و دوو سێ مـــانا هـەڵگرتـوو لە شیـعریدا نەبێ، ئەو کـەسە شـاعیر نییە و شـیـعرەکانـی هـەر قسـە هۆنینەوە و ریزکردنن و خۆیشـی بێ هەست و شوعوورە و لەم ڕووەوە دەڵێ:

ومن لیس فی نظمــهم نکتــه
فــهم ینظمــون ولا یشــعـرون

هـەر لە سـێـبـەری ئەم ڕا وبۆچوونەیشـیـدا لە هەر لا و شـوێنێکدا مـانـایەکی ناسک و مـەبەسـتێکی نەبیسـراو و کـەس ڕێ پێ نەبردووی دیبێ بەبیری تیژ و قـەڵەمی ناسکی خـۆی خـسـتـوویەتیـیـە قـاڵبی شـیـعـرەوە و ئیـتـر بیـری لەوە نەکردووەتەوە مانا و مەبەستەکە شتێکی ئاینی و خواپەرستی بێ، یان ئەدەبی

بێ پەردە و گاڵتەجاڕی بێ، یان قسە و قسەڵۆکی بەتوانج و توێکڵ بێ، یان ستایش و پیاهەڵدان بێ. هەر ئەمەیشە کە وای کردووە لە پاڵ ئەو هەموو شیعری خواپەرستی و زوهد و دنیانەویستییەدا ئەم شیعرانەیشی هەیە کە لێرەدا دەیانخوێنینەوە و جێگەی تێڕامانیشە کە ئەو پیاوە بەرزە ئاینییە ئەم جۆرە شیعرانەی گوتبێ.

سەرم لەوەیش کردەوە کە ئەم شیعرانە چۆن بڵاو بکەمەوە، بەڵام دوایی گوتم:

١- ئەم پیاوە مەزنە لە خواترسە قەڵەمی خۆی لێ نەپاراستوون و بەشانازییەوە لە دەستخەتی تایبەتیی خۆیدا بۆ خۆی داناون.

٢- کە دەستخەتەکەی هەبێ و لە بەردەستدا بێ ئیمڕۆ بێ یان سبەینێ هەر بڵاو دەکرێنەوە.

٣- شیعرەکانیش - لەگەڵ ئەوەیشدا کە سەدەیەک زیاتریان بەسەردا تێ پەڕیوە و زیاتر وەک بابەتێکی مێژوویی ڕەنگ دەدەنەوە - ئاراستەی کەس و لایەنی ناسراو و دیاری نەکراون و هەستی کەس بریندار ناکەن. بۆیە ڕێگەم بەخۆم دا بیانخەمە ڕوو.

شیعرەکان:

ئەم چوار خشتەکییەی خوارەوە هەر لەو دەستخەتەدا بەخەتی موفتی سێ جار بەم شێوانەی خوارەوە نووسراوە، ئەمەیش نموونەی ئەوەیە کە موفتی بە شوێن قاڵبی جوان و ڕستەی ڕەسادا گەڕاوە و لەسەر یەک بار نەگیرساوەتەوە:

تەسەددوقی کرد پاشا ماینێ
بێ شک قیمەتی دوو هەزار زێڕە
بە لنگدان قەزا دەگێڕێتەوە
بەڵێ سەدەقە قەزاوەگێڕە

***

تەسەددوقی کرد پاشا دوو ماین
هەردوو قیمەتیان دوو هەزار زێڕە

بە لنگدان قــەزا دەگــێــڕنەوانێ

بەڵێ ســـەدەقــە قــەزاوەگــێــڕە

***

تەســەددوقی کرد پاشــا دوو مــاین

هەریەک قـیــمــەتی دوو هـەزار زێڕە

بە لنگدان قــــەزا دەگــــێــــڕنەوە

ســەدەقــە بەڕاست قــەزاوەگـێـڕە(١)

لە شوێنێکی دیکەی دەستخەتەکەدا پرسیار و وەڵامێک دەخوێنینەوە، کە من گومانم بۆ ئەوە دەچێ پرسیارکەر و پرسیار لێکراو دوو زەلامی ناسراوی ئەو سەردەمە نەبوون و ڕەنگە موفتی خۆی بۆ ئەوەی دروست کردبن پرسیار و وەڵامەکەیان بداتە پاڵ و دەڵێ:

پرسیاری ئیساف خاتوونی کچی شێخ شوجاع لە شێخ قادری بێستانی:

لەگەڵ تۆمە ئەی شێخی بێستانی

مــەتەڵێ دەڵێم داخــۆ دەیزانی؟

من دوو کــونم هەیە لە بنی ڕانی

لە ئاوی دەخــۆی یاخــود دانی؟

وەڵامی شێخ قادر:

کــــــێــــــرم بە ئاوی، گــــــونم بە دانی

نزاوی دەبڕم وەک کــــــوێرە کــــــانی

توخــوا خــــاو ئیــســـاف چاکم نەزانی؟

لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ:

---

(١) وەک بیرخستنەوە دەڵێین: شێخ ڕەزاش باسی ئەسپ و ماینی خەڵاتی و بەدیاری بۆ هاتووی هەیە.

کوسدەر دەڵێ: کاش کێر ساحیب شەم بێ
تا مەیلی گانکەر بە کووندەر کەم بێ[1]
هەروەها لە شێوەی مەتەڵدا نووسیویە:
زوڵمە تەشبیهی دەمی تۆ بە عەدەم
لەو بە حەوتا[2] دەرەجە کەمترە ئەم

وەک گوتم جێگەی ئەم وتارە ڕەسا نییە و بۆ ئەم جۆرە شوێن و کۆوارانە دەبێ وتارەکان لە قاڵب بدرێن و هەرچی لەو قاڵبە دەرچوو بە تیف تیفەوە دەڕوا، بۆیە بەم ئەندازە لێرەدا لە خزمەت موفتی هەڵدەستین و مژدەی ئەوە بە خوێنەری ئازیز دەدەم کە بەشی عەرەبیی بڵاونەکرانەوەی شیعرەکانی موفتی زۆرن و وتارێکی درێژم لێ گەڵاڵە کردووە و بۆ شوێنێکی باش دەگەڕێم بڵاوی بکەمەوە، دوای ئەوەیش - بەیارمەتیی خوا - بیر لە فارسی و تورکییەکانی دەکەمەوە.

(١) ئەم ناونیشانانە بەفارسی نووسراون من یەکسەر کردمن بەکوردی.
(٢) ئەم (حەوتا)یشی بۆ وردەکاری و شوێنەونی نووسیوە و مەبەستی (حەفتا)ی ژمارە بەحورووفی ئەبجەدە تا لەگەڵ (عەدەم)دا بەو حەرفانە بەراورد بکرێن.

## بەرەو لێکۆڵینەوەی دیوانی شێخ ڕەزا

### بەشی یەکەم

### ٣(١)

دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی یەکێکە لەو دیوانە نایاب و پڕ بایەخانەی شاعیرانی کورد کە ڕۆشنبیرانی کورد بە ئاواتەوە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەن بە لێکۆڵینەوەیەکی وردی زانستییانەوە بڵاو بکرێنەوە. من لە عاستی خۆمەوە لە بواری دیوانی ئەم شاعیرەدا - وەک بۆ شاعیرانی دیشم کردووە - چیم پێ کرابێ درێغیم نەکردووە و لە هەر لایەکەوە سەرچاوەیەکم دیبێ بە کەسانی شەیدای بابەتەکەم ڕاگەیاندووە و چەند جار بەنووسین ئەم ئەرکەم بەجێ هێناوە(٢). ئاگاداریشم گەلێ کەس - هەیە دەسبەکار و هەیە بە هیوا- سەرگەرمی کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی دیوانی شێخن. دوا بەدوای ئەو نووسینانەی پێشووم کۆمەڵێکی دی سەرچاوە و زانیاریی بەسوودم لەبارەی دیوانی شێخ ڕەزاوە کۆ کردووەتەوە و هەر لە پەیجۆری کۆکردنەوەی زیاتریشدام.

لەم ماوەدا لە سەردانێکی سلێمانیدا لای مامۆستایەکی ئەدەبدۆست و بەتەنگەوەهاتووی سامانی کەلەپووری نەتەوایەتیمان چەند دەستخەتێکم دی، لەناو ئەو دەستخەتانەدا چەند پارچە شیعری شێخ ڕەزام بینی و ماوەکەم کورت بوو و دەرەتانی بەراوردکردنیانم لە تەک دیوانی شێخدا نەبوو، بۆیە وێنەیەکی شیعرەکانم گرت و هێنامەوە بۆ بەغدا.

کە لە ماڵەوە بەشێنەیی بەراوردم کردن بۆم دەرکەوت شیعرەکان یان

---

(١) لە ژمارە (١٠٠)ی کۆواری ڕەنگیندا بڵاو کراوەتەوە.

(٢) لە ئەڵقەی ژمارە (٤٦)ی ڕۆژی ١٩٩٣/٣/١٧ی ژمارە ١٦٧٢ی ڕۆژنامەی هاوکاریدا باسی دەستخەتی دیوانی شێخ ڕەزام کردووە. چەند پارچە شیعری بڵاونەکراوەی شێخ ڕەزایشم دا بە د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ لە (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)یەکەیدا بڵاوی کردەوە.

دەسـتـخـەتەکـە – سـەرچاوەیەکی کـەمـوێنەی دیوانی شـێخ ڕەزان و ئاگـادارکـردنەوەی شـەیدایانی لێکۆڵینەوەی دیوانی شـێـخم لەم سـەرچاوە بەکارێکی پێویست زانی.



پێشەکیی ئەو دەستخەتەی کە لە سلێمانی دیم و وێنەم گرتەوە - بەشی شیعرەکانی شێخ ڕەزای - چواردە لاپەڕەیە، گومانم بۆ ئەوەیش دەچێت لاپەڕەی دی لای مامۆستاکە مابێتەوە؛ چونکە دەستخەتەکە شپرزە بوو و پەڕەپەڕە بووبوو و ناتەواویی پێوە دیارە.

ئەم بەشەی دەستخەتەکە چەند تاک و چوار خشتەکیی شیعری تێدایە، کە یان لە چاپەکاندا نین یان جیاوازییان هەیە. جا ئێمە لێرەدا - بەگوێرەی بۆچوونی خۆمان و دەرەتانی کۆوارەکە - ئەو شیعرانە ڕوونووس دەکەین، بەڵکو لە قۆناغی داهاتووی لێکۆڵینەوەی دیوانەکەدا جێگەی خۆیان بگرن:

لە لاپەڕە ٩٤ی دیوانەکەدا یەک بەیت لەناو تاکەکاندا نووسراوە کە سەرەتاکەی (بەمارف بەگ...)ە، لە دەستخەتەکەی لای ئێمەدا سێ بەیتە بەم جۆرە:

به مارف بەگ بڵێن عەوقی مەعاشی من نەکا چاکە
لە بۆ ئەعناقی ئەعدا شیعری من وەک ماری زەححاکە
هیجا مەزموومە توخودا لێم گەڕێن با تەوبە نەشکێنم
(ولا تلقوا بأيديكم) غەرەز بۆ دەفعی ئیهلاکە
مەعاشی مانگی کانوون و شوباتم تا بە کەی نادەی؟
کە ئازاری ڕەزا عەینی سوممی تەحصیلی تریاکە!
ئەم چوارینەیشم لە دیوانەکەدا نەدی:
بە ڕەمز و ئیشارە قسەم پێ دەڵێ بەگی نادان
بزن قنگی[1] نەخورێ چی دەوێ لە نانی شوان؟
بە کێرە گەورە بەرم - من - لە مەقعەدت تا بن
ئەگەر قووەت بدەیە خۆت ترت دەبێ بە دوان

لە لاپەڕە ٩٥ی دیوانەکەدا تاکی (من داکی...) هەیە بەڵام لە دەستخەتەکەدا ئاوایە:

(١) ئەمە دەبێ وەک (قنی) بخوێنرێتەوە.

فرد مستی[١]

بۆ شـۆڕشـێ ئەسـتـۆم دەخـورێ شـەڕ دەفـرۆشم
با بێـتـەوە مـەیدانی سـوخـەن، گـەر هـەیە مـەردێ

جەوابی ڕەزا

من داکی هـەزاری وەکــو تۆم گــاوە بە فـــەردێ
نەتبیستـوە (ضرب المثل)ە: سـەد قـەل و بەردێ؟
ئـەم چـوارینـەیشـم لـە دیـوانـەکـــــەدا نـەدی:
(نگفــتــمت کــە حــذر کن ز تیــر ناطقــەام؟
لأن نـاطـقـــــــتـی آفـــــــة من الآفــــــات)
لەبـەر عـەباکـە (جـبـم کـرد بوی فـقــر خـدا!)
ئەوە عەباکەت و کێرم بە قنگی خۆت و عەبات!

ئەم تاکەیش لە دەستخەتەکەدا دوا بەیتی پارچەی (دەستێکی هەیە) ل: ٧

ئەو کـێر زلـەکەی کـە لە قـۆناغی فـەتاح بەگ
مـشـتـێکی کوتایە قنگی، مـسـتـێکی لە دەم دا

ئەم تاکەیش لە چاپەکەدا نییە:

لە گـەشـتی شـێخ ئەوا هات حـاجی لەقلەق
دەهـاوێژێ دوو دەســـتی وەک دوو مـــەترەق

ئەم تاکەیش:

شـێخمە مەحبووبمە، مەنزووری هەردوو چاومە
گاه گـاهێ، جـار جارێ، دەفـعە دەفـعە گـاومە

---

(١) واتە تاکە شیعری مەستی، شایانی باسە لە دیوانە چاپەکەدا هەرچەند ناوی ئەم (مەستی)یە هاتبێت خاڵی لە شوێندا دانراوە.

ئەم بەیتەی خوارەوە لە لاپەڕە ٤٧ی دیوانەکەدا لەگەڵ دوو بەیتی دیکەدایە، بەڵام لە دەستخەتەکەی ئێمەدا تاکە و ئاوایە:

لێرە گایان ژنەکەی (مەستی) ئەفەندی بەسەرە

ئێستە بۆ بەسرە دەچێ (بعد خراب البصره)

تاکی (چاپەکەی مامە غەفوورم) لاپەڕە ٨٩ لە دەستخەتەکەدا ئاوایە:

چاپەزی چای شێخ غەفوور وەک گۆزەڵەی میزی نەخۆش

ئیحتیاج ناکا بەئاگر هەر بە دوو تڕ دێتە جۆش!

پارچەی (ئەی مەلا قەت...)ی لاپەڕەی ٤٩ی دیوانەکە لە دەستخەتەکەدا سێ بەیتە و بەم جۆرەیە:

داوەکەی موویین و گوویینت بە کارت هیچ نەهات

گەرچە هەرچە بەندێکی سەد ئەفسوون و جادووی پێوە بوو

دامەنێ بۆ باز و شاهین داوی پەشمین ئەی کەرە

کەر کە داینا داوی پەشمین (هەر) پاشووی پێوە بوو

مووی سەگی گرۆێش وەها نابێ بە تەخمین سەد هەزار

ڕشکی ئەسپێ، کرم و کەهلا، مار و مێرووی پێوە بوو

پارچەی (سەرگوزشتەی خۆی) گەلێ جیاوازیی لەگەڵ چاپەکەدا هەیە لەوانە بەیتی:

هەرچەندە وتم وەختێ کە دیم نەخوەتی قەلبی

یارەب لەگەڵ شێخ عەلی بۆچی شەڕم کرد

لە دەستخەتەکەدا ئاوایە:

سەد دەفعە وتم – وەختێ کە دیم نیخوەت و نوحلی

یارەبی لەگەڵ شێخ عەلی بۆچی شەڕم کرد؟

پارچەی (کش و فشکردنی بەگ)ی لاپەڕە ٣٤ی دیوانەکە جیاوازیی لەگەڵ هەمان پارچەی دەستخەتەکەدا هەیە، بەتایبەتی لە بەیتی یەکەمدا، کە لە چاپەکەدا ئاوایە:

له بەگ وابوو کە من ماتم کشی کرد
کە من هەستام ئەو داما و فشی کرد

له دەستخەتەکەیشدا ئاوایە:

فەقیر وای زانی من مات بووم کشی کرد
کە زانی ماتە خۆی دابوو، فشی کرد

پارچەی دەستێکی هەیە (...) ئەفەندی جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ دەستخەتەکەدا هەیە و دیارە دەستخەتەکە دروستترە، بڕوانە سەرەتای دەستخەتەکە:

میهمانی عەزیزەی پڕە دایم لە حەرەمدا
دەستێکی هەیە مەستی ئەفەندی لە کەرەمدا
ئەلحەق ژنەکەی موشفیقە دەرهەق بە غەریبان
سەد گانی بەیەک لەحزە بەبێ پوول و درەم دا

هەروەها پارچەی (کەڵەشێری نەقیب)یش کە لە لاپەڕە (٥٧)ی چاپەکەدایە گەلێک جیاوازی و پاش و پێشی لە تەک دەستخەتەکەدا هەیە و دەستخەتەکەیش دروستتر و ڕەوانترە و بۆ نموونە یەک بەیتی دەستخەتەکە دەنووسین:

دۆستان ئەم کەڵەشێرە وەکو تەعریفی دەکەن
بۆ (ڕەزا) لایەقە، ئەو نێرەکی و ئەم نێرە

هەروەها لە بەیتەکانی دیشدا جیاوازیی زۆری وشە هەیە و لێرەدا دەرەتانی بەراوردکردنی هەموویان نییە و گومانم نییە ئەگەر ئەم دەستخەتە بەتەواوی لە دەستدا بووایە ئەگەر نەکرایە بەبنکە و نوسخەی سەرەکی و بنەڕەتیی لێکۆڵینەوەی داهاتووی دیوانی شێخ ڕەزا، ئەوا دەکرا بەیەکێک لە نوسخە هەرە چاکەکانی ئەو کارە.

- لە بەشی فارسیدا چەند بەیتێک هەیە وا دیارە سەرەتای پارچەیەکی درێژن، بەڵام - بەداخەوە - بەشەکەی تری لە دەستخەتەکەدا نییە، ئەمەیش ئەو بەیتانەیە:

رضا عنبر کرکوک[1]

شبی در کنج خلوت یاد آن شمشاد می کردم
چو پروانه ز آتش خویش را آزاد می کردم
چو بلبل هر سحر توحید حق بنیاد می کردم
اشارتهای دوشینش که هر گه یاد می کردم
سپند آسا ز جا میجستم فریاد می کردم

***

چه در خوابی همی برخیز کان دلدار می آید
طبیب دردمندان بر سر بیمار می آید
ندانستم بقصد عاشقان زار می آید
فریب خویش میدادم که اینک یار می آید
بهر اوازی.............................

دوا بەیتی پارچەی (من دراین مملکت) لاپەڕە ١٨٢ی چاپەکە لە دەستخەتەکەدا لەسەری نووسراوە (رباعیە) و ئاوایە:

شیخم نیست مقامی کە بر او تکیە کنم
نکنم تکیە مگر بر کرم یونس خان
من بخدمت نرسیدمش ولی من شنوم
قدر ما نیست درآن مملکت کردستان

---

(١) نەمزانی مەبەستی لەم ناونیشانە چی بووە.

تێبینی: من کە ئەم شیعرانەی شێخ ڕەزا بڵاو دەکەمەوە لەو ڕووەوە نییە کە – خوانەخواستە – حەزم لە شەڕەجنێو بێت و هانی ئەو جۆرە خووە بدەم. بگرە لەو ڕووەوەیە شێخیش و ئەوانەیش شیعرەکانیان پێدا گوتراوە ئێستە لە بارەگای خوادان و شیعرەکانیش چوونەتە قاڵبی کەلەپوورەوە و دیوانی شێخیش ئەمڕۆ بێ یا سبەی بەلێکۆڵینەوەی وردەوە چاپ و بڵاو دەکرێتەوە.

پارچەی (در وقت صلح در بین طالبـانی) کـە لە لاپەڕە ١٣٥ی چاپەکـەدایە لەگەڵ دەستـخـەتەکەدا جیـاوازیی زۆری هـەیـە و لە دەسـتـخـەتەکەدا بـەیـتێکی زیادەیش هـەیە کە ئەمەیە:

از جـبــهــە ایشــان نبـود قـابـل انکار
انوار سـیـادت کـە بعـیـوق رسـیـداست

ئەم تاکە فارسییەش لە دەستخەتەکەدا هـەیە و لە چاپەکەدا نییە:

باطل ز حق بتــلاش دو عـمـر شـد تـفـریق
دین اســلام قـوی گـشـت بفــاروق فــریق

## بەرەو لێکۆڵینەوەی دیوانی شێخ ڕەزا

### بەشی دووەم

### ٤(١)

لە وتاری پێشوودا کە هەندێ شیعری شێخ ڕەزام لە دەستخەتی مامۆستایەک وەرگرت، باسی ئەوەم کرد کە دەستخەتەکە باش وەرنەگیرابوو لەوانەیە پەڕە یان زیاتری کەوتبێ. لەم ماوەدا جارێکی دیکە ڕێگەم کەوتەوە سلێمانی و مامۆستای خاوەنی ئەو دەستخەتەم بینییەوە و داوای دەستخەتەکەم لێ کردەوە، ماڵی ئاوا بێت ئەم جارەیش دەستی بە ڕوومەوە نەنا و لە جاری پێشوو باشتر بەدەنگمەوە هات و دەستخەتەکەی دایە لام کە سوودی لێ وەربگرم. منیش کە دەستخەتەکەم هێنایەوە و بەشێنەیی سەرنجیم دا و بەراوردم کرد، بینیم - وەک گومانم بۆی چووبوو - دوو لاپەڕەی وێنەیان نەگیرابوو، ئەو دوو لاپەڕە شیعری بڵاونەکراوە و شیعری جیاوازیان تێدا بوو، بۆیە لەم وتارەیشدا گەڕامەوە بۆ لای ئەم دەستخەتە و ئەو شیعرانەی دیش دەخەمە پاڵ ئەوانی پێشوو، بەهیوای ئەوەی لە کاتی لێکۆڵینەوەی دیوانی شێخ ڕەزادا سوودی باش ببەخشن.

هەر لەو تاومۆدا لە (دار صدام للمخطوطات)شدا ڕێگەم لە کەشکۆڵی شێخی حیسامەدین کەوت، ئەو کەشکۆڵەیش لە تەک شیعری شاعیرانی دیدا شیعری شێخ ڕەزایشی تێدا بوو، لەبەرئەوەی شەیدایانی شیعری شێخ ڕەزا لەوانەیش ئاگادار بن. هەر لەم هەلەدا لایەکیش لەو شیعرانە دەکەمەوە و خوێنەری ئازیز بۆ لای ئەوانیش ڕێنوێنی دەکەم.

بەڵام پێش ئەوەی بێمە سەر نووسینی شیعرەکان وا بەباش دەزانم - کە ئێستە دەستخەتەکەی سلێمانیم لە بەردەستدایە - باسێکی کورتی ناوەڕۆکی ئەو دەستخەتە بخەمە پاڵ شیعرەکان:

---

(١) لە ژمارە ١٠١ی کۆواری ڕەنگیندا بڵاو کراوەتەوە.

باسێکی دەستخەتەکە:

ئەم دەستخەتە (١٩٩) لاپەڕەیە، لاپەڕەی ٣٠ دێر و کەمتر و زیاتری تێدایە، پێوانەکەی (١٨ × ٢٠)ە، شیعری کۆمەڵێک شاعیری کورد و فارسی تێدایە، بەم شێوە:

١- لە لاپەڕە یەکەوە تا لاپەڕە ١٧ شیعری شێخ ڕەزا.

٢- ١٧ و ١٨ جامی.

٣- ١٩ و ٢١ سەعدی.

٤- ٢٢ رباعیات خواجە بهاءالدین نقشبند.

٥- ٢٧ ثنائی.

٦- ٢٩ نالی.

٧- ٧٩ سالم.

٨- ١٣٧ کلام هجری - کوردی -.

٩- ١٦١ فایق مەلا وەسمان.

١٠- ١٦٥ هجری.

١١- ١٨٠ مەحوی.

١٢- ١٨٣ دوازدە بەند محتشم در مرثیە سید الشهداء فرمودە.

١٣- ١٩٨ و ١٩٩ هەندێ وردە بابەت و شیعری مەحویش.

ئەم دەستخەتە هەندێک تازەیە و کۆتاییەکەی بە خەت و مەرەکەبێکی جیاواز نووسراوە و نووسەرەوەکە نووسیویە (حاجی محمد رحیم زادە محمد صالح بانەیی در عمر قوم سنە ١٣٤٩).

لە کۆتاییی باسی دەستخەتەکەدا دەڵێم: لەو کەشکۆڵانەدا کە لە (پڕۆژەی دەستخەتە کوردییەکان)دا باسم کردوون و چەند کەشکۆڵێکی لای خۆم و هەر پێنج بەرگەکەی (کەشکۆڵستان)دا کە زۆر شیعری شێخ ڕەزا هەیە و بەشی زۆریان نوسخەی باشن، بێ تەماشاکردنی ئەوانە هەر لێکۆڵینەوەیەکی (دیوانی شێخ ڕەزا) تێروتەسەل و بێ کەلێن نابێت.

رضا عنبر کرکوک

شـبـی در کنج خلـوت یاد آن شـمـشـاد می کـردم
چـو پـروانـه ز آتـش خـــویـش را آزاد مـی کـــردم
چو بلبل هر سـحـر توحـید حق بنیـاد می کـردم
اشـارتهـای دوشـینش کـه هر گـه یاد مـی کـردم
سـپند آسـا ز جـا مـیـجـسـتم فـریاد می کـردم
چه در خـوابی هـمی بر خـیـز کـان دلدار مـی اید
طبـیـب دردمـندان بـر سـر بیـمـار مـی اید
نـدانسـتم بقـصـد عـاشـقـان زار مـی اید
فـریـب خـویش مـیـدادم کـه اینک یار می اید
بهـر آواز از پای خـاطـر خـود شـاد می کـردم
فـتـاده رشـتـهء جـانم بدسـت طفـل بدخـویـی
ز غـم یک لحظـه آزادی نـدیـدم یکسـر مـویـی
همـی مـیـبـرد آرام از تن هـجـران بهـر سـویی
بهـر دشـتی کـه می دیـدم افـتـاده آهویـی
فـدای چشـم او مـی گـفـتم آزاد مـی کـردم
شـبی با بخت خـود با نالـه افـسـانـه مـی رفـتم
بزیر تیغ آن دلدار خـوش مـسـتـانه مـی رفـتم
مـیـان را بسـتـهام زنار، بـه بتـخـانـه مـی رفـتم
بیـاد صـورتش هـردم بهصـورتخـانه مـی رفـتم
دمـادم عـاشـقی با خنجـر فـولاد مـی کـردم
هر آنکه کـزبزم آن شـوخ کـافـرکـیش مـی رفـتی

چو روح از رشـــتــهء جــان تن درویش می رفــتی
(اسیری)[١] کاش ازین دنیای پر اندیش می رفتی
(رضــا) کــار عــاشق کــر (بزر از پیش!) مـی رفــتی
بدین بـی دست و پایی کــار صـد فـرهـاد مـی کـردم

پارچەی: ئەی مەلا تۆ قەد لە (ظرفین)دا:

ئـەی مـــەلا تـۆ قـــەد لـە (زەرفـــێن)دا وەهـا خـــێـــرا نـەبووی
یا لـە حـیــزیـی بەخـتـی من، یا مـۆرەکـــەت گـووی پێـــوە بوو
حـــاڵ لە سێ خـــاڵـی نیـیــە، توخـــودا بە تەحــقـیـق پێم بڵێ
مـــووی سـمــێـــڵت، یا ســەرت، یا کلکی یابووی پێـــوە بوو؟
قـــــاوەچـی ڕووی نێـــــوەکــــــەی هـێـنـدە بـە نـیـنـۆک هەڵکڕان
قـــەلعـی ئاســاری نـەکــرد هێــشــتــا بەشـی تۆی پێــوە بوو
زۆر نـەمــــــا بـەولـی ســــــــەرگـین بمکوژێ، وا تـێ دەگـــــــەم
تـووکی بـنـکلـکی کــــەر و بـارگـــیـــری مــــردووی پێـــوە بـوو
(یـحــــتــــمـل) تـووکــــە بـەراز بـێ چونکە زبرم هـاتە دەست
ڕەنگە مـــووی بـنـکلکی کـــەر بێ؛ چونکە کـــڕنووی پێـــوە بوو
داوەکـــــەی مـــــووین و گــــوویینت بەکـــارت هـیچ نـەهـات
گەرچە هـەر (چە) بەندێکی سەد ئەفسوون و جادووی پێوە بوو
دامــــەنێ بۆ باز و شـــــاهـین داوی پەشـــــمـین، ئەی کـــــەرە
کــەر کـــە داینا داوی پەشــمـین (هـەر) پاشـــووی پێـــوە بوو
مـــووی ســەگی گـــڕویش وەهـا نـابێ، بە تەخــمـین ســەد هەزار
ڕشـکی ئەسـپـێ، کـرم و کـەهلا، مــار و مـێـرووی پێـوە بوو.

ئەم سێ بەیتەی دواییم لە وتارەکەی پێشوودا نووسیبوو، بەڵام وام بەباش

(١) لەم وشەوە دەردەکەوێ لەوانەیە ئەم شیعرانە پێنج خشتەکیی شیعری (ئەسیری) بن. بەڵام هیچی لەسەر نەنووسراوە.

زانی، لەبەر دەرخستنی جیاوازییەکان، لێرەدا لەگەڵ شیعرەکانی دیدا یەکیان بخەم و پارچەکە بەتەواوی بڵاو بکەمەوە.

هەروەها ئەم پارچەی دواییش لە وتارەکەی پێشوودا شتێکم لێ بڵاو کردبووەوە و لەبەر ئەوە دەستخەتەکەم بەتەواوی لە دەستدا نەبوو لە (بهر آواز......)وە لە وتاری پێشوودا جێگەی خۆی نەگرتبوو لێرەدا بەیەکەوە بڵاویان دەکەمەوە.

دوا بەدوای ئەمانیش باسی شیعرەکانی دی شێخ ڕەزا دەکەم کە لە دەستخەتی (٤١٢١٩)ی (دار صدام للمخطوطات)دایە.

لە دەستخەتی ژمارە ٤١٢١٩ی (دار صدام للمخطوطات)دا پارچە شیعری (عجم)ی لاپەڕە (٩٨)ی دیوانەکەی هەندێک جیاوازیی هەیە و بۆ لێکۆڵینەوە جێگەی سوودە بۆیە دەقی دەستخەتەکە لێرەدا دەنووسین:

بشکست سرو افسر کسرای عجم را
بر باد فنا داد رگ و ریشەء جم را
آورد شبیخون ز مدینە بمداین
بگرفت ز شاهان عجم تاج و علم را
این معرکە بر غصب خلافت ز علی نیست
با آل عمر کینە قدیم است عجم را

پارچەی (در مدح شیخ مصطفی حفید)یش کە لە لاپەڕە (١٤٤)ی دیوانە چاپەکەدایە لە دەستخەتی ناوبراودا هەیە و جیاوازی و پاش و پێش لە نێوانیاندا هەیە.

پارچەی (ترجیع بند...)یش کە لە لاپەڕە (١٧٩)ی دیوانە چاپەکەدایە لە دەستخەتی ناوبراودا هەیە و جیاوازیی زۆر لە نێوانیاندا هەیە لەوانە:

لە سەرەتایەوە نووسراوە (في نعت النبي صلی اللّه علیه وسلم سه بند شیخ رضاي طالباني) و جیاوازیی دیکەیش هەیە کە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا سوودی خۆیان هەیە.

پارچەی (شـیـخـین و شـیـری لافـتـی)یش لە هـەمـان دەسـتـخـەتدا هەیە و جیاوازیشیان هەیە.

پارچەی (مـنـاجـــات از درگـــاهـی...) لاپـەڕە ١٦٨یش هـەیە و کـــەمـــێک جیاوازیشیان هەیە.

پارچەی (تخـمـیس غزل مـسیح)ی لاپەڕە ١٢١ دیوانەکەیش لەگەڵ کەمێک جیاوازیدا لەم دەستخەتەدا هەیە.

هـەروەها پـارچەی (سـتـایشـی کاک ئەحـمـەدی شـێخ) کـە لە لاپەڕە (٥١)ی دیوانەکەیدا لە تەک جیاوازیدا لە هەمان دەستخەتدا هەیە.

# شێخ ڕەزای تاڵەبانییەکەی د. موکەڕەم تاڵەبانی

ە[1]

لەم ساڵانەی دواییدا بایەخێکی باش بەدیوانی شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی دراوە و چەند کەسی کارامە و لێهاتوو بۆ لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی، دوای کۆکردنەوەی شیعرەکانی ئەم شاعیرە داهاتوونەتەوە و[2] هەر کەسێکیشیان بە شێواز و بۆچوونی خۆی لەم بوارەدا کاری کردووە و هەوڵی بۆ ئەوە داوە بەپێی توانای خۆی شتی باش بۆ دیوانی شێخ ڕەزا بکات و دیاریشە کەس نییە حەز بکات کاری کەلێنی تێدا بێت، بەڵام وەنەبێ هەموو کەس بتوانێ بەئارەزوو و ویستی خۆی بگات. لەبەر ئەمەیشە کە کار و پرۆژەیەکی ئەدەبی یان مێژوویی یان زانستیی... چاپ و بڵاو دەبێتەوە ڕووی دەم و قەڵەمی ڕەخنەی تێ دەکرێت و لەسەری دەنووسرێت.

منیش بەبۆنەی ئەوەوە لە بواری دەستخەتی کۆندا کار دەکەم و بەرهەم و شیعری زۆری شێخ ڕەزام دیوە و کۆم کردوونەتەوە و گەلێ جاریش لە کۆوار و ڕۆژنامەکاندا لەسەریم نووسیوە...[3]

چاپەکانی دیوانی شێخ ڕەزا جێگەی سەرنجی تایبەتیم بوون و ویستوومە و دەمەوێ بزانم هەر کارێکی تازە کە بۆ دیوانی ئەم شاعیرە دەکرێت تا چەندە سەرکەوتووە و چی تازەی تێدایە کە لە کارەکانی دیدا نییە.

کە دیوانی شێخ ڕەزاکەی مامۆستا شوکور مستەفا دەرچوو هەندێ سەرنج

---

(١) لە ژمارە (١٥٦)ی ڕەنگیندا بڵاو بووەتەوە.

(٢) بۆ نموونە وەک کارەکانی: ئومێد کاکەڕەش و حەمەبۆر و ئەحمەد تاقانە و شوکور مستەفا و دوای ئەوانەیش ئەم کارەی بەردەستمان.

(٣) لەم بوارەیشدا دەرگای کتێبخانە بچکۆلەکەم ئاوەڵە بووە – و ئاوەڵەیشە – بۆ هەر کەسێ بیەوێ لە دیوانی شێخ ڕەزا یان هەر شاعیرێکی دیکەی کورد بکۆڵێتەوە و شوێن دەستیشم لە دیوانی شێخ ڕەزادا – کارەکانی د. عیزەدین و ئومێد کاکەڕەش و شوکور مستەفا – ئاشکرا دیارە.

و تێبینیم هەبوو بەدەمی و ڕووبەڕوو پێم گوت و بەڕاشکاوی پەسندی کردن و بەبیرخستنەوەیەکی باشی زانی و هیوای ئەوەی خواست لە چاپێکی داهاتوودا بەسەریان بکاتەوە. یەکێک لەو سەرنجانە ئەوە بوو کە مامۆستا وەک پێویست و وەک ئەوەی ڕێبازی لێکۆڵینەوە بەپێویستی دادەنێ باسی سەرچاوەکان - بەتایبەتی دەستخەتەکان -ی نەکردووە و شێوەی سوود وەرگرتنی لەو سەرچاوانە ڕوون نەکردووەتەوە.

دوا کار لەم بوارەدا (شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ژیانی پەروەردەی، بیروباوەڕی و شیعری)یە کە بەکۆششی د. موکەڕەم تاڵەبانی ساڵی ٢٠٠١ دەزگای ئاراس لە هەولێر بەقەوارەی ٤٠٨ لاپەڕەی قەوارە گەورە چاپی کردووە.

بێگومان ئەم کارەیش مادەیەکی نوێ دەبێت بۆ سەرنجدان و ڕەخنە لێگرتن و لێ وردبوونەوە و دەکرێ زۆریشی لەسەر بنووسرێت.

من لەم دەرفەتەدا کە لایەک لەم دیوانە دەکەمەوە نامەوێ بەسەر هەموو لایەکیدا بچمەوە و چی دەزانم و چی دەکرێ و پێویستە بنووسرێت پێیدا ڕابگەم و بەسەری بکەمەوە. بەڵام لەبەر پێوەندیم بەکارەکەوە و ئاگاداریم لە گەلێ لایەنی دیوانی شێخ و لەبەر ئەوەیش د. موکەڕەم خۆی نووسیویە: (... تکا لە خوێندەوارانی بەڕێز و بەتایبەتی نووسەر و ئەدیبان ئەکەم هەڵەکانمان بۆ ڕاست بکەنەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر شتێک لە عومر ما و توانیمان دووبارە کتێبەکە چاپ بکەینەوە، ڕاستی بکەینەوە)... بەرکوڵێک لەم کارە نوێیە دەکەم و تیشکی چەند سەرنجێک ئاراستەی باسێکی ئەم بەرهەمەی د. موکەڕەم دەکەم.

وەک سەرنجێکی سەرەکی و تایبەتی دەبێ لە پێشدا ئەوە بڵێم:

لەم سەردەمەدا ڕێبازی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و زانستییانە گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە و هەر کارێکیش لەم بوارەدا ئەنجام دەدرێت بەپێودانێکی تایبەتی سەنگ و ترازوو دەکرێت. بەو سەنگ و ترازووەیش دەقاودەقی یان لارەسەنگیی کارەکە دەردەکەوێت. ئەنجامێکی بەبایەخی لە سەنگ و ترازوودانی دەق بەڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستیی ئەوەیە کە دەزانرێ

لێکۆڵەوە شـتی نوێی خـسـتـووەتە ڕوو یان نا؟ کلیلی ئەمـەیش پابەندبوونی نووسـەرە بەئەمـانەتی عـیلمی و پەیڕەوکردنی کارمـەندی لێکۆڵینەوەکە بۆ ئەو خـاڵانەی ڕێبـازەکـە کـە ئـەمـانـەتی عـیلمی و پابەنـدبوون بەئەمـانەتەکـە دەدەن بەدەسـتـەوە. ئەمـەیش بەوە دەزانرێت کە لێکۆڵەوە و نووسـەر ڕەنج و کۆشـشی خـۆی لـە بەری ڕەنجی کـەسـانی دی جـیـا بـکاتەوە، بەوەی هـەر قـسـە و بـاس و بابەتێکی لە کەسێ یان لە سەرچاوەیەک وەرگرت بێ پێچ و پەنا و گڵمـاندن و پەنادان و بـواردن ئـامـاژە بۆ سـەرچاوەکـە بکات. بەمـە کلیل دەدات بەدەست خوێنەرەوە و ڕێگەی بۆ خۆش دەکات بەئاسـانی دەستی بگاتـە ئەو سەرچاوەی ئەم زانیـارییـەکانی لێ هـەڵێنجاوە و ئـەوسا دەتوانێ بزانـێ ئەم زانیارییـەکانی بەدروستی وەرگرتووە، یان پۆخڵەی کردوون و شێواندوونی.

بەداخـەوە د. موکەڕەم لە کـارێکی قـەبە و دژوار و ئاڵۆزی وەک دیوانی شـێخ ڕەزادا بەهـیـچ کڵـۆجـێک بـەتوخنی ئەم لایەنـەدا نەچووە و لە کـتـێـبـێکی ٤٠٠ لاپەڕەییـدا بە (یـەک!) پەراوێزیش خـوێنەری بۆ لای سـەرچاوەیەک ڕێنوێنی نەکـردووە! نەک هـەر ئەمـە بگرە لـە کـۆتاییی کـارەکـەیشـەوە لیـسـتـە و ناوی سـەرچاوەکـانی تۆمـار نەکـردووە و بەمـەیش خـاڵێکی سـەرەکیی لە ڕێبـازی لێکۆڵینەوە پێشێل کردووە.

ئەمەیش ئەگەر لە کاری نووسـەرێکی تازەپیاکەوتووی لە نوێوە تێ هـەڵچوودا ببـینرێت لـەوانەیە بۆی پاسـاو بدرێت و بگوترێت: تازە ڕێگەی کەوتووەتە ئەم بوارە و لەمـەولا قاڵ دەبێت و ئەم خـاڵانـە ڕەچاو دەکات. بەڵام بۆ دوکتـۆرێکی سالانی دکتۆری ئەو گۆڕەپانە جێگەی پرسیار و قسەیە.

لێرەیشـەوە خـوێنەر بۆی هـەیە – حـەقیـشیـەتـی – بەگومـانەوە بۆ ناوەڕۆکی کـارەکـەی د. مـوکەڕەم بـڕوانێت و لە باسـەکانی دڕدۆنگ بێت؛ چونکە گومـانی لەوەدا هـەیە کە دوکتۆر لە خۆیەوە گەلێ قسەی کردبێت و پشـتی بە سـەرچاوە نەبەستێت.

منیش لێـرەوە دەچمـە ناو باسـەکـەم و کـەمێک دەمـەتەقێ لەسـەر ئەو بابەتە دەکەم کە مەبەسـتمـە لێی بدوێم و بەشـەکانی دیکەی کـارەکەی د. موکەڕەم بۆ

خوێنەر و ئەدیب و نووسەران بەجێ دێڵم.

یەکەم: کە باسی موفتیی زەهاوی دەست پێ دەکات دەڵێ: ساڵی ١٣٠٨ لە شاری سولەیمانیی کوردستانی خواروو هاتووە دنیاوە. (ل: ٣٧٦ شێخ ڕەزای تاڵەبانی) ئەگەر دوکتۆر سەرچاوەی ئەم قسەی دیاری بکردایە خوێنەر دەیتوانی بگەڕێتەوە سەر سەرچاوەکە تا لە ڕاستی و ناڕاستیی قسەکە بکۆڵێتەوە. بەڵام کە سەرچاوە نەبوو دەڵێین: بەداخەوە دوکتۆر لەمەدا کەوتووەتە هەڵەیەکی گەلێ گەورەی زەقەوە؛ چونکە موفتیی زەهاوی لەو ساڵەدا کۆچی دوایی کردووە،(١) نەک لەدایک بووبێت!

دووەم: دوکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی دەڵێت:

(دەگێڕنەوە کە ڕۆژێک موفتی زەهاوی و مەحموود شوکریی ئالووسی لەسەر تەختێک دانیشتبوون و سەرینێک لە نێوانیاندا دەبێت. ئالووسی شەڕ دەفرۆشێتە زەهاوی و دەڵێت: (ما الفرق بينك وبين الحمار؟) زەهاوی گورج وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت (هذه الوسادة) یانی (کەرەکە تۆی...!) (ل: ٣٨١ شێخ ڕەزای تاڵەبانی).

بریا دوکتۆر پێی دەگوتین ئەمە لە کێ دەگێڕێتەوە! چونکە ئەم گێڕانەوە لە گەلێ ڕووەوە دوورە لە ڕاستی. هیچ نەبێ لەوەوە کە مەحموود شوکری ئالووسی بەکوڕەزای موفتیی زەهاوی دەژمێررێت؛ چونکە کوڕەزای ئەبوسەنای هاوڕێ و هاوچەرخی زەهاوی بووە و لە چاو زەهاوی موفتیی بەغدادا بەدەمڕووتێک دەژمێررێت. جا چۆن بڕوا دەکرێ زەلامێکی وا ڕووبەڕوو بەرانبەر موفتیی عێراق قسەی وا بکات؟

جگە لەوە باسەکە خۆی گەلێ لەمەوە دوورە کە دوکتۆر دەیگێڕێتەوە و ڕاستییەکەی ئەوەیە کە مامۆستای خاڵ تۆماری کردووە و ئەمە دەقەکەیەتی:

(ئەگێڕنەوە کە جارێکیان موفتی لەلای والی ئەبێت. وە لە ناوەندی

---

(١) بڕوانە: شيء عن المفتي الزهاوي، محمد علي القرةداغي، مجلة المجمع العلمي العراقي، الهيئة الكردية، العدد: ٢٧ – ٢٨، ص: ١٤٤.

هەردووکیانا سەرینێک ئەبێت، لەو حەلەدا کوڕی حەسەن قولی خانی والیی کوردستان ئەچێتە لای والی، وا دەرئەکەوێت کە والی لە قسەکانی خۆشنوود نەبووە، لە پاش هەستانی کوڕەکەی حەسەن قولی خان، والی ئەمە فەرامۆش ئەکات کە موفتی کوردە، ئەڵێت: توخوا موفتی ئەفەندی! فەرق چییە لە بەینی کورد و کەرا؟ ئەمیش کوتوپڕ ئەڵێ: پاشا فەرق لە بەینیاندا ئەم سەرینەیە! والی کە بیری ئەکەوێتەوە موفتی کوردە زۆر شەرمەزار ئەبێت و داوای بەخشین و لێبووردنی لێ ئەکات)[1].

سێیەم: بەداخەوە ئەم پشتبەستن بەسەرچاوە و لەخۆوە قسەکردنە ڕاستی و دروستیی لە گەلێ لە باسەکانی دوکتۆردا لە گێژەنە بردووە و دوای لێوردبوونەوە خوێنەر لە عاستی باسەکانی دیشدا دوودڵ دەبێت و گومانی لە هەموویدا بۆ پەیدا دەبێت. یەکێکی دی لەو بنەما نادروستانەی دوکتۆر گەلێ بابەتی لەسەر بنیات ناوە پێوەندیی نێوانی موفتیی زەهاوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانییە. جا با بزانن چ ئاڵۆزی و ناتەباییەک لەو باسەدا دروست بووە؟

دوکتۆر دەڵێ:

(شێخ ڕەزا لەو ساڵانەی کە لە بەغدا ژیاوە، لە سەرەتاوە دۆستایەتیی لەگەڵ موفتیی زەهاویدا پەیدا کردووە) (ل: ٣٧٨).

بەڵام با بزانین شێخ ڕەزا کەی هاتووەتە بەغدا و لە بەغدا ژیاوە؟

(... شێخ عەبدوڕەحمانی باوکییان لەبەر ئەوە تەکیەی تاڵەبانیی بەغدای پێ سپارد و کردییە شێخی ئەوێ و لە ساڵی (١٣١٨ھ) وەکو (طبیب رغما عنە) هاتە بەغدا و لە تەکیەی تاڵەبانی لە گەڕەکی مەیدان جێنیشین بوو) (ل: ٣٦).

جا کە وەک نووسیمان موفتیی زەهاوی ساڵی (١٣٠٨ک) کۆچی دوایی کردبێت و شێخ ڕەزایش (١٠) دە ساڵ دوای ئەوە چووبێتە بەغدا دەبێ چۆن پێوەندی لە نێوانیاندا دروست بووبێت؟

---

(١) بڕوانە: مفتی زەهاوی، شێخ محەمەدی خاڵ، چاپخانەی معارف، بەغدا ١٣٧٣ھ - ١٩٥٣م، ل: ٤٨.

هەر بۆیە قسەکانی دیشی کە دەڵێت: (بەلام لە دواییدا دژایەتییەکی قووڵ ئەکەوێتە نێوانیان و بە چوار زوبان کوردی و تورکی و فارسی و عەرەبی هەجووی موفتی و جەمیل سدقی کوڕی ئەکات) (ل: ٣٧٨).

جێگەی گومانن و بڕوایان پێ ناکرێت و بەقسەی ڕووتی وا دادەنرێن کە ناچنە نێو گیرفانەوە.

لەمەیشەوە دەگوێزینەوە بۆ لای ئەو هەجوو داشۆرینانەی کە بەناوی شێخ ڕەزاوە ئاراستەی موفتی زەهاوی کراون و دەڵێین: ئەم شیعرانەیش هەموو هەڵبەستراون بەدەمی شێخ ڕەزاوە و مەبەست لێیان سووککردنی موفتی و ڕیسواکردنی و کەمکردنەوەی پلەیەتی. ئەگینا موفتییەک (٣٨) ساڵ لە بەغدا موفتی بووبێت و پلەی پیاوەتی و نەرمونیانی و بەئیدارەیی لە عاستێکدا بووبێت دڵی کەسی لە خۆی زوێر نەکردبێت[١]، بۆ ئەبێ شێخ ڕەزایەک (١٠) ساڵ دوای کۆچی دوایی ئەو هاتبێتە بەغدا، ئەو هەموو جنێوە پیسەی پێدابێت؟

ئەوەی بەدڵەوە دەچێت و بەڵگەی باوەڕ پێکراویشی لەسەرە ئەوەیە ئەو هەجووانەی بەناوی شێخ ڕەزاوە گوتراون هەڵبەستراون و شێخ ڕەزا نەیگوتوون. ئەگەر بیشلێین شێخ ڕەزا گوتوونی – کە ئەمەیش دوورە – بەهاندان و دنەدانی کەسانێکی ناحەز و هەلپەرست بووە؛ چونکە کاتێ موفتی زەهاوی هاتووەتە بەغدا و دواتر بووە بەموفتی، وا دراوەتە قەڵەم – هەرچەندە ئەم دوای محەمەد ئەمینی زەند بووە بەموفتی – کە موفتی جێگەی ئەبوسەنای ئالووسیی داگیر کردووە و ئەو پلەی لە چنگی ئەو بنەماڵە دەرهێناوە و ئەم قسە باوە ناڕەوا بووە بەهۆی ئەوەی بنەماڵەی ئالووسی ڕق لە دڵ بن بۆ بنەماڵەی موفتی و ئەم ڕقەیش پشتاوپشت ماوەتەوە و پەنگی خواردووەتەوە، تا مەحموود[٢] شوکریی ئالووسی ڕای داوە و تەقاندوویەتی.

---

(١) بڕوانە: شيىء عن المفتي الزهاوي......... ل: ١٤٣.

(٢) بڕوانە: المسك الأذفر، محمود شكري الآلوسي، تحقيق الدكتور عبدالله الجبوري، الطبعة الاولى، دار العلوم للطباعة والنشر، ١٤٠٢هـ – ١٩٨٢م، ص ٢٤٣.

لەبەر ئەمانە و لەبەر ئەوەیش کە دوکتۆر خۆی دەڵێت:

(شێخی ئالووسیش پێی ناخۆش بوو لە شارێکی وەکو بەغدا مەلایەکی کوردی وەکو موفتی زەهاوی ٣٨ ساڵ موفتی بێت کە هیچ گومانی تێدا نییە خۆی بەپرکەرەوەی ئەو جێگایە دەزانێ و شێخ ڕەزایشی هان داوە دژی موفتی) (ل: ٣٨١).

هەرچەند ئەم قسەیش خۆی لە خۆیدا نادروستە؛ چونکە ئەبوسەنای ئالووسی گەلێک پێش موفتیی زەهاوی لە دنیا دەرچووە و[1] هاتنی شێخ ڕەزایش بۆ بەغدا زۆر دوای مردنی ئالووسی بوو... دەبوو دوکتۆر گومانی لەو شیعرانەی شێخ ڕەزادا هەبوایەت – بەتایبەتی کە بزانین ئەم دەستخەتەی دوکتۆر ئاماژەی بۆ کردووە و دەڵێ: (نامیلکەیەکی دەسنووسی ئالووسی – کتێبخانەی موزەی بەغدا) – ئەم قسەیش لە دوولاوە دروست نییە، یەکەم کە دەڵێ: دەسنووسی ئالووسی دەستخەتەکە ناوی کەسی پێوە نییە و هەر بەگومان بەدەسنووسی ئەو دادەنرێت. دووەم کە دەڵێ موزەی بەغدا. چونکە دەستخەتەکە لە (دار صدام للمخطوطات)دایە، نەک لە مۆزەخانە – تەنیا لە کتێبخانەی ئالووسیدا بووە و لە جێگەیەکی دیدا نەبووە و گومان بۆ ئەوە دەچێت دەسنووسی ئالووسی بێت و ئالووسی شێخ ڕەزای دژی موفتی هان دابێت و گەلێ شتی دیکەیش... لەبەر ئەمانە هەمووی دەبوو دوکتۆ زۆر بەپارێزەوە لەو باسە بدوایەت و ئەو شیعرانەی لە دەستخەتەکەی ئالووسی وەرگرتوون لە هەموویان زیاتر کەو و بێژنگی بکردایەن و بیدایەنە بەر شەماڵی عەقڵ و موناقەشە و لێکۆڵینەوە و ئەم کاتەیش بۆی دەردەکەوت کە بەسەرکۆزەریش دانانرێن و بەهیچ جۆرێک شیاوی ئەوە نین بخرێنە سەر سووری خەرمانی شیعری شێخ ڕەزا.

---

(١) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ل: ٨١. کە ئەبوسەنایەک ٤٨ ساڵ پێش هاتنی شێخ ڕەزا بۆ بەغدا کۆچی دواییی کردبێت، دەبێ چ کاتێ شێخ ڕەزای هان دابێت هەجووی زەهاوی بکات.

## شێخ ڕەزای تاڵەبانی و سێ پارچە شیعر

٦

لەمەوپێش چەند جار شیعری شێخ ڕەزام بڵاو کردووەتەوە[١]، هەر کەسیش داوای یارمەتیی لێ کردبم بۆ دیوانی شێخ ڕەزا، بەگوێرەی توانا یارمەتیم داوە و دریغیم لە عاستی کەسدا نەکردووە.[٢]

لەم ماوەیشدا بایەخێکی زۆر بەدیوانی شێخ ڕەزا دراوە و ئەوەی بۆ دیوانی ئەم شاعیرە کراوە بۆ دیوانی هیچ شاعیرێکی کورد نەکراوە. بەڵام وا دیارە بەم کارانەیش کاروانی شیعری شێخ ڕەزا نەگەیوەتە دوا قۆناغ و ڕەنگە هێشتایش زۆری مابێت ئەوەی پێویست بێت بۆی بکرێت؛ چونکە هەر دەستخەتێکی لەمەوپێش نەبینراو و نەناسراو دەردەکەوێت باس و خواستێکی نوێ و شیعری بڵاونەکراوەی شێخ ڕەزای تێدا دەدۆزرێتەوە.

---

(١) بۆ نموونە بڕوانە:

١- محەمەد عەلی قەرەداغی، سواڵەیەک بۆ سەر خەرمانی شیعری شێخ ڕەزا، هاوکاری ٤/٦/١٩٦١.

ب- محەمەد عەلی قەرەداغی، موفتیی زەهاوی و شێخ ڕەزا لە ئەمبەرە و بەردا، ڕەنگین، ژمارە: ٥٠، ١٩٩٢.

ج- بەرەو لێکۆڵینەوەی دیوانی شێخ ڕەزا، محەمەد عەلی قەرەداغی، هاوکاری، ژمارە ١٦٧٢، ١٧/٣/١٩٩٣.

د- محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرەو لێکۆڵینەوەی دیوانی شێخ ڕەزا، ڕەنگین، ٩٨، ١٩٩٧.

هـ- بەرەو لێکۆڵینەوەی دیوانی شێخ ڕەزا، محەمەد عەلی قەرەداغی، ڕەنگین ١٠٠ و ١٠١، ١٩٩٧.

(٢) نموونەی ئەمەیش شێخ ڕەزای تاڵەبانییەکەی د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ و دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانییەکەی ئومێد کاکەڕەش و حەمەبۆر، دوا شتیش دیوانی شێخ ڕەزاکەی شوکور مستەفا...

لەم ماوەدا دەستخەتێکم بەناوی (گوڵزار و بەهار)ەوە بینی دەربارەی شێخ ڕەزایش هەندێک بابەتی تێدایە، وام بەباش زانی ئەم بابەتانەیش بخەمە بەردەستی لێکۆڵەوان و شەیدایانی شیعری شێخ ڕەزا بۆ ئەوەی لە کار و کارگەلێکدا کە لە داهاتوودا بۆ بەرهەم و دیوانی شێخ ڕەزا دەکرێت جێگەی خۆیان بگرن.

بابەتەکان بەم شێوەن:

یەکەم: پارچەیەک شیعری فارسیی شێخ ڕەزایە تا ئێستە بۆی نەلواوە بکەوێتە بەرچاوی لێکۆڵەوان و لە دیوانە چاپەکاندا جێگەی نەبووەتەوە. پارچە شیعرەکە، وەک لە دەستخەتەکەدایە، ڕوونووس دەکەم و دەیخەمە بەرچاو و دەست.

دووەم: پارچەیەک شیعری فارسیی مامۆستا مەلا محەمەد حەسەنی تورجانییە[٢] کە بەرهەڵستی پارچە شیعری:

---

(٢) ئەم مامۆستا کوڕی مامۆستای ناسراوی کورد مامۆستا مەلا عەلیی قزڵجییە، ساڵی ١٢٧٥ک لەدایک بووە و، ساڵی ١٣٢٨ کۆچی دوایی کردووە. مامۆستایەکی زانا و پایە بەرز بووە و دانراو و بەرهەمی هەیە، بەڵام باسی شیعری نەکراوە.

لە (د، ص)دا دانراوێکی ئەم مامۆستام بەفارسی دی بە ژمارە (٢/٢٣٤٥٩، د، ص) پارێزراوە، هەروەها نامیلکەیەکیشی بەناوی (کافیة الصبیان) لە فیقهی شافیعیدا هەیە، بەزمانی فارسی، بەژمارە (٢/٢١٢٦١، د، ص) پارێزراوە. مامۆستا ڕۆحانیش دەفەرمووێ شەرحی فەرائیزەکەی باوکی کردووە (مشاهیر کرد، بابا روحانی، بەرگی دووەم، ل: ١١٤).

شایانی بیرخستنەوەیە لە سەرچاوەکاندا ساڵی ١٢٩٥یان بۆ کۆچی دوایی مامۆستا مەلا عەلیی قزڵجی، باوکی مامۆستای ئەم باس و پەراوێزە، داناوە، بەڵام لە (دار صدام للمخطوطات)دا مێژووی دروستی کۆچی دوایی ئەم مامۆستا بەڕۆژی پێنجەمی ساڵی ١٢٩٦ دانراوە.

مـزن بیـهـوده از فـضـل و هـنـر ای یار هـمـدم دم
کـه از فـضـل و هـنـر بـهـتـر بود دینـار و درهـم هـم

بەو پارچـە شـیـعـرە دەکـات، کـە لە دیوانە چاپەکـەی شـێـخ ڕەزادایە، بەداخـەوە بەهۆی تێـداچوونی بەشـێـکی دەسـتـخـەتەکـەوە پارچە شـیـعرەکەی مـامـۆسـتـای تورجـانی ناتەواو بـووە و کۆتاییـیەکـەی دیار نییە و نازانرێت چەندی لێ لەناوچووە.

سێیـەم: شـاعیرێکمان هـەیە نازناوی (مـەنفی)یە و مامۆسـتـا سـدیقی بۆرەکەیی دەڵێ نـاوی (مــەلا ڕەســووڵـی مــەنـفی ١٢٨٣ – ١٣٤١)ە.(١) بەپـارچە شیعرێک بەرهەڵستی پارچە شیعری:

مـەربـووتە حـەیاتم بە سـولەیمانی وو خـاکی
خۆزگەم بە سەگی قاپیـەکەی ئەحمەدی کاکی

شـێـخ ڕەزا دەکـات. ئەم پارچە شـیـعـرەیش دەخـەینە سـەر ڕێنـووسی باوی کوردی و لە تەک دوو پارچەکەی دیدا دەیخـەینە بەرچاوی لێکۆڵەرەوان.

١

کلام مستطاب ملا محمد حسن ترجانی در جواب
شیخ رضـا فرموده:

مکن جـان رنج کش – جـانا – پـی دینار درهـم هـم
کـه دینار آخـرش نار آمـد، آخـرهـم ز درهـم هـم
چو قـسـمـت از ازل آید کـتـیـب رزق افـزاید
اگـر چـه بر مـعـاشت شـه کند یا صـدر اعظم ضـم
رضـا باش از قضـا شـاید کـه از شکرت مـزید آید
وگـرنە پیش حق برتر نبـاشـد ز ابن ملجم جم

(١) بڕوانە: سـدیق بۆرەکـەیی، مێـژووی وێژەی کـورد، چاپخـانەی چهر تبـریز، سـاڵی ١٣٧٠ی هـەتاوی، ل: ٥٥٧.

مزن بیهوده از فضل هنر ای یار بیهوده دم / که از فضل هنر بهتر بود دینار و درهم

بود پیغام حرمت تو چون پروانه دشمن رام / کند پیک حکمت از تو چون پیکانه محرم رام

بهر جا شاعری خوش‌تر لهجه شیرین زبان بینی / بود او ضایع ار چون قوت گفتار اکلم گم

کدامین اهل دانش در جهان دیدی و شنیدی / که رشک از روان بنمود بر دیشب بیچ شب غم

غذا میبینی از خون جگر مرغ هنرمندی / نصیبت دائم دنبه چرب سیر شد غنم

بدین اندک هنر کز من خدایش باز بستاند / فراوان خورده‌ام از دست این دیر مطلسم ستم

مرا جز مرگ زمانه از آسیب کم ادعائی / نه زد بر موشم خیر کی کر صدر اعظم

پناه ملک و ملت رونق دین حضرت عالی / که با قدر جلالش کمتر است از انجم جم

ز بس عدلش طریق راستی جوید عجب نبود / برد از ابروی خوبان کجی و از زلف پرخم خم

ندا گفت مدحش ای رضا دست دعا بردار / الهی حرمت سبطی و آب چشمه زمزم

از آن آئین کلیم الله حکمتش هر صبح بر سر بید

کند غرقش بجور نیل المنل عیش ی برم یم

مکن [illegible] / که دینار از حرص مار آمده [illegible] درهم

قسمت از ازل آید کتیب رزق از زید / اگر چه [illegible] کند با صدر اعظم

رضا باش از قضا [illegible] که از [illegible] / و گر نه [illegible]

پی دو نان پی دونان دعاگویی چه می جویی؟!
ابو زیدت نباشد باب نبود نیز بلعم عم
گرفتم خود چو قارون باشی آخر هم بلا بینی
که پیوسته بەعیش این جهان گشت است مدغم غم
جهان را چون جهان بینی چه سانش یار بگزینی
بسحرت سخره مساند مدبر تو بهردم دم
خداوندی که دادت نعمت گفتار ازو بر خوان
که باقی اوست نفی کاخر گشت عالم لم
بیان نعمت را هرچند خواهی بهر حق برحق
ز مدح دیگران حاصل حطام آن نیز بیکم کم
که از تقدیر او نبود کجا نارو کجا بارش
ز ابر لطفش ار ناید کجا آید ز شبنم نم

***

٢

وله أیضا(١) بەنزد عثمان پاشا نوشته دروقت مراجعهء او از شهر موصل:

بار و بنه را از ره کرکوک روان کرد
وز راه دگر حضرت پاشا طیران کرد
از بیم توقع ره ده روزه بیک روز
ببرید چو مردان خودا طی مکان کرد

(١) واتە: ئەمیش هەر شیعری ئەو شاعیرەیە کە پێشتر شیعری نووسراوە، واتە ئەمیش شیعری شێخ ڕەزایە، ئەم شیعرەی بۆ عوسمان پاشا ناردووە، کاتێ عوسمان پاشا لە مووسڵ گەڕاوەتەوە. دەبێ ئەوە نەبوێرین کە ئەو لاپەڕەی ئەم شیعرانەی تێدایە لایەکی دڕاوە و سەرەتای هەندێک لە بەیتەکان لەناوچووە و، بۆ ئەو شوێنە تیاچووانە خاڵمان داناوە.

نه صاعقه نه برف نه جبریل نه رفرف
نه صرصر نه باد صبا این جولان کرد
اندیشهء افلاس منش ساعد همت
برتافت به‌راه دیگرش عطف عنان کرد
... ترسید مگر از من پتیاره که خودرا
مانند پری از نظر خلق نهان کرد
...ی خزان در پس ماه رمضان پیش
نه ترس خزان داشت نه پرس رمضان کرد
بالای سرش بارش تا نیمهء قدش برف
نه ملتفت این شد نه گوش به آن کرد
... هراسان ز غرام صلهء شعر
بهر درمی چند دوصد گنج زیان کرد
القصه چو تیری ز کمان جسته بپرید
و زغم قد امیدم را خم چو کمان کرد
مهمانی ما را نپسندید روان شد
از راه شوان مر حذر از نان شوان کرد
پیکی بفرستاد بسرعت پی جلبم
آنگاه که دامن پی رفتن بمیان کرد
باید قدمی رنجه کند سوی (البجه)
وینجا بفراغت رمضان را گذران کرد
گفتم بفرستاده: مرا برگ نوا نیست
بی برگ و نوا چون سفر دور توان کرد؟
تسلیم امانت کن، تأخیر مفرما
البته مرا خرج رهی با تو روان کرد

قـاصـد عـوض خـرج رهـم خـايه نشـان داد
تيـزى زد مـشكوى مـرا مـشـك فـشـان كرد
از دهشت آن تيـز (رضـا) بى خـبر افـتـاد
وز بـى خـــبـــرى اين هـمـــه هـزيـان كـــرد

***

٣

ايضـا منفى در جنگ شيخ رضـا گفتـه است[١]

مــەئلووفــە دڵـی خــەســتــە بەئێـرانـی و خــاكـی
چاو تـالیــبـه بۆ خـاكـی رەهـی حــەزرەتـی كـاكـی
ئەو مــەرجــەعـی ئەقـتـابە كـەوا زومـرەیـی ئەبدال
شــەڕيانـه لەســەر بۆسـەی نـەعلەین و شــیـراكـی
بۆ فـەرقـی شــەهـان تاجی زەڕاندوودیە كـەفـشـی
بۆ چـاوی عـــەدوو تیــری جگـەردۆزە ســیـــواكـی
دائیم كە سـەراسیمـە وو سەرگـەشـتـەیە خورشـید
مـەحـجـووبە لەبەر نووری جـەبینی روخـی پـاكـی
زاتـێكە كـــەسـێ دەســـتـی بـەدامـــانـەوە بگـرێ
مـەحـفـووزە لە دنیـا وو، لە عـوقـبـا نـیـیـە باكـی
زەڕیێكە لەلای حــەزرەتـی شـێـخ مـولكـەتی دنيـا
تـاجـی كـەی و جامـی جـەم و دەستگاهـی زەحـاكـی
بەم شـیـعـرە تەڕ و حـاڵـی پەرێشـانـەوە (مـەنفـی)
ئینسـافـە ئەگـەر خـەڵقـی بڵـێ شـاعـیـری چاكـی

---

(١) واتە: (مـەنفی) دووبارە لە جـەنگ و بەرهەڵسـتـیكردنی شـیـعـری شـێخ ڕەزادا گوتوویە.

## پارچە شیعرێکی بڵاونەکراوەی شێخ ڕەزا

٧[١]

له بیست قازناخ چەڵتووک هەشتی دەرچوو
دوانی هەر له پێـــوانی ئەوەڵ جـــار[٢]
یەکـــێکی خـــۆڵ و پێنجی داڕوجـــان بوو
لێـــیـان ســـەندم چوارچەرخـــیی کـرێبـار
(کـــڕە)یشی بێ کـــرێ نابێ، خـــولاســـە
بـرنج دەست نـاکـــــەوێ بێ ڕەنج و ئـازار
لە پاشـه خـواردن کـه حـەل بێت و بتـرشێ
دوو باتمان بە ڕیشی قـــالە جـــووتیـــار

---

(١) بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی پێنجەم، ل ٣١٣، ساڵی ٢٠٠٣ بەغدا.

(٢) ئەم پارچە شـــیـــعـــرە لە ســـەرەتاوە ناتەواو دیارە و دیاریشـــە بەبۆنە و موناسەبەیەکەوە گوتوویەتی، بەڵام ئێمە ئێستە هیچی لێ نازانین و، وەک خۆی دوای خستنە سەر ڕێنووسی باوی کوردی بڵاوی دەکەینەوە.

## شێخ ڕەزا و وەسمان پاشا

### ٨[١]

گەلێ جار گوتوومە و نووسیومە و دەیشڵێمەوە: هەرگیز لەوانە نەبووە و نییە کە بزانین چەندێ بەرهەمی شاعیران و ڕۆشنبیرانمان تێدا چوون و هەواڵێکیان لێ نازانین، کەم ڕۆژیش هەیە بەڵگەیەکی نوێی ئەم قسەم دەست نەکەوێت.

شێخ ڕەزای تاڵەبانی کە لە شاعیرە کۆنەکانمان ناژمێررێت، کەم شاعیریشمان هەیە شیعرەکانی وەک ئەو بەسەر زاری مەلا و ڕۆشنبیر و ڕەشە خەڵکەکەوە بووبێت و کۆڕ و کۆمەڵی پێ ڕازابێتەوە، هەروەها کەم لە شاعیرانیشمان هەیە بۆی لوابێت وەک ئەو بایەخ بەدیوانەکەی بدرێت و بەئەندازەی ئەو زانا و شارەزا و ڕۆشنبیری لێهاتوو بۆی داهاتبێتەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر کردبێت... کەچی دەبینین گەلێ جار هێشتا دیوانەکە – واتە چاپە نوێیکە –ی لە چاپخانەدایە لەپڕ لەملا و لەولاوە پارچە شیعری بڵاونەکراوە و باس و خواستی نەبیستراو سەرهەڵدەدەن و جارێکی دیکە دەسەلمێتەوە کە هێشتا دوا قۆناغی کۆکردنەوەی سەرجەمی شیعرەکانی شێخ ڕەزا – ئەگەر لەوانە بێت لێکۆڵەوان بیگەنێ – دوورە و زۆری بەبەرەوە ماوە. جا ئەمە بۆ شێخ ڕەزایەک بێت کە ئەوە حاڵیەتی دەبێ بۆ شاعیرێکی کۆنی دوورە دەستی بۆ نەلوا و کە بناسرێت حاڵی چی بێت؟

ماوەیەکی زۆر نەبوو لە جوغزی باسی شێخ ڕەزا و بەرهەمی دوورکەوتبوومەوە، لابەلا لای مامۆستایەک دەستخەتێکم دی کە ساڵی ١٣٠٩ک نووسراوەتەوە، مامۆستای نووسەرەوەی دەستخەتەکە لە سەرەتای دەستخەتەکەوە –وەک گەلێ لە مامۆستایانی ئەدەبدۆستمان – چەند تاک و پارچە شیعری جیاوازی ئەم و ئەوی نووسیوەتەوە. لەناو ئەو پارچە

---

(١) بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی شەشەم، ل ٣٧٤، ساڵی ٢٠٠٤، دەزگای ئاراس، هەولێر.

شیعرانەدا ناونیشانێک سەرنجی ڕاکێشام کە نووسراوە: (شیخ رەزا بعثمان پاشا نوشتە) واتە: شێخ ڕەزا بۆ وەسمان پاشای نووسیوە.

دوای ئەم ناونیشانە پارچەیەک شیعری نووسیوە کە لە دیوانە چاپەکاندا هەیە، بەڵام لە چاپەکاندا سێ بەیتە و لە دەستخەتەکەدا چوار. لە دوای ئەوەیشەوە نووسراوە: (درجواب) واتە: لە وەڵامیدا، کە دەبێ شیعری وەسمان پاشا بێت و وەڵامی شێخ ڕەزای پێ دابێتەوە.

ئەم ناونیشان و شیعر و باسانە سەرلەبەر ئەوەی کە تا ئێستە لەبارەی ئەم شیعرەی شێخ ڕەزاوە نووسراوە هەڵدەوەشێننەوە و چەند مەبەستی تازە دێننە کایە وەک:

یەکەم: د. موکەڕەم تاڵەبانی دەڵێ: «جارێ خانم – واتە عادیلە خانمی خێزانی وەسمان پاشای جاف – گفت دەداتە شێخ ڕەزا کە هێسترێکی بۆ بنێرێت. بەڵام هێستر لە پێش ناردنی دەتۆپێت. دەیەوێت سەر بنێتە سەر شێخ ڕەزا و لێی دەپرسێت ئایا هێستری زیندووی دەوێت یان هێسترە مردووەکە، شێخ ڕەزا بەم شیعرە وەڵامی دەداتەوە:»[1]

ئەم هۆی وتنەوەی د. موکەڕەم سەرانسەر پێچەوانەی ناونیشانەکەیە و لەوێ دەڵێ: شێخ ڕەزا بۆ وەسمان پاشای نووسیوە.

دووەم: وا دیارە بەیتی یەکەمی ئەم پارچە شیعرە ساغ نەکراوەتەوە و تا ئێستە بەهەڵە بەسەر هەموو ئەوانەدا ڕۆیشتووە کە خەریکی لێکۆڵینەوەی دیوانی شێخ ڕەزا بوون؛ چونکە ئەوان نووسیویانە:

ئێستری زیندوو، بڵێم بۆم چاکە، یا مردووم دەوێ
ئیحتیاجیم زۆرە (خانم) با بڵێم: هەردووم دەوێ

جارێ دارشتنی نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە لە ڕووی زمانەوە زۆر لاوازە؛ چونکە کورد کەرەستە و ئامراز و دەستەواژە و ڕستەی تایبەتی خۆی بۆ گەلێ

---

(١) بڕوانە: شێخ ڕەزای تاڵەباتی، د. موکەڕەم تاڵەبانی. دەزگای ئاراس، ٢٠٠١، ل: ١٣٣.

ناو و شوێن و کەس هەیە، هەریەکەیان لە شوێنی خۆیدا بۆ کەس و جێگەی خۆی بەکاردێنێت و لەوە دەرچوو لە ڕێبازی زمانی کوردی دەردەچێت و نادروست دەبێت.

بۆ نموونە کورد بۆ مرۆڤ کە گیانی سپارد (مردوو) بەکاردێنێت. بۆ گیانلەبەر -چوارپێ و پەلەوەر-ی گۆشتخوراو کە سەرنەبڕرێت و بەچەقۆدا نەگەیەت (مردارەوەبوو) بەکاردێنێت. بەڵام بۆ ئەو گیانلەبەرانەی گۆشتیان ناخورێت وەک: سەگ و، بەراز و ورچ و گورگ و کەر و هێستر و... تاد (تۆپیو) بەکاردێنێت. جا بڕوا دەکرێت شێخ ڕەزای بلیمەت ئەوەندە نەشارەزای زمانی کوردی بێت بڵێت (هێستری مردوو؟)

دوای ئەمەیش دەبێ هێستری تۆپیو بە کەڵکی چی بێت تا شێخ ڕەزا بڵێت هەردووکیان -زیندوو تۆپیو-م دەوێت؟ لە کوردەواریدا کەر و هێستری تۆپیو نموونەی لاشەی بێ سوود و کەڵکن، کە نموونە بەیەکێکی ڕژد و چرووک بێننەوە، دەڵێن: بۆ کەری تۆپیو دەگەڕێ ناڵەکەی بکێشێتەوە.

ئەی ئەمە لە چییەوە هاتووە؟ بەگوێرەی ئەو دەقەی لەبەر دەستی مندایە ئەوانەی پێشتر خەریکی دیوانی شێخ ڕەزا بوون لەم بەیتەدا دوو وشەیان بۆ نەخوێنراوەتەوەوە و بەئارەزووی خۆیان (زیندوو) و (مردوو)یان لە شوێن داناون و مانای بەیتەکەیان تووشی ئاڵۆزی و سەردەرگومی کردووە و وشەکانیش وەک لە دەقی شیعرەکاندا نووسیم (ڕەند) و (دەیلەم)ن، واتە: شێخ ڕەزا دەڵێ: هەر هێستر بێت ئیتر ئەگەر تۆڕ و ڕەند و گورج و تازەگیراو بێت، یان دەیلەم و باری و لۆسە و پەککەوتوویش بێت، چونکە ئیحتیاجییم زۆرە هەر دەمەوێت. دوای ئەمەیش دەبێ ئەوەیش لەبیر نەکەین کە وشەی (خانم)یش بەناڕەوا خراوەتە ناو بەیتەکە و باری بۆنەکەی پێ ڕاست کراوەتەوە.

بەسەر ئەوەیشدا ناڕۆم خۆشبەختانە پارچەیەکی دیکە شیعری شێخ ڕەزام بەزمانی فارسی دۆزیوەتەوە، کە بۆ وەسمان پاشای نووسیوە و تا ئێستە بڵاونەکراوەتەوە، ئامادەم کردووە بۆ بڵاوکردنەوەی، بەڵام ئەویان وەڵامی وەسمان پاشای لەگەڵدا نییە.

شيخ رضا بەعثمان پاشا نوشته

ئێسـتـری ڕەند و دەیلەم بۆم چاکـە هـەردووم دەوێ[1]
ئیـحـتـیـاجـم زۆرە ڕاسـتت پـێ بڵـێـم هـەردووم دەوێ
بێچووەکانم سەر لە سبحـەینێ هـەموو دەورم دەدەن
یەک دەڵـێ پارەم نەمـاوە. یەک دەڵـێ بێـچـووم دەوێ
با وجـوودی ئەو هـەمـوو تەکلیفـە (کرری)[2] کـردووم
کوڕ خـەیاڵی ژن دەکات و کچ دەڵـێ: من شـووم دەوێ
ڕای خۆمم من دا بـەدەستی بەخشش و ئیحسـانی تۆ
هـەرچـە تۆ بینیـرێ بۆم ئـەو چاکـە ئـەمما زووم دەوێ

در جواب

بـۆ کــچــێکی تالیــبی شــوو وەخــتــە لەتلەتبێ دڵم
ئیـحـتـیـاجـم زۆرە یا شـێخ وەک کـونی مـووروومم دەوێ
چونکە بـالا بەرز و شــیــرین تـەرز و ڕەعنـا کچ نـیــیـە
مـوشـتـەری خـۆمم وەلێ بێ مـەسـرەف و دەرچووم دەوێ
هـەر وەکـوو بیـسـتـوومـە ڕەنگی ڕەنگی ئینسـانی نیـیـە
هـەر چلۆنـێ بێ زەریفــــە چونکە بـۆ (دەم دووم) دەوێ
من قـەبووڵم نـاشـیـرین بێ، وەک کـونی مـوورووش نەبێ
تۆ بەئیـحـسـان بۆم بنێـرە من وەکـوو کـەندووم دەوێ
ڕەنگی جـڵق و لووتی فـڵق و چاونەشـۆریش بێ ڕەزام
تـەرکی عـەقڵە گـەر بڵـێم هـەر خـاڵ و چاوڕشـتـووم دەوێ

(١) ئەم نیوە بەیتە بەم شێوەیش هێشتا لەنگە.

(٢) ئەم وشـەم بەدروسـتی بۆ نـەخـوێنرایەوە وەک خـۆی ڕوونووسم کـرد، لەوانـەیە (کەڕی) بێت.

بۆ عـیلاجی سـەردەمی زسـتـان، وەک گـەڵاجـا تێ خـزێم
بـان تـەپـی و دیـوار رزی و بـێ دار و بـێ پـەردووم دەوێ
چونکی ئاغـا بووم لەمـەوپێش ئێـسـتـەکێ کـەوتوومـەوە
من بەزاوای خۆت قـەبووڵ کـە، قـەت مـەڵێ باربووم دەوێ

## له نێوانی شێخ ڕەزا و "شوکری فەزڵی"دا

۹[١]

شێخ ڕەزای تاڵەبانی کە کەم کەس لە دەمی شڕی و قەڵەمی بەبڕشتی ڕزگاری بووە و فرە کەسی بە شیعرە ناسراوەکانی داشۆردووە... مانای وا نییە ئیتر ئەو خۆی وەک بەرزەکی بانان بێ ئارەق بۆی دەرچووبێت و کەس نەیوێرابێ یان نەیتوانیبێ شان لە شانی بدات و تۆزی پێی بشکێنێ. لە بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورددا نموونەگەلێکم نووسی[٢].

نووسەرەوەی کەشکۆڵی گەرمیانیش پارچەیەک شیعری شێخ ڕەزای بۆ نووسیوین و لە دوایەوە پارچەیەک شیعری لەسەر هەمان کێش و قافیە نووسیوە، کە پارچەی دووەم بەرهەڵستی پارچە شیعرەکەی شێخ ڕەزای پێ کراوە. لە دێرێکەوە کە لە کۆتاییی پارچە شیعری دووەمەوە نووسراوە وەردەگیرێت کە ئەو پارچە شیعری شوکری فەزڵی بێت، بەڵام بەهۆی ئەوەوە سەرجەمی شیعرەکانی شوکریم لە دەستدا نییە نازانم ئەم پارچە شیعرە بڵاو کراوەتەوە یان نا؟ جگە لەوەیش پارچە شیعرەکەی شێخ ڕەزا جیاوازیی زۆر و دیاری لە تەک چاپەکەدا هەیە، بۆیە وام بەباش زانی پارچەکەی شێخ ڕەزا وەک دەستخەتەکە و پارچەی دیش کە - وەک گوتم - بەشیعری شوکری فەزڵی دەزانین، لەم هەلەدا لە تەک یەک دوو نموونەی دیدا بکەین بەدیاری لەم کەشکۆڵەوە بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی.

---

(١) بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی هەشتەم، ل ١٩٧، ساڵی ٢٠٠٨، دەزگای ئاراس، هەولێر.

(٢) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی پێنجەم، لاپەڕە: ٣٠٢.

شێخ رضا

دست خـیـاط ازل خـرقـه نامـوس عـفـاف
خـوش بریداست بەبالای (نقـیب الاشـراف)
یعنی نعم الخلف حضـرة کاک احمد شـیخ
آنکه با شـیـر زند پنجـه بمیـدان مـصـاف
مــصطفی نام چراغی نصب مـصطفـوی
وارث هـاشم نقـــد گــمـــز عـــبـــد مناف
مـــدعی کـــو نزند لاف ز هـمــســـایهء او
تکیـه برجـای بزرگـان نتـوان زد بـەگـزاف
ای ترا بندگی من نه اومـــیـــد طـمع است
ندهـم وجـه کـریم تو بـەصـد وجـه کـفـاف
تکیـه بر مـسند جـهدت ز تو اندیشـه مکن
ســـــرانگشت ندامت نگزد أهـل خـــــلاف
خـصــرا تیغ زبان من شـمـشـیـر تو بس
وای ازان روز کـه این هردو در آیند ز غـلاف
بشکافت دم شـمـشـیـر تو از مـهـرهء پشت
بگذرد نوک سنان من از حـــــقـــــهء ناف
کـمـتـرین جـود تـو أی زبدهء اولاد حـسین
خـزح ده سـالـهء دولت ز دولک خـانهء جـاف
امـتـیاز از دیگران داده خـدایت بەسه چیز:
هـمت عــالـی و، دست کـرم، طینت صــاف
بەزیارتـگه آیاد کـــــرامـش چ عـــــجـب
ســر قـدم سـاخــتـه آینه مـلایک بـەطواف
تـابود هـمــچـو (بنی أمـیــه) ب (آل علی)
چرخ دربـارهء ارباب هـنر بـی انـصــــاف

یاد آن دم ننمـــودی تو بـه ســـجل قـــضـــا
عـــصف مـــأکـــول لایلاف قـــریش إیلاف

شوکری فەزڵی لە دژی پارچە شیعرەکەی شێخ ڕەزا:

ای بتن چاک زده جـامـــهء نامـــوس عـفـــاف
پای تـا سـر سـخنت بی ادب و خـوئی خـلاف
از غلطهـــای تـو این است یک آخـــر کـه بدید
مـــاده روبایی کـه با شـیـر در آید بەمـصـاف
صـــاحب عـــجب کـــجـــا همت عـــالیش بود
هرکـه دارد به جـبین چین نـه از طینت صـاف
به غـــصب مـــال یکی خـــوردن دادن بەدیگر
نزد تـو جـــود مگر این بود ای بـی انصـــاف!؟
نـه تـرا هـست سـنـان نـه او بـاشـــــد تـیـغ
نزد مـــردان بود اینهـــا نه بەلافـست و گـذاف
آن صـفـتـهـا کـه تو گـفـتی همـه لایق یکیـست
بوی مـــردیش به عـــالم رفـتـه از قـاف بەقـاف
استخوانهای درشت می خوری از سعدی مگر
نشـنیـدی چون فـروشـد بگیـرد تـا در ناف!
ز طمع یوسف طبـــعت شـــده بـی قـــدر چنان
پیـــره زالان نخـــریدندش بەیک نیـــمـه کـلاف
دم بزن مـــرد تـوام حـــالا بەمـــیـدان ســخن
خـــاطر نظم مـــرا خنجـــر قـــلاد شکاف
بـاشـــد از وصف دل آزری او صـــرف نظر
تا زمـــانی کـه بقـــصـد تو در آید ز غـــلاف

مـخـتـصـر حـال خـودت روز جـدل مى بينى
كـار هر مـرد بەكـردار سـر آيد نەبەلاف
گـر كنم نسـخـەء نامـوس تو برياد رضـا
من بجـانار در آتش شـود مـثل صـحـاف(١)
آبروى شـعـرا بـردى بديـن دو روى
هى بەفـرج حـرمت مـيخ هـمـه خـانەء جـاف

(١) له ژێر ئەم دێرەدا نووسراوه (لفظ شكرى آتش است تو ميشوى مثل صحاف).

# شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە پەردەی بووک و زاوایيدا(*)

## ١.(١)

نازانم هەروا لە چارەم نووســـراوە، یان بەهۆی ئەوەوە بۆ گـــەڕان بەدوای شـوێنەواری کـۆندا پەل بۆ گـەلێ شـوێن دەهاوێژم و پەنا بۆ لای فـرەکـەس دەبەم... کە ڕێگەم لە گەلێ شتی نایابی وا دەکەوێت کەس پێش من پەیی پێ نەبردووە و بەخەیاڵی هیچ نووسەرێکی ئەم سەردەمەدا نەهاتووە.

یەکـێک لەو کـەسـانەی لە بەرنامـەی کـارمـدا نەبـووە کـاری سـەربەخـۆ و (جیدی)ی بـۆ بکەم و هەروەک هەر کام لەو مـامـۆستایانەی دیکەی کورد کە عـەوداڵـی شـتی نوێم دەربارەی بەرهـەم و زانیـاری لەسـەر ژیانیـان کـارم بۆ کردووە... شێخ ڕەزای تاڵەبانییە. لە تەک ئەوەیشدا لە دوای دەرچوونی چاپی دیوانەکـەیەوە، هیچ نووسـەر و لێکۆڵەوەیەک سـەرجـەم بەقـەدەر من شـیـعـری نایاب و بڵاونەکـراوەی ئـەم شـاعـیـرەی نەدۆزیوەتـەوە. دەبێ ئەوەیش نـەبوێرم حەزم کردووە خۆم لە بڵاوکردنەوەی شیعرە داشۆرین و بێ پەردەکانی ببوێرم و لەم ڕووەوە گوتوومە:

«تێبینی: من کە ئەم شیعرانەی شێخ بڵاو دەکەمـەوە لەو ڕووەوە نییە کە – خوانەخـواسـتە – حەزم لە شەڕەجنێو بێت و هانی ئەم جۆرە خووە بدەم. بگرە لەو ڕووەوەیە شـێـخیش و ئەوانەیش شیعرەکـانیـان پێدا گوتراوە ئێسـتە لە بارەگـای خـوادان و شـیـعـرەکـانیش چوونـەتە قـاڵبی کـەلەپوورەوە و دیوانی شێخیش ئەمڕۆ بێ یا سبەی بەلێکۆڵینەوەی وردەوە چاپ و بڵاو دەکرێتەوە».(٢)

---

(*) ئەم بابەتەم نارد بۆ کۆواری (ڕامان) بڵاویان نەکردەوە.

(١) بووژاندنەوەی مـێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەسـتـخـەتەکـانیـانەوە، بەرگی هەشتەم، ل ٢٧٠، ساڵی ٢٠٠٣، دەزگای ئاراس، هەولێر.

(٢) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی چوارەم، چاپخانەی (الخنساء)، بەغدا، چاپی یەکەم، ١٤٢٢ک – ٢٠٠٢ز. ل: ٢٠٠٣. (پەراوێز).

ئەمجارەیش بەدەستەبارەیەکی نەوازەی بێ وێنەی شێخ ڕەزاوە دێمەوە ئەم مەیدانە و کەرەستەیەکی دیکەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی دیوانی شێخ ڕەزا دەخەمە بەردەستی ئەو کەسانەی دەیانەوێ لەمەولا کاروانی کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بەرەو قۆناخی - ئەگەر کۆتاییش نەبێ - نزیک لە کۆتایی ببەن.

لێرەدا کە ئەم دەستەبارە دەخەمە سەر خەرمانی بەرهەمی شێخ ڕەزا جێگەی ئەوە نییە و بۆ ئەوەیش نەهاتووم، ئەو کارانەی کە پێشتر بۆ دیوانی شێخ ڕەزا کراون هەڵبسەنگێنم، ئەوەندە بیری پسپۆڕانی بواری لێکۆڵینەوەی دیوانی شاعیرانی کورد و بەتایبەتی شێخ ڕەزا دەخەمەوە، ئەو کارانەی تا ئێستە بۆ لێکۆڵینەوەی دیوانی شێخ ڕەزا کراون (هیچیان) وەک پێویست ئەنجام نەدراون. بۆ نموونە - وەک جاری دیش ئاماژەم بۆ کردووە -(٣) دیوانی شێخ ڕەزاکەی کە خوا لێخۆشبوو شوکور مستەفا چاپی کرد لەوانەی پێشوو زیاتر خۆماندووکردنی پێوە دیارە، بەڵام ئەویش گەلێ کەموکووڕیی وای پێوە دیارە کارەکەی لە بواری لێکۆڵینەوە دەبەنە دەرەوە و تەنیا کۆکردنەوەیەکی بێ پەیڕەوکردنی زانستی تەواو و لێکدانەوەی مانای بەیتەکانە.

گلەییی گەورە کە لەو کارە دەکرێت، یان ڕەخنەی زۆر ئاشکرا کە لێی دەگیرێت، لەوەدا خۆی دەنوێنێت:

- مامۆستا شوکور لە سەرەتای دیوانەکەوە باسی ئەو سەرچاوانەی نەکردووە کە کاری لەسەر کردوون و شیعرەکانی لێ وەرگرتوون. لەم ڕووەوە من خۆم دەیان پارچە شیعری نایابم لەبەر دەستخەتی نایاب لە تەک زانیاریدا لەبارەی دەستخەتەکانەوە بۆ کۆپی کرد و خستمنە بەردەستی و سوودی زۆریشی لێ وەرگرتن، بەڵام لە بواری لێکۆڵینەوەدا ڕەنگیان نەدایەوە. تەنیا بەوە دەستبەردار بووبوو لە سەرەتای دیوانەکەوە سوپاسێکی سەرپێیی کردبووم.

---

(٣) سەرچاوەی پێشوو، بەرگی پێنجەم. ل: ٢٨٩.

- که پارچه شیعرەکان له دیوانەکەدا بڵاو بوونەتەوە، نەینووسیوە له چ سەرچاوەیەک وەری گرتوون.
- که جارجار باسی جیاوازیی نوسخه دەکات ئاماژە بۆ ڕەمز و نیشانەیەک دەکات که پێشتر بەڕوونی بۆ خوێنەری دیاری نەکردوون.
- ئەگەر خۆی له هەڵسەنگاندن و ساغکردنەوەی شیعرەکاندا دەنگ و ڕەنگێکی بووبێت ڕەنگدانەوەی ئەو دەنگ و ڕەنگه له پەراوێزی دەقەکاندا - ئەگەر کەم جار هەبێ - زۆر کاڵه.

که ئەم دەستەبارە دەخەمه سەر خەرمانی شیعری شێخ ڕەزا ئەزانم بابەتەکە زۆر هەڵدەگرێ و ڕەنگه لەمەولایش زۆر دەمەتەقەی لەسەر بکرێت و ڕا و بۆچوونی جۆراوجۆری لەسەر بڵاو بکرێتەوە. ئەوەی من مەبەستمه ئەوەیه دەقەکه وەک خۆی چۆن بۆم ساغ بێتەوە بڵاو بکەمەوە و وێنەکەیشی له تەکدا بخەمه بەردەستی کەسانی شارەزا و شێخ ڕەزا ویست، بۆ ئەوەی له لێکۆڵینەوەی نوێی دیوانی شێخ ڕەزادا جێگەی خۆی بگرێت.

ئەوەندە هەیه لێرەدا یەک دوو پرسیار و تێبینی دەخەمه ڕوو، بەڵکو بەبۆچوون و بیری تیژی شارەزایانی بابەتەکه له تەک بابەتگەلی دیکەدا وەڵامیان بدرێتەوە:

یەکەم: ئایا دەبێ ئەم شیعرانه واقیعی بن و شێخ ڕەزا ڕۆژی دوای بەزاوابوونی - وەک خۆی دەنووسێت (دوش) - بەم شیعرانه بەسەرهاتی ئەو شەوەی خۆی و بووکێی گێڕابێتەوە؟

دووەم: ئەگەر وایه ئەم شیعرانه له شیعره کۆنەکانی شێخ ڕەزان و بۆ سەردەمی گەنجیی دەگەڕێنەوە، ئەی بۆچی تا ئێستە له پشتی پەردەوە ماونەتەوە و وەک شیعره دیار و شاکارەکانی دیکەی نەخراونەته بەرچاوی خوێنەران؟

سێیەم: ئایا شێخ ڕەزا لەم شیعرانەدا لاسایی نالیی کردووەتەوە؟ ئەگەر وابێ شێخ ڕەزا لێرەیشدا - خۆی ئاسایی - سنووری بێ پەردەیی

بەزاندووە، ئەگەر وایش نەبێ ئەوە واقیعی حاڵی خۆی - لەو شەوەدا- گێڕاوەتەوە.

چوارەم: شێخ ڕەزا لە دوا بەیتی پارچە شیعرەکەیدا باسی دوو مێژووی شەوی بووک و زاواییی خۆی دەکات، بەڵام کەسێک بەئەنقەست ئەو مێژووەی سڕیوەتەوە، گومان بۆ ئەوە دەچێت بەشێوەیەک لە شێوەکانی (هینە)کەی خۆی یان (هی) بووکێی، یان هەردووکیانی لەو نیوە دێرەدا بۆ ئەو مێژووە گونجاندبێت و ئەو کەسەیش - هەرکەسێ بووە - ئەوەی لە هەموو باس و خواستەکانی ناو پارچە شیعرەکە بەلاوە زەقتر بووە بۆیە وای لێ کردووە.

پێنجەم: پارچە شیعرەکە بەیاسای قەسیدە - کە دەبێ کۆتایی، واتە قافیەی، هەردوو نیوە بەیتی یەکەم وەک یەک وابێت - سەرەتاکەی ناتەواوە، لە تەک ئەوەیشدا ناونیشانی پارچە شیعرەکە بەدروستی نووسراوە و وا پێ ناچێت ناتەواو بێت و هیچی لێ کەوتبێت، مەگەر بڵێین نووسەرەوەی دەستخەتەکە بەئارەزووی خۆی - لەبەر هەر هۆیەک بێت - چەند بەیتێکی لە سەرەتای پارچە شیعرەکە بواردبێت.

شەشەم: ئەم پارچە شیعرە بۆ یەکەم جار وەک کەرەسەی خاو بۆ ئەو مامۆستا و پسپۆڕانەی لەمەولا خەریکی لێکۆڵینەوەی دیوانی شێخ ڕەزا دەبن بڵاو دەکەمەوە. بۆ ئەم قۆناغەیش وا بزانم لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی بەیتەکان و ماناکردنی وشەکان کارێکی زۆر پێویست نییە و ئەوانە ئەخەینە ئەستۆی ئەوانەی لەمەولا سەرجەمی دیوانی شێخ ڕەزا بەلێکۆڵینەوەی زانستییەوە بڵاو دەکەنەوە.

حەوتەم: وەک باسی ئەوەم کرد لەوانەیە تەئسیری نالی بەسەر شێخ ڕەزاوە هەبێت لەم پارچە شیعرەدا، دوور نییە شێخ ڕەزا ئاگای لە وەفایی و پارچە شیعری (شیرین تەشی دەڕێسێ)کەی بووبێت، چونکە لە نێوان ئەو قسەی شێخ ڕەزادا کە دەڵێ:

«گل پریشان گشت و پژمرده ورق» و

بەیتەکەی وەفاییدا کە دەڵێ:

بەدڵ بە دیدە سـوّسـەن بەغـونچـە گـوڵ یەرەق بوو
شـەشـپـەڕەکـەی (وەفـایی) کـولوفت و تیـژ و ڕەق بوو
گـــــوڵـی (......) هـەمـــــوو وەرەق بـوو
بەعـارەقـی عـورووقـی کـە سـەرخـۆشـی عـەرەق بوو
بەمـەی چ موستـەحـەق بوو، شیـرین تەشی دەڕێسێ[٤]

نزیکی و لەیەکچوون هەیە.

باسێکی دەستخەتەکە:

ئەو دەسـتـخـەتەی ئـەم شـیـعـرانەی لێ وەرگـیـراوە گـەنجـینـەیـەکی کـەموێنەی سـامـانی کەلـەپووری ئەدەبی کـوردییە و شـیـعـری گـەلێک لە گەورە شـاعـیـرانی کـوردی تێـدایە، بەداخـەوە سـەرەتا و کـۆتاییـی نەمـاوە، نازانرێ کێ نووسیویەتییەوە، خەتەکەی - بەشی زۆری - خەتێکی زۆر خۆشـە، خەتی یەک دوو کـەسی دیکەی تێدایە خـەتی ئەوان وەک خـەتی نووسـەرەوەی سـەرەکـیی کەشکۆڵەکە نییە.

وەک کۆتاییی نەمـاوە و ناوی نووسـەرەوە و مێژووی نووسینەوەی پێوە نییە، لاپەڕە (٢٣)ی دوای روباعییەکی سەعدی نووسراوە:

(برای نورچشمی توفیق نوشته شد. یادگارا بماند ١٣٣٥)

واتە: بۆ نووری چاوم تۆفـیـقم نووسی، تا بـەیادگـار بمێنێ، سـاڵی ١٣٣٥. دەتوانـین لەمـەوە بڵـێین: دەگـونجـێ کـەشـکـۆڵی ئەو تـۆفـیـق ناوە بووبێت، یان کەوتبێتە لای ئەو، بەڵام مـەرج نییـە لەو مـێژووەدا نووسـرابێتـەوە و لەوانەیە گەلێ پێش ئەو مێژووە نووسرابێتەوە.

کەشکۆڵەکە کەمتەرخەمیکردن لە عاستیدای پێوە دیارە و جارێک - ئەگەر

(٤) بڕوانە: میـرزا عـەبدوڕەحیمی سـابڵاخی، دیوانی وەفـایی، لێکۆڵینەوەی محـەمـەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ل: ١٩٨.

زیاتر نەبێت – کەوتووەتە ناو ئاو و تەڕ بووە، بەڵام خۆشبەختانە مەرەکەبەکەی چاک بووە و ئاوەکە – هەرچەند هەندێک شێواندوویە – نەیکوژاندووەتەوە و چەند جێگەیەکی کە دوای نووسینەوەی یەکەم جار بەمەرەکەبێکی تر نووسراونەتەوە، هەرچی بەر ئاوەکە کەوتووە، شۆراوەتەوە و ناخوێنرێتەوە. لە یەکێک لەو شوێنە شۆراوانەدا پارچەیەک، یان روباعییەک، بۆ مێژووی کۆچی دوایی کەسێک نووسراوە، مێژووەکەی دەخوێنرێتەوە و ساڵی ١٣١٦ک–یە.

دەستخەتەکە تێکڕا، ئەوەی کە ماوە، (٣٢٧) لاپەڕەیە. جگە لەم پارچە شیعرەی شێخ ڕەزا کە لێرەدا بۆ یەکەم جار بڵاو دەبێتەوە، چەند پارچە و تاک و روباعیی شێخ ڕەزای تێدایە لەوانە:

١– سه بند شیخ رضا:

ای جهان آفرین ثناگویت

٢– ای ریزه خور خوان نوالت مه و ماهی.

حەوت بەیتە نیوەی شۆرراوەتەوە.

٣– مەربووتە حەیاتم بە سولەیمانی و خاکی.

٤– خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا.

٥– در باغ خیال تو دلم گشت سخن سنج.

٦– هەر بلۆکێکی عەجەم حاکمی غەمزە کونە بێ.

٧– هۆدەیەکم هەیە بەقەدەر لەپێ.

ئەمەیش ئەو پارچە شیعرەی کە لەم هەلەدا بڵاوی دەکەمەوە:

کلام شیخ رضا در هنگامی که زفاف باحلیلهٔ خود نموده:

دوش آمد دربرم آن آفتاب

مثل شمس تطلع فوق الافق

با جمال چون پری شد جلوه‌گر

تا فلک نور رخش بسته تتق



کاکل مشکین به‌طرف عارضش
همچو مار دور گنجی در حلق
تیر مژگانش به‌قصد صید دل
زلف مشکینش کمنداست و هق
نخل قدش همچو سرو کاشمر
خوشه‌های زلف به‌روی چون نمق
گفتمش: مارا زکات حسن ده
تو غنی شهری و من مستحق
گفت: دو بوس از زکات حسن خویش
می نهم بر خوان اخلاص، ای عنق
چون شنیدم این بشارت زان نگار
جستم و چسپیدمش همچون علق
آندر آغوشش کشیدم تنگ تنگ
سخت پیچیدم بر او همچون عشق
برکشیدم بند شلوارش زپا
وزحیا رخسار او شد پر عرق
گشت عریان آن سرین چون بلور
همچو بادام مقشر بر طبق
نه غلط کردم چو نیکو دیدمش
کوه برفین گشته از منشار شق
بر قفا افکندم و جستم براو
همچو شیری جسته بر سینهء وشق
ساق سیمینش ز جا برداشتم
(قد بدا لی الصبح والفجر انفلق)

همچو مصروعی که بیند ماه نو
کف به‌لب آورده حمران از شبق
وز پی تعظیم او بر پای خواست
ریخت اندر دامنش مشتی ورق
چون بدیدم حقهء سیمین او
هر دو چشمانم برون شد از حدق
از وفور شهوت و فرط هوا
آسمان از ریسمان ناکرده فرق
چون فشردم در میان حقه‌اش
شد حجاب از دامن خورشید شق
نعره ای زد آن چنان از هوش رفت
بازآمد در آنین و جق وق
گفت: ای بی رحم سنگین دل چه بود
مهر من ز انگشت پشتت گشت شق؟!
پردهء ناموس من کز لطف بود
نرم تر از قاقم و خز و دلق
بر دریدی با عمود یک گزی
هیچ نندیشیدی از رب الفلق!
من ز خجلت سر به‌زیر انداختم
همچو عاصی روز محشر پیش حق
چون مرا مخجول دید و منفعل
دستها در گردنم بنمود طوق
بوسه می داد او لبان من چنان
کز صدای بوسه می آمد شرق

حلقــه ای گــشــتــیم چون انگشــتــری
جـان بەجـان پیـوسـتـه گشت و ملتـحق
صــــحنهء خـــانه پرشـــد از آب انار
گل پریشــــان گـــشت و پژمـــرده ورق
چون اســـاس قـــافـــیـــه بس تنگ بـود
اسب فکرت مـــاند چون خـــر در زلـق
ورنــه در ایـن داد مـــــــعنـی دادمـی
چون بیـــانات (لبـــیـــد) و (فـــرزدق)
در زفـافش خـوان دو تاریـخ ای (رضـا)
زف... ... ... لـیــــــــــلا یـا غـــــــــرق

دوو خاڵ به پەڕاوێزی دیوانی شێخ ڕەزاوە

خاڵی یەکەم:

وەک گــوتوومــە نازانم لە چارەی من وا نـووسـراوە کــە زوو زوو بـەرهـەم و شـوێنەواری دەگمـەن و بڵاونەکراوەی شێـخ ڕەزا بدۆزمەوە، یان هۆی گـەڕان و پشکنینی زۆرم بەشـوێن ئەم جۆرە شتـانەدا، یان زۆریی شوێنەوارەکانی شێخ ڕەزایە، یان هۆگەلی دیکەیش، کە ناوبەناو ڕێگەم لە شتـی وا دەکەوێت پێشـتر باسیان نەکراوە؟ بەهەرحاڵ و هەر کامیان بێت تێکڕا ئەوە دەردەخەن کە ژیان و بەســەرهـاتی شـێـخ ڕەزا و دیوان و بەرهـەمـەکـانی زۆریان بەبەرەوە مـاوە و گەلێ شتـیـان تێدا ماوە جێگەی باس و خـواست و تێڕامـان و لێکۆڵینەوە بن. هەرچۆن هەبێت گەلێ جار ویستـوومـە قەڵەمی خـۆم لەو بابەتانە بپارێزم و بۆ کـەسـانی دییـان بەجێ بێـڵم، بەڵام دوایی نـاچار بووم خـۆم لەناو بابەتەکـاندا ببینمەوە.

ئەمـجـارەیش لە ئاسـۆی دوو بابـەتی جـیـاوە بـەکورتـی دەچمـەوە پەڕاوێزی دیوان و ژیانـی شـێخ ڕەزا و لـە دەرگـای ئەو بـابـەتانە دەدەمــەوە و دەرگـاکــان بەکراوەیی بۆ لێکۆڵەوانی داهـاتووی دیوانـی شێخ ڕەزا بـەجێ دێڵم:

له کتێبی (محمد فیضی الزهاوی)[1] و (بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە)دا[2] گومانی خۆم لەوەدا دەربڕی کە ئەو بەیت و شیعر و جنێو و داشۆرینانەی لە نێوانی شێخ ڕەزا و موفتی زەهاویدایە، کە بەدەم خەڵکەوەن و لە دیوان نووسراوەکانیشدا نووسراون، ڕاست و بێ هەڵە بن و گومانم بۆ ئەوە چوو دەستێک لە پشتی پەردەی ئەو شانۆوە بێت و ناحەزانێک ئاگری ئەو دوژمنایەتییەیان خۆش کردبێت. بەبەڵگەیش ئەوەم ڕوون کردەوە.

هەر لێرەیشدا وەک بەڵگەیەکی دیکەی ڕێزی تایبەتیی شێخ ڕەزا بۆ موفتی زەهاوی دەڵێم، شێخ ڕەزایەک بەموفتی زەهاوی بڵێت:

«ئەی مادەری گێتی تۆ هەتا ئێستە نەزاوی
زاتێکی وەکو فەیزی ئەفەندیی زەهاوی
مومکین نییە ئیدراکی حەقائیق بەتەواوی
مومکین نییە ئیدراکی نەکا زیهنی زەهاوی![3]

یان شێخ ڕەزا موفتی زەهاویی لە ڕیزی کاک ئەحمەدی شێخ و موفتیی چاوماردا دابنێت و لە عاستیاندا بڵێت:

بیحەمدیللا نەما کاک ئەحمەدی شێخ و
زەهاوی مرد و گۆڕی گوم بوو چاومار[4]

---

(١) بڕوانە: محمد فيضي الزهاوي، نبذة عن حياته وشيء من آثاره، تأليف: محمد علي قرداغي، دار آراس، ٢٠٠٤، ص: ١٩٨ وما بعدها.

(٢) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی پێنجەم، چاپخانەی (شرکە الخنساء...) بغداد، ١٤٢٣ک - ٢٠٠٣ز، ل: ٢٨٨.

(٣) بڕوانە: دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ساغکردنەوە و شەرحی شوکور مستەفا، دەزگای ئاراس، هەولێر، ل: ٢٢٨.

(٤) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤٢١.

چۆن بڕوا دەکرێت دوایی بێت قسەی وای پێ بڵێت کورد گوتەنی: «بیخەیتە سەر نان سەگ بۆنی پێوە نەکات؟»

چەند تاک و بەیتی دی شیعری شێخ ڕەزا و - ئەمجارەیان - جەمیل سدقی زەهاویم دەست کەوتووە، کە بەشیعری هەمان سەرچاوەیان دەزانم کە لە کتێبی (محمد فيضي الزهاوي)دا باسیم کرد. واتە: بەپیلانی مەحموود شوکری ئالووسی و دەست هەڵبەستی ئەویان دەزانم و ناتوانێت خۆی ڕاستەوخۆ بەو شێوە قسە بەبنەماڵەی زەهاوی بڵێت و شێخ ڕەزا دەکات بەدەسکەلا و لە پەنای ئەوەوە مەبەستی ناشیرینی خۆی بڵاو دەکاتەوە و دەیخاتە ناو ئەدەبیات و دیوەخانی پیاوماقووڵانی ئەو سەردەمەی شاری بەغداوە. من ئێستەیش دەڵێم و دەیڵێمەوە، ئەگەر بزانم بەبێدەنگبوونی من ئەو شیعر و بابەتانە بەڵگوبن دەکرێن و باسەکان دەکوژێنەوە، ئەوە لە عاستی خۆمەوە بێدەنگەی لێ دەکەم، بەڵام کورد گوتەنی «قسە کەوتە زارێ دەکەوێتە شارێ» و ڕەنگە ئەم بەیتانەی دەست من کەوتوون و بەیتگەلێکی دیکەیش کە هێشتا نەماندیون و لای ئەم و ئەو و لە پەنای کتێبە کۆنەکاندا ماونەتەوە، نوسخەیان لە گەلێ جێگەی تر هەبێت و سبەینێ کەسانێک ڕێیان لێیان بکەوێت و بەبۆچوونی خۆیان لەسەریان بنووسن و ئاگایان لە هەندێک ڕاستی نەبێت کە من پەیم پێ بردوون و لەو ڕووەوە شیعرەکان بەئاکارێکی دیکەدا ببەن.

بەڵگەی ئەم بۆچوونەیشم لە خودی ئەو بەیتانەدایە کە دەستم کەوتوون. هەندێک لەو بەیتانەی دەستم کەوتوون و لێرەدا تۆماریان دەکەم، بەخەتی (عەباس عەزاوی)ن، عەزاوی دەڵێ: لە فلان کەسم وەرگرتوون. ئاشکرایشە کە ئەو لە کەسانی تری وەرگرتبێت، ئەوانیش یان بۆ کەسانی تریشیان گێڕاوەتەوە، یان لە کەسانی تریان وەرگرتوون، یان هەردووکیان. وەک بەڵگەیەکی دیکەیش بۆ قسەکانی پێشووم کە مەحموود شوکری ئالووسی لە پشتی پەردەی ئەم شانۆوەیە، ئاماژە بەوە دەکەم کە لەسەر تاکە بەیتێ کە ئەویش دیارە هەر دەس هەڵبەستی (محمود شكري الآلوسي) خۆیەتی و نووسیویە:

اگر پرسند: چرامفتست جماع در خانهء مفتی؟

وصیت کرد مرحوم وقف عام بنمود کس و کونرا

ئالووسی هاتووە ئەم بەیتەی – دوای ئەوەی کە هەڵی بەستووە – کردووە بە (مقدمەیەکی مسلم) و نەتیجەی لەسەر دروست کردووە و بەئاووتاوێکی زۆرەوە شەرحێکی بێ ئابڕووانەی کردووە. کە بەختەتی ئالووسی لەلامە.

دەتوانین لەم بەیتەیشەوە بۆ ئەوە بچین کە پارچەی:

«در هجو دختر مفتی بغداد»

ڕەنگە سەرتاسەری دەست هەڵبەستی ئالووسی بێ و شێخ ڕەزا ئاگای لێی نەبێت؛ چونکە هەر ئەم بەیتەی ئێرە لەو پارچە شیعرەدا بەم جۆرە هاتووە:

جماع مفت اگر خواهی برو در خانهء مفتی

در آنجا قدر یک جو نیست صد خرمن، کس و کون را(٥)

***

پێش ئەوەی بێمە سەر بڵاوکردنەوەی شیعرەکان، وەک خۆیان، دەڵێم: سەیر ئەوەیە مامۆستا شوکور مستەفایش لەم بوارەدا پێی هەڵخلیسکاوە و بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت بنەماڵەی موفتی زەهاوی لە تەک (نەقیبی بەغدا)دا تێکەڵ کردووە. بەیتێک لەوانەی کە لەلای منیش هەیە و دەقەکەیش وای دەردەخات لە هەجووی نەقیبی بەغدادایە و ئەمە دەقەکەیەتی:

ارجح بغدادا وانّي غریبها

على جنة الفردوس لولا (نقیب)ها

مامۆستا شوکور مستەفا هەمان دەقی هێناوە بەڵام کە دوایی لێکدانەوەی لەسەر دەکات کۆتاییی بەیتەکە دەگۆڕێت و دەیکات بە:

ارجح بغدادا وانّي غریبها

على جنة الفردوس لولا جمیلها

---

(٥) ئەم بەیتەیان لە دیوانە چاپەکەدا هەیە. بڕوانە ل: ٥٤٧.

لەوەیش سەیرتر دوا بەدوای ئەوە دەڵێت:

«لاوێک ئەم بەیتەی کردووە بەپێنج خشتەکییەک دەڵێ:

عجبت لنفسي كيف ضاع نصيبها
من العيش في ارض واني اديبها
فمن ظلمها اذ بان عنى نصيبها
«ارجح بغدادا وانّي غريبها
على جنة الفردوس لولا جميلها»[٦]

مامۆستا شوکور دەبوو ناوی ئەو لاوە بنووسێ کە قافیەی (... لها) و (... بها)ی لە یەک پێنج خشتەکیدا تێکەڵ کردووە.

مامۆستا شوکور ئەمەیشی بەسەردا تێ پەڕیوە کە (جميلها) و (غريبها) ناگونجێن و ڕاستییەکەی (نقيبها) و (غريبها)یە.

دەقی بەیتەکان:

قبيل الموت قال ابوجميل
لزوجته: اصبري صبرا جميلا
فلم تصبر عن الفحشاء يوما
وقد جعلت سبيليها سبيلا

شيخ رضا

***

لي ذكر لاست رضا — دون الملام شيق
يعدل من بناته — ولاسته ينطلق
لاتعجبوا من ذكرى — كل طويل أحمق

جميل الزهاوي

***

---

(٦) ئەم بەیتەیش بەشێوەیەکی دی هەیە، بڕوانە ل: ٢١٣.

وضـــعت زبي على ارزب بنت رضى

والقلب خــافق والصــبــر مــرتحل

فــزل من عـــجل منه لمضـــرطهـــا

وقــد يكون مع المســتــعــجل الزلل

جميل الزهاوي

***

الكويتى كامل...

بندن صوركر بن طا نيرم ال جميلى

اصحاب مكارم (مخازى) ولد واب وعم وجد

......... ......... ......

لا عانق الا وعليه لهم اليد

***

للشيخ رضا الطالباني، ولكن الشطر الاول من البيت الثاني قد نسيه محدثي ولم يذكره. انتقل ذلك عن شاكر عطيه.

ئەمانە بەخەتی عەباس عەزاوین وەک خۆیان نووسیمن.

ئەمانەی خوارەوەیش بەخەتی مەحموود شوکری ئالووسی دەزانم:

«للشيخ رضا الطالباني في جميل دعيّ الزهاوي»:

احــرقــتني جــمــيل نار هواكــا

ان ايرى وخــصــيــتي فــداكــا

خــذه مني مــفــضــضــا ببــزاق

واعطنيـــه مـــدهنا بخـــراكـــا

كــيف ســمـــاه بالجــمــيل ابوه؟

قـــبح الله يا جـــمـــيل اباكـــا

***

ولدت جـــمـــيـــلا امـــه من دبرها
فلذا ترى اثر الخـــرى في وجـــهـــه

***

في مضغ اعراضهم من خبزهم عوض
بـنـى الـنـفـــــاق وابـنـاء الملاعـين

ئەم بـەیتـەی دوایی بێ ئەوەی درابێتـە پاڵ کـەس لەو پـەڕەدایە کـە بەخـەتی ئالووسیی دەزانم.

خاڵی دووەم:

مـاوەیەک لەمەوپێش مامۆستا ئەحـمـەد پشدەری بـاسی بۆنەی وتنی پارچە شیعری:

«شـاه والا وقت طالـع روی در ادبار داشت
این دل غم منزلم را غرق در اكدار داشت»

شـێخ ڕەزای کـرد و وتی: چەند سـاڵێک لـەمـەوبەر پـیاوێک لێکۆڵینـەوەیەکی لەسەر ئەم پارچە شیعرە بۆ هێناوم و من هەروەک خۆی دامناوە، وتی: «ئەگەر حـەز دەکـەی بـۆتی دەهێنم،» لەگـەڵ سـوپاسـدا لێکۆڵینەوەکـەی بۆ هێنام، کـە کاری مامۆستایەکە ناوی (عـەلی حەمـەدی برایم)ە. مێژووی نووسینەکە دیار نییە. خەتەکەی نوێیە. نووسینەکەی ئەم مامۆستا لێکۆڵینەوەی زۆر و وردتری دەوێت تـا تیـایدا بگەینە ئەنجـامی دروست، بـەڵام من لەم هـەلەدا پوخـتـەی کارەکەی ئـەو مامۆستا بـەڕێزە دەخەمـە ڕوو بەڵکو بۆ لێکۆڵینەوەی داهاتووی دیوانی شێخ ڕەزا سوودی خۆی هەبێت.

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەی مـامـۆسـتـا (عـەلی حـەمـەدی برایم) ئەم پـارچە شیعرەی شێخ ڕەزا وەڵامی نامەیەکی ناسرەدین شای قاجارە[1] کە داوای لە

(١) داوای لێبووردن لە خوێنەرانی ئازیز دەکەم کە لە چاپی پێشووی ئەم وتارەدا، لە جیـاتی (ناسـرەدین شـای قـاجـار) نووسرابوو (ئەحمـەد شـای قـاجـار). ئەوەی پێشوو هەڵەیە.

شێخ ڕەزا کردووە مانای ئەو بەیتەی حافزیی بۆ لێک بداتەوە کە دەڵێ:

«بلبلی برگ گلی خوش رنگ در منقار داشت»

ئەمەیش کاتێک بووە کە ناسرەدین شا مانای ئەم بەیتەی لە شاعیرانی ئەو سەردەمەی فارس پرسیوە و کەسیان بەدڵی ئەو مانایان لێک نەداوەتەوە. دوایی شەوێک ناسرەدین شا لەلای خێزانەکانی دانیشتووە کە سێ ژنی هەبووە بەناوەکانی: (جهان) و (حەیات) و (فەنا) لەو دانیشتنەدا ئەو باسە دێنێتە گۆڕێ و دیارە خێزانەکانیشی ڕۆشنبیر و شاعیر بوون. ئەوەیان لا دەدرکێنێ کە مانای ئەو بەیتەی مەبەستە و کەس بەدڵی ئەو مانای لێ نەداوەتەوە. ئەمەیش لە شێوەی گفتوگۆیەکی ئەدیبانەدا دەبێت و ناسرەدین شا دەڵێت:

نشسته به میان سه دلبر و دو دلم

نمی دانم صحبت باکدام کنم درین میان خجلم

لەو کاتەدا جیهانی ژنی دێتە قسە و دەڵێت:

تو که پادشاه جهانی، جهانت به کار آید

اگر جهان نباشد پادشاهی به چه کار آید

دوای ئەمە حەیات دێتە وتار و دەڵێت:

جهان خوش است، لیکن حاجت حیات می باشد

اگر حیات نباشد، جهان به چه کار آید

دوای ئەمیش فەنا خان بەم دێرە شیعرە بەشی خۆی تێ دەخات:

جهان و حیات هر دو را بی بقاس

فنا را طلب کن که آخر فناست

شا وەڵامەکەی خاتوو فەنای بەدڵ دەبێت و بڕیار دەدات ئەو شەوە لە تەک ئەودا بەسەر ببات.

شەو لە نێوان قسە و باس و خواستدا ناسرەدین شا بەیتەکەی حافز دێنێتەوە ناو و ڕوو دەکاتە خاتوو فەنا و دەڵێ: «نازدارەکەم تۆ دەزانی من هێندەی تاجی شاهی و موڵکی ئێران دڵم بەشیعر و ئەدەبیات خۆشە و ئەو

دێره هەڵبەستەی حافزیش کاری کردووەتە سەر هەست و دەروونم.»

خاتوو فەنا دەڵێ: «بە ڕای من ئەمڕۆ شارەزاترین کەس لە زمان و ئەدەبی فارسیدا کەسێکە بەناوی شێخ ڕەزای تاڵەبانی کە ئێستە لە شاری کەرکووکە.» ناسرەدین پاشا دەڵێت: «بەڵگەت چییە؟ شاژن دەڵێت: ماوەیەک لەمەوبەر دیوانێکی دەستنووسی ئەو شاعیرەم لە سنەوە بۆ هاتووە، بەڕاستی هەڵبەستەکانی لووتکەی شیعری فارسین و شان لە شانی شیعرەکانی حافز دەدەن.» ناسرەدین شا نامەیەک دەنووسێت و دەیدا بە شابەندەر و دەینێرێ بۆ کەرکووک. شابەندەر دەکەوێتە ڕێ بەرەو کەرکووک و لەو سەردەمەدا (نازم بەگی تورک) والیی کەرکووک بووە لە لایەنی دەوڵەتی عوسمانییەوە. دوای ئەوەی پێشوازی لە شابەندەر دەکات شابەندەر دەڵێ: «من نامەی ناسرەدین شام بۆ شێخ ڕەزا هێناوە.» دەنێرن بەشوێن شێخ ڕەزادا و شێخ ڕەزا دێت و نامەکەی شای دەدەنێ؛ شێخ دەڵێت: «شا بەم نامەیە داوای مانای بەیتێکی حافزی شیرازیی لێ کردووم. مۆڵەتم بدەن تا سبەینێ.»

بەیانی شێخ ڕەزا وەڵامی نامەکەی شای دایەوە دەستیان. کە شابەندەر گەڕایەوە لای ناسرەدین پاشا و نامەکەی شێخ ڕەزای دایێ. ناسرەدین شا بەخوێندنەوەی نامەکەی شێخ ڕەزا لە توانا و وردیی شێخ سەرسام دەبێت و دوای چەند ڕۆژێک شاعیر و ئەدیب و کولتوورناسانی ئەو سەردەمە کۆ دەکاتەوە و نامەکەی شێخ ڕەزایان بۆ دەخوێنێتەوە و سوێند دەخوات و دەڵێت: «ئەگەر حافز خۆی زیندوو ببێتەوە ناتوانێ مانای ئەو بەیتەی خۆی وەک شێخ ڕەزا لێک بداتەوە.»

ئەمە کورتەی باسەکەیە و هیوادارم بتوانم زیاتر لێی بکۆڵمەوە و بگەمە ئەنجامی دروست تیایدا، چونکە وەک ئێستە گەلێک کەلێن لە باسەکەدا هەیە، وەک نەبوونی نامەکەی شێخ ڕەزا و نەبوونی نامەکەی ناسرەدین شا بەدەستخەتی خۆیان، یان بەدەستخەتی کەسانێکی سەردەمی ئەوان، یان سەرچاوەیەکی کۆن. بەڵکو لەمەولایش سەرچاوەی دی هەڵ بدا و کەسانی شارەزایش لە باسەکە لەسەری بنووسن و لێی بدوێن.

## لە پەراوێزی کارکردن بۆ لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانەی دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا

بەهۆی ئەوەوە زۆر سەرگەرمی کۆکردنەوە و دەستخستنی کەشکۆڵ و بەیاخی و دەستخەتی مامۆستایانی کورد بووم و لەو ڕێگەیشدا بێ ئەنجام نەبووم و بەدەستی خاڵی نەگەڕاومەتەوە و گەلێ بەرهەم و شیعری شاعیرانی کوردم بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی و فارسی و تورکی چنگ کەوتووە، لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی دیوانی شاعیراندا و دەسگورۆیی و سەرچاوە پیشاندانی ئەو کەسانەدا ڕێبواری سەر ئەو ڕێگە بوون درێغیم نەکردووە.

یەکێک لەو کەسانەی بەرهەمی زۆری بڵاوکراوە و بڵاونەکراوەیم لەلا کۆبووەتەوە شێخ ڕەزای تاڵەبانییە. بۆ ئەمیش وەک کەسانی دی ئەگەر بیستبێتم یەکێک خەریکی کارێکە بۆ شێخ ڕەزا، خۆم بەئەرکی خۆم و بەدەستی خۆم چیم لەلا بووبێت بۆم بردووە و ماوەی ئەوەیشم پێ داوە سوودی تەواوی لێ وەربگرێت. بۆ نموونە باسی د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ دەکەم کە چەند پارچە شیعری بڵاونەکراوەی شێخ ڕەزام دایێ و بڵاوی کردنەوە[(١)].

لێرەدا نامەوێ ناوی ئەو کەسانە – گشتیان – بهێنم. ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە ئاماژە بۆ دیوانی شێخ ڕەزاکەی خوا لێخۆشبوو مامۆستا شوکور مستەفا بکەم. کە وا دەزانم – جگە لەوەی گەورەترین کارە کە تا ئێستە بۆ دیوانی شێخ ڕەزا کرابێت – ئەگەر لە هەموو ئەو کارانەی پێش ئەو کراون باشتر نەبێ لە زۆریان باشترە. بەڵام بەداخەوە لەم کارەیشدا لێکۆڵینەوەی دیوانی شێخ ڕەزا وەک پێویست و بەلێکۆڵینەوەیەکی زانستی یەکلا نەکراوەتەوە و زۆری ماوە لێکۆڵینەوەی دیوانی شێخ ڕەزا لە دوا قۆناغی نزیک ببێتەوە. دەمەوێ لەم دەرفەتەدا بەکورتی و بەپوختی چەند سەرنجێک لەسەر

---

(١) بڕوانە: شێخ ڕەزای تاڵەبانی، دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، بەغدا، چاپخانەی عەلاء، ل: ١٤٠.

ئەو ڕەنجە دەربڕم کە مامۆستا شوکور مستەفا بۆ دیوانی شێخ ڕەزا داویەتی.

* لە پێش هەموو شتێکدا بۆ کارێکی وەها گەورە دەبێ لێکۆڵەوە لە پێشەکیی کارەکەیدا ڕێباز و بەرنامەیەکی دیاری هەبێت و بەخاڵ و ژمارە و وێنە و بەڵگە و بۆچوون، دەیەوێ چی بکا هەمووی بەخوێنەر بڵێت و دەستی خوێنەر بگرێت بۆ ئەوەی پێی بڵێت: من لێرەدا ئەمەم کردووە و مەبەستم لێی ئەوەیە.

* دەبێ لێکۆڵەوە تا دەنگی دەڕوا و مەچەکی دەچەرخێ و وزەی تێدایە بۆ سەرچاوە بگەڕێت و لەم ڕێگەدا ڕێگە بەهەستی ماندووبوون نەدات دزە بکاتە ناو دڵ و مێشک و لەشیەوە.

ئەو سەرچاوانەیش کە بەدەستیان دێنێ و دەبنە کەرەستەی باسەکەی دەبێ هەڵیان بسەنگێنێ و بەپێی ڕەسەنی و کۆنی و دانسقەییان پۆلێنیان بکات و یەکە یەکە باسیان بکات و ئەوانە ڕوون بکاتەوە – بۆ هەر یەکێکیان – چەند لاپەڕەیە و کەی و لە کوێ و کێ نووسیویەتییەوە. لایەنە بەهێز و لاوازەکانیان و حاڵەتی جزوبەند و پارێزراوی و شڕی و پەڕپووتی... تاد بنووسێ.

دوای ئەمانە بەژمارە و لەسەر ئەو پێناسەی سەرەوە باسی ئەوە بکات تێکڕا چەند سەرچاوەی لە بەردەستدایە و کامیانی کردووە بەدایکانە و لەبەرچی. دوای ئەمانەیش بۆ هەر سەرچاوەیەک نیشانەیەک یان ژمارەیەک دابنێت و بەدرێژاییی کارکردنی لە لێکۆڵینەوەکەیدا پەیڕەویی ئەو نیشانە و ژمارانە بکات.

ئەمانە بەکورتی هەلومەرجی لێکۆڵینەوەی زانستین و هەر لێکۆڵەوەیەک بیەوێ کارەکەی سەرکەوتوو بێت دەبێ بەو پێودانەی سەرەوە پێوانە و کێشانەیان بکات و لە سەنگیان بدات.

مامۆستا شوکور مستەفا لە دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا ئەمانەی پشتگوێ خستووە و هیچێک لەمانە لەو دیوانە چاپەدا ڕەنگ ناداتەوە.

دیارە ئێمە نازانین مامۆستا شوکور چەند سەرچاوەی لە بەردەستدا بووە و

چۆن بوون. بەڵام ئەوەی من ئەیزانم ئەوەیە من کۆمەڵێکی باش بەیاخی و کەشکۆڵ و دەستخەتی نایاب - ئەوانەی پێوەندییان بەدیوانی شێخ ڕەزاوەیە- م بۆ کۆپی کرد و دامە دەستی، کە هەریەکەیان بۆ ئەو کارە نرخی بەرز و تایبەتیی خۆیان هەیە.

بەڵام مامۆستا شوکور بە:

«زۆر سپاسی کاک محەمەد عەلی قەرەداغی دەکەم. زۆری بەیاز و دەستنووسی بۆ فەراهەم کردم». (ل:٤) لە کاری ئەو بەیاز و دەستخەتانە بووەتەوە و لە دیوانەکەدا ڕەنگدانەوە و دیاریکردنیان دیار نییە.(٢)

---

(٢) هیوادارم ئەم کارەی مامۆستا شوکور بەرانبەر بە من لە کەمتەرخەمی و خەمسارديیەوە بێت و مەبەستی پشتگوێخستن و بەژێر لێوەوەکردنی خەمخۆری و دڵسۆزیی من نەبێ. وەک (بنکەی ژین) بەرانبەرم کردی. جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئەو گلەییيە لەو بنکەیە بکەم:
ئەوەی کەشکۆڵی شێخ عەبدولموئمینی مەردۆخیی خوێندبێتەوە دەزانێ هەر لە کاتی لێکۆڵینەوە و پێش چاپی یەکەمیەوە دەستی یارمەتیدانی من بۆ ئەو کارە لە کاردا بووە. دوای دەرچوونی چاپی یەکەمیشی باشترین و تێروتەسەلترین بابەتم وەک سەرنج و ڕاستکردنەوە لەسەر ئەو چاپە نووسی (بڕوانە: لاپەڕە ٧٦ی بەرگی پێنجەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە).
دواتر مامۆستا ڕەفیق سالح وتی: بەتەماین چاپێکی نوێی ئەو کەشکۆڵە بکەینەوە. منیش وتم: وا بزانم کەس بەئەندازەی من - جگە لە مامۆستا ئەنوەری سوڵتانی لێکۆڵەوەی کەشکۆڵەکە - بەو کەشکۆڵەوە خەریک نەبووە و، سەرنجگەلێکی زۆر و زانیاریی باشم لەسەر کەشکۆڵەکە هەیە، ئامادەم پێیدا بچمەوە و بەسەرنجەکانم دەوڵەمەندی بکەم، بەمەرجێک - وەک مافی زانستی خۆم - لەسەر بەرگی کتێبەکە بنووسرێ (پێداچوونەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی).
مامۆستا ڕەفیق وتی: زۆر باشە.
لەسەر بنەمای ئەم ڕێکەوتنە دوای تایپکردنەوەی کەشکۆڵەکە جارێکی دی =

بەڵێ لە هەندێ شوێندا – وەک وا پێ دەچێت جیاوازیی نوسخە بن – چەند ڕەمز و نیشانەیەکی نووسیوە وەک: (ف، ک، (ل: ٤٦)، (ت، م) (ل: ٤٩)، (کش، مەلا ئەحمەدی دەکە) (خ)، (م)، (ت، خ)، (ل: ٥٠)... بەڵام لە خۆی بەولاوە کەس نازانێت مەبەستی لەم نیشانانە چییە، چونکە هیچی لەبارەیانەوە نەنووسیوە.

هەر لە پاڵ ئەمەدا دەبێ بەسەر ئەوەیشدا نەڕۆم مامۆستا شوکور لە کاتی کارکردنی لە دیوانی شێخ ڕەزادا و بۆ لێکدانەوەی وشە و مەبەستگەلی جیا جیا چەندین سەرچاوەی بەکار هێناوە و ناوی هێناون، بەڵام نە ناوهێنانەکەی

---

=سەرلەبەریم خوێندەوە و سەرنجە کۆنەکانم و کۆمەڵێ سەرنجی نوێیشم خستە سەر و دامەوە بە (بنکەی ژین) و لەسەر لاپەڕەی یەکەمی پرۆڤەکە نووسیم (پێداچوونەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی).

دوای ماوەیەک لەم بەینەدا چاپە نوێکە دەرچوو، بەڵام – سەد مخابن – ئەو ئەرک و ڕەنج و ماندووبوونەی من پشتگوێ خراوە و بەوەندە دەسبەردار بوون کە نووسیویانە:

«بنکەی ژین کە ئەم چاپە نوێیە دەخاتە کتێبخانەی کوردییەوە، بەپێویستی دەزانێ سوپاسی کاک محەمەد ڕەشید ئەمینی پاوەیی و مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی بکات کە هەریەکەیان بەشێوەیەک بەشێکی ناتەواوییەکانی چاپی یەکەمی ڕاست کردووەتەوە...»

ئەمەم بە لەبەرچاو نەگرتن و بایەخ نەدان بەڕەنج و کۆششی کەسانی دی و ڕەچاونەکردنی (ئەمانەتی علیمی) دانا و ئەمەیش دەبێ بەهۆی پشت ساردبوونەوە و خۆکشانەوە لە کۆمەکیکردن و یارمەتیدانی پڕۆژەگەلی وەها بۆ ئەمەولا.

ئەم نووسینەم بۆیە نووسی کە بەری ڕەنجی سێ و چوار مانگی سەرومڕی کارکردنم لەو کەشکۆڵەدا بەو دێرە لاوازەی سەرەوە بەبادا درا. حەز دەکەم ئەوەیش بڵێم ئەگەر کەسێک گومانی لەم قسانەم هەبێ ئەو بابەتەی کە باسم کرد و بڵاوم کردووەتەوە لە تەک پرۆڤەی هەڵەچنیی کەشکۆڵەکەدا کە بەخەتی خۆم پێداچوونەوەکەم لەسەر لاپەڕەکانی نووسیوە، بەڵگەی ڕوونی ئەوەن کە دەیڵێم.

لەناو کتێبەکەدا وەک پێویست و بەپێی ڕێبازی زانستییە و نە لە کۆتاییی دیوانەکەیشیەوە – وەک حەق وابوو وا بکات – ناوی سەرچاوەکانی نووسیوە، بۆ نموونە چەندین جار ناوی ئومێد کاکەڕەشی هێناوە بێ ئەوەی بڵێت ئەم ئومێد کاکەڕەشە چییە و چ پێوەندییەکی بە شێخ ڕەزاوە هەیە و چ کارێکی بۆ شێخ ڕەزا کردووە.

* پشتگوێخستنی سەرچاوە، یان نەگەڕان بەدوای سەرچاوەدا:

یەکێک لەو کەموکوورییە زۆر زەقانەی لە دیوانی شێخ ڕەزاکەی مامۆستا شوکور مستەفادا ڕێگەی پەردەپۆشی و حاشا لێکردنی نییە، نەگەڕانی مامۆستا شوکورە بۆ سەرچاوەی کارەکەی. بێگومان پێش ئەوەی مامۆستا شوکور دەست بداتە کارەکەی دەیان بابەت و لێکۆڵینەوە – جگە لە کتێب – لە کۆوار و ڕۆژنامەکاندا لەسەر شێخ ڕەزا نووسراون، بەڵام مامۆستا شوکور خۆی بەوانەوە ماندوو نەکردووە و ئاماژەی بۆ یەک بابەت لە کۆوارێ یان ڕۆژنامەیەکدا نەکردووە. نەک هەر ئەوە بگرە کتێب هەیە لەسەر شێخ ڕەزا نووسراوە شتی نوێی تێدایە، شیعری بڵاونەکراوەی تێدا بڵاو کراوەتەوە، کەچی ئەوەیش بەسەر مامۆستا شوکوردا تێ پەڕیوە و بەمەیش کەلێنی گەورە کەوتووەتە کارەکەی.

بۆ نموونە – وەک ئاماژەم بۆ کرد – کاتێک بیستم د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ خەریکی کارێکە بۆ شێخ ڕەزا چەند پارچە شیعری بڵاونەکراوەی شێخ ڕەزام لەلا بوو بەدەستی خۆم بۆم برد و لە کۆتاییی کتێبەکەیەوە بڵاوی کردەوە، کەچی مامۆستا شوکور یان ئەو کتێبەی نەدیوە یان گوێی پێ نەداوە و ئەو شیعرە بڵاونەکراوانەی بەسەردا تێ پەڕیوە و جێگەی خۆیان لە دیوانە نوێکەی شێخ ڕەزادا لەدەست داوە. ئەو شیعرانەیش ئەمانەن:

١

نیــمــە بۆ تەســویری ئەبرۆت پەیڕەوی مــانی دەکـا
شـانە بۆ زنجـیری زوڵفت عـەنبـەر ئەفـشـانی دەکـا

***

ئەم پارچە هەشت بەیتە و کۆتاییەکەی ئاوایە:

کەس نییـە ئەو شـۆخـە حـاڵـی کـا لە سـۆزی ئاتەشم
وا (ڕەزا) دیسان لە عیشـقی هەر غەزەلخوانی دەکا

٢

پارچەیەکی سێ بەیتی سەرەتاکەی ئاوایە:

بەبێ من ســوێند بدەن سندووق ئەمـینی
بـەئـایـن و بـەئـەرکــــــان و بـەدیـنـی

.........

٣

یەک بەیت کە ئاوایە:

بە غـەیرەز مـیـهـری تۆ گـەر بێ لە دڵـما
زڕەی زنجـــیـــری زاڵم بێ لە ملمـــا

......

٤

ئەم تاکەیش:

دنیـا کــە عـیـبـارەت لە هەوا وو هەوەسـێکە
وەک تاسی حـەمام هـەر نەفـەسێ بۆ تەرەسێکە

٥

ئەم پارچەیش کە لە کەشکۆڵی مامۆستا مەلا عەبدوڵای قزڵجی کە لەلای خۆم پارێزراوە وەرگیراوە، دواتریش نوسخەیەکی دیم لە دەستخەتی ژمارە (٢٠١٣٢)ی (المركز الوطني للمخطوطات)دا دییەوە و چەند شوێنێکی چاپەکەم لە بەری ڕاست کردەوە، بۆیە لێرەدا پارچەکە وەک خۆی بڵاو دەکەمەوە:

هەر بلووکێکی عەجەم حاکمی (قمزە کنە) بێ
موختەسەر پەروەرشی ڕۆحی بە ئابی سنە بێ
نایبی گیانە بڵانە مەکە بۆ خۆم ئەگەفم
مونشی باشی "شەکەتم"، نازری "مەمتۆقنە" بێ
دوختەری سەرکار تفەنگداری لە بۆ ڕۆژی مەساف
تیر و قەڵغان و قەمەی سمت و سەری هۆجەنە بێ
صەفی پێشخدمەتی ئەبرۆ بە خەتی وسمە کشاو
دەست و پێی نۆکەر و ئەجزای هەموو غەرقی خەنە بێ
نامەوێ لەزەتی ئەو خاکە جەهەننەم لە سەفای
با دوو سەد مەرتەبە سا گووی خلە لەو مەسکەنە بێ

***

جگە لەمانەیش پارچەیەک چوار خشتەکی و دوو بەیتی فارسی کە ئەمانیش جێگەی خۆیان نەگرتووە.

* یەکێکی دیش لەو لایەنانەی نەدەبوو لە کارەکەی مامۆستا شوکوردا هەبوایەن و بوونەکەی بووەوە بە لەکە بەسەر کارەکەوە و لە بایەخی شکاندووە، زیادەڕەوی و لادان لە مەبەست و تێ ترانجدنی بابەتی لاوەکی و بێ جێ لە لێکدانەوەی شیعرەکاندا، بۆ ئەمەیش نموونە زۆرە، هەر بۆ دەرخستنی ئەم لایەنە ئاماژە بەلاپەڕەکانی (٥١ و ٥٢ و ٥٣)ی دیوانەکە دەکەم کە تەنیا بەهاتنی وشەی بولغار مامۆستا شوکور چەند بەسەرهاتی خۆی

داستان ئاسا لەو شوێنەدا نووسیوە و باسی ئەوەی کردووە چۆن لەو وڵاتە لە تەک ژنێکدا کەوتووەتە قسە و دوایی (دانس)ی لەگەڵدا کردووە.

* لایەنێکی دیکەیش لە کارەکەی مامۆستا شوکوردا جێگەی سەرنج و تێڕامانە و حەق نەبوو وابێ پەیڕەوینەکردنی خاڵبەندی و وەستان لە جێگەی وەستاندا و چوونەوە سەر دێر لە شوێنی خۆیدا... کە ئەمانە هەموو پێویستن و یارمەتیدەری خوێنەرن بۆ دەستگرتنی بۆ خوێندنەوەی دروستی کارەکەی مامۆستا شوکور وەک پێویست.

هەر بۆ نموونە سەرنجێکی لاپەڕە (٣٥ و ٣٦)ی دیوانەکە بدە بزانە چۆن مامۆستا شوکور کە دەستی کردووە بەلێکدانەوە ئیتر بێ وەستان و پسان و لاکردنەوە نەوەستاوەتەوە تا نووسینەکەی تەواو بووە، کەچی لەو دوو لاپەڕەدا چەندین جێگەی وەستان و ڕامان و سڵەمینەوە و سەرسوڕمان هەیە، دەبوو هەموو جیا بکرایەنەوە.

چەند بەیتێکی ئاوارە و چەند ڕاستکردنەوەیەک:

گومان لەوەدا نییە مامۆستا شوکور کاروانی شیعری شێخ ڕەزای نەگەیاندووەتە دوا قۆناغ و لەوانەیە زۆریشی مابێ - ئەگەر لە تواناداد بێت ئەو کارە بکرێت - کە هەموو بەرهەمی شێخ ڕەزا بدۆزرێنەوە و یەک بخرێن.

من بەپێی کات و توانا و دەرەتانم لە هەر لایەک شیعرێکی شێخ ڕەزا - یان شاعیرانی دی - کە لە دیوانەکەدا نەبێ، یان هەبێ و جیاوازیی لە تەک دەستخەتێکدا هەبێ، ئەوانە لە پەراوێزی دیوانە چاپەکانەوە دەنووسم بۆ ئەوەی بۆ کاتی خۆی زۆر گەڕانیان نەوێت و جێگەی سوود بن. لەسەر دیوانی شێخ ڕەزای مامۆستا شوکوریش ئەم کارەم کردووە، لێرەدا بەری ئەو ڕەنجە دەخەمە پاڵ ئەم چەند دێرە:

- پارچەی:

چوومە لای یاری مومتازم

وتی لاچۆ دزی........ (ل: ١٥٩)

له چاپەکەدا دوو بەیتە بەڵام من لە دەستخەتێکدا کە لەلای مەلا عوسمانی موفەتیشی ئەوقاف دیم سێ بەیتە و ئەم بەیتەی خوارەوە لە چاپەکەدا نییە:

یەک سەعات و نیم کەوتە پێ مەلە عەینی گیانەڵاو

دوای ئەوە دەسم برد و وتم: وەرە ئەی............!

***

- بەیتی (١٦٨) ل: ١٨٩ کە ئاوایە:

ئیدیعای عیلم و ئەم سەر و سەکوتە

سیکتری کەن، کە هەر بەشی سووکتە

لە دەستخەتێکدا کە لای منە نووسراوە (سێ کوتە) وابزانم ئەمە ڕاستترە و (سەکوتە) و (سێ کوتە)یش بەڕێنووسی کۆن وەک یەک دەنووسرێن و جیناسیان لە نێواندا دەبێ.

- بەیتی (١٩٤) ل: ٢٠٠ی دیوانەکە کە نووسراوە:

مەکەن باوەڕ بەقەولی داکی.........

لە لاپەڕەیەکی دەستخەتدا کە لەلای من پارێزراوە دوو بەیتە و دوو بەیتەکەیش بەم جۆرەن:

شکات نامەکەت نووسی بوو ئەی مەلای جووکی

کە عاجز بوویی لە دەست دایکی خۆگێکانی کەرکووکی

گەلێ هەرزە شرایی و ژاژ خوانی کردبوو تێدا

وەلێ عاجز نەبووم، وام زانی گا بۆڕانی، کەر کۆکی

***

- لە دەستخەتی ژمارە (١/١٩٠٦١ المركز الوطني للمخطوطات)دا ئەم بەیتە بەناوی شێخ ڕەزاوە نووسراوە:

لەم زەمانە هەرکەسێ کوونی نەبێ قەدری نییە

شاهیدی ئەم موودە عام (حرمت ماتییە!)

– له بەیتی (١١٧) ل: ٤٢١دا كه نووسراوه:

أرجح بغداد واني غـريبــها

على جنة الفردوس لولا نقيبها

مـامـۆسـتـا شـوكـور هەڵەیەكی زەق و سـەیری كـردووه، هاتووه له كـاتی لێكدانەوەی مەعنای بەیتەكەدا له كۆتاییی نیوه بەیتی دووەمدا له باتی (لولا نقیبها) نووسیویه (لولا جمیلها) و وای داناوه ئەم بەیته له هەجووی (جەمیل سـیـدقی زەهاوی)دایه. كـه ڕاست وایه بەیتـەكـه وەك له شـیـعـرەكـەدایه له هەجووی نەقـیـبی بەغدادایه. لەمـەیش سـەیرتر ئەوەیه مـامـۆسـتـا شـوكـور بەمەیشەوه نەوەستاوه، لەپاش لێكدانەوەكەی خۆی نووسیویه:

«لاوێك ئەم بەیتەی كردووه بەپێنج خشتەكییەك، دەڵێ:

عجبت لنفسي كيف ضاع نصيبها

من العـيش في ارض واني اديبــها

فـمن ظلمـهـا اذ بان عنی طيـبــها

ارجح بغـــداد وانی غـــريبـــهـــا

علی جنة الفـردوس لولا جـمـيلهـا»

***

زۆر ئاشكرایه ناگـونجێ له (تخـمـیس)دا قـافـیـەی دوا نیـوه بەیت ئەو جیاوازییه گەورەی هەبێ له تەك چوار نیوه بەیتەكەی پێش خۆیدا. لەمانەیش جێگەی سەرنجتر ئەوەیه مامۆستا شوكور نووسیویه:

«لاوێك ئەم بەیتـەی كـردووه...» ئـەمـە پێـچـەوانـەی ڕێبـازی لێكۆڵینەوه و ئەمانەتی عیلمییه. مـامۆسـتـا شـوكـور چووزانێ (لاو)ه یان (پیـر)ه؟ ئەگەر دەزانێ لاوه دەبێ بزانێ كێیه، بۆ ناوەكەی نەنووسیوه؟

***

– له دەستخەتی ژماره (٥/٥٤٦)ی (المركز الوطني للمخطوطات)دا ئەم بەیته فارسییه هەیه كه له چاپەكەدا نییه.

آسمـان شرم كند بر رخ كـاك احمـد شيخ
تـو بـرش خـنـده زدى، واى چـه آهـن روى

***

– لەسەر پارچەی (٢٨) ل: ٢٦٩ی چاپەکە نووسراوە:

«در وقت صلح در بين طالبانی و سادات سليمانی فرموده»

بەڵام لە دەستخەتێکدا لەلای من نووسراوە:

«در مدح حفيدان حضرت كاك احمد – قدس سره –».

***

– پارچەی (٩٧)ی ل: ٤٠٥ی چاپەکە لە نیوە بەیتی سێیەمدا لە دەستخەتێکدا لای من جیاوازییەکی زۆر هەیە کە ئاوایە:

(من كيم چيم كه تا دم زنم از ثنای تو)

***

– پارچەی (٧٣) ل: ١٤١ دیوانەکە لە تەک نوسخەی مەلا ئەحمەدی دەکەدا جیاوازیی زۆری هەیە و مامۆستا شوکوریش چەند جار ئاماژە بۆ نوسخەی دەکە دەکات بۆیە لێرەدا وەک لە (دەکە)دایە دەینووسمەوە:

ڕەشـــە مـــەشـــشـــاکی کـــەری ڕەش بە ڕەشت
تـا ڕەشـت مـــــاوە ڕەش و ســـــوور بـە ڕەشـت
چڵ و چێوی چەمی ڕەشنەش هەم بە لەشت هەم بە ڕەشت
ڕەشـــە هـینـدووی حـــەبـەشت مـــیـــهـــمـــان کـــەم
بـە ڕەشـی خـــۆی ڕەشـــە کـــێـــر کـــا لـە ڕەشـت
ڕەشـــــە ڕەشـت ئـەڵـێـی تـاقـی خـــــەڵـووزانـە ڕەشـــــە

***

– ئەم بەیتە فارسییەی خوارەوە لە ل: ٤٤٧ی مەلا ئەحمەدی دەکەدایە لە چاپەکەدا نییە:

پســـرا بس کن خنده باســـتـــهـــزا را
که دریداست رضـا کون دوصد مـیرزا را

***

– ئەم دوو بەیتـەم بەدەمی لە مامۆسـتایەک وەرگـرتووە ناوەکەیم لە بیـر نەماوە. فەرمووی: شێخ ڕەزا و مەلا عەبدوڵای کۆیە لە تەکیەی (خادم السجادە) دەبن، مـیـوانی غـەریب و غـەیری مـەلایان دەبێ، خـواردنی تایبـەت بـۆ ئەوان دەچێ، شێخ ڕەزا و مەلای کۆیە بەیەکەوە ئەم دوو بەیتە دەڵێن:

خـــادیمی ســـوجـــجـــادەیی پەیغـــەمـــبـــەری
مـــەعـــدین و کـــانـی ســـەخـــا وو لـەنگـەری
ئەو کەسـەی خوانی لـە بۆ دێ صـوبح و شـام
چـی لە ئێـــمـــە زیاتـره غـــەیرەز کـــەری؟

***

– لە لاپەڕە ٢٥٨ی بەرگی چوارەمی کەشکۆڵـسـتـاندا (٤) بەیت هـەیە وا دیارە بەبۆنەی دروسـتکردنـی مـزگەوتێکەوە بووە کە مسـتـەفا ئـاغا ناوێک دروسـتی کردووە. نـازانین مسـتـەفا ئـاغا کێیە و مـزگەوتەکـەیش لە کوێ دروسـت کراوە، ئەوەندە هـەیە بەپێی ئەو حیسابە ئەبجـەدەی شێخ ڕەزا لە کۆتاییی بەیتەکانەوە دایناوە مێژووی دروسـتکردنی مزگەوتەکە سـاڵی ١٢٩١ک – ١٨٧٤ز بووە.

بەیتـەکـانم بـاش بۆ نـەخـوێـنراوەتەوە، ئەوەندەی بـۆم سـاغ بـووەتەوە لێـرەیدا دەنووسـم:

– ایضا کلام شیخ رضا –

اگـر خـواهـی سـعـادت سـعـیـهـا کن در نکو کـاری
کــه ایزد (لیس للانســان الا مـــا ســعی) فـرمــود
(ببـــرنج بیـــخـــشـــان!) کنج در راه خـــداوندی
کـه در پاداش نیکی بندەکـانرا وعـدها فـرمـود

مگو زحمت کشید وساخت مسجد مصطفی آغا
بگو جنت خــریدو با خــدا بیع شــرا نمود
جـواهر پاشی شـد طبع رضـا وگـفت تـأریخش:
(مــزین مــعــبــدیرا مــصطفی آقـا بنا فـرمــود)

***

– له لاپەڕە ١٠٣ی بەرگی پێنجەمی کەشکۆڵستاندا یەک بەیتی فارسیی شێخ ڕەزا هەیە کە لە چاپەکاندا نییە. بەیتەکە تەڕ بووە و مەرەکەبەکەی بڵاو بووەتەوە باش بۆم نەخوێنرایەوە، بەگومانەوە ئەوەی لێی بۆم ساغ کراوەتەوە لێرەدا دەینووسم:

تیر کیر ما ز کونت بگذرد چشم خموش
... کتی بر کون ........ نر کن از کیر ما

***

– لە دەستخەتێکی شڕ و پەڕپووتی لای خۆمدا کە شیعری شێخ ڕەزای تێدایە لە لاپەڕەیەکدا ئەم سێ تاکە بڵاونەکراوەی خوارەوەی تێدایە، جێگەی سەرنجە کە ناونیشانەکانی بەعەرەبی نووسراون، منیش وەک خۆیان دەیاننووسمەوە:

– وله یهجو البابیة –
در جــهــان هر کــه می شــود بابی
مــەطرەقی خــەر به مــەقــعــەدی بابی

***

– وله یمدح عصاته –
این عصا کاندر میان پای من است
بشکند گـــر اهـنین باشــــد دری

***

- ولرضا يهجو رضا -

نك رضـــــا ولا تخـــــشي مـــــلامـــــة

فليس في القانون من فعل الشنيع بالرضا

***

- هەر لەو دەستخەتەدا سێ بەیتی تورکی هەیە کە لە دیوانە چاپەکەدا نین و لەسەریان نووسراوە:

- وله في عزة النفس -

علوی همتدن سرفردانیم فریدونه

تنزل ایلماز طبع بلندم سقف گردونه

دعاگوی ملوک آل عثمانم باش اکمم

مـەنم باشکاتب ما بین همایونه

مرادم تکید نک اولد شیخ باقی نک

طور رکن حائز میدر توجیه مادونه

***

لەسەر پارچەی:

«من اگر روان نسازم به پیمبری صبارا»

پارچەی (١١) ل: (٢٣٩) نووسراوە:

«شیخ رضا در نعت امیر کرمانشاه بامید آنکه مدیحه شاهرا تقدیم کند ونکرد تخمیس بغزل حافظ کرد».

- بەگوێرەی ئەوەی خوا لێخۆشبوو عەباس عەزاوی لە کتێبی (العراق بين احتلالين ج ٨) ل: ١٢٥دا نووسیویە پارچەی (٧٠)ی ل: (٥٤١)ی دیوانەکەی شێخ ڕەزا لە هەجووی (عطاءالله) پاشای والیی بەغدادا نووسراوە.

- لەم باسەدا من زیاتر بەنموونە هێنانەوەوە خۆم خەریک کردووە و نەمویستووە - و ئێرەیش دەرەتانی ئەوەی نییە - باسی جیاوازیی

دەستخەتەکانی لە تەک چاپەکەدا بکەم، چونکە ئەمە زۆر لەوە زیاتری دەوێت لە شوێنی وادا جێگەی ببێتەوە. بۆیە لێرەوە دەگوێزمەوە بۆ لای سەرنجراکێشانی ڕۆشنبیران و لێکۆڵەوانی ئەمەولای دیوانی شێخ ڕەزا بۆ خاڵێکی پڕ بایەخ ئەویش:

من گەلێ جار نووسیومە: تا ئێستە ئێمە دیوانی هیچ شاعیرێکی کوردمان بەدەستخەتی خۆی چنگ نەکەوتووە. نەک هەر ئەمە بگرە دیوانێکیشمان لە دەستدا نییە کە لەبەر دیوانی شاعیر خۆی نووسرابێتەوە. جا لێرەدا جێگەی پرسیار ئەوەیە کە پارچە شیعرێک دەبینین لە کەشکۆڵێکدا دراوەتە پاڵ فلان شاعیر دەبێ بە چی پشت ئەستوور بین کە ئێمەیش بیدەینە پاڵ هەمان شاعیر، کە لە کاتێکدا هیچ بەڵگەیەکی ئەوەمان بەدەستەوە نییە بێ دوودڵی بڵێین: شیعری ئەو شاعیرەیە؟

ئەم گومانە لە کاتێکدا زیاتر خەست دەبێتەوە کە دوو بۆچوونی دژ بە یەک بدرێنە پاڵ شاعیرێک و بۆچوونەکانیش بەرانبەر بە یەک کەس بن. بۆ نموونە دراوەتە پاڵ شێخ رەزا کە گوتوویە:

ئەی مادەری گێتی تۆ هەتا ئێستە نەزاوی
زاتێکی وەکو فەیزی ئەفەندیی زەهاوی
مومکینی نییە ئیدراکی حەقائیق بە تەواوی
مومکین نییە ئیدراکی نەکا زیهنی زەهاوی

ل: ١٦٤

ئەم بۆچوونەی شێخ رەزا بەرانبەر بە موفتی زەهاوی جێگەی خۆیەتی و موفتی زەهاوی لەوە زیاتریش هەڵدەگرێ، بەڵام ئەو لە تەک چەندین پارچەی جیا جیادا دراونەتە پاڵ شێخ رەزا کە لە زۆریاندا بە ناشرینترین شێوە هەجووی موفتی زەهاوی و بنەماڵەکەی دەکا یەک ناگرنەوە.

من وەک لە شوێنی دیشدا ئاماژەم بۆ ئەمە کردووە گومانم بۆ ئەوە دەچێت ئەم بەیتانە دەست هەڵبەستی کەسانی دژ بە موفتی زەهاوی بن و ویستبێتیان بەم بەیتانە توانای موفتی خۆی و پاکداوێنیی خانەدانەکەی

لەکەدار بکەن و کەسیشیان لە شێخ ڕەزا باشتر نەدۆزیوەتەوە کە ئەم شیعرانەی بدەنە پاڵ و لەوانەیە دوای کۆچی دوایی شێخ ڕەزایش شیعرەکانیان دزە پێ کردبێت بۆ ئەملا و لا و ناو کەشکۆڵ و بەیازەکان.

## ئەنجامێک

لەم وتارەدا نەمویستووە - و ماوەی ئەوەیش نییە - کە بەهەموو لایەکی دیوانی شێخ ڕەزاکەی مامۆستا شوکوردا بگەم و سەرنجەکانم لەسەر هەموو لایەن و بابەتەکانی بنووسم؛ چونکە ئەوە هەر زۆری دەوێت و ئەگەر ئەوە بکەم و بمەوێ کارەکەی مامۆستا شوکور لە تەک دەستخەتەکانی لای خۆمدا بەرانبەر بکەم و جیاوازییەکانیان بنووسم دەبێ دیوانێک چاپ بکەمەوە لە دیوانە چاپەکەی مامۆستا شوکور کەمتر نەبێت.

بەڵام مەبەستی سەرەکیم ئەوەیە ئەوە دەربخەم کە ئەو چاپەی مامۆستا شوکور بێ کەموکووڕی نییە و کارەکەی ناچێتە قاڵبی چاپێکی نوێی زانستییانەوە و هیوادارم ئەم سەرنجانەم وریاکردنەوە بن بۆ کەسێک یان کەسانێک کە لەمەولا دەست دەدەنە دیوانی شێخ ڕەزا - یان دیوانی هەر شاعیرێکی دیکەی کۆنمان - بۆ لێکۆڵینەوە و خزمەتکردنی ئەو سەرنجانە ڕەچاو بکەن و خۆیان لەو هەڵانە بپارێزن مامۆستا شوکور تێیان کەوتووە.

کە دەیشڵێم: کارەکەی مامۆستا شوکور زانستییانە نییە، هیوادارم خوێنەری بەڕێز گومانی بۆ ئەوە نەچێت کە - خوانەخواستە - من بمەوێ لە نرخی کارەکەی مامۆستا شوکور کەم بکەمەوە و لە خۆمەوە ڕەخنەی نابەجێی لێ بگرم، بەڵکو مەبەستم خزمەتی کارەکەی مامۆستا شوکورە و دەمەوێ لایەنە لاوازەکانی بخەمە ڕوو بۆ ئەوەی وەها نەمێننەوە و لەمەولا بەهێز و پتەو بکرێن.

دەبێ ئەوەیش بڵێم: کە ئەم چاپەی دیوانی شێخ ڕەزا دەرچوو گلەییم لە مامۆستا شوکور کرد و باسی ناتەواوییەکانیم بۆ کرد، لە وەڵامدا بەشێوەکەی خۆی وتی: «کوڕە باش بوو من لەم جەنجاڵییەدا ئەمەیشم بۆ کرا».

هەر بۆ ئەوەی خوێنەری ئازیز لە هەندێک لەو ناتەواویانە بەکورتی ئاگادار بکەمەوە و هۆی ئەوەی پێ بڵێم کە کارەکەی مامۆستا شوکور بۆچی زانستییانە نییە دەڵێم:

یەکەم: پێش هەموو شتێ خوێنەر حەقیەتی و مافی خۆیەتی بزانێ سەرچاوەی ئەم چاپەی مامۆستا شوکور چییە؛ چاپە؟ کام چاپەیە؟ دەستخەتە؟ کام دەستخەتە – یان دەستخەتانە –یە و لە کوێن و چۆنن؟ چونکە ئەگەر گومانی لە خوێندنەوە و نووسینەوەی شوێنێکدا هەبوو دەبێ شوێنێک ببێ پەنای بۆ بەرێت تا لە ڕاست و دروستیی باسەکە بگات.

دووەم: کاتی وا هەیە زیادەیەک لە شوێنێک وەردەگرێ بەڵام شوێنەکە دیاری ناکات و بەخوێنەر ناڵێت ئەو زیادەی لە کوێ هێناوە. بۆ نموونە:

لە لاپەڕە (٤١٢)دا لەسەر پارچەی (١٠٦) دوا بەیتی نووسیویە:

«ئەم تاکە شیعرە لە دیوانە لە چاپدراوەکەدا نییە».

لێرەدا خوێنەر بۆی هەیە بڵێت: لە کوێت وەرگرتووە؟ خۆ ئەگەر شوێن دیاری نەکرا خوێنەر حەقی خۆیەتی بڵێت: لەوانەیە ئەم بەیتە دەست هەڵبەست بێت و بەیتی شێخ ڕەزا نەبێت.

سێیەم: جاری وایش هەیە ناوی کەسێ دێنێ کە دەبێ ئەم سوودی لە سەرچاوەیەک وەرگرتبێ ئەو کەسە تیادا نووسیبێ، بەڵام باسی سەرچاوەکەی نەکردووە. وەک (د. کەمال فوئاد) کە لە چەند شوێندا – بۆ نموونە ل: ١٥٥ و ١٦١ – ناوی هێناوە، کەچی باسی ئەوەی نەکردووە د. کەمال لە چ شوێن و بۆنەیەکدا ئەو باسەی نووسیوە.

چوارەم: هەروەها دەکرێ شپرزەیی کارەکەی مامۆستا شوکور لەوەیشدا بەدی بکرێت کە تێکەڵاویی و ناڕێکوپێکی لە ڕێکخستنی پارچە شیعرەکاندا هەیە، بۆ نموونە بەشێکی بۆ شیعری عەرەبیی دانەناوە و پارچە و تاکە عەرەبییەکان پەراگەندەن لەناو کوردی و فارسی و تورکیدا. بۆ نموونە دەکرێ لاپەڕە (٣٩٢) وێنەیەکی ئەم مەبەستە بێت.

هەروەها لاپەڕە (٣٨)یش کە پارچەکە لە شوێنی خۆیدا نییە.

دوا وتەم:

له دوا وتەمـدا دەڵێم: شـێخ ڕەزا هـەر چۆن ببێ و بەهەر مـەبەسـتێ ببێ شیعری داشۆرین و بێ پەردەی زۆری وتووە، بـەڵام ئەو شیعرانە کۆن بوون و شێخ ڕەزا و ئەو کەسانەیش شیعرەکانیان بۆیان پیادا وتراوە، ئەم جیهانەیان بەجێ هێشتووە و چوونەتەوە بەر بارەگای میهرەبانیی خوا. بەڵام مامۆستا شــوکـور هاتووە جـارێکی دیکە پەردەی لەســەر ئەو شــیـعــرە بێ پـەردانە هەڵداوەتەوە و بەکاوەخۆ بە کانیاندا چووە و زۆریش – له هەندێ جێگەدا له شـێخ ڕەزا زیاتر – شـووڵی لێ هەڵماڵیوە. من وا ئەزانم ئەوەندە خـۆی بەو لایەنەوە سـەرقاڵ کردووە لە تەک لایەنی لێکۆڵینەوە و دۆزینـەوەی سـەرچاوەی دروست و پابەندبوون بەڕێبازی زانستییەوە خۆی خەریک بکردایە کارەکەی وەک ئێستە نەدەبوو و بەئاکارێکی دیدا دەڕۆیشت.

محمود

نمره ٥٤ مكرر – ( وله یهجو الطریقة )

بی چاره عدالت که یقلمشدی بناسی    صحدی ایچنه بردن بو قانون اساسی
قانون الهی دارایکن یعنی شریعت    بانی هذیانندر چه اساسی چه سیاسی

( وله فی ... عزة النفس )

X علو همتمدن سر فرو اینم فریدونه    تنزل ایلمز طبع بلندم سقف گردونه
دعاگوی ملوک آل عثمانم باشک الکم    ملر باشعاتیب مابین همایونه
مرادم تکیه لک اوله شیخ بابی لک    طورورکن خانه‌مه صدر توجیه ما دونه

( وله یهجو مستی افندی )

هجو ( شو نکی مستی افندی حمو گایان بسره    تازه بو بصره ایچی لبعد خراب البصره )

( وله یهجو نقیب بغداد )

هجو نقیبک قیچنی کرسون جرازن کیر ارازنی
کوتی ورسه دیالسون اوله‌قبل پیر گیلانی





لمعه شیخ رضا [illegible] بنظر [illegible]

شیخ [illegible] تاب — دلم زغصه [illegible] سخن [illegible]

سؤال کردم [illegible] ماجرا [illegible] — چو غنچه لب [illegible] سخن [illegible] جواب

چو قدر [illegible] بمیزان قدر سنجیده [illegible] — [illegible] چون [illegible] تراز او [illegible] در [illegible] ابواب

[illegible] گفته میزان [illegible] — [illegible] شیخ شد [illegible]

[illegible] جناب [illegible] حضرت شیخ رضا رحمة الله علیه [illegible] العزّ المجد

جناب [illegible] الدین و [illegible] الطالبین [illegible] سید المرسلین [illegible]

به سیدی [illegible] العاشق [illegible] شاه علاء الدین [illegible] نقشبندی

[illegible]



+ ( وله فی تقریع الاله ) +

یا رسول الله چه باشد چو سگ اصحاب کهف    داخل جنت شوم در زمرهٔ اصحاب تو
او در جنت ومن در جهنم کی رواست    او سگ اصحاب کهف و سگ اصحاب تو

( وقال یهجو الشیعة )

سند آرای خلافت بحقیقت عمر است    گوش بر شیعهٔ ناپاک مده شیعه خر است
شیعهٔ فاحشه آیهٔ حق در قرآن    بهر ناپاکی آن قوم که دلیل دیگر است
مرده هاشان چو بتابوت گذارند چو سگ    سگ دو صد مرتبه زایشان بخدا خوبتر است
آخ و آخون و خوانین عجم دودکی اند    این همه از اثر معجزهٔ مولا عمر است

( وله یهجو البابلیه )

× ( در جهان هر که می شود بابی    مطرق خر به مقصد بابی )

( وله یمدح عصاته )

× این عصا کاندر میان پای من است    بشکند گر آهنین باشد دری

( وله رضا یهجو رضا )

× نک رضا ولا تخشی ملامة    فلیس فی القانون ترضی الشیعی بالرضا